با ئەوەشم لەبیر نە چێت کە بەر لە بەخێر هاتن ژیان نا مەی ئە حمەد فتحی سروریان لە نامیلکەیە کدا پیٚ دا ین و سەیرمان کرد ئەم کابرا یە چەندان ناسنامەی دکتۆراو دە یان کتێبی یا سایی دا ناوەو پۆستی گەورە گەورەی تا وەزیری عەدلیشی وەرگرتووە، لە بەر خۆ مەوە وتم چۆن مرۆڤ لەماڵی خۆ یدا بەم شێوەیە م یوان ئەڕەنجێنیٚ و هەڵگری ئەم هەموو ناسنامەیەشە! کوا ئەتەکێتی میوانداری؟!

هەر دوای ئەو، بەڕێزان خالید عەتیەو قازی وائیل و سەفیە سوهەیل بە درێژی باسی زوڵم و زۆرو تاوانی سەدامیان بۆ کردو وتیان شەڕەکانی نێوان عیراق ئێران و عیراق کوەیت و عیراق جیهان و عیراق عیراق با شترین بەڵگەی کەللە پووتی ئەم دیکتاتۆرە بوو، سەفیە سوهەیل باسی باوکی واتە (تالیب سوهەیل) کرد کە چۆن لە بەیروت بەفەرمانی سەدام کوژراوە قازی وائ یل لەبە سرەوە ڕ یا هات و بەجوانی ماه یەتی سەدام و ڕژێمە کەی دەربڕی.

بە پێی ڕیزبەندیمان لەدەوری مێزە کە من دوا کە سبووم کە ئا خافتنم دا.

خالید عەتیە پێشکە شی ئە حمەد سروری کردم و و تی بفەرمو بزا نە چی لە کورد کردووە.

بەندە بەدووردرێژی باسی نەهامەتیەکانی کوردم بۆ کردن و ئەوەم بۆ ڕوون کرد نەوە کە کورد بەپێی دە ستوور دووە مین نەتەوە یە لە عیرا قدا، دوا جار با سی کارە ساتی کیمیا بارانی هەڵە بجەو ئەنفالم بۆ کردو بە جینۆساید ناوزەدم کردو وتم پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردی موسوڵمان نشین

وێراذ کراو  هەزاران نو سخە قور ئان و ک تێبی دە سنووس و کە لەپوور و مزگەوت سوتێنران، تەنیا تاوانیشمان ئەوەبوو کەکوردین و نەتەوە یەکی جیاوازین، سەدام بەم کردەوانەی دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەوەستایەوە، قور ئان دە فەرموێت ( لو  شاْءالله لجعل کم أ مة وا حدة)،  سەدام دەیوی ست هەمووومان بەزۆر بکات بە عەرەب یان بمانکوژێ و لەناومان بەرێت، وا تە دژایەتی یەکی ڕا ستەوخۆی ئی سلامی دە کرد،  چونکە  تەعریب  کردن پێچەوانەی ئیسلامە.

سەرۆکی بەڕێز.......... پەیوەندیەکی مێژینەی دێرین هە یە لەنێوان میللەتی کوردو گەلی میسر دا، هەر لە سەلاحەدینی ئەیوبیەوە هەتا شێرکۆ کە چەندان ساڵ لەم وڵاتەدا حوکمیان کردووەو بەرگریان لەئاینی پیرۆزی ئیسلام کردووە، ئێمە ئەوە لە بیر نا کەین کە سەرۆك جمال عبدالنا صر بەگەرمەوە لەکاتی خۆیدا پێشوازی لە مصطفی بارزانی و جەلال تا ڵەبانی کردوە، کە ئێستا سەرۆکی عیراقە، لە نزیك جامعەی ئەزهەر تا ئێستا (رواق الاکراد) هەر ماوەو دەیان پیاوی ئاینی لەئەزهەر نا سنامەیان وەرگرتووەو نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە گەلی میسریش قەرزار باری میللەتی کوردن، شۆڕشگێڕو و تار بێژی نا سراو م صطفی کام یل و قا سم أ مین و ئەحمەد شوقی، لەسەر زمانی خۆیان کوردن و خزمەتی گەورەی میسریان کردووە........ لەم تاقیکرد نەوە سیا سیە نوێ یەی عیرا قدا کورد بەپێی دە ستور فیدرال یەتی هە یەو نە تەوەی دووە مەو ڕۆڵێ کی بەر چاو و کارا دەبینێ لە عیراقدا.

دوای ئاخافت نەکانی هەر چوارمان تەمی تو ندو تیژیە کەی ئە حمەد فتحی سرور بەتەواوی ڕەویەوەو پشتگیری تەواوی بۆ تاقیکردنەوەی نوێی عیراق و فیدرالیەتی کوردستان پیشاندا.

بەر لەخواحافیزی بەبەرچاو کامێرای کۆمەڵێك کەناڵەوە، کە یەکێکیان (العراقیة) بوو، سەرۆك ئەحمەد فتحی سرور (درع)ی ئەنجومەنی گەلی میسری بە هەر چوارمان بەخشی و تائێستاش لە کتێبخانەکەمدا وەك یادگارێك پارێزراوە.

وەك وەبیرهێنانەوە یەك دەمەوێ ئەوە بڵێم تا ئێستاکە (٢٠١٠) یەکێتی نووسەرو ئەدیبانی عیراق لەلایەن یەکێتی ئەدیبانی عەرەبەوە کە بارەگاکەی لەمیسرە دانی پێدا نەنراوەو هەر لە بگرەو بەردایەو مەخابن ئەوان یەکێتیە کۆنەکەی سەردەمی سەدامی دیکتاتۆر بەشەرعی دەزانن و بیانوەکەشیان ئەوەیە کە ئەم یەکێتی نووسەرانەی ئێستا، کە فاضل ثامر سەرۆکیەتی لە ژێر چەکمەی داگیرکەری ئەمەریکیدا هەڵبژاردنی ئەنجامداوە و شەرعی نیە!!

لە گەڕانەوەماندا قازی وائیل تۆزێك پەستی خۆی بەرامبەرم پیشانداو وتی کاکە رەئوف بەقەد هەرسێکمان قسەت کردو تۆ نوێنەری پەرلەمانی عیراقی نەك کوردستان!، بەر لەوەی من وەڵامی بدەمەوە بەڕێز خالید عەتیە وتی کاکە، خاوەنی قەزیەی خۆیەتی و مافێکی ڕەواشە بەرگری لێبکا و من سوپاسی دەکەم، دیارە نێوانی من و خالید عەتیە ئێجگار باشەو ڕێزی تایبەت لەنێوانماندا هەیە، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە قازی وائیل جۆرێك حەساسیەتی بەرامبەر بەکورد هەیە، جگە لەوەشیان، بەندەباسی سەلاحەدینی ئەیوبیم کرد، دیارە برا شیعەکان سەلاحەدینیان خۆش ناوێت چونکە دەوڵەتی فاتمیەکان کە شیعەبوون سەلاحەدین ڕووخانی.

## - سەفەری فلیپین-[2]

ڕۆژانی ٢٢ تا٢٥ ی مانگی ١٠-٢٠٠٨ لەهاوینە هەواری (سیبۆ) کە شارێکی سەر دەریایە، لەفلیپین، شەشەمین کۆنگرەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە گەشت و گوزار بەڕێوە چوو. شاری سیبۆ ئەو شارەیە کە پاڵەوانی نەتەوەیی فلیپین(لاپۆ لاپۆ)، ماجەلانی بە تەورەکەی لەت لەت کرد.

لەو کۆنگەرەیەدا نزیکەی ٥٠ دەوڵەتی جیهانی وکومپانیای گەشت و گوزار و دەزگای جۆربەجۆر هاوبەشی تیا کردبوو.

بەڵام بەدا خەوە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کورد ستان بانگهێشت نەکرابوو، هەرچەندە بەندە سکاڵام لای لیژنەی ئامادە کار دەربڕی و باسی عیراق و هەرێمی کوردستان و فیدرالیەتم بۆ کردن، بەڵام ئەوان بەڕاشکاوانە وتیان ئەم ناوو نیشانەمان هەر نەبیستوە!

لە عیراقەوە لەسەر بانگهێشتی هەیئەی سیاحە، بۆ لیژنەی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری، بەندەو عەبدولئەمیر غەزالی لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە لەسەر داوای لیژنە هاوبەشی کردنی ئەو کۆنگرەیەمان پێ سپێررا. فلیپین دەکەوێتە باشوری خۆر هەڵاتی ئاسیاوەو بریتییە لە(٧١٠٧) دورگەو دانیشتوانەکەی نزیکەی ٨٨ ملیون دەبێت.

بەرنامەکانی گۆنگرە، دابەشکرا بوو بەسەر چەند تەوەرەیەکدا، لەوانە: تێروروئاکامەکانی بۆ سەر گەشت و گوزار، پەیوەندی نێوان گەشت و گوزاری لۆکالی و جیهانی، گەشت و گوزارو ئابوری جووڵاو، کەش و هەواو گەشت و گوزار، کۆمەڵناسی و گەشت و گوزار........هتد

---

[2] هەواڵی ئەم گەشتە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٣٤٣ لە ١١-١١-٢٠٠٨ دا بلاو بۆتەوە، بە ناونیشانی ( عیراق کار بۆ بوژانەوەی کەرتی گەشت و گوزار دەکات )، لەلایەن سالح ڕەحمانەوە.

د. ئەحمەد عەبدوڵلاَ ناوێك کەلە ئوردونەوە هاتبوو بۆ هاوبەشی کردن لەکۆنگرەدا، بە حوکمی دانیشتن و گفت و گۆ لە بوارە کانی (علوم قرآندا)و هاوبە شی کۆنگرە، جۆرێك لە هاوڕێ یە تیو نزیك بونەوە لە نێوانما ندا دروست بو.ڕۆژێکی هەینی داوای لێکردم کە بڕۆین بۆ نوێژی جومعە لە (سیبۆ)، بەندەش ڕەزامەندیم پیشانداو دو قۆڵی بە ئوتومبێلێك گە شتینە مزگەوتەکە.

ئەو مزگەوتە ئێجگار بچووك و پەرپوت بوو، منارەیەکی نزمی ئا سن و لەوحیان بۆ درو ست کرد بوو، ژمارەی نوێژکەرەکان لە ١٠٠ سەد تێپەڕی نەدەکرد، د. ئە حمەد داوای قسەو و تاری لێکردم، بە ندەش داوام کرد کە ئەو لەوتار دانا پێش کەوێت و وتارێکی پوختی خوێندەوەو باسی پیرۆزی ئاینی ئیسلام و پابە ند بوون بە بنەماکاذیەوە کردو تیشکی خستە سەر ئەهمیەتی پابەندبوون بە ئیسلامەوە لە وڵاتێکی وەکو فلیپین دا، کە ئیسلام کەمینە یە، ئەوەی کە وتارە کەی وەردەگێڕا یە سەر ز مانی ئەوان شیخ عەبدولمەودود ناوێك بوو کە خوێندنی ئاینی لە مەدینەی مو نەوەرە تەواو کردبوو، وە مەلای ئەو مزگەوتە بوو.

دوا تر بە ندە و تارێکم خوێندەوەو با سی یەکێتی و برا یەتی گەلانی موسوڵمانم کردو لە دواییدا باسی تاقیکردنەوەی تفت و تاڵی عیراقیەکانم کرد، بەدە ستی سەدامی دکتاتۆرەوەو تیشکم خستە سەر کارە ساتی هەڵەبجەو ئەنفال و مەرگەساتی کوردەوە کە گەلێکی موسوڵمانەو لە عیراقدا دەژی.

ئەوەی کە چاوەڕوان نەکراو بوو ئەوە بو کە گوێگرە کان بە وتارە کەم زۆر نیگەران بون و ئەوان سەدامیان وەك خەلیفە عمر (د.خ) سەیر دە کردو ئیتر هاواریان لێ بەرزبوەوە، دوا جار دانیشتنەکە وە کو کۆنگرەی ڕۆژنا مە

نوسی لێهات و هەوڵێکی فرەمدا کە قەناعەتیان پیٚ بکەم، گیان بەوە بوو کە د. ئەحمەدیش هات بەدەنگمەوەو بەرگری لە بۆچونەکانم کردو دواتر بەبیٚ وەی بڵاوەمان لێکردو شیخ عەبدولمەودودیش دوای نوێژ لەگەڵما ندا هات بۆ خوا حافیزی و و تی ئە گەر م یوان و سونە مەزەب نەبونا یە، ژیاذ تان دەکەو تە مەترسیەوە، د یارە هەر لە سەرەتاوە د. غەزالی نەهات و گاڵتەی بەمەسەلەکە دەهات!

کە گەڕاینەوە بۆ مانێلای پایتەخت شیخ عەبدو لمەودود پەیوە ندی بە د. ئەحمەدەوە کردبو بە تەلەفون، کە ئەوان ئامادەن بانگهێشتمان بکەن بۆ میوانداری لە دورگەکانی مەندەناو کە نزیکەی دە ملیون مو سوڵمانی لێیە، بەڵام د. ئە حمەد داوا کەی ڕە فز کرد بو لە تر سی ئەوەی کە جەما عەتی ئەبوسەیاف لەوێن و ئەو ناوچەیەش پڕە لە بشێوی و تیرۆر، شایانی وتنە لە گەڵ ئەوەی کە فل یپین وڵاتێ کی ئێج گار هەژارە، دوور گەی مە ندەناو هەژارترین شوێنە لەو وڵا تەداو هۆکار ێك لە هۆکارە کانی ڕا پەڕینی ئەم ناوچانە هەژاری و نەبونیەکی لە ڕادە بەدەرە.

وەك شێخ عەبدولمەودود دەیوت ڕۆژانەی کرێکارێك لە فل یپین سیٚ تا چوار دۆلارە.

ئەو بە نیگەراذ یەوە دە یوت ئێ ستا جوڵانەوە یەکی شیعە گەرایی درو ست بوەو، ئەو دە سانەی کە خەریکی ئەم کارەن، هەژاری و نەبونی مو سوڵمانە سونە مەزە بەکانی فل یپین دەقۆز نەوەو بە زە بری پارە دە یان خە نە سەر شیعە گەرایی و سکالای ئەوە شی کرد، کە وڵا تانی حیجازو کەنداو بۆ بەرگرتن بەم دیاردەیە یار مەتی ماد یمان نادەن و ئێمەیان پشت گویٚ خستوە.

لە مانیلا سەفیری عیرا قی لیٚ ذ یە، بەڵکو(ال قائم بالم قام) هە یە، هەر چەندە ستافەکەیان نزیـ کەی هە شت کە سن بەڵام خز مەتێکی زۆر یان

کردین و پێما نەوە خەریك بوون، سەفەرێکیان بۆ ڕێکخستین بۆ ناوچەی شەلالات، کە دو کاژێر، لە مانیلاوە دوور بوو بەلام د یمەنی سرو شتی دڵڕفێنی ئەوتۆیان پیشاندایین کە دەگمەنەو مەگەر لە تەلەفزیوندا ئەویش بە ڕێکەوت ببینرێت.

لە سەر داوای ئێ مە ستافی سەفارەت، جال یەی عیراق یان لە ئ ێوارە خوانێکدا، بەر لەنان خواردن کۆکردەوە (عادل) کە (قائم بالمقام) بوو بە خێرهاتنی کردن و ئێنجا ئێ مەی پێشکەش کردن و بە ندەو عەبدوڵئەمیر غەزالیش قسەمان بۆ کردن و هانی گەڕانەوەمان دان بۆ عیراق و ئەوانیش لە نزیکەوە کێشەکانی خۆیان بۆ والا کردین.

لەوە دەچوو زۆربەی ئەو جالیەیە کاتی خۆی بۆ خوێندن هاتون بۆ ئەو ولا تە، بەلام لە تر سی شەڕەکانی سەدام و دەز گا سەرکوت کەرەکانی نەگەراونەتەوە و هەندێکیشیان خێزانی فلیپینیان پێکەوە نابوو، بەلام هەر هەمویان شیعە مەزەب بوون و کوردێکیان تیا نەبوو.

ئەو کارەی کە بە شێك لەوا نە پ ێوەی خەریك بوون گوا ستنەوەی فلیپینیەکان بوو بۆ دەرەوەی ئەو ولاتە بۆ کارکردن و لەو نێوەندەدا بە پێی ژمارەی گواززاوەکان پارە وەردەگرن و گلەیی زۆریان لە عیراق هەبوو کە تە گەرە دەخا تە بەردەمیان، بە شێك لە فلیپیز یە گواززاوە کان سە ستەرو کادیری نمرە دوی بواری پزیشکین و لەو پسیۆریەدا زۆر شارەزاو لێهاتون و سالانە هەزارانیان لێ دەنێرنە دەرەوەی فلیپین بۆ کارکردن و گێڕا نەوەی پارە بۆ کەس و کاریان.

ئەوەی تێبین ی دەکر ێت ولا تی چین و سامانە قە بەو زلە کەی باڵی کێشاوە بەسەر ئابوری ئەو ولاتەدا، و زۆربەی مۆڵ و بانك و شوێنە گە شت و گوزار یە گرن گەکان و ر ستورانت و کار گەکان بە سەرمایەی چینیەکان

ده چێت بەڕێوە، فلیپپیز یەکان نا ڵە ناڵیا نە بەدە ست ڤ شاری ئابوری و سنعەتی چینیەکانەوە، هەر هەمو مۆڵەکان لیپاو لیپن، لە شتومەکی چینی، ئەمەریکا هەوڵێکی فرە ئەدا بۆ دەرهێنانی فلیپین لە ژێر هەیمەنەی ئابوری چینداو هیچی بۆ ناکرێت لەم بوارەدا، نەك هەر لەوێش بەڵکو لە مالیزیاو کور یاو لاوس و کەمبودیاو فیتـ ـنامیش، تەنا نەت جار ێك شوفیرێکی فلیپینی، چینی بە ئیمپریالیەتی ئاسیا ناوەزەد کرد.

# سەفەری بەلجیکا و ئینگلتەرە

لە ٢٠٠٩/٣/٧ هەتا ٢٠٠٩/٣/٢٥ شاندێکی پەر لەمانی ع ێراق کە بریتی بوو لە کۆ مەڵێ پ سپۆری ج یا ج یا، بەچاو ساخی و بەڕێوەبردنی ڕێک خراوی NDI روەو بروک سل کەو تە ڕێ گا، شاندەکە ١١ کەس بووین پێنجمان کورد بووین و ناونیشانی سەفەرەکەشی (بعثة برلمانية) بوو.

مەبەست لەم خول و سەفەرە وردبو نەوە بوو لە تاقیکرد نەوەی کاری پەرلەمانی لە هەردو وڵاتی بەلجیکاو ئینگلا تەرەو وەرگرتنی وا نەو ئەزمون وپێداچونەوەی هەندێ یاسای تایبەت و کاری لیژنەو خشتەی کارکردنی پەر لەمان و پەیوە ندی ن ێوان لیژ نەو سەرۆکایەتی و چۆنێتی داڕ شتنی یاساو...... هتد

یەکێك لە هۆکارەکانی سەفەری بروکسل، رامان بوو لە تاقیکرد نەوەی سیا سی و ئ یداری و پەر لەمانی ئەو وڵا تە، چونکە تاقیکرد نەوەی باری سیاسی بەلجیکا تایبەتمەندی خۆی هەیەو جێگای سەرنج و رامانە.

ئا خافتن لە بەلجیکا بە شێوەیەکی سەرەکی بریت یە لە دوو ز مانی جیاواز، یەکێکیان هۆڵەندیەکە فلامیذیەکان قسەی پێدە کەن و نزیکەی لە ٧٠٪ دە بن، ئەوی تر یان ز مانی فەرەذ سیە کە لە ٣٠٪ ق سەی پێدە کەن و پێ یان دە ڵێن فەرەذ سیەکان، ئەما نە دوو پەر لەمانیان هە یە یەکێکیان پەر لەمانی بەلجیکی کە هەموو لایە نەکان دەگرێ تە خۆ، زۆر بەی ململانێ کان و ب گرەو بەردە لەم پەرلەما نە دا هەیە،پەرلەمانە کەی تر یان پەرلەمانی فلامینیەکانە، هۆڵی هەردوو پەرلەمانە کە لە برۆکسلدایە، ئێمە سەردانی هەردوو پەرلەمانە کەمان کردوو لە نزی کەوە ئا شنابووین بە زۆربەی کێشەکانی نێوانیان و هەمیشە لەو وڵا تەدا کێشەی هەڵبژاردن و گرتنە دەستی پۆست و بودجە هەیەو هیچ لایەکیان مل بەوی تر نادات.

شاندەکەمان لە گەڵ هە ندێك لە سەرۆك و پەر لەمانتاری فلامیذ یەکان دانیشتین و هەریەکێکمان چەندان پرسیارمان هەبوو، دیارە بەندە ناتوانێت وەڵام و پرسیاری ئەو یانزە کەسە هاوبەشە بەیان بکات، جگە لە هە ندێك شتی گرنگ نەبێت، د یارە پرۆگرا می ئەم کتێبەش پتر بە ندە بە تیشك خستنە سەر چالاکیەکانی بەندە.

لەدانیشتنێك لەگەڵ کە سایەتیەکی فلامینیەکا ندا کە پەرلەمانتار بوو وتم ز مانی فەرەنسی ز مانێکی دەوڵەمە ندەو گەلیێ شاکاری جیهانی پێنو سراوەتەوەو لەم بوارەدا فکتۆر هۆگۆ بوو، رولان بارت و ریجیدیەو دوبریە و سارتەرو روسۆ........

رۆ ڵی بەر چاویان هە یەو ئ ێوە چۆن چۆنی واز لەم زما نە دلۆڤا نە دەهێنن و بەزما نە لۆکاڵیە کەی خۆتا نەوە دەچە سپن؟! لەوەڵا مدا و تی ئەم حاڵەتە ئازاری گەورەی ئێمە دەدات، بەڵام خۆ ناشبێت، پشت بکەینە زمان و کەلتوری خۆشمان، ئێمە هەنگاوی باشمان ناوەو لەم بوارەدا ڕەشبین نین و دەبێت پەرە بەم زما نە بدەین و بیکەین نە ز مانی داهێنان، لەنێوپەرلەمانەکەیا ندا بەوردی سەیری جێگای سەرۆك و جێگرو بڕیار دەرماندا، بینیمان ئاڵای تایبەتی فلامینەکان لەسەر زەوی بەبەردی مەڕمەڕ لە بەردەم شوێنی سەرۆکدا جێگیرکراوە، لە پەرلەمانتارێکم پرسی، چۆن ئەوە ئاڵاتا نەو هەمیشە بە سەریا د ێن و دەڕۆن و دەیخە نە ژێر پێتا نەوە، بەزەردەخەنەیەکی دڵنیاکەرەوە وتی بۆیە لێرەدا هەڵمان کە ندووە، چونکە هەمیشە ئاڵا ڕەمزی ئەو خاك و شوێنەیە، کە مرۆڤ تیایدا دەژی و نەك هەر ئە مەش بە تەنیا، بەڵکو بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەر چاومان بێت، بەتایبەتی لەبەرچاوی سەرۆکی پەرلەمانەکەمان. نازانم بۆ، دەربڕینی ئەم هەڵوێستە، پزیسکی شیعرەکەی ئەحمەد موختاری بە مێشکمدا هێنا؟! د یارە ئاڵاکەی ئەوان لای ئێمە گولاڵە سوورەیە!!

## بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
## گولاڵە سورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە

کێشەی فلامنی و فەرەنسیەکان لە تەوەری زمانەوە قوولْ بۆتەوە بۆ بەرژەوەندیە ئابووریو ئیداری و سیاسیەکان و هەمیشە ورەورو بشێوی هەیە، بەلاّم نەگەیشتۆتە توندوتیژی، وەك سەرۆکەکەیان وتی ئێمە دروشمێکمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە ئەویش گفت وگۆ...... گفت و گۆ.....گفت و گۆیە، بۆ گەشتن بە تەنانەت بە بچوکترین ئەنجام، بەدوای ئەمەشدا جارێکی تر دیسانەوە هەر گفت و گۆ...... گفت و گۆ... بەندە وتم باشە ئەم هەموو گفت و گۆیە، میلی کاتەکانی ئیش و کارەکانتان سست ناکات؟! ئایا گفت وگۆ کۆتایی نیە؟ لەوەلاّمدا وتی هیچی ترمان لەبەردەما نیە و گەلیش هەر ئەم ڕێگایەمان لیْ قبولْ دەکات. بەندەش لەبەر خۆمەوە وتم باشە ئەمانە دوو ڕەگەزی جیاوازن و بە تەنیا گفت و گۆ دروشمیانە، خۆ ئێمەی کورد یەك زمان و یەك نەتەوەو یەك ئاین بووین، کەچی ئاوا بەربووینە یەك و جۆگایەك خوێنمان لەبەر ڕۆیی و لەبەرچاوی دۆست و دوژمن خۆمان ڕیسوا کرد!!

بەندە پرسیاری هێڵی ئەو ناوچانەم لێکرد کەبەریەك دەکەون و جێگای ناکۆکین (المناطق المتنازع عليها)، کە چۆن بەڕێوە دەبرێت؟! ئەوپەرلەمانتارە فلامینیە وتی زۆرێك لەدانیشتوان، دەیانەوێت پابەند بن بەزمانی فەرەنسیەوەو پشت بکەنە زمانەکەی خۆمان، چونکە زمانی فەرەنسی سود بەخشتر و جیهانیەو گرنگتریشە.

بەلاّم ناکرێت ئێمە زمانی خۆمان واز لیْ بهێنین و لە هەمان کاتیشدا پشت ناکەینە زمانی فەرەنسی، واتە کێشەکە لای ئێمە ئەولەویەتە، هەر لەبەرئەوەی کە چارەنوسمان پێکەوەیە، دەبێت هەردوو زمانەکە بەر کەمالْ

بێت، بەلاّم هەندێك تیژ پەڕ (متطرف) دەڵێن ئێمە هەر بەزمانی فەرەنسی دە خوێنین، هە ندێکی تریش دە ڵێن هۆڵە ندی، د یارە ئێمەش ئە مەمان لا قبولٚ نیە.

بەندە دەمویست ئەوە سپی بکەمەوە لێیان، کە ئایا فەرەنساو هۆڵە ندا نایانەوێت دەسبکێشنە ئەم مل ملانیٚ یەوەو هەر یە کە لای خۆیەوە پشتی سەر بەزمان و نەتەوەکەی بگرێت؟ لەوەلاّمدا و تی بەهیچ شێوەیەك دە ست ناکێ شنە کارەکانما نەوە جارێکی تر ئەوەم وە بیر ها تەوە کە چۆن لە کۆبوونەوەی کوتلەکانی ناو پەرلەمانی عیراقدا. هەندێك جار سەرۆك کوتلە دەهاتنە دەرەوەو هەرکە سەو تە لەفۆنی لە گەلٚ ئەو دەوڵە تە دراو سێیانە دا دە کرد کە ئارا ستەیان دە کاو لەوێوە فەرمان و پرس و ڕای وەردە گرت، مد مود مە شهەدانی سەرۆکی پەر لەمان کە پ یاوێکی هتـ لی مەزەب بوو بەما نەی دەوت(جما عة الـ شباك) ، وا تە دێ نە بەر پەنجەرە کەو مۆبا یل بۆ پایتەختەکانی چوار دەوری عیراق دەکەن و فەرمان وەردەگرن!!

د یارە ئەوا نەی کە بە تەنیا لە هۆڵە کەدا دەما نەوە نوێ نەرانی هاوپەیمانی کوردستان بوون، کە کەس بەتەنگیا نەوە نەبوو، وە فەرمانیان لە هیچ لایەکی دەرەوە وەرنەدەگرت، با ئەوەم لە بیر نە چێت کە دەو ڵەتانی دراو سیٚ لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەمیـ شە لە سەر هـ ێلٚ بوون، نەك بۆ ئا شتەوایی و قەزاوەتی مرۆڤدۆ ستانە، بەڵکو بۆ لە یەك بەردان و یەکتر کو شتن و زۆر بەی جارە کانیش بە چەك و سەربازی خۆیان دەهاتنە ناوەو گرنگ ئەوەیە کورد بکوژریٚ ئیتر لە هەر لایەك بێت.

حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە کێشەی زمان لەولاّتی بەلجیکادا نزیکە لە کێشەی نێوان زمانی عەرەبی و کوردیەوە لەعێراق و کوردستاندا.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ زۆر بوون ئەو سادە لەو حا نەی کەدەیان وت ئیتر زمانی عەرەبی واز لێدەهێنین و ئیترچارەنووسی ئەو زمانە فت خۆش!! دیارە ئەم بیرکردنەوە هەڵەیە زیانی گەورەی بەخوێنکاری کورد گەیا ندو تا ئێستاش بەدەست ئاسەوارەکەیەوە دەناڵێنین!

ذ یوەڕۆی ١٦-٣-٢٠٠٩ وە فدە پەرلەمانیە کە لە ڕێ ستورانتی پەرلەمانی بەلجیکا بەئامادەبوونی بارونە أیما نیکلسن، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی نانخواردنی نیوەڕۆ ئەنجامدراو بەر لەنانخواردنەکە ڕێکەوتین کە بەڕێز الا تحسین تاڵەبانی باسی هەڵبجەو کارەساتەکەی بکات، چونکە ئەو بەرواره ڕێکەوتی هەمان ڕۆژ بوو، ئالاْ خان بەجوانی با سی کارە ساتەکەی کردو ئا مادەبوان هاوبە شی خەمیان کردین، با ئەوەش نەبوێرم لە ذ ێو سەرجەم پەرلەمانتارە ئافرەتەکانی هاوپەیمانی کورد ستاندا ئالاْ کە سێکی دیارەو چالاکترینیانەو خۆزگە بۆ خولی داهاتوو هەڵدەبژێرایەوە.

ئێوارەی١٧-٣کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ سەرانی پەرلەمانی ئەوروپیداکرد، جگە لە براعەرە بەکانمان، لە کوردە کان بە ندەو کاك عە بدولاْ ساڵح و کاك عەبدوالخالق زەنگەنە ئامادەبوون. لەو جۆرە کۆبوونەوا نەدا ئەوەی کە خاوەن قەزیە یە، بەپە لە دە یەوێت لەکاتی خۆ یدا کێ شەکەی بوروژێنی و سەر شانی خۆی سوك کات.

بەندە بەدورو درێژی بە زمانێکی سۆزدار با سی کارە ساتی هەڵە بجەم کردو بەتاوانی جینۆ سایدو ڕە شەکوژیم لە قەڵەْ مداو ئەوەم خ ستە پێش چاویان کە دەز گا ذ ێو دەو ڵەتێکان لە بەر بەرژەوە ندی مادی لە گەڵ سەدامی دیکتاتۆردا، قوروقەپیان لێکرد، هەر بۆ نمونە بریما کۆف لەبراڤدا وتویەتی کە ئێران هەڵەبجەی کیمیاباران کردوەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرزەذ شتی پەر لەمانی ئەوروپی و هەموو لایە نە دە سەلاْت دارە کانی

ئەوروپام کرد، چونکە لە سەر ئەو کێشەیە هەڵیان نەداوەتیّ و وتم نازانم بۆچی هەموو عالەم بەدەنگ هیرۆشیماو ناکازاکیەوە ڕۆشتن،بەلاّم یەکێك نەبوو لۆکەیەکی سۆز بخاتە سەر برینە قوڵەکانمان!!

هەر بەدوای ئەمانەدا دوو داواکاریم لە پەرلەمانی ئەوروپی کرد:

١- کرد نەوەی خە ستەخانەیەکی گەورە لە هەڵە بجە بۆ چارە سەری ئەو نەخۆشیانەی کە لەچەکی کیمیایەوە مرۆڤ دوچاری دەبێت، وەك سەرەتان بە هەموو جۆرەکاذ یەوە، نەزۆکی، پووکا نەوەی سی و هەنا سە سواری، ڕەشبوونەوەی پێست، سپی بونی خێرای قژو پیربوونی بەپەلە....هتد.

٢- ئەو کۆمپانیاوخەڵکا نەی کە هاو کاری سەدامیان کردووە و چەکی یاساغیان پیّ فرۆشتوە داد گایی بکرێن و بە سزای یا سا ذێو دەو لەتێکان بگەینرێن.

دوای ئەم ئاخاوتـنە تەمی خەمێکی قورس نیشتە سەر دەم و چاوی ئامادەبوان و هاوخەمیان پیشاندان.

دواجار لێپرسراوی دانیشتنەکە کە ئەندامێکی بالاّی پەرلەمانی ئەوروپی بوو وتی:- پەیمانی سەد دەر سەدت نادەمیّ، بەلاّم هەولّ ئەدەین شتێکتان بۆ بکەین و گەرەکە خۆیشمان جیّ بەجێی بکەین نەك خەڵکی تر!

بەندە سوپاسم کرد، بەلاّم لەدوا ڕستەی قسەکانی جارس بووم، ئەو زوو هەستی بەوە کردو وتی لەم بوارانەدا، تاقیکرد نەوەی تالاّمان هەیە، دیارە ئەو بەڕێزە بە تەنگ دڵما نەوە هات و ڕا ستەخۆ نەیوت گە ندەڵی ذ یۆەی دارزاندوە!

# بەرەو ئینگلتەرە

ئێوارەیەکی درەنگی هەمان ڕۆژی ١٧-٣ بە شەمەندەفەر شاندەکەمان ڕوەو ئینگلتەرە بەڕێکەوت، لە وێستگەی شەمەندەفەر ئەندامانی سەفارەتی عیرا قی چاوەڕێیان دە کردین و بەڕێزەوە گەیاندیانیە نە هۆتێلێك کە لە ناوەڕا ستی لە ندەن دا بوو، پ ێنج ڕۆژی ڕە بەق شاندەکەمان لە بەیانی تا ئێوارە لە (مەجلیسی عموم) و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەماینەوە، ئیتر هەر چاوپێکەوتن و موحازەرات و ئامادەبوون بوو لە بۆ نە پەرلەمانیەکانی ئەو وڵاتەدا، جگە لەسەردانی بەپەلەی هەندێ شوێنی ئاسەوارو بەناوبانگی ئەو شارە.

هێندەی سەرنجم دابێ زۆربەی کادرەکانی نێو پەرلەمان گەنجی زیرەك و چالاك و بەتوانا بوون و زۆربە شیان هەڵگری نا سنامەی ما ستەر یان دک تۆرا لەیا سادا بوون، شاندەکەمان ئا مادەی چەند کۆبوونەوە یەکی مەجلیسی عمومیش بوین و ئاخاوتنەکانمان گوێ لێ بوو، هێندەی بە ندە راما بێ لەو وت و وێژانە، ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە کە ئەوان هەمیشە پشت بەزمانی ژمارەو داتاو دیکۆمینت دەبەستن و کەمتر پەنا دەبە نە بەر وشەی ئاڵ و والاو سۆزدار.

مەجلیسی ع موم بەو هەموو هۆڵ و کتێبخا نەو سەدان ژورە جۆر بەجۆرەی، خۆی بۆ خۆی شارێکە، ڕۆژا نە چەندان خوێندکار و توێژەر و شاندی جۆر بەجۆری ناوەو دەرەوەی ئەو وڵا تە بە پ ێی خشتەی تای بەت ڕوی تێدە کەن و خەڵکی تای بەتیان لەگەڵدا یە، جێگا کان و م ێژووی درو ستکردنیان و ئەو پەیکەرە زۆرا نەی شاکانیان و سەرۆك وەز یرە جۆربەجۆرەکانیان بۆ باس دەکەن، ئەمە جگە لە خولە هەمیشەییەکان بۆ پەرلەمانتارانی وڵاتان.

له نێو هۆڵی پەرلەماندا لەسەر ماکێتەکە، دوو هێڵی سوور کێشرابوو، پەرلەمانتارەکانیش لەمبەرەو بەرەوە دانیشتبوون، چاو ساخەکەمان وتی دەزانن ئەو دوو هێڵە سوورەی ئەم بەرەو بەر چی دەگەیێنێت؟

ئێمە هەر یەکی قسەیەکمان کردو هیچی وا دەرنەچوو!!

دواجار وتی لەسەرەتای دروست بوونی پەرلەماندا، لەنێوان ئەمبەرو ئەو بەری، ئەو دوو هێڵە سوورەدا لەسەر ناکۆکی بیرو ڕا چەندان سەر پەڕیوەو خوێن ڕژاوە، لەو دۆخە توندو تیژەی ئەو کاتەوە، گەیشتوینەتە ئەم دۆخەی ئێستا، کە هەموو چوارشەمەیەك سەرۆك وەزیران ڕاپێچی ئێرە دەکرێت و دەبێت وەڵامی (٥٠) پرسیار بداتەوە!!

له یەکێك لە هۆڵی ئا سەوارەکانی مەجلیسی عمومویدنەی چەند پاشایەکی تێدا بوو، کە یەکێکیان پێنج ژنی هێناوەو یەکێك لە ژنەکانی کەلە پەڕاندوە، چاوساخەکەمان بەوردی هەل و مەرجی ژیانی ئەو پاشایەی ڕون کردەوە، ئەوەی جێ گای وردکردنەوە یە خەڵکی سفیلی ئەوێ بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕواننە مێژووی پا شاو سەرۆك وەزیرو خەڵ کە ناودارەکانیانەوەو لەگوڵێك کاڵتریان پێ ناڵێن و هەیکەلی ڕازاوەو دلۆڤانیان بۆ دەکەن، هەر پەیوەست بەم ڕێزگرتن لە ڕابردوە.

بەیانیەك پیاوێکی تەمەن لەسەرو پەنجاوە بە ئوتومبیلێکی گەورەو درێژەوە ها تە بەردەم ئوتێل و بەرنامە یەکی دورودرێژی جەولە یەکی شاندەکەی پێ بوو، ناوی ئەم بەڕێزە جۆنا ثان بوو بەعەرەبیەکی فۆنەتیك ئینگلیزی ئەپەیڤی، لەیەك شوێندا ئیمەی بردە باخێکی ئێجگار گەورە کە دە یان کم[٢] دە بوو، هەتا بڵێی باخە کە ڕازاوەو جوان و دڵکەش بوو، زۆر پیا یدا گەڕاین، جۆنا ثان پرسیاری لێکردین کە ئەم باخە دلۆڤانە لە چی کەمە؟ هەریەکەو شتێکمان وت و هیچی وانەبوو، جۆنا ثان وتی بۆ سەیر ناکەن ئایا ئەم باخە گوڵی تیایە، کە وردبوینەوە وتمان نەخێر.

جۆ نا ثان و تی هۆکارە کەی پەیوە ندی بەم سەر گوز شتەوە هە یە، پاد شای ئەو سەردەمەی کە باخە کە تیا یدا جوان و شەنگ بووە، پڕی کردووە لە جۆرە ها گوڵی جوان و ڕەنگین، ڕۆژ ێك پا شا دە سكێك گوڵ دەکاتەوەو پێشکەشی کارە کەرەکەی دەکات، بەڕێکەوت پاشا ژن دەیبینێ و دەڵێت کێ ئەو دە سكە گوڵەی داوێتێ ئەویش دەڵێت پا شا، پا شا ژن ئێرەیی (غيرة) دەکاو دەڵێت چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەویش دەڵێت تۆ ئاگات لەچیە، ڕۆژانە چەپکە گوڵ دەکاتەوەو دەیداتە کیژۆ ڵە جوا نەکان، پا شا ژن توڕە دەبێت و فەرمان دەردەکات کە نابێت لەم با خەدا گوڵ بڕوێنرێت لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم باخە بێگوڵە.

ئێمە پرسیمان باشە نەوەی ئێستا تاوانی چیەو چۆن دەبێت ئەم باخە جوانە گوڵی تیا نەبێت؟

جۆناثان بەپێکەنینەوە و تی لێرە وا یەو ئێمە ڕە مزە کۆ نەکا نمان ڕێز لێدەگرین و ڕابردو وەك خۆی بەپاکی دەهێڵینەوە!!

ئەم ڕێزگرتنی ڕابردووە بەهەموو باشەو خراپەکانیەوە تو شی جۆرێك لە دابڕان و شۆکی کردم، بە تایبەتی لەکاتی بەراوردی ئەم ڕوداوە لە گەڵ چۆنێتی مامەڵەی کورد لەگەڵ مێژوە پڕ لەکارەساتەکەیدا، شانازی کورد بە ڕا بردوەوە لەڕێزەی نەبوا نەو هەمیشە سەرکردەو کە سایەتێکا نمان وەك بنێ شتە خۆ شە لە سەر زمانما ندان و هەزاران تۆ مەتی دە بەنگی و بەکرێگیراوی و خۆپەرستی و......هتد ئەدەینە پاڵیان و جاریش هە یە بە گەزو گرێی ئێستا ڕوداوە کانی سەدان ساڵ بەرلە ئێستا شرۆڤە دە کەین، د یارە بە ندە هیچ کات پاکا نە بۆ هە ڵەی کەس نا کات و نا شیەوێت ئەم نەوەیە دوای قەرەباڵغی بکەوێت و دەبێت خاوەنی ڕای خۆی بێت، چونکە یەکێك لە تو خمەکانی ڕۆ شنگەری بە مەفهومی عمانوئێل، کا نت، ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤە بۆ هەڵبژاردنی هەڵوێستەکان.

ئا یا ئەم ڕەو شی بە کەمزانینی سەرکردەو نا شرین کرد نی ڕا بوردوو پەردە یەکی نەهلستی و ڕە شبینی ناهێنێتە سەر چاوی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو؟

ئە گەر (مێژووی هاو بەش) کۆڵەکە یەك بێت لە کۆڵە کەکانی بەنە تەوە بوون و ئێمەش بەم شێوە سوكو ناڕەوا یە نمایشی بکەین، دا هاتووی هە ستی نە تەوەییمان بەرەو چ تراویلکە یەك ( سراب) مل دە نێ و کێ بەرپرسە؟ ئەگەر سەرجەم کە سایەتیە د یارو بەر چاوەکانی ئێستا بە چاوی سوکەوە نیگای ڕا بردو بکەنو بە نابوتی لەقە لەم بدەن، ئا یا نەوەکانی دا هاتوو هەڵوێ ستیان بەرامبەر بەمان چی دەبێت؟! لەوە دەترسم هەر هەموویان هەر هەموویان بخەنە چاڵی دۆزەخ و لەبیرچونەوەو ئیتر ڕا بردوو ئێستاش فت خۆش!! ئا یا ئەم یەکتر سڕینەوەیە تا کەی بڕ دە کاو سودو زیانەکانی چیەو تۆ بڵێی ئەم دیاردەیە هەر لای کورد سەری هەڵدا بێت؟!

تۆ بڵێی ئەو نەتەوانەی کە هەمیشە لە ژێر گورزو گۆپاڵی داگیرکەرو بیانیدا بوون و نەبونەتە دەوڵەت، کاردانەوەی نێگەتیڤا نەی ئەو دۆخە بەم ئا قاری عەدەمیە تەی گەیا ندبن؟ ئا یا گەلی ئەڵمانیاو ئیتاڵ یا بەر لە یەکگرتنەوەیان هاو شێوەی ئێمە بوون؟ هەویری ئەم بابە تە ئاوی فرەی دەوێ و ئێرەش دەرفەتی ئەوەی تێدا نیە.

نیوەڕۆیەك لە ڕیستورانتی مەجلیسی عموم داوەت کرابوین هەر مێزەو چوار کە سی بەوەرگێڕەوە لە سەر دائەنیشت، د یارە قسە زۆر دەکرێت و بوارە جیاجیا کان تەی دەکرێت، بە ندە وردە وردە باس و خوا سم هێنا یە سەر کوردستانی عیراق و ئەم تاقیکردنەوە فیدرالیەتە نوێیەو ئەو پرسیارەم وروژان کە کورد بۆچی بەم شێوەیە پارچە پارچە کراوە، ئەو پەرلەمانتارە ئافرەتە کە سەرۆکی لیژنەی هەرێم و شارەکان بوو لەوەلامدا وتی پادشای

ئەوی کات، ئاگای لە جوگرافیای سیاسی و مرۆیی نەبوەو دەوڵەت پرۆژەی بۆ نوسیوەتەوەو ئەویش ئیمزای کردووە!

ڕاستە زۆر وڵات تا ئێستا و لە بۆنەکاندا گلەیی لە ناعەدالەتی ئەم دابەشکردن و سنوور گۆڕکێیا نە دەکەن، هەر لەم درزەوە باسی کێشەی ئیرلەندا هاتە پێشەوە، هەرچەندە هەموو سیاسەت مەدارێکی ئینگلاتەرە پێی ناخۆشە باسی ئیرلەندا بکرێت، وا دەزانم هۆکارەکەی یان (تأذيب ضمير)ە یان خۆیان بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانن.

دیارە ئەمەی دووەمیان لە واقیع نزیکترە، پرسیاری چۆنێتی مامەڵەی دەسەڵاتم کرد لەگەڵ شوێنە جێ ناکۆکەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، ئەو لە سەرئەوە سوور بووکە لەهێڵی لێکدانەکانی ئەو دوو وڵاتەدا، ئیرلەندیەکان بە پەرۆشەوە خۆیان لەسەر ئینگلتەرە حساب دەکەن، چونکە باری خزمەتی تەندروستی وباج و چۆنیەتی بەڕێوەبردن لە ئینگلاتەرە گەلێ باشترە لە ئیرلەندا، لای ئەو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرژەوەندیە مادیەکانی ژیانی مرۆڤ لە پێش هەندێك ختوکەو سۆزی نەتەوەییەوەیە، ئەم ڕستەیەی دوایی بە لەخۆبایی بونێ کەوە دەر بڕی، مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو کە چۆنێتی بەڕێوەبردن و باری ئابووری ئەوان لە ئیرلەندیەکان باشترە.

ئەو پەرلەمانتارە ژنە ئێجگار ڕۆح سوك و دەم بە پێکەنین و وریا بوو لە موداخەلەیەکدا وتم ئێوە توانیتان مەزهەبگەرایی پرۆتستانتی بەرکەماڵ بکەن، ئەی نازانم بۆ لەبواری سیاسیدا بەرامبەر بە ئیرلەندیەکان هەر کاسۆلێکن ونابنە پروتستانت؟!!

زۆر بە هێمنیەوە وتی کێ ئەڵێت هەر کاسولیك نین و ئەوە بۆ دواڕۆژ هەڵدەگرین، دوای ئیستێك وتی لەوە دەچێت مەلیکەی ئێمە تالاوی زۆری

دابنیٚ و بەمە حەقمان لیٚ بکەنەوە، بڕوا بکە ژیانی ئەوانە پڕە لە ئازادی و هیچ کیٚشەیەکیان نیە.

ئەو پەرلەمانتارە لە ئاخافتنندا هیٚند وردو ئەندازەیانە ئەدوا، کە هۆش و عەقلٚ جلٚەوی قسەکانی ڕادەکیٚشا و هەرگیزهەستت بە بۆشایی و زیادە ڕۆیی لە قسەکانیا نەدەکرد، سەیرە سیا سەتمەدارم! بیذیوە لای خۆمان سەعاتیٚك قسەت بۆ دەکات، جگە لەسیٚ و چوار ڕستە ئەوی تر زیادەیە، بەپیٚی ئەو کار تە تایبەتیەی کە دا یمیٚ ویٚنە کەی خۆیْ شی لە سەرە ناوی Christine Russell Mp، ئەو پرسیاری ئەوەی لیٚکردم کە لەچ لیژنەیەك کاردەکەم، دیارە بەندە وتی ڕوناکبیری و ڕاگەیاندن.

بە پیٚکەنینەوە وتی بۆ لە پسپۆری خۆت لا ئەدەیت و باسی سیاسەت وجوگرافیاو میٚژوو دەکەیت و ئەمە فاولٚە! تکایە باسی ڕوناکبیریم بۆ دکە، بە ندە تۆزیٚك باسی گۆرانم بۆ کرد کە زۆر پابە ندبووە بە شوعەرای بوحەیراتی، ئینگلیزەوە، واتە ورزروث ئوسکاروایلد، شیللی، بایرون و کیتس، کاتی خۆی گۆران هۆنراوەی بۆ گولٚی لاولاو (بلبل) وتوە، لە ژیٚر کاریگەری شیللی و ئەدەبی ئینگلیزیدا, گۆران و مەو لەوی لە خەیالٚی ڕۆمانتیکیانەیاندا سەر بە کولریجن کە شاعیرو بیردۆزیٚکی ئەدەبی گەورەی ئینگلتەرەیە.

لەوە دەچوو ئەم ناوانەی وەك خۆی وتی لە گەنجیا دسیتبیٚت، چونکە ئەمانە پابەندن بە سۆزو خەیالٚە نەخشینەکانی سەردەمی گەنجیەوە، بەلاٚم بایرۆنی شاعیری بەباشی دەناسی و لەوە دەچوو هۆنراوەکانی کرابن بە گۆرانی چونکە لەو بابەتەوە شتیٚك دوا.

لەدانیشتنەکاندا زۆربەی جارەکان لەلایەن هاوڕیٚ پەرلەمانتارەکانمەوە سەرو دلٚم دە گیرا بەوەی کە لەقسەکردندا بە شی ئەوان دە خۆم و

لەپرسیارەکانمدا ئامرازی (هل) زۆر بەکاردەهێنم، دیار بوو ئەوان نەیان دەزانی کە (هل) لەبواری (نحو) دا جۆرێك لە گشتێتی پێوە دیارە نەك وەك ئەو ئامرازانەی کە بەستراونەتەوە بە تایبەتمەندیەوە وەك (متی-کیف-این...)، بەڵام بەندە ئەو چاوپێکەوتنانەی بە فرسەتی مێژوویی لەقەڵەم دەداو دەیزانی بەزەحمەت دوبارە دەەبێتەوە-کە نابێتەوە-.

ڕۆژێك وانە بێژێك لەسەر مافی مرۆڤ و ئەو یا سایانەی کە چارەسەری کێشەکانی دەکەن موحازەرەیەکی بۆ داین و دوایش بواری پرسیارکردنی داین.

بەندە داوای ڕونکردنەوەم لێکرد لەسەر دیاردەیەك کە بەچاوی خۆم لە لەندەن بینیبوم و وتم ژمارەیەکی ئێجگار فرە ئالودەی جگەرەو خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکانن، تەنانەت دوێنێ گەنجێکی سەرخۆشم بینیوە، دەستی بردوە بۆ تەنەکەی خۆڵەکە (حاویة)و خواردنی پیسی دەرهێناوەو خواردویەتی، ئەم ئالودە بوونە کاردەکاتە سەر هەڵگری توخمە بۆ ماوەکان واتە (جینات) و دەبێتە هۆی دروستکردنی مندالی کەم ئەندام و کەنەفت، بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ لە مەجلیسی عموم داوا ناکات کە باجی زۆر بخەنە سەر جگەرەو خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر نەتوانن بیکڕن و ڕزگاریان بێت؟ لەوەڵامدا وتی ئەم حاڵەتە دەمێکە بیری لێکراوەتەوە و ئەم هەنگاوەی کە تۆ مەبەستە دەبێتە هۆی زەوت کردنی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەس، دیارە بنەما دیموکراسیەکەی ئێمەش لەسەر کۆڵەکەی ئازادی و مافی مرۆڤ وەستاوەو ناتوانین دەسبەرداری بین.

ڕۆژێك لە مەجلیسی عموم لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ڕاگەیاندنی پەرلەمان دانیشتین و بە درێژی باسی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی بۆ کردین و

لەوێ شەوە ها تە سەر با سی هە ندێك لا یەنی ڕو ناكبیری پەیوە ست بەڕاگەیاندنەوە.

بەندە پرسیاری ئەوەم لێکرد كە ئا یا سانسۆر لای ئێوە باڵا دەستە؟ یان هەر نیە؟ یان چۆن؟

نازانم بە چ پێوانە یەكی زانستی ئەو فلیمە پڕ لە دێو و درنج و ڕووداوە ناقۆڵایانە نمایش دەكرێت؟

ناترسن لەوەی كە نەوەیەك گۆش كرێت بە خەرافیات و ناترسن لەو كێ بەركێ شارستانیانەدا ولاتانی وەك چین و یابان و كۆریا پێشتان كەون؟

ئەو زۆر بە هێمنیەوە وتی پانتایی ژیانی ئەم سەردەمە هێندە فراوانە، دەشێت بەشی خەیاڵ و دەرچون لەم چوارچێوە تەنگە بەرەی ژیانی ڕێوە بێت،

جگە لەوەش نابێت قوربانی بەئێستای منداڵەكان بدەین بۆ دواڕۆژێك كە نازانین چی بە خۆ یەوە د ێنێ، بە ندە وتم، ئە مە بیری ڕۆ سۆی گەورە پەروەردەناسی فەرەنسیە، لە وەلامدا وتی پڕ بەپڕ وایەو جگە لەمەش ئێمە بەشێكین لە جیهان نەك هەموی، واتە زامنی ئەوە نین كە ئەم مرۆڤایەتیەی ئێستا لە چوارچێوەی ئەم كێ بەر كێیەدا بەرەو چ ئاقارێك مل دەنێ لای من ئاسودەیی ژیان و بەرپرسیارێتی مێژوویی بەندە بەو مل ملانێیەوە لە سەر هەموو ئاستەكان و نابێت سڵ لە چونە نێو گێژاوەكەی بكەینەوە.

ئەووا نە ڕ ێژە هەر لەم چوار چێوەیدا و تی تەنا نەت كاند یدكردنی پەرلەمانتاران لە حیزبەكانی ئینگلتەرە، هەر لەسەر بنەمای قوربانی نەدا نە بەئێستایەكی زانراو بۆ داهاتوویەكی نەزانراو، واتە پەرلەمانتارمان هەیە٢٥ ساڵە پەرلەمانتارە، چونكە لێهاتو بەتوانایەو ئێمە چاودێری هەممیشەیمان هە یە و چالاكی ڕۆژا نە پێوانەما نە، هەرگیز ڕێگا نادەین پەر لەمانتارێكی

چالاك وئەكتیف بگۆڕین بە یەكێكی دی كە نازانین لەداهاتودا چۆن دەبێت! بە ندە وتە كەی ڕۆ سۆم بۆ دو بارە كردەوەو وتم لەمە شدا هەر ئەم بیرە بەكاردە بەن (ینبغي ألآذ ضحي بحا ضر م ضمون في سبيل م ستقبل غير مضمون) بەندە لەم كاتەدا بە فلاش باگ گەڕا مەوە بۆ كورد ستان و پێوا نە سەقەتەكانی كاندید كردن، خوانەخواستە ناڵێم هەموو پێوانەكان سەقەتن، بەڵام بەشێكی زۆری سەقەتە، هەر بۆ نموونە:

لەبەرپرسە باڵاكاندا هەن دەڵێن فلان بەسیەتی با یەكێكی تر بیخوات! ئیتر ئاساییەكە ئەو یەكە هیچی لەبارادا نەبێت! هەن دە ڵێن باخوێنی نوێ بكەین بە لەشی پەرلەماناو نوێنەری گەنج كاندید كەین، بێ ئەوەی تاقی بكەنەوە كامە گەنج و كامە ئاست و كوا پێوانە هونەری و بابەتێكان؟!

هەن پشت بە ڕا پۆرت نوس دەبە ستن و دە ڵێن با ڕا پۆرت نو سێكمان هەبێت لەناو پەرلەما ندا! هەن خزما یەتی و پەیوەند یە جۆربەجۆرەكان! و ڕوگیری و حیزبایەتی تەسك دەخەنە سەرو شتەكانەوە! پەرلەمانتارم بینیوە لە خولی(الجمعية الوطنية)دا یەك وشەی نەوتوە، كە چی بۆ خولی دوا یی جارێكی دی هەر دانراوەتەوە و هەر قسەشی لە چوار ساڵدا نەكردووە هەر لە بەر ئەوە كاند ید كراوە، كە بەحوكمی خ ێڵ و عە شرەت بتواذ ێت دە نگ كۆكاتەوە، بەڵام خودی خۆی هیچ بەهرەیەكی تێدا نیەو كاڵفامە!

ئەم بنەمایانە دەبێت گۆڕانكاری وردی بە سەردا بێت، دەبێت ئێمەش جێ پێی وڵاتانی پێشكەوتو لەم بوارەدا هەڵبگرین، دەبێت تەنیا پێوانە لای ئێمەش لێهاتووی و دڵسۆزی بێت.

پەر لەمانتارێك ئە گەر بزاذ ێت كاند یدكردنی بۆ خولی دا هاتوو لە سەر بنەمای توا ناو چالاكی و ئیشكردنە، ئیتر شەو ئەخا تە سەر ڕۆژو خۆی ما ندودەكات و بەرهەمی د یاری دەبێت، بۆ ئەوەی كاندیدبكرێتەوە، بەڵام

ئەگەر هەستی بەوەکرد ئەگەر زۆر باشیش بێت هەر لادەبرێت، ئیتر سست دەبێت و کارەکەی بەباشی ناکات, چونکە چەمکی ئەرك و ماف (الواجبات والحقوق) پشتگوێخراوە.

هیوادارم تاقیکردنەوەی ئینگلتەرەو ولاتە پێشکەوتوەکانی تری ئەم بوارە، بکرێتە سەرامەد، بۆ ئەوەی چیتر بەم دەردی شکستە یەك لەدوای یەکا نە نە چین و بەرام بەر بە ڕکا بەرە شۆڤێنیەکان بەلۆجیك و یا ساو عەرەبیەکی ڕاست و ڕەوان بوەستینەوەو چیتر نەهێڵین مافەکانمان گورگا نە خوارد بکرێت.

# سەفەری ئەڵمانیا

دوای هاوبەشیکردنم لە دیداری رۆژنامەگەری (المؤتمر ا الدولي لحرية التعبير والتنمية الاعلامية في العراق) لە پاریس لەگەڵ شاندەکەی پەرلەمانی عێرا قدا نەگەڕا مەوە بە غدا، بەڵکو بەپێی بەرنا مەی پێشتر داڕێژراو ڕوەو ئەڵمانیا، بۆ سەردانی تایبەت بۆ لای براو خزمەکانم کەوتمە ڕێ، چونکە پشوی پەرلەمان بە فەرمی دە ستی پێکرد بوو، ئا سۆی برام بەهۆی چەند برادەرێکیەوە ئۆتۆمبێلی تایبەتی لە ئەڵمانیاوە بۆ ناردبووم بۆ پاریس، ئەوەبوو لەگەڵ چەند کوردێکی خۆرهەڵاتدا بەڕێکەوتم، یەکەمین شەو هەر لە پاریسماینەوەو بێ ئەوەی من بزانم بەچاوساغی ئەوان، چوینە ماڵێك کە دوایی بە بەشێك لە بنکەی تەلەفزیۆنی تیشك TV دەرچوو، ئەو شەوە لەگەڵ فەرەیدونی ئەرشەدی تا درەنگانێك هەر بە باس‌و خوا سی شیعرەوە خەریك بووین‌و هەندێك هۆنراوەی پڕ سۆزی خۆی بۆ خوێندمەوە.

ئەوی راستی بێت ئەو سەردانەم لەسەر داوای برای ئازیز د. ئە حمەد بەرواری کە بەرپرسی ی.ن.ك بوو لە ئەڵمانیا کرا بە چالاکییەکی سیاسی‌و پەرلەمانی‌و هەر بۆیە وەك پێویست نەمتوانی بەرنا مەی د یدەنی‌و بینینی شوێنە گرنگەکان ئەنجام بدەم. سەرجەم چالاکییەکانی ئەو سەفەرەی ئەڵمانیا لەلا یەن برای خۆشەویست‌و چالاك کاك شەهاب عوسما نەوە لە م یدیا PUK بڵاوکرا یەوەو هەروەها کەناڵی کورد ساتیش دوو جار بڵاوی کردەوە، هەر بۆ یە بەبا شترم زا نی کە دە قی راپۆرتە کەی بەڕێز کاك شەهاب عوسمان وەك خۆی بڵاوبکەمەوە، حەزدە کەم ئەوەش بڵێم کە کاك شەهاب عو سمان رۆڵێ کی چالاکانە دەبیز ێت لە بواری راگەیا ندن‌و روناکبیریی لە ئەڵمانیاداو ئەرکی راپەڕا ندنی سیمینارەکەی بەندە شی لە نۆرنبورگ گرتەئەستۆ.

# پەرلەمانتار ڕەووف عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە میانەی سەردانێکا بۆ ئەڵمانیا چەندین دیدارو چاوپێکەوتنی ئەنجامدا

**پەرلەمانتار ڕەووف عوسمان:**

- **لە پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری هاوکاری لیژنەی ڕۆشنبیریی و میدیاو لیژنە هاوتاکەی پەرلەمانی عێراقی درا.**
- **لە وەزارەتی دەرەوە: داوامان لێکردن بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆیان هاوکاریمان بکەن, لە پێناوی دیموکراسی و بنیاتنانی وڵاتەکەماندا و کوردستان بکەنە هەنگاوی دەستپێکی ئەم هاوکاریە.**
- **لەداهاتودا ئەزموونی ڕۆ شنبیریی و م یدیای پەر لەمانی ئەڵمانی دەگوێزرێتەوە بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و پەرلەمانی عێراقی.**

**PUKmedia / ئەڵمانیا / شەهاب عوسمان**

لەنێوان ڕۆژا نی ١٧-١٩ و لەمیا نەی سەردانێکی دا بۆ بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، پەرلەمانتار بەڕێز ڕەووف عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و جێگری بەرپرسی لیژنەی پەروەردەو خوێندن و هونەرو ڕۆشنبیریی بە هاوڕێیەتی دکتۆر ئەحمەد بەرواری بەرپرسی بیرۆی پەیوەندییەکانی ئەڵمانیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەچەند چالاکییەکی جیاوازدا سەردانی هەر یەك لە وەزارەتی دەرەوەو پەر لەمانی ئەڵمانی و باڵوێزخا نەی عێراق یان کردو دیدارو چاوپێکەوتنەکانیش بەم جۆرەی لای خوارەوە بوو:

- ڕۆژی ١/١٧ سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای کردو لەوێ لەلایەن دکتۆر (لۆتس) بەرپرسی بەشی عێراق و چەند ڕاوێژکارێکییەوە

به گەرمی پێ شوازیان لێ کرا. لە سەرەتای دانیشتنەکەدا دکتۆر بەرواری پێنا سەیەکی لە سەر پەر لەمانتار رەووف عو سمانی کرد وەك پەرلەمانتارێکی چالاك و وەك نوسەرو روناکبیرێك.

پا شان مامۆ ستا رەووف خوێندنەوە یەکی وردی لە سەر بارودۆخی عێرا قی پێش ئازادی و دوای رو خانی رژ ێم و قۆنا غەکانی بنیاتنا نەوەی عێرا قی دیموکرا سی ڤیدرالّی کردو دە ستوری پە سەندکراوو هەڵبژاردنی پەر لەمان و حکو مەتی بۆ یە کەم جار لە م ێژووی ع ێراق و ناو چەکەدا بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازاد بە مێژوویی وە سفکرد. دوا تر با سی لە پێکها تەی پەر لەمان و لیستەکانی تری دیدارە کەی با سی لە کاری ئەو لیژنانەکرد کە گەلاّلەی پرۆژە یاسا و چاودێری حکومەت دەکەن.

- لە تەوەرێکی تردا پەر لەمانتار رەووف عو سمان با سی لە رۆ ڵی کاراو نیشتمانیانەی فراکسیۆنی کوردی (لیستی ها و پەیمانی کورد ستان) کرد کە هەمیشە هەوڵ یداوە بۆ چونەکان لە یەکتر نز یك بکا تەوەو بە ئیلتزامێکی دەستورییەوە لە کەش و هەوای مەترسیداری بە غدادا کار بۆ عێراقێکی دیموکراسی و فیدرالی بکات کە تیایدا هەموو پێکهاتەکان بتوانن لە سایەی ئازادی و مافەکانیا ندا بە سەرفرازی و ئارامی بژین، لیستی هاوپەیمانیشی بەوە وە سفکرد کە نوێ نەری هەڵ بژێرراوی خەڵکی کوردستانەو تەواوکەری خەباتی دەستوری و پەرلەمانی کوردە لە پرۆسەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندا نەداو بەری رە نج و خەبات و تێکۆشانی گەلێکە کە ساڵەهای ساڵ مێژوو زوڵمی لێکردووەو مافەکانیان زەوتکراوە. داواشی لێکردن پ شتگیرییان بکەن و رێگە نەدەن دوژمنانی ئازادی و دیموکرا سی رێگە لە گە شەکردنی میللەتێك بگرێ کە دە یەوێ بە ئا سوودەیی بژی و لەپێنا و ئاشتی جیهان و قەلاّ چۆکردنی توندوتیژیدا خۆی بە ها و پەیمانی

بەرەی دژە تیرۆر دەزانێت. مامۆستا ڕەووف ئەوەشی بیر دکتۆر لۆتس هێنا یەوە کە گەلێ لە وڵاتانی ئەورووپای شەرقی سەردەمێك بەدەست دیکتاتۆرییەتەوە دەیانناڵاندو جەنگو کوشتنو کاولکاریی وەبیرهێنانەوەو داوای لێ کردن کە ئەو ئەزموو نەی لە بنیاتنانەوەو چەسپاندنی دیموکراسیدا هەیانە یارمەتی عێراقی پێبدەن.

لەبەرانبەردا دکتۆر لۆتس بەرپرسی بەشی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە سوپاسی بەڕێز ڕەووف عوسمانو دکتۆر بەرواری کرد بۆ سەردانو ئەو روونکردنەوانەو چەند پرسیارێکیشی ئاڕاستەی مامۆستا ڕەووف کردو ئەویش بە شەفافیەتەوە وەڵامی دانەوەو هەردوولاش جەختیان لەسەر پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری یەکتر کردەوە.

• لە هەمان ڕۆژدا پەرلەمانتار ڕەووف عوسمان بەهاوڕێیەتی دکتۆر ئەحمەد بەرواری سەردانی باڵوێزخانەی عێراقیان لە بەرلین کردو لەلایەن علا هاشمی باڵوێزی عێراق لە ئەڵمانیاوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. لە دیدارەکەدا مامۆستا ڕەووف پیرۆزبایی کرد نەوەو دەستبەکاربوونی باڵوێزخانەکەو باڵوێزی کردو هیوای خواست کە سەفارەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستور سەفارەتی هەموو عێراقییەکان بێتو لەو روانگەیەشەوە هیوای خواست کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەشی کوردی بەرجەستەی ئەو دەستورەبکات کە لەپێناویدا خەباتو قوربانی زۆری بۆداوەو هیواشی خواست کە کاروبارەکانی ڕەوەندی عێراقی بەباشی بەڕێوە بچێت, پاشان لەگەڵ جەنابی سەفیردا بیروڕایان لەسەر چەند مەسەلەیەکی ڕۆژ گۆڕییەوە.

• هەمان ڕۆژ چاویان کەوت بە رۆشنبیری ناسراوو دۆستی گەلەکەمان دکتۆر کاظم حبیبو لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی عێراقو دەربازبوون لەو قەیرانە گفتوگۆیان کردو بیروڕایان گۆڕییەوە.

• رۆژی ۱/۱۸ پەر لەمانتار ڕەووف عو سمان به هاوڕێ یەتی دکـتۆر بەرواری سەردانی لیژ نەی رۆ شنبیریی و م یدیای پەر لەمانی ئەڵمانیایان کردو لەلا یەن بەرپر سی ئەو لیژنه یەوە ( شتیفن ڕای شەر) ئه ندامی SPD کرد، که ماوەی ۱۰ ساڵ وەز یری رۆ شنبیریی بووه له هەرێمی برا ندن بۆرگ و که سایەتییەکی نا سراوی ئەڵمانی یە، بیروڕای تێروته سەلیان گۆڕی یەوە لە سەر هەلو مەرجی ع ێراق و گۆڕانکاری یەکان، شایانی با سه هەردوولا لەسەر هاو کاری نێوان لیژنەی رۆ شنبیریی و م یدیای پەرلەمانی ئەڵمانی و لیژ نەی پەروەردەو خوێ ندن و هو نەرو رۆ شنبیریی پەر لەمانی عێرا قی ڕێ کەوتن و شتیفن رای شەر بڕیار یدا لەڕێ گەی کادری کوردی یەوە ئەزمونی کاری میدیا و رۆشنبیریی پەرلەمانی ئەڵمانی بگەیەنێته پەرلەمانی عێرا قی و فراک سیۆنی کوردی که ئه مه یه کەم جاری شه ڕێ کەوتنێکی لەو جۆره بکرێت. تەوەرەکانی گفتوگۆو سەردانەکه بەگشتی خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بینییەوە:

➢ هەلو مەرجی ع ێراق و تیرۆرو پیلا نی نا حەزانی ئازادی و پرۆ سەی دیموکراسی.

➢ تێ شك خ ستنه سەر ئەڵمانیای شەرقی کۆن, وەك ئەزمونێك له بنیات نان و چه سپاندنی دیموکرا سی که دەکر ێت ئەڵمانیا لەو بوارەدا کارامەیی خۆی بۆ خزمەتی پرۆ سەی بنیاتنانی دەو ڵەتی قانون له ع ێراق بنوێنێ.

➢ **کورتەیەك لەسەر کارو چالاکی لیژنەکانی پەرلەمانی عێراقی.**

• رۆژی هەینی ۱/۱۹ له بەرلین مەڵبه ندی ئاوەدانی کورد ستان سیمینارێکی بۆ ڕەوه ندی کوردی سازکردو تیا یدا پەر لەمانتار ڕەووف عوسمان سەبارەت به پەرلەمانی عێراق بۆ ئامادەبووان دوا.

• سەرەتای كۆڕە كە بەڕێز عە بدول موئە یمەن دە شتی, بەرپر سی دەزگای ئاوەدانی كورد ستان لە وتە یەكی كور تا و لەچوار چێوەی وەرزی رۆ شنبیریی ئاوەداز یدا بەخێرهاتنی گەرمی مامۆ ستا ڕەووف عو سمانی كردو كارو چالاكی و رۆڵی گرنگی پەرلەمانتارانی كوردی لە بە غدا بەرز نرخا ند، دوا تر پەر لەمانار ڕەووف عو سمان پانۆراما یەكی پێكها تەی پەرلەمان و لیژنەكانی كردو ئاماژەی گرنگیدا بە رۆڵی چالاك و پڕبا یەخی پەر لەمانتارانی كورد لەناو گەرمترین ململا نێ و كێ شمەكێش و پارێزگاریكرد ندا لە دە ستكەوتەكانمان و هەو ڵدان بۆ جێ بەجێكردنی ئەو دە ستكەوتانەی كە لە دە ستوردا هاتووە و ئاماژە شی كرد بەوەی كە زۆر جار تووشی رووبەڕوبوونەوەی ئەقڵیەتی پاوانخوازیی و بیری كۆنەپەر ستی دەبـ نەوەو بارودۆخی ئەو خەبا تە پەرلەمانیە شی لە هەلو مەرجی مەترسیداری بەغداد بۆ ئامادەبووان روونكردەوە.

ئەوە شی رووز كردەوە كە لی ستی هاو پەیمانی كورد ستان سەنگ و قورساییەكی گەورەی هە یەو دەنگی یەكگرتوویی لیستەكە شی بە زادەی یەك وتاری و یەكدەنگی گەلی كورد وە سفكرد, لە سیمینارەكەدا كە بەڕێز دك تۆر ئە حمەد بەرواری ئا مادەی بوو، چەندین پر سیاری بابەتیا نە ئاڕاستەی مامۆستا ڕەووف كراو لەبەرامبەردا بەوپەڕی را شكاوانە وەڵا می دا نەوە، شایانی با سە ژمارە یەكی بەر چاو لە ڕەوە ندی كوردیی ئا مادەی كۆڕەكە بوون.

• لە رۆژی ٢٠٠٧/١/٧ لە پاریس لە (كۆنگرەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەربە ستی بیروڕاو گەشە سەندنی راگەیا ندن لە ع ێراق)، لێكۆڵینەوەیەكی بەناونیشانی (باری راگەیا ندن و روو ناكبیریی لە هەرێمی كوردستانی عێراق)دا پێشكەشكرد، كە هاوپێچە لەگەڵ بابەتەكەدا.

- له ۲۰۰۷/۷/۲۲ له نورەنبرگ سیمیناریّکی بۆ رەوەندی کورد سازکرد، سەبارەت به رۆڵی هاوپەیمانی کوردستان له پەرلەمانی عێراقداو بەوردی تیشکی خستە سەر بارودۆخی پەرلەمانی عێراق و دوا گۆڕانکاریەکان و ئامادەبووش یەکی زۆر هاوبەشییان کرد لەپێش چاوخستنی کێشەکانی رەوەندی کورد له ئەڵمانیا و رەووف عوسمانیش جەختی لەسەر ئەوە کرد که کێشەکان بگەیەنێ بە پەرلەمانی عێراق و سەفیری عێراق له ئەڵمانیا.

# سەفەری ئێران

شاندێکی پەر لەمانی عیراق، کە ئە ندامی لیژ نەی هاوڕێیا نەی پەرلەمانی نێوان عیراق ئێران (لجنة الصداقة البرلمانية العراقية الايرانية) بوین، لە سەر داوای پەر لەمانی ئ ێران لە ڕۆژا نی ٢٥ هەتا ٢٠٠٩/٥/٢٩ سەردانی کۆ ماری ئیسلامی ئێرا نمان کرد، شاندەکە چوار پەرلەمانتاری کوردی تێدا بو، لەتیف حاجی دارتاش، رە ئوف عو سمان، حسن عثمان، ئاسیا ئەحمەد، فالح فیاض سەرۆکایەتی شاندەکەی دە کرد، شایانی وتنە بەرلەوەی ئێمە سەردانی ئەو وڵاتە بکەین، شاندەکەی ئەوان هاتبونە بەغداو بەڕێز و نمایشەوە پێشوازیمان لیٚ کردبوون.

شاندەکەمان سەردانی پەر لەمانی ئێرا نمان کردو لە یەکێك لە کۆبونەوەکانیا ندا ئا مادە بوین و لەنزی کەوە چاودێری و گوێبی ستی ئاخاوتن و هەڵس و کەوتەکانیان بووین، جوانترین تەلار سازی پەرلەمانێك کەتا ئێستا بینیبێتم ئەم تەلاری پەرلەمانی ئێرا نە بو لە ڕوی ئە ندازەیی و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارانەوە.

لەو کۆبونەوانەدا ڕێژەیەکی فرە گەنجم بینی، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری مێزەر بەسەرەکان، بەتەمەن بوون،ئەوەندەی بە وردی تێبینی ئاخاوتنەکانم کردبێت ئامارو دوکومینت زۆر بەکار دەهێنن و دەنگیشیان نزمەو ئارامن لە گفت و گۆدا.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ کاژێری چواری دوای ن یوەڕۆ لە گەڵ شاندێکی پەر لەمانی ئێرا ندا بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەلی لار یجانی کۆبونەوە یەکمان ئەنجامدا.

سەرۆکی شاندەکەمان بەڕێز فالح ف یاض بوو، دوای بەخێرهاتن و ڕێزنوا ندنی دیبلوما سیانەی هەردوو لا یەن بۆ یەکتری، بەئامادەبونی

وەرگێڕێکی لوبنانی، داواکرا کەبا تاك تاك شاندەکەمان، هەرکەسەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی ئاخافتن بکات، بەندە بەر لە دانیشتنەکە، بە سەرۆکی شاندەکەم ڕاگەیاندبوو، کە دەمەوێت قسە بکەم، دیارە هاندەری ڕاستەوخۆ بۆ سور بونم لەسەر ئاخافتن ئەوە بوو، کە لەگەڵ ئامادەبو نمان لە ئێران، تۆپبارانی قەندیل بەسەختی دەستی پێکرد و نەوەستایەوە.

سەرەتا بەم شێوازە دەستم پیێ کرد (بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لِلهّ رب العالمين حق حمده والصلاة والسلام على أشرف خلق الله محمد وآله وصحبه الطاهرين) دیار بوو هەمویان ئەوەیان سەندەوە(اللهم صلّ على محمد وعلى آلِ محمد) ، دوا جار سوپاس و پێزانینی وەفدە کەم پیشاندا، بۆ ئەو ڕێزو میواندار یە جوا نەی کە نمایشی دە کەن و ئە مە جێگای پێزانینی ئێمەیە، دیارە بەندە بە عەرەبیەکی فەسیح قسەم دەکردو وەرگێڕە لوبنانیەکەش ئەیکردە فارسی، شاندە عیراقیەکە لەبەری فالح فیاز دانیشتبوین، شاندە ئێرانیە کەش لە بەری عەلی لار یجانی دانیشتبون و ژمارەی هەردولا بەقەدەر یەکبون.

هەر بەدوای ئەو (الحمد لله.....) یەدا وتم بەو پیێ یەی کە بە ندە نوێنەری پارێزگای سلێمانیم و سکاڵای جوتیارە کانی قە ندیلیش ڕوو لە زیاد یەو ئە مەش جێ گای نیگەرانی و دڵە ڕاو کیێ یە، وا بزانم کۆ ماری ئیسلامی ئیرانیش هێند تاقیکردنەوەی دیبلوماسی دەوڵەمەندی هە یە، کە بتوانێت لە ڕێگای وت و وێژو دیبلوماسیەوە کێشەکە چارەسەر کات،نازانم تاوانی ئەو جوتیارە موسوڵمانە کوردانە چیە، کە بەم دەردەدە برێن، خودا لە قورئا ندا دە فەرمویێت (ولا تزر وازرة وزر أخرى)، وا تە کەس لەهە ڵەی کەس بەرپرس نیە، ئیمامی عەلی (د.خ) لەو نامە یەی کە بۆ مالیکی کوڕی ئە شتەری ناردوە، بنەماکانی دە سەڵاتی عادلی ڕون کردۆ تەوەو تەئکیدی

لەسەر ڕە حمەت و سۆزو عەدا لەت کردۆ تەوەو بەئەسا سی فەرمان ڕەوا یی داوە تە قە ڵەم، خودای مەزن لەم بوارەدا دە فەرمویێت: (فبما رحمة من الله لنت لهم ولو كنت فظاً غليظ القلب لآنفضوا من حولك وتركوك قائماً)، لە سەر خۆو بەڕێزەوە داوام لە وەرگێڕە کە کرد کە با ئایە تەکانیش وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی.

دواجار وتم هیوادارم کە فەرمان بدەن توپبارانی قەندیل بوەستێنن و ئەو برایەتیە مێژینەیەی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەر ئەرزی واقیع بسەلمێنن خاڵی دوەم کە باسم کرد:

وتم، بە ندە بەو پێ یەی کە جێ گری سەرۆکی لیژ نەی ڕاگەیا ندن و ڕو ناکبیریم لەپەر لەمانی عیرا قدا، د یارە بەڕێزتان وا تە عەلی لار یجانی، ماوەیەکی زۆر بەر پرسی ڕاگەیاندن بوون و بە (شیخ الا علامیین)لە ئێرا ندا ناسراون، ئەوەی کە لەلاتان ڕو نە، یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ڕاگەیا ندن ز مانی هاوبە شە، وا تە ل یێك تێگە شتن، نزیکەی ڕ ێنج مل یون کورد لە کوردستانی عیراقدا دەژین و زمانی فارسی نازانن، ناشکرێت دوو دراوسێی مێژینە لە تاقیکرد نەوەکانی یەك نە گەین، بە تایبەت ئێوە کە مێژو یەکی درەو شاوەتان هە یە لەبەرنگاربو نەوەی زو ڵم و زۆر و تاوا نەکانی حمە رەزا شاو سەدامی دیک تاتور دا، د یارە کوردیش بە هەمان ئاگری ئەو دوو دۆزەخیە هەڵقرچاوە، هەر بۆیە داواتان لیێ دەکەم کە کەناڵێکی تە لەفزیونی کوردی هەمیشەیی و ئیستگەیەکی کوردی داب نێین، ئەم داوا یە حەقیقەتێکی حا شا هەڵ نەگرەو لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەر چاو ڕو نی لە سەر دراوە، خودا لە قور ئانی پیرۆزدا دە فەرمویێت (و من آيا تە خلق الا سماوات والأرض وأ ختلاف ألسنتكم و ألوانكم)، هەروەها دە فەرمویێت (يا أيها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا

إن أكرمكم عند الله أتقاكم)، ئەو تەعاروفە بە ئاخافتن و لێك تێ گەشتن دروست دەبێت هەروەها لە قورئاندا هاتوە (لو شاء الله لجعلكم أمة واحدة)، واتە (خودای مەزن نایەوێت بتان كات بە یەك نەتەوەو هەر دەبێت جیاواز بن)، چونكە ئەو( لو)ە پێی دەوترێت ( حرف إمتناع لأمتناع)، هەر ئەو جیاوازییە كە زمانەكان جیا دەكا تەوەو گەرەكە هەمومان گوێرایەڵی ئەم حیكمەتی خواییە ببین. لەدوای ئەم ئاخافتنە، بڕیار وابوو كە ڕێگا بدرێت پەرلەمانتارەكانی شاندەكەمان، هەر كەسەو بە گوێرەی پسپۆری خۆیان قسە بكەن، بەڵام تەمی بێدەنگ یەكی نائاسایی باڵی كێشا بە سەر دانیشتنەكەداو بەڕێز لاریجانی سەیری سەعاتەكەی دەستی كردو وتی هەندێ وادەی ترم هەیەو با كۆبونەوەكە كۆتایی پێ بهێنین.

سەرۆكی شاندەكە لەگەڵ پەرلەمانتاری هاوڕێم كاك حەسەن عوسمان دەست خۆشیان لێكردم و فالح بە دوقۆلی پێی وتم؛ ئەوە تۆ ئەو هەموو ئایەت و حەدیسەت لەبەرە بۆ ئێجگاری مێزەرێكیش ناخەیتە سەر سەرت و نوێنەرایەتی سونە مەزەبەكان بكەیت!

دوای كۆبونەوەكە، ویستمان سەردانی بەڕێز عبدالعزیز حكیم بكەین، كەبە نەخۆشی هێنابویان و تیشكیان لێ ئەدا، بەڵام بەڕێز عمار حەكیمی كوڕی هات بۆ لامان و سڵاوی باوكی پێ ڕاگەیاندین و وتی باری لەشی قورسەو لای پزیشكەو سوپاسی ئامادەبونتان دەكەم.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ كاژێری ٧ لەگەڵ بەڕێز وەزیری دەرەوەی ئێران مەنو چەرمو تەكی، لەوەزارەتی دەرەوەی كۆ ماری ئیسلامی ئێران كۆبوینەوە.

ئەمجارەیان ئەندامانی وەفدەكەمان هەریەك لە بواری خۆیدا ئاخافتنی تێرو تەسەلی كرد، بەندە خۆم خستە دوای دواوە بۆ قسەكردن، لەترسی

بێ بەش کرد نی هاوڕێ کانم لەئاخافتن، چونکە هە ندێکیان ئەوەیان پێ ڕاگەیاندم کە من هۆکاری کورت کردنەوەی کۆبونەوەکەی لاریجانی بووم و لەداخی من درێژەی پێ نەداوە.

بەندە هەمان قسەکانی نیوەڕۆ، لەگەڵ هەندێ باس و خواسی جیاوازی تردا پەیڤم دا، لەمیا نەی ئەو ڤسانەدا با سی خا ڵە هاوبە شەکانی میللەتی کوردو گەلانی ئێرانم کرد، بەتایبەتی جەژنی نەورۆز و ئەهمیەتی مێژوویی و سیاسی ئەو جەژنە و پەیوەندی کوردهای موسوڵمان بە ئیمامی عەلی(د.خ) یەوە کە فەرمو یەتی (نَورِزو نا وَ مَهْرِجُو نا)، وا تە با کوردە کان ئا هەنگی نەورۆزو میهرەگان بگێڕن و وەك لەسەرچاوەکاندا هاتوە، کە کوردیش لەو بۆنەیەدا، گەزۆ (مَنّ السماء) یان بەدیاری بۆ ئیمامی عەلی بردوەو ئەویش زۆری پێ خۆش بوە.

لە دوایـیدا با سی ئەوەم کرد کە لیژ نە پەرلەمانیە کەمان لا یەنی ئاسەواری گرتۆتە خۆو، لەدوای ڕوخانی سەدامی دکتاتۆر، لە بەر بشێوی ئاسایشی عیراق و کونترۆڵ نەکردنی سنورەکان ئا سەوارێکی زۆری عیراق لە ڕێگای قاچاخچیەکانەوە کراوە بەم د یوداو هـیوادارم کە هەو ڵەکانتان چڕکەنەوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاسەوارانە بۆ عیراق.

بەڕێز موتەکی پیاوێکی قسەزان و کراوەو ڕو ناکبیرو ئارا مەو هەرگیز بەڕوا ڵەت، بەرام بەر نا سرێتەوە، د یارە بە سنگێکی فراوا نەوە ڤ سەی هەمومانی وەرگرت و وەڵامی داینەوەو و تی هـیوادارم کە بتوانین پردێکی پەیوە ندی بەهێز درو ست کەین لەمیا نەی کۆ ماری ئیـ سلامی ئـ ێران و کوردهای موسوڵمانی عیراقداو ئێستگەی تایـبەتی کوردیش دا مەزرێنین و هەفتەی ڕا بوردوش بەڕێز ئە حمەدی نەژاد سەردانی کورد ستانی کردوەو پەیمانی لەو جۆرەی داوە، دواتر هێرشی توندی کردە سەر پژاك و لە گەڵ

مجاهدین ئاوتای کردن و بە موجاهدینی وت (منافقین)، دوای ئەوە وتی بە کردەیی من لەگەڵ ئایەتی (ولا تزر وازرة وزر أخری) دام و هیوای ئەوەی دامێ کە هەوڵێك بدرێت بۆ وەستانی تۆپبارانی قەندیل و دوا تر ئەوەشی وت کە ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئەرتەشەوە هەیەو دەبێت لەو ڕێگایەوە چارەسەر بکرێت.

سەبارەت بە جەژنی نەورۆز زۆر گرنگی پێداو وتی ئێستا خەریکە دەبێتە جەژنێکی خۆر هەڵاتی و ساڵی پار لە ئەفغانستان و بە شێك لە پاکستانیش یادی ئەم جەژنە کراوەتەوە.

لە نێو ئەو پەرلەمانتارە ئێرانیانەی کە هەمیشە لە گەڵمان بوون دوو پەرلەمانتاری کورد یان تێدا بوو، یەکێکیان زاوای مامۆستا مەلا قادری قادری پاوە بو، واتە نوێنەری ئەو ناوچەیە، ئەوی تریش نوێنەری ناوچەی کرماشان و جوانڕۆ و کرنگ بوو، بەڵام کوردیەکەی نەك دوکەڵی دەکرد، بەڵکو ڕۆنیشی فڕێ ئەدا !!

لەدانیشتنێکدا لەمیانەی قسەکردن لەسەر ئەنفلونزای بەراز، بەندە بە پەرلەمانتارە کەی ناو چەی کر نك م وت کە ئەنفلۆنزای بەراز بە تەنیا لەناو چەی ئ ێوەوە سەر دەردێ نێ، دانیشتوانی مەجلیس سەکە کە سی نەیدەزانی مەبەستم چیە خۆم و خۆی نەبێت و بەو قسەیە زۆر پێ کەنی، دیارە ئەو ناو چەیەی ئەو نوێنەرایەتی دەکات قەڵخانیە بەراز خۆرەکانی تێدایە، کە هاتنەوە بەغداد جارێکی تر بە تریقانەوە ئەنفلۆنزای بەرازەکەی بیر خستمەوە.

دوای ڕۆژێك مامۆستا مەلا قادر لە پاوەوە بە تەلەفون قسەی لەگەڵ کردم و دەسخۆ شی پەیڤە کەی لێ کردم بەتایبەت داوای کرد نەوەی تەلەفزیۆنی کوردی و بەکارهێنانی ئایەتەکان کە پڕاو پڕ بوون بۆ ئەو

جێگایه، واته به پێی علم المعاني (ملائمة الكلام لمقتضى الحال)، دیار بوو زاواکەی پێی ڕاگەیاندبوو، جگە لەوەش زۆر خوڵکی کردم کە سەردانی پاوە بکەم و سوپاسم کرد، پەیوەندی من و مەلا قادر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی فستتڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی کە هەمیشە ئامادە ئەبوو.

ڕۆژی دوایی سەردانی کۆشکی شاهەنشامان کردو لەوێوە بردینیانینە فەرمانگە یەکی سیاحی کە تەونی گەورەترین فەرشی جیهانی لێکرا بو بەدارا، بە گوێرەی ئەو وەسفە ئەو مافورە دەبێتە ڕەمزی برایەتی ئێران و گەلانی دنیاو هەر شاندێکی بیانی بێتە ئەو شوێنە بە کەڵکیتەکە، یەك دوو تاو دەکوتێ تەوەو زۆربە شیان لەپەنا یدا وێنە دەگرن و لە دەفتەری زیارەتنامەکەدا شتێك دەنووسن.

بەندە لە دەفتەری زیارەتەکەدا ئەم تێبینییەم نوسی:

(أرجو ان يتمخض عن إكمال هذه السجادة الكبيرة تآخي الشعوب الايرانية بما فيه الشعب الكردي المسلم وتتحقق كافة المكتسبات والحقوق للشعوب الايرانية، مع تقديري لمبدع هذه الفكرة) بە زۆر بە وەرگێڕە لوبنانیەکەم کرد بە فارسی و پێم نوسیەوە، دوا جار هەستم کرد کار بەدەستانی ئەو شوێنە ئەو پەیڤەیان پێ خۆش نەبوو، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لەم بوارانەدا گەیاندنی ئەرکی ئەو نوێنەرایەتی کردنەیە بە ڕاستی و ئاسودە کردنی دڵ و ویژدانە.

ڕۆژی دوایی بە فڕۆکە یەکی شەق و شڕی تۆبۆلیف لە تارانەوە ڕوەو مەشهەد کەوتینە ڕێ و نازانم چۆن ئەو فڕۆکەیە نەکەوتە خوار، چونکە بە شێوەیەکی سەیر کەوتە( منخفض جوي) یەوەو جۆرە لەرزەو هەڵبەزو دابەزێکی سەیری لێپەیدا بو.

مەرقەدی ئیمام ڕەزا لە مەشهەد خۆی لە خۆیدا نیمچە شارێکەو لە هەر چوار لای جیهانی ئیسلامیەوە خەڵك بۆ زیارەت ڕوی تێدەکەن، ئەوەی کە

سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بو کە چۆن نەیارەکانی شیعە، وا تە ئو مەوی و عەبا سێکان کە سایەتێکانی ئەهلی بەیتیان بە در ێژایی هەزاران م یل ڕافرا ندوەو نەیان هێ شتوە لە هیچ شوێنێ ئۆقرە ب گرن و ب ستێ زەوی حەوانەوەیان بۆ نەهێشتونەتەوەو تەنیاو تەنیا گەلانی کوردو فارس و تورك ئیمامەکانیان پاراستوە.

دیارە کێشەی قوولێ بونەوەی گیانی مەزهەبگەرایی بەو توندو تیژیە، بە شێکە لە کێ شەی دە سەلاتی سیا سی و مەز هەب کرد نە بیانوو بۆ ئەو مەبەستە.

جارێك لە هاوڕێ یەکی شیعە مەزەب کە لە سەرکردایەتی یەکێك لە حیزبە بالا دە ستەکانی عیرا قە، پرسیم، گریمان ئیمامی عەلی و حسین و حسن، نەکوژرانایەو یەکی ١٠٠ سەد سالێ حوکمیان بکردا یە، ئێستا چی دەبوو؟!

دوای تۆزێك وەستان، وتی نە ئێمە ئاشمان دەگەڕاو نە لایەك لە خەڵك سکیان تێردەبوو!!!

مەر قەدی ئیمام ڕەزا هێند گەورەو بەش بەش بوو بە شار دە چوو، پرسیارێکم لە وەرگێڕەکە کرد کە میری چۆن بود جەی ئەم دەزگا گەورا نە ڕێك دەخات و سەر بەکام وەزارەتن؟

بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕ یەوە وەڵا می دا مەوەو و تی ئەم دەزگا یە حەوزەی تایبەت ئەیبات بەڕێوە، حەوزەش هێند دەوڵەمەندە، کە حکو مەت جاری وا هە یە قەرزی ل ێدەکات، زۆر بەی هەرە زۆری دەوڵەمە ندەکانی ئ ێران $\frac{1}{5}$ ی سامانەکانیان د ێنن بۆ ئەم شوێنەو مو چەی هەمو کاربەدە ستەکانی حەوزە بە مامۆ ستاو خوێ ندکارو مەلاو ڕەوزە

خوێن....و....و.... مووچە لێرە وەردەگرن و ئەم دەزگایە بۆی هەیە کە پارە بخاتە گەڕ بۆ سود بینین و زیادکردن.

را مان لەو دیاردەی لامەرکەزیەتە مەزهەبیە، لە بواری بەڕێوەبردنی هەندێك دەزگادا، گەیاندمیە ئەو قەناعەتەی، کە هۆکارێك لەو هۆکارانەی وای لە مەلای شیعە کردوە کە پشت بکەنە دەسەلاتی میری و گوێ نەدەنە داواکانی و خۆیان ببەستنەوە بە فەرمانی حەوزەوە، ئەوەیە کە سەرچاوەی ژیانیان لە حەوزەوە دابین دەکرێت، بە پێچەوانەی مەلای سونەوە، کە سەرچاوەی ژیانیان مووچەی میریەو هەر ئەمەشە وادەکات، کە میری بە تۆپزی خوێندنەوەی وتاری ڕۆژانی جومعە و بۆنە جیاجیاکانیان بەسەردا بسەپێنێ و ئەوانیش پابەند بن بە فەرمانی دەوڵەتەوەو ئایەتی (أطيعوا الله وأطيعواالرسول وأولي الأمر منكم) بکەنە بیانوو بۆ قەناعەتکردنی ویژدانی خۆیان، واتە (أولي الأمر) حکومەتەو دەبێت ئیطاعەت بکرێت!

ڕاڤەکردنی (أولي الأمر) لای جمال الدینی ئەفغانی و محمد عبده وعلی عبدالرزاق و حسن البناء،جیاوازیەکی فرەی هەیەو هەرکەسەو بە جۆرێك خوێندنەوەی بۆ دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین مەلای شیعە لە حەوزەوە ئاڕاستە دەکرێت و مەلای سونەش، لە زۆر بەی بوارەکاندا لەدەسەلاتی دەوڵەتەوە، دیارە ئەنجامی هەردو ئاڕاستەکە دەکاتە بەستنەوەی ئاین بەدوو دەسەلاتەوە، بەلام بەدوو ئالیەتی جیاواز، چونکە خودی حەوزەش دەسەلاتێکی بارگاویە بە فیقهی مەزەب و جۆرێکی تر لە دەسەلات.

جولانەوە ئیسلامیەکانی سەر بە سونەگەرایی لە هەوڵی ئەوەدابوون کە دەسەلات بخەنە ژێر ڕکێفی ئاینەوە، هەوڵەکانی محمد عبدالوهاب، حسن البناء، سید قطب، أبو علي المودودي، ئیخوانەکانی میسر، بەڵگەی بۆچونەکەمانە.

دیاره له کۆتایی ئەو سەفەرەدا دەبێت بەلاغێك له ذێوان نوێنەرا یەتی پەرلەمانی عیراق و ئێراندا دەربچێت و هیما بۆ کۆمەڵێ شت بکرێت، بەندەو مذ لص زا مل و ز هراء ا لهاشمي نوێ نەری شاندەکەی خۆ مان بوین بۆ نوسینەوەی بەلاغەکە،ئەو بابەتانەی کە خستیانە بەردەممان:

١-کێشەی بەزاندنی سنووری هەردوولا لە لایەن ئوپوزسیونەوە. دیارە ئەوان دەیان وت (منافقین)

٢-ڕێکەوتنامەی جەزائیرو پابەند بوون بە دەقەکانیەوە.

٣-کێشەی زیارەتکەرانی نە جەف و کەربەلا، وە زیارەتکەرانی عیراق کە دێن بۆ قم، مشهد، مەرقەدی ئیمام خومەینی،

٤- کێشەی ئاوارەو پەنا هەندەکان.

ئێمەیش لای خۆمانەوە دوو خاڵی ترمان بۆ زیاد کرد:

٥-کێشەی دیلە عیراقیەکانی مەڕ شەڕی ئێران عیراق.

٦- کێشەی ئاو.

گەورەترین کێ شمەکێش کە تو شمان هاتب ێت ڕێ کەوتن بوە لە سەر بەلاغی کۆتایی گەشتەکە، کە دەبو هەردولا لەسەری ڕێکەوین، لایەنی ئەوان هێند وردو بەسەبر و خۆڕاگر بوون لەسەر داواکاری و خواستەکانیان، هەر مەپرسە!

لایەنی ئێمەش لە ئەنجامی کاردانەوەی داواکانی ئەواندا، هێند ڕەق و منجر بوین بەسێ دانیشتن ئینجا گەشتینە ئەنجامی کۆتایی، کۆبو نەوەکان لە پەر لەمانی ئێرا نی بە شی پەیوە ندێکانی دەرەوە یان ئەنجام دەدراو جارو بار نوێ نەری وەزارە تی دەرەوەی ئ ێرانیش کە کوڕێکی گەنج بوو موداخەلەی دەکرد.

وەرگێڕە لوبنانیەکەش هێند شارەزای کون و کەلەبەری زمانی عەرەبی بو، ئەوەندەی تر باری قورس کردین، گیان بەوە بو کە بە ندەش، کە مەکێك

شارەزایم لە داڕشتن و فیێلەکانیا هەبوو، وە ڕێگام لیٚ دەبریەوەو هەر لەورە وردا بوین و دوا جار یەکیٚك لە پەر لەمانتارە عەرە بەکان پەیوە ندی من و ئەوی بە (الصديق اللدود) ناوزەد کرد.

بەندە زۆرترین مشت و مرم هاتە بەردەم لەسەر ڕێکەوتنامەی جەزائیر، من دەموت بە چ حەقیٚك پابە ند بین بە ڕێکەوتنامەیە کەوە، کە دو دوژمنی سەر سەختی گەلانی عیراق و ئیێران، سەدامی دیکتاتور و شاهەنشای بەکریٚگیراو ئەنجامیان داوە؟!

بە چ حەقیٚك پابە ند بین بە ڕێکەوتنامە یەکی شوومی واوە، کە بۆتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕیٚك کە ئیێران و عیراقی خستە سەر چاڵی مەرگ و دیارە خودی ئەو شەڕەش ڕێکەوتنامە کەی هەڵوەشاندۆتەوە! لەکاتی ئەم ئاخافتنانەدا، بە خەیالٚ گەڕامەوە دواوەو، یەکیٚك لەدەقە هەرە نەگریس و بیٚ شەرمەکانی ئەو ڕێکەوتنامە یە میٚشکی دە خواردم، ئەو دەقەی کە مینیٚکەو لەژیٚر پێی کورد ستاندایە (الترحيل عن الحدود بعمق عشرين كيلومتر ووضع أجهزة الكترونية متطورة، لمنع التسلل التخريبي من حيث أتت)

لە باسی کیٚشەی ئاودا، کاتیٚك بە خۆمان زانی نویێنەرە کەی وەزارەتی دەرەوە، ڕۆژنامەیەکی کوردستانی نویێی بۆ هیٚنایین وتی یەکیٚك لە ئیٚوە کە بەڕیٚز د. لەتیف دارتاشە لەم چاوپیێکەوتنەدا، بەر لە سەفەرەکە، بە چەند ڕۆژیٚك، وتویەتی من سەرۆکی شاندەکەمو ئیٚمە بۆ چارەسەرکردنی کیٚشەی ئاو دە چینە ئیێران، ئە مە فاو لە! لەو دانیشتنەدا بەڕیٚز کاك حە سەن عوسمانیش لە گەڵمان بوو، بە ندە بە ئیحرا جەوە وتم، یە کەم وەك خۆتان دەزانن ئەو سەرۆکی شاند نیەو فالح فیازە، دیارە هەڵەی دوەمیشی هەر وەکو یەکەمەو (سبحان من لا يخطأ) .

دوای کێشەو بەرەیەکی زۆر نەمان هێشت، ناوی ڕێکەتنامەی جەزائیر بخرێتە پرۆتۆکولەکەوە.

لەمیانەی دانوسانەکاندا کاتێك کە بە زارەکی قسەمان دەکرد، هەردولا ڕەزامەند بووین، بەڵام کە دەمانوسیەوە دابران دروست دەبوو، هەر چۆنێك بێت بەلاغێکی مام ناوەندیمان کە زیانی بۆ هیچ لا یەك نەبێت داڕشت و ئەوەشمان جێگیر کرد؛ کە لەبەرئەوەی، سەرچاوەی ئاوی عیراق لە ئێرانەوە دێت، وە ئێستا شاری خانەقین هاواری لێهەڵساوە چونکە ڕو باری ئەڵوەند گیراوە تەوە، با شتر وا یە پابەند بن بە ڕێکەوتنا مە ذێو دەو ڵەتێکانی مەڕ دابەشکردنی ئاوەوە.

دوا دەق و ئیمزاکردنی پرۆتۆکولەکە لە یەکێك لە ئۆفیسەکانی مەزاری ئیمام خومەینی کەلە ڕێگای فڕۆکەخانەی تارانە ئیمزا کرا.

کە گەڕاینەوە بە غدا، ئەنجامی سەردانەکەو پرۆتۆکولە کە لەلا یەن پەرلەمانتار زهراء الهاشمي کە لە حیزبی فەزیلە یە لە بەردەم پەرلەما ندا خوێندرا یەوە و ئێ ستا ئەو دۆ سیەیە لە بە شی لیژ نەی پەیوەند یەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عیراقە.

# فەسڵی سێهەم

## ئەو وتارانەی کە بەناوی پەرلەمانەوە لەبۆنە جیاجیاکاندا خوێندومەتەوە

# تەخویلکردن

لەبەرئەوەی بەندە جێگری سەرۆکی لیژنەی راگەیاندن و روناکبیریی بوم لە پەرلەمانی عێراقداو تێکەڵاوی فرەم هەبوو لەگەڵ نێوەندە ئەدەبی و روناکبیرییەکان، لەسەر داوای لیژنە (تخویل) کرابووم, کە بەناوی لیژنەوە، لە بۆنە جیاجیاکاندا وتارو پەیڤ بدەم، بەتایبەتی لە کوردستاندا، چونکە لیژنە لەڕوی ئیدارییو داراییەوە نەیدەتوانی خەڵکی تایبەت بنێرێت بۆ هاوبەشیکردن لەو بۆنانەدا. ئەم فەسڵە بریتییە لە چەند وتارێك, کە بەناوی پەرلەمانەوە خوێندومەتەوە. بەداخێکی سەختەوە گەلێ وتارم فەوتاوەو نەخراوەتە دوتوێی ئەم کتێبەوە، ئەو وتارانەش بریتین لە:

١- وتارێك لە چلەی د. عبدالرحمن حاجی مەعروفدا.

٢- وتارێك بۆ کرانەوەی سەنتەری مەولەوی لە زەڕایەن.

٣- وتارێك بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کە بنکەی گەلاوێژ سازیکردبوو.

٤- وتارێك بۆ چلەی فەرهەنگوانی کورد مامۆستا کمال جلال غریب، کە بنکەی گەلاوێژ سازیکردبوو.

# له یادی تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر لەدنیا دەرچوونی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستاندا

**وتاری پەرلەمانی عێراق**

بەڕێز سەرۆك کۆ ماری عێرا قی ڤ یدراڵ جەنابی مام جەلال، میوا نە ئازیزەکان، خوشکان، برایان

بەناوی لیژنەی راگەیا ندن‌و رو ناکبیریی پەر لەمانی عێرا قەوە گەرمترین بەخێرهاتننتان دە کەم‌و دە خوازم کە ئا سوودەو خۆ شنوودبن، ڕا مان لە سەربوردەی شۆڕ شگێڕی گەورەی نەتەوە کەمان شێخ مەحمودی هەمیـ شە زیـ ندوو پڕە لە ئەزموون‌و وا نەی کوردا یەتیی، د یارە بذ کەی ژ ین‌و هەڵسوڕێنەرانی ئەم یادە ئەرکێکی نە تەوەیی پیرۆز یان بە ئەنجامگەیا ندوەو بەهیوای چالاکی بە بڕ شت‌وفراوان لە پایـ تەختی رۆ شنبیریی کورد ستان شارەکەی شێخی نەمر.

بەڕێزیـ نە درەخـ تی بالاَ شەنگی بنەما ڵەی شێخ مەحمود رەگ‌و ریـ شاڵەکانی بەجۆرێك بەناخی م ێژووی کورددا شۆڕبۆتەوە، کە جیاکرد نەوەو دابڕاذ یان مەحا ڵە، سەرەتا شێخ مارفی نودێ یە کەمین زاذ کۆی عەقڵ‌و هۆ شیاری لە قەڵا چوالان‌و سلێمانی دامەزرا ند‌و دڕی بە شەوگاری نەزانین‌و کەم سەوادی دا لە دەڤەرەکەدا، هەر بەدوای ئەم رێچکە زاذ ستیەدا حاجی کاك ئە حمەدی شێخ، مە شخەڵی خوانا سی‌و ئاینی هەڵکرد‌و دە یخوازی، کە کورد ستان بە کاذ یاوی نوری ئیلا هی بەرەو پاکژبوونەوە‌و رزگاربوون ببات، شێخ مەحمودی پەروەردەی ئەم دوو بواری زانست‌و خواناسییە‌و میراتگری میرذشینە سەربڕاوەکەی با بان‌و وڵاتێکی پەرتکراو‌و هەڵقر چاو بە خەمی ئیذ سانی کورد‌و گۆ شکراو بە عە شقی نیـ شتمان‌و مەردا یەتی رێـ بازو ئا قاری کوردا یەتی گرتە بەرو باذ گەوازی رزگاری کوردستانی هەڵدا.

ئەم باڵ گەوازە پڕمیهرە هەموو کورد ستانی هێنا یە جۆش و چەکی شەرەفی کردە شانی سەختترین قۆناغی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان، شێخی نەمر, وەك سەرکردەیەکی کاریزم و کەم وێنە رابەرا یەتی جووڵا نەوەی رزگاریی نەتەوەیی کرد و خەمی ئەم وڵاتەی کردە کۆڵ، ئەو دە مەی کە ئەم وڵاتە نەزانین و زوڵم و بێ سەوادیی ئاڵا بوونە گەردنی, شێخ ئاڵای شۆڕش و هۆشیاری و سەرفرازی بەرزدەکردەوە و گەلێك پێش سەردەمەکەی کەوتبوو، لە شوعەیبەی خوارووی عێراق بە ها نای شۆڕ شگێڕانەوە رۆیشت و بێ کۆکردن لە مردن سەنگەری لە داگیر کەران گرت، ئەو کا تەی کە ئینگلیزەکان دەیانویست دەم بخەنە جواناوی کوردەوە و نەوتەکەی بەتاڵان بەرن، ئەو دەمەی کە لەشکرەکەی فرایزەر هاتبوو سلێمانی خڵتانی خوێن بکات، شێخ هەڵۆئاسا لە دەربەند ئامبازیان بووەوە، بەڵام ئەفسوس لە خوێندا شەڵاڵیانکرد و سەری شەکەتی خ ستە سەر بەردە قارە مان، لە دادگایکردنەکەیدا بێ سڵەمینەوە مشکیی و جامانەکەی سرەوانده حاکمی ئەو وڵا تەی کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو، تەنا نەت لە دواکا تەکانی تەمە نە پڕشکۆکەیدا جارێکی تر لە پیرا نەوە را پەڕی و کورد ستانی هەژا ند، بەڵام مەخابن تەرازووی هێزەکان ئێجگار نابەرامبەربوون.

ئەو دوو نامەیەی کە بۆ کۆنسوڵی روس لە تەورێز و کۆمەڵەی نەتەوەکانی ئەو دە مەی ناردبوو بەڵگەی سیا سەتمەدارییی و ئازا یەتی و بڕوا بوون بوو بە دا هاتووی کورد و عەدا لەتی دۆزەکە یەوە، دە توانم ئەوەش بڵێم تا ئێ ستا جووڵانەوەی رزگاریخوازی هیچ بەشێکی کوردستان بەم شێوە د یارو بوێرا نە داوای چارەنووسی بۆ کورد نەکردووە، لە یادی تێپەڕبوونی نیو سەدە بە سەر لەدنیا دەر چوونی ئەم رابەرەما ندا دە شێت کێو ماڵی هە ندێ لا پەڕەی ژ یو جووڵانەوەکانی شێخ بکەین, بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ڕای هە ندێ لەو

سیاسەتمەدارە ئینگلیزانەی کە هاوسۆزبوون لەگەڵ جووڵانەوەکەی شێخ وەك مێجەر نوئێل و چەندانێکی تر، لەو نێوانەوە خوێندنەوەی نوێ و توێژینەوەیان بۆ بکەین و گەورەیی شێخیان تیا بەرجەستەبکەین.

هەزار دروود بۆ گیانی پاکی ئەم سەرکردە مەزنەمان و جارێکی دی بەم بۆنەیەوە سڵاو و پیرۆزبایی لیژنەی روو ناکبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی عێراقتان لێبێت و هەر بژین.

# القي الخطاب في المؤتمر الاقليمي الثاني للمصالحة والتعايش في محافظات شمال العراق (موصل، ديالى, كركوك، صلاح الدين)

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد ممثل مام جلال المحترم...

**ايها الضيوف الاعزاء، سيداتي وسادتي، أرحب بكم جميعا، واشكر حضوركم المسؤول في مدينة السليمانية، عاصمة الفكر والنضال والثقافة، راجيا لمؤتمركم هذا ان يخرج بنتائج يتمخض عنها رصّ الصفوف واداء مسؤولياتنا الوطنية والقومية، شاكرا منظمة CDO غير الحكومية لِلَمّها هذا الشمل المبارك من الوجوه العراقية الخيرة.**

**سادتي الافاضل... ان هذه المرحلة الخطيرة والحساسة من تأريخ العراق المعاصر، تفرض على كل وطني غيور ان يناضل من اجل تثبيت دعائم المؤسسات الديمقراطية والمدنية، حيث قطعنا أشواطا، تظل لبناتٍ صلدة لتأسيس مجتمع ديمقراطي يلبي حاجات شعبنا الناهض، في ارساء مشروعنا الوطني وتحقيق المساواة بين فئات الشعب وتكافؤ الفرص وحرية الفكر والعدالة الاجتماعية.**

**لقد اكتوت الشعوب العراقية بنار الدكتاتورية عقودا غائرة الجذور في الاجرام والتقتيل وكم الافواه وحروب جنونية لا طائل تحتها، حيث تجرع الكل وبنسب متفاوتة غصص وقساوة النظام البائد، لكن حصة الكورد فيها لا تجارى، إذ عمليات الانفال الاجرامية وقصف مدينة حلبجة بالسلاح الكيميائي شواهد، ما أمرّها! في تأريخ العراق المعاصر.**

**ان تعريض الامة الكوردية لخطر الإبادة الجماعية وإزالة خارطتها من الوجود، لم تنل من إرادة الكورد، بقدر ما زاده ايمانا بالاخوة الصميمية بين العراقيين ومنحهم حصانة فكرية مؤمنة برؤى المستقبل المشرق، إذ لا يعلو**

صرح الديمقراطية والعدالة الاجتماعية وحرية الرأي الا في مجتمع يتآخى فيه المواطنون ويحسون بتأريخ ومصالح مشتركة, ومن دواعي السرور ان المنطقة الشمالية وعلى مر التأريخ قلعة للأخاء والتصالح والشراكة في الحياة السياسية والاجتماعية. ان اقتلاع جذور الطائفية والتميز القومي وغطرسة الحكام وإقصاء الآخر، ينبغي ان يقابل باستحقاقات المواطنة ونشر الوعي الدستوري وإرساء التقاليد الديمقراطية في حياتنا السياسية.

لقد اكد القرآن الكريم وكل الشرائع الدنيوية على مبدأ الاخاء والتعاون ونبذ الفرقة، ان مفردة (الرحمة) التي وردت بكثرة في ثنايا الكتاب العزيز تعني التسامح والتعاطف والمودة والمحبة ونبذ الشدة والقسوة, والشمولية في اطلاق الاحكام وتكفير الآخر، (فلولا فضل الله عليكم ورحمته لكنتم من الخاسرين)، ان الخاسر في العملية السياسية الحالية هو من لم يتعظ بتجارب الماضي الأليمة، ويقف بوجه التيار الديمقراطي الهادر، ويعثر إجماع العراقيين ورؤاهم المستقبلية.

ما أحرانا  نحن العراقيين  ان نتمسك بمباديء الدستور الذي يؤكد على اننا لم يثننا التكفير والارهاب من ان نمضي قدما لبناء دولة القانون ولم توقفنا الطائفية والعنصرية من ان نسير معا لتعزيز الوحدة الوطنية وانتهاج سبل التداول السلمية للسلطة وتبني التوزيع العادل للثروة ومنح تكافؤ الفرص للجميع), ومما يؤسف له ان بعضا ممن اغراهم بعض الفوز في انتخابات مجالس المحافظات قد حادوا عن إجماع العراقيين واستأثروا بكل المناصب ولا سيما قائمة الحدباء، في نينوى ان نهجهم التسلطي هذا يبعد العراقيين عن مبدأ التوافق الذي بنيت عليه الديمقراطية العراقية، حيث همشوا ثلث أصوات المحافظة واخضعوا الاقلية لاضطهاد الاكثرية وانحرفوا عن تأمين الاستحقاقات الانتخابية، ان هذا النهج اللامسؤول

المبني على الغطرسة القومية يدق اسفين الوحدة الوطنية ويعيد العملية السياسية في هذه المحافظة الى المربع الاول، وينبغي ان يوجه بإجماع وطني لانه خروج عن المألوف وشذوذ عن القاعدة.

ان الالتفاف على مادة ١٤٠ الدستورية تحت غطاء تأويلات أحادية الجانب وتفسيرات غير قانونية، لا يخدم العملية الديمقراطية في العراق، بقدر ما يخدم أجندات خارجية وتهميش الدستور، وصب الماء في طاحونة الأنعزال القومي والنظرة الدونية الى الآخرين، ان تطبيق هذه المادة تحل مشاكل وأزمات قابلة للانفجار في كل لحظة، وتؤسس لانهاء معضلة يراهن عليها أعداء العراق

ان التأكيد على اللامركزية في ادارة المحافظات تجربة عالمية اثمرت نتائج ايجابية باهرة، لانها تبعد ادارة المحافظات عن ازمات الروتين واستئثار المركز بالميزانية والمشاريع على حساب المحافظات، فالنمو المتوازن لا يتحقق الا في ظل النظام اللامركزي لان العمق الستراتيجي للمركز هو المحافظات، فبدون تقدم وتقوية المحافظات يختل التوازن الحضاري والانمائي للبلد.

واخيرا ايها الاخوة الافاضل، كلنا الآن ومن مواقعنا نتحمل مسؤولياتنا الوطنية وواجباتنا الشرعية، امام الله والتاريخ في قول الحق واتخاذ موقف يثبت دعائم التآخي والتلاحم بين العراقيين، لبناء غد افضل تتنعم فيه اجيالنا بحياة هانئة بعيدة عن التعصب الطائفي والمذهبي والعرقي. مرة اخرى وباسم لجنة الاعلام والثقافة في مجلس النواب العراقي ابارك مؤتمركم واتمنى ان تخرجوا بنتائج جيدة ترضي الشعوب العراقية لبناء غد افضل لأجيالنا القادمة.

**د. رؤوف عثمان**

٢٠٠٩/٥/٩,١٠

ئەم وتارە لە کۆنگرەیەکدا خوێندرایەوە کە خەڵکێکی زۆر لە عەشایەرو کەسایەتی کۆمەڵا یەتی و ئاینی کوردو تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوك و صلاح الدین و موصل و دیالە ئامادەبوبوون و گفتوگۆی فرەی لەبارەوە کراو ئەوەمان دەرخست کە ئێمەی کورد قوربانی دەستی داگیرکەر بووین و جارێکی تر نامانەوێت لایەنە رەگەزپەرست و شۆڤێنی و تەکفیرییەکان یاری بە چارەنووسی ئێمەو گەلانی عێراق بکەن.

## ألقيت الكلمة بمناسبة تكريم الأديبة الكوردية د. نسرين فخري في قاعة اتحاد الأدباء العراقيين ببغداد

باسم لجنة الاعلام والثقافة في مجلس النواب العراقي، أحيّ هذا الحشد الخيّر من الأدباء والمثقفين العراقيين كوردا وعربا و سريانا وتركمانا لحضورهم المسؤول والاحتفاء بالأديبة والشاعرة الكوردية المعروفة نسرين محمد فخري أستاذة الدراسات العليا في اللغة الكوردية بالقسم الكوردي.

فتحت هذه الانسانة عينيها الألقتين في عاصمة الثقافة والشعر والنضال مدينة السليمانية التي لا تلين لها قناة، ولا تخاف في الحق سيف الطاغية ولوم الحاقدين. مثلما تفردت هذه الانسانة بابداعها فقد تفردت بدماثتها وخلقها العالي... ان د. نسرين فخري أم رؤوم لطلابة الدراسات العليا في الماجستير والدكتوراه وأديبة فاضلة وجدت لنفسها طريقا في مجتمع مكبل بعوائق الجهل والتخلف، لا يعترف بالمرأة أساسا فكيف به ينصف إمرأة أدركتها حرفة الأدب كما يقولون.

لكن شاعرتنا الرائدة د. نسرين فخري ابنة مدينة السليمانية البطلة استمرت في مسيرتها رغم ان الطريق كان صعبا وتحيط به الاشواك من كل جانب، فصمدت وأبدعت ثم تفوقت لتنال من لدنا جميعا كل هذا الحب والاعتزاز.

مرة اخرى أشكر اتحاد الادباء العراقيين على هذه الالتفاتة الكريمة، وأتمنى أن يشمل هذا التكريم في قادمات الايام، المؤرخ الشهير د. كمال مظهر و د. عزالدين مصطفى رسول ومحمد الملا عبدالكريم، إذ هؤلاء منحوا شعبهم والانسانية نبض أعصابهم ودفق عروقهم.

د. رؤوف عثمان

عضو مجلس انواب

**ئەوەی شیاوی وتنە، خەڵکێکی زۆر لەو ڕێزلێنانەدا ئامادەبوون و جێگای دڵخۆشی ئێمەش بوو، لە پەرلەمانتاران تاذیا تەلعەت، د. لەتیف حاجی، تەلعەت گلی ئامادەبوون،**

ریپۆرتاژ ێك لە سەر ئەو ڕێزلێنانە لە ڕۆژنامەی (التآخي) ژمارە ٤٧٧٨ لە بەرواری ٢٠٠٦/٦/١١ دا بڵاوکراوەتەوە.

# وتاری پەرلەمانی عێراق بۆ یادی هونەرمەندی گەورە عەلی لەتیف

ماتەم گێڕانی هێژا .......... کەس وکار و خزم و هاوڕێ و بنەماڵەی بەشەرەڤ هونەرمەند و وەرزشوانی کورد کاك عەلی لەتیف ....

بەناوی لیژنەی ڕاگەیاندن و روناکبیری لەپەرلەمانی عێراقەوە بەدڵێکی پڕ لەداخ و خە مەوە سەرەخۆ شی ئەم کۆ ستە گەورە یەتان لێ دە کەم و دەخوازم کە خوا سەبوریتان پێ ببەخشێت.

بەڕێزێ نە عەلی لەتیف ئە وهونەرمە ندە مەز نە بوو کە بە تابلۆ دلۆڤا نەکانی خەم و ئازارو نەها مەتێکانی ئیذ سانی کوردی بەرجە ستە ئەکرد، داهێنا نە جوا نەکانی جێگای سەرنج و تیارا مانی هونەرمە ندانی ئەڵمانیا بوون ، چەندان چاوپێکەوتنی ذ ێو ڕۆژنا مەکان و پێ شانگای هونەری لەو وڵاتە ئەنجامدابوو .

ئەو کا تەی کە چوومە سەردانی لە ئەڵمانیا هە ستم کرد تەمی خەمێکی کاڵی کوردستانی نشتۆتە سەر چاوەکانی. ئەو لە وە سفی یەکێ لە تابلۆ پایزیەکانیا وتی من لەم ئاوارەیی تاراوگە یەدا هەمیشە بەدیار تەرمی خۆمەوەو لە چاوەڕوانیدام ...

ئەو وتی من لەم وڵاتە بەهەشت ئامێزەدا وەك ئەو باڵندە سەربڕاوەم کە هەموکات بەدوای سەرمەوە وێڵم و لە گۆیژەو ئەزمر نەبێت نایدۆزمەوە.

کا کە عەلی جێ گە لەوەی کە نێ شتمانپەروەرێکی بێ گەردبوو، لە وەرزشکارە بەناوبانگەکانی سلێمانی بوو چەندان سەرکەوتنی بۆ تیپەکەی تۆمارکردبو .

با ئەوەش بڵێم کە بە شێکی زۆر لە زیرەک یەکانی شێخ حە سەنی گڵەزەردە بەر عەلی کەوتبوو .

چونکه بنەماڵە سەربەرزەکەیان لە نەوەی ئەم زانا کوردە بەناوبانگەن.
هەزار درود بۆ گیانی پاك و دڵە بێگەردەکەی مامۆستا عەلی لەتیف.
جارێکی تر بەناوی لیژ نەی رو ناکبیری و راگەیا ندنی پەر لەمانی عێراقەوە سەرە خۆشیتان لیٚ دەکەم .

انا لله وانا اليه راجعون

د. رؤوف عثمان
٢٠٠٩

## ئەم وتارە لە کۆنگرەی ( بەرهەمهێنان لە عێراقدا ) لە واشنتۆن خوێندراوەتەوە

# القي الخطاب في مؤتمر (الاستثمار في العراق) بواشنطن

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الضيوف الاعزاء، سيداتي وسادتي، أرحب بكم جميعا، واتمنى حسن الاقامة ونجاح مؤتمركم الذي يرجو من خلال السياحة بأنواعها تمتين أواصر الصداقة بين شعوب العالم بأسره.

أنا هنا، أطل من العراق الجديد المتحرر من ربقة الدكتاتورية على هذا المؤتمر الذي يبحث عن صيغ حضارية متطورة لبناء عالم سياحي يتنعم فيه الانسان بكل ما في الطبيعة والحياة من الجمال والتفرد والخصوصية.

السياحة في أشمل تعريفها عبارة عن (الحركة الاجتماعية التي تتم اختياريا والتي تهدف الى الترفيه والاستمتاع الذهني والعقلي والبدني). لقد تأخرت السياحة العراقية في ظل النظام البائد الذي انهمك بالحروب والنزاعات الاقليمية حيث تعرضت العراق الى أسوأ حالات التردي والتخلف.

ايها الاخوة الاعزاء... في العراق بصورة عامة ثلاثة انواع رئيسية من السياحة:

١- السياحة الدينية:

التي اسميها النفط الدائم، حيث تحتضن ارض العراق مراقد الائمة العظام، ويؤمها المسلمون في كل انحاء العالم الاسلامي، وهناك مرقد الامام علي كرم الله وجهه وامام الحسين بن علي وأخيه عباس والامام الحسن والهادي العسكريين وامام موسى الكاظم ومحمد بن علي الجواد وآخرون كثار، اما في اقليم كوردستان العراق الفدرالي حيث يرقد كاك احمد الشيخ

والشيخ محمود الحفيد في السليمانية ومراقد الشيوخ النقشبندية في بيارة ومرقدي الشيخ عيسى وموسى البرزنجيين وپيرى شەوكێڵ وغيرهم.

ان الاهتمام بالسياحة الدينية في العراق يوفر لا مالا كثيرا للعراقيين فقط، بل ويعمق روح الاخاء لأمم الشرق بل وللانسانية جمعاء.

٢- السياحة الآثارية:

ان للتراث أهمية عظيمة في حياة وتأريخ الشعوب، اذ يمثل التراث بعضا من حضارة الامم وتأريخها، لقد وجدت في العراق حضارات لم تزل آثارها شاخصة، ان (كهفي شاندر) و (زرزي) في اقليم كوردستان، فتح فيهما اول انسان عينيه على الحياة كما يؤكد المستشرقون، وكذلك (هيكل نارامسين) في قرداخ، اما حضارات بابل وآشور وسومر ومعابد للآلهة والبقايا الآثارية لهذه الحضارات تعد رمزا مشرقا لتأريخ العراق الضارب في العمق، ان الاهتمام الجاد والنوعي بهذه الآثار تفتح على السياحة العراقية ابوابا واسعة وتدر أرباحا كثيرة من شأنها النهوض بالبلد.

٣- السياحة الطبيعية:

ان اقليم كوردستان العراق من أجمل المناطق السياحية في العراق، بوديانها العميقة وجبالها الشاهقة وشلالاتها وارضها الخضراء وغاباتها الزاهية، ويحتضن هذا الاقليم مصايف سرچنار وبيخال وشقلاوه وگلى على بگ وسرسنگ وأحمد ئاوا، وقوپى قرداخ و چمى رەزان وكذلك في المناطق الجنوبية هناك الاهوار التي تحتضن انواعا من الطيور الزاهية والاسماك وكذلك بحيرات حبانية والرزازة وساوة والثرثار ودوكان ودربنديخان.

من هذا المنبر أطالب الشركات السياحية العالمية الكبرى ان تتعاقد مع الجهات المعنية في العراق وبالأخص اقليم كوردستان لفتح مناطق سياحية مهتمة بالطبيعة والآثار والسياحة الدينية، وغيرها من الانواع السياحية،

ك سياحة ا لمؤتمرات و سياحة ا لسوق و سياحة الا ستجمام وا لعلاج. ان الا ستثمار في مجال ا لسياحة بأنواعها تعود بالخير ا لوفير على ا لشركات المختصة مرة وا لشعب العراقي مرة ا خرى، وتساعد على نهوض البلد وتجاوز المصائب التي ألمت بالعراقيين خلال حكم الطاغية.


مع الشكر

لەنێوان رۆژا نی ١٧ تا ٢٤/١٠/٢٠١٠ لە وا شنتۆن كۆنگرە یەكی گەورەی وە بەرهێنان بۆ ع ێراق سازدراو هەیئەی بەر هەمهێنانی ع ێراق بەیارمەتی كاربەدەستە گەورەكانی ئەمریكا ئەركی بەڕێوەبەردن و داڕشتنی بەرنا مەو كارە كانی كۆنگرە یان گر تە ئە ستۆ، پارێزگارە كانی ع ێراق و سەرۆك وەزیران و چەند وەزیرو كاربەدە ستی بالآی عێراق ئا مادەبوون، ئە مە جگە لە (١١) پەرلەمانتار، كە بە ندە لەلا یەن لیژنەی روناكبیریەوە بەڕێخرابووم و لەو كۆنگرەیەدا ئامادەبووم.

كۆنگرە چەند وۆركشۆپێكی رێكخستبوو بۆ تویێژینەوە و گفتوگۆكردن لە مەڕ بوارە جیاجیا كان، لەبەر ئەوەی كە سیاحەت بە شێكە لە كاری لیژنە كەمان و كار مان بۆ كردووە، و تاری یە كەمی وۆرك شۆپەكە بە من سپێرراو بەندەش ئەم وتارەی سەرەوەم خوێندەوە.

كۆ مەڵێك سەرمایەدارو بەڕێوە بەری كۆمپانیای گە شتوگوزاریی ئەمریكی ئامادەبوون و موداخەلاتی فرە یان كردو سەبارەت بە كوردستان بێ ئاوی لای ئەوان تە گەرە بوو، وە بە ندە داوای پەیوە ندی لێكردن، بە حكو مەتی هەرێمی كوردستان و ئەوەم ڕوونكردەوە كە بەپێی دە ستوری عێراق، بواری گەشتوگوزار پسپۆڕی هەرێمە نەك حكومەتی فدرالی بەغدا.

## سوپاسنامەی وەزارەتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان



حكومه أقليم كوردستان/العراق
وزاره السياحه

حكومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی گەشت و گوزار

MINISTRY OF TOURISM
وەزارەتی گەشت و گوزار

شهادة تقديرية

الدكتور رؤوف عثمان

تقديراً منا لرعايتكم الأخوية الكريمة التي حَظي بهاالأسبوع السياحي العراقي ووفدنا المشارك للفترة من19/24تشرين الأول 2008 نمنحكم هذه الشهادة التقديرية املين المزيد من التعاون للأرتقاء بمسيرة السياحة في العراق الجديد

نمرود بيتو يوخنا
وزير السياحة في اقليم كوردستان

سوثاسـنامەی بەرِيَوەبەرايـەتی ئاذانســی هـەواڵی نـاوخۆ / هـەريَمی كوردستان



حكومەتی هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ
ڕادیۆی ناوخۆ

بڕوانامەی ڕێزلێنان

بەڕێز :دكتۆر رەئوف عوسمان / ئەندامی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ بەپێویستی زانی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێزتان بكات وەك وەفایەك بۆ هاوكاری و هەماهەنگیتان كەلەماوەی ڕابردوودا ئەنجامتان داوە لەگەڵمان هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین و دوبارە سوپاس و نمونەتان زۆربێت .

Nawxo News Agency
www.radionawxo.org

# فەسڵی چوارەم

## ئەو دیراسەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەخۆ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کاری پەرلەمانەوە هەیەو لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوم کردونەتەوە

# ئاستەنگییەکانی پیادەکردنی رەفتارنامە (مدوّنة السلوك) لەپەرلەمانی عیراقدا

## رەفتارنامە

پرۆژەی(مدو نة سلوك) لەزۆر بەی پەرلەما نەکانی جیها ندا هە یەو بەکاردەبرێت، پەرلەمانی عیراقیش بەم دواییانە بەتەمایە پرۆسەیەك گەلاّ لە بکات و بیخاتە بەردەم لێکۆڵینەوەو مشتومالّکردن و دوا جار دەنگدانیش، چۆن زۆربەی پیشەکانی وەك پزیشك... ئەندازیار... دادوەر...هتد کۆمەڵێك مەرج و پێوی ستی و شارەزایەتی و کە سایەتی و هەڵ سوکەوتی تای بەتی خۆی هە یەو لادان لەو بنەمایا نە جۆر ێك لە لەقبوونی شەرەفی پیشەیەتی(الشرف المهنة) دێنێ تە کا یەوەو کارە کانی شکست پ ێدەهێنێ، پەرلەمانیش بەپێی رەفتارنا مە (مدو نة سلوك) کۆ مەڵێك مەرج و بنەمای تایبەتی بۆ دادەنرێت و دەشێت لە بەر روونا کایی ئەومەرجا نە پەرلەمانتار هەڵ سوکەوت ب کاو کارە کانی سەقامگیر بکر ێت و چالاکی و ئی شەکانی سکەی خۆی وەردەگر ێت و لەم نێوا نەوە شەرەفی پەر لەمانی ب پارێزێ و ببێتە نموونەیەکی ئەکتیڤ لەژیانی نێو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەماندا.

کارکردنی شێلگیرانە بۆ ئەم پرۆژەیە هەندێك کێشەی خۆیی و با بەتی دێنێ تەگۆڕێ و دە شێت لەیە کەم هەنگاودا کۆ مەڵێك ئا ستەنگ و قەیران بەردەممان بگرێت لەوانە:

١- بە ندو مەر جەکانی سلوکی پەرلەمانتار تای بەت دەب ێت بەکە سێك کەبۆ تە پەر لەمانتار، وا تە قۆ ناغی یە کەمی بڕ یوە کەدەکا تە مەر جەکانی بوونە پەرلەمانتار، بەڵام مەخابن، وەك چەندینجار لەپەرلەماندا باسی ئەوە کراوە کە خەڵکێکی فرە هەن بوونە تە پەر لەمانتارو مەر جەکانی

پەر لەمانتارییان تێداذ یە! بەتاێ بەت نەبوونی شەهادە، کەیەکێ کە لەمەر جەکان، لەو روانگە یەوە کەکاری پەر لەمانی سیا سییەو، گوا یە سیاسەتیش پێویستی بەشەهادەو ناسنامەی ئەکادیمی نییەو تەنیا و تەنیا پیادەی چەند چەمکێکی فکری و هەڵسوکەوتە رۆژانەییەکا نە، د یارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەکۆ مەڵێ خەڵکی بیٚ نا سنامەو لادەر لە مەرجی یا سایی بخرێ نە ذ ێو هۆڵی پەرلەما نەوە، ئەم حاڵە تە لەگەڵ(مدونە سلوك)دا نایەتەوەو شەفافییەت لەدە ست دەدر ێت، با ئەوەش بڵێم کەمەرجیش نییە هەموو خاوەن ناسنامەیەك سەد لەسەد لێهاتوو بێت یان شیاوبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، لەزۆربەی ولا تە پێشکەوتووەکانی جیها ندا لیژ نەی بالاو زۆر تایبەتمە ند لەحز بەکان درو ست دەکر ێت، بۆ چاوپێکەوتن و دەستنیشانکردن و بەبالابڕینی(تقیم) پەر لەمانتارەکان، لەسەر بنەمای بابەتی و سەرنجدانی قووڵ و فرەلایەن، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کەبۆ خو لەکانی دا هاتوو یە کەمین مەرج بۆ پەر لەمانتاری کورد زا نینی ز مانی عەرەبی بێت بەڕەوانی، چونکە پەر لەمانی عیراق ئا خاوتن تیا یدا بەزمانی عەرەبییەو پەرلەمانتار ئەگەر پرۆفیسۆریش بێت ئەو زمانە نەزانیٚ بایەخی نییەو سەرکەوتوو نابێت و کورسییەکیش بەخۆڕایی لەکیسی کورد دەدات.

٢-لەوانە یە هە ندێك تێ کەڵاوبوون هەبێت لەنێوان(مدوّ نة سلوك)و یا سای ناوخۆیی پەر لەمان و ئە مەش بێ تە ئا ستەنگییەك و دە شێت هەر لەسەرەتادا، هێڵەکانی ئەم دوو بوارە لێکجیابکرێنەوەو پانتایییەك هەبێت لەنێوانیاندا.

٣-تائێستا ئەوەی کەجێی وتووێژو بەدواداچوون و رای جیاوازە، کە لەوۆرك شۆپەکەی قاهیرە(٦ تا ١٠-١٢-٢٠٠٧) با سکراو ئەز هاوبە شیم تێ یاکرد، بە چەند مودا خەلاتێك, ئەوە یە کەئایا پ یادەکردنی مەرج و بابەتەکانی پڕۆژەی(مدونة سلوك) فەرما نەو دە شێت پەیڕەو بکرێت؟! یان

به تەنیا بەر چاو روونکرد نەوەو رێ گا پێ شاندانی پەر لەمانتارە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی و لانەدان لەپەیڕەوەکانی (مدونة سلوك) لەڕا ستیدا لەزۆر بەی ولاّتا ندا وەك یا سای ناوخۆ پەیڕەو دەکر ێت و پەر لەمانتار بەرپرسە بەفەرمی، بەرامبەر پیادەکردنی بەندەکانی، بەلاّم لەهە ندێ ولاّ تی تردا رۆڵی بەرچاو روونکردنەوەو رێگا پیشاندانە.

د یارە ئێ مە کۆ مەڵێك نموو نەمان لەبەردە ستدایە، کەهەریە کەو سەر بەتاقیکرد نەوەی ولاّتێ کەو دە شێت پڕۆژە کەی پەر لەمانی عیراق، سوود لەهەموو ئەو تاقیکردنەوانە ببینێ و تێکستێ داڕێژێ کە بگونجێت لە گەڵ هەلومەرجەکانی باری سیاسی عیراقدا.

ئەز لێرەدا بۆ بەر چاو روو نی بنەما سەرەکییەکانی تاقیکرد نەوەی ئینگلتەرا دەخەمەبەردەم خوێنەرانی ئازیزەوە کەبڕێکی بەدە ست کاریەوە لەولاّتی تونسدا پیادەدەکرێت و ئاما نجەکانی کە لەدێباجە کەدا هاتووە بریتین لە:

– ئێ شکردن لەپێناو شیاوترکردنی ژ یانی گ شتی و رووبەڕووبوو نەوەی گە ندەڵی و بەرتیل بەکاربردنی دە سەلاّت و بەفیڕۆنەدانی سامانی گشتی، لەنێوان چالاکی یا سایی و چاودێریکردن و هاوکاری لەگەڵ کۆمەلاّنی خەڵك و پەرلەمانە جیهانییەکانەوە.

– بە بەرز نرخا ندنی کارو باری دەزگا کانی(un) لەپێناو بنبڕکرد نی گە ندەڵی و هەو ڵدان بۆ گونجا ندنی پڕۆژە نێ شتمانییەکان لە گەڵ یا سا پێشکەوتووە بیانییەکاندا.

– کارکردن بۆ جوانکردنی شێوازی پەر لەمان و پەر لەمانتاران لای هاوولاّتی و تو ندوتۆڵکردنی متما نە لەنێوانیا نداو پارا ستنی پەر لەمان و پەرلەمانتاران لەهەڵسوکەوتی نەگونجاو بێ پێزو زیانبەخش.

ئەم یاسایە(مەجلیە سی ع مومی) ئینگل تەرا لە(٢٤ یول یو ١٩٩٦)دا بڕیاری پیادەکردنی لەسەرداوە، لەسەر پێشنیازی هەمان ئەنجوومەن لە(١٩ یول یوی ١٩٩٥)دا بەمەبە ستی یارمەتی دانی پەر لەمانتاران بۆ با شتر بەڕێوەبردنی کارەکان یان و بەهێزکردنی متما نە لەنێوان گەل و پەرلەمانتاردا پێشنیازی کردووە.

بنەمای یەکەم

***ماددەی( ١ ) ترۆکردنی خۆپەرستی**

گەرەکە پەرلەمانتار دووربێت لەدەستخستنی بەرژەوەندی تایبەت بۆ خۆی و هاوڕێ کانی بە شێوەیەکی نایا سایی ئەوتۆ، کەزیان بەکۆ مەڵ بگەیەنێ.

***ماددەی( ٢ ) بیری دەستپاکی**

دەبێت پەرلەمانتار پابەندبێت بەملکەچ نەکردن بۆ ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییا نەی کەکار دەکە نە سەر ئیش‌و فەرما نەکانی‌و وە ستانەوەش بەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی کەپەرلەمانتار دەینوێنێت بۆ بەرگریکردن لە شت‌و لا یەن‌و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی دەرەوەی پەر لەمان، بەئاڕا ستەیەك کە سەربەخۆیی‌و کە سایەتی پەر لەمانتار کزدە کا، نەك هەرئە مەش بەڵکو ئەوانە شی کەدەنگیان بۆ داوە لەئا ست هەڵ سوکەوتە تایبەتییەکانی چارس و بێ هیوا نەبن.

***ماددەی( ٣ ) بابەتی بوون( الموضوعیة )**

گەرە کە هەموو گرێبە ست و پ لەی کاری بالاو رێککەوتنە بازرگانییەکان، بەپێی ماف و دادو راستی دابەشبکرێت.

***ماددەی( ٤ ) ئامادەگی بۆ لێپرسینەوە**

دەبێت بەرپر سەکان هەمیشە ئەوەیان لەبەر چاوبێت کەئامادەگیان هەبێت، بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوەی جەماوەر، بۆ دەسگاکان رەوایە کە بەدواداچوون بکەن بۆ هەموو کارو ئەرکەکانی پەرلەمانتار.

*ماددەی( ٥ ) کرانەوە

دەشێت بەرپرسەکان شەفاف بن لەکارەکانیانداو راستییەکان لەخەڵکی نەشارنەوە، جگە لەو زانیارییانەی کەپەیوەندی بە بەرژەوە ندی گشتییەوە هەیە.

*ماددەی( ٦ ) دەست پاکی

دەبـ یێت بەرپر سان ئا مادەبن کە پەردە لە سەر ئەو بەرژەوەندیـ یە تایبەتییا نە هەڵماڵن کەپەیوە ندییان بەکارەکانیا نەوە هە یەو ئەو سوودو بەرژەوەندییانە هەڵوە شێننەوە کەلە گەڵ بەرژەوە ندی گشتیدا ناگونجێن و بەدژ دەکەونەوە.

*ماددەی( ٧ ) نموونەیی لەباشیدا

گەرە کە بەرپرسان لە سەر ئەم بەندا نە بڕۆن و ببنەنموو نەی چاك بۆ کۆمەڵگا.

بنەمای دووەم

نوو سینەوەو ئا شکراکردنی ماڵ و سامان و بەرژەوەندیـ یەکانی پەرلەمانتار، لای لایەنی تایبەت لەپەرلەماندا.

دەبێت پەرلەمانتار لەماوەی(٣) سێ مانگ و لەدۆ سیەیەکی تایبە تداو لای بەرپر سی تایـ بەتی پەر لەمان(١٠) جۆر بەرژەوە ندی و ئەو شتانە کەخاوەنێتی، تۆ ماری بـ کات و هەڵبژێرەکانیـ شی(الناخبون) بۆ یان هە یە، زانـ یاری لەبارە یەوە وەر گرن و دە شتوانێت دوای چوار هەفـ تە گۆڕانـ کاری نوێ لەوبوارەدا تۆ مار بـ کات، د یارە ئەوکات و بەرژەوەندییا نەش بریتین لە(بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان- ئەو ئیش و کارو وەزیفا نەی کەجێـ بەجێیان دەکاو مشتەریان هەیە دە ست و پێوە ندەکانی ئەو دیاریا نەی کە لە(١٢٥) جنیە زۆر ترە، کەبۆ خۆی و ژنەکەی دیـ- میوانداریـ یەکانی، کە خەڵك بۆی

ده كەن لەناو ولاّ تدا– ئەو سەفەرانەی كەپەر لەمانتار دەیـكات، لە سەر حسابی دەوڵەت ئەو دیاری و سوودانەی كە لەدەرەوە بۆخۆی یان ژنەكەی د یّت و لە(١٢٥) جذ یە ز یاترە– خانوو بەرە– شتی نەختیـ نە– پشكی(سهم)كۆمپانیاكان– بەرژەوەندی تر، ئەما نە بەتیّكڕایی كار دەكەنە سەر كەسایەتی و ناو و شۆرەتی پەرلەمانتار.

بنەمای سیّهەم: ئاشكراكردن

دەبـ یّت پەر لەمانتار ئەوە ئا شكراكات كەچ بەرژەوەندیـ یەكی هە یە بەداڕ شتنی ئەو یا ساو گفتو گۆو دەنگدانا نەوە، كە ئەنجامیان دەدات لەپەرلەما نداو دەبـ یّت بزانر یّت كە بەچ سیفەتیّك پەر لەمانتار دە ست دەكیّشیّتە بوارە جیاجیاكانەوە.

بنەمای چوارەم

نابـ یّت پەر لەمانتار بەهیچ شیّوەیەك هەڵ سوكەوتیّكی ئەوتۆ بـ كات لەپەرلەما ندا كە ئەوە بـ گەیّنیّت بەرگری لەبەرژەوەندیـ یەكی تایـ بەت یان لایەنیّك بكات، لەدەرەوەی پەرلەمان، بەشیّوازیّك كە كەرامەت و كەسیّتی و سەربەخۆیی و ئەر كەكانی بدۆڕیّنیّ و ئەوانە شی كە هەڵیان بژاردووەو وەڕس ببن و پەشیمانی دەربڕن.

بنەمای پیّنجەم

جەماوەرو ئەندا مەكانی پەر لەمان، بۆ یان هە یە كەلیّپیـ چینەوە تۆماركەن، لای لایەنی پەیوەندیدار لەسەر ئەو پەرلەمانتارەی كە ئەم یا ساو پەیڕەوا نەی دە بەزیّنن هەروەها سەرۆكایەتی پەر لەمان لیژ نەی تایـ بەتی بەدواداچوون و لیّپیّچینەوە ئەنجامـ بدات، بۆ سزادانی ئەو پەرلەمانتارەی كەلای داوە لەم پەیڕەوانەو سنووری بەزاندووە.

وەك لە سەرەتادا وتم كۆ مەڵێك پرۆژەی جۆر بەجۆری ولاتا نمان لەبەردە ستدایە، لەوا نە ولا تی تونس بەدە ستكارییەوە سوودی لەتاقیكرد نەوەی ئینگلا تەرا بیذ یوە، بەلام ئەز لێرەدا دە قی تاقیكرد نەی ئینگلتەرەم هێناوە، هەرچەندە وردەكارییەكانی ئەو ولاتە لەم هەلومەرجەی ئێ ستادا بۆ عیراق قور سە، بەلام لەهەمانكا تدا كلیلێ كی سیحرییە بۆ كرد نەوەی هەموو دەر گا ژەنگاوی یەكانی دنیا یەك ئە گەر نەیتا سێنین ئەوا ئەو بەئاسانی دەست دەنێتە بینمان و هەناسەمان لێ دەبڕێت.

بەو هیوایەی ئەو وتارە دەرگا والاكات بۆ بەدواداچوون و لێكۆڵینەوەی چڕترو گۆڕی نەوەی بیروڕا، چونكە دەوڵەمە ندكردنی دەز گای پەر لەمان بەپرۆژەی دەوڵەمە ندو كارا هاوبە شی كرد نە لەپرۆ سەی بەیا ساكردنی ژیانی كۆمەڵگەو دەزگاكانیدا.

تێبینی: بۆ دەستەواژەی(مدونة سلوك)(رەفتارنامە)م هەڵبژاردووە.

رەفتارنا مە لەزۆر بەی ولاتا ندا وەك یا سای ناوخۆ پەیڕەو دەكرێت و پەر لەمانتار بەرپر سە بەرەسمی، بەرام بەر پ یادەكردنی بە ندەكانی و پێویستە پەرلەمانی عیراق بۆ پرۆژەكەی سوود لەهەموو ئەو تاقیكردنەوانە ببینێ و لەگەڵ هەلومەرجەكانی باری سیاسی عیراقدا بیگونجێنێ.

ئەم و تارە لە ژ مارە (٤٤٥٦) لە كورد ستانی نوێ-دا لە ٢٧-١٢-٢٠٠٧ دا بلاوكراوەتەوە.

# قەیرانەكانی پەرلەمان
## ئاسۆیەك بۆ رابوون ...... دەروازەیەك بۆ حەقیقەت

لە گەڵ بەرەو پێش چوونی ئیشو كارەكان لە پەرلەمانی عێراقدا، بەرپرسیارێتی و ڕووبەڕووبونەوەی پەرلەمانتار لەگەڵ دەوروبەر لەلا یەك و خوودی خۆیشی لەلا یەكی تر گەورەو ئاڵۆزتر دەبێت تەنانەت زۆر جار ئەگەر پەرلەمانتار ئاگای لەخۆی نەبێت و بەخۆیدا نەچێتەوە سەرەداوی كێشە ئاڵۆزەكانی لێ بزر دەبێت، زۆربەی كاتەكان پەرلەمانتار لەنێوان كۆمەڵێك دووڕیاندا رادەمێنێ و ئەگەرەكانی بەردەمی پڕدەبن و تەنانەت دەبێتە قوربانی بەرژەوەندیەكانی دەرەوەی زاتی خۆی و تەنانەت بیروباوەڕە تایبەتییەكانیشی .

سۆنگەی بەرژەوەندییەكانی نێو هۆڵی پەرلەمان فرەن و گەلێك جاران پێكڕا هەڵدەپژێن، یان لێكدادەبڕێن، یان بەهێڵێكی هاوتەریبدا رەودەكەن و پەرلەمانتار تووشی تیاڕامان و سەراسیمەبوون دەكەن.

بەرژەوەندیەكانی نێو هۆڵی پەرلەمان فرەو پێچەڵ پێچەڵن، وەك : بەرژەوەندی سەرەوەی وولآت ،یان لیست و گروپ ، یان دەرەوەی وولآت ، یان مەزهەب ،یان نەتەوە ،یان كەمینەی نێو گروپە گەورەكان ، وەك ئەوەی كەلیستی (ئیئتیلاف ) شیعە ، كەبریتیە لەكۆمەڵێك حیزب و گروپ و كەسایەتی سەربەخۆ ، هەروەها بەرەی تەوافق و ئەلعراقیە كە پێكهاتوون لە كۆمەڵێك حیزب و گروپ و لایەن و كەسایەتی ، دیارە هەموو ئەوبەرژەوەندی و مەبەست و بۆچوونە جیاجیایانەی كە رەنگدانەوەی ئەو گروپ و لیستە جۆربەجۆرانەن ، لەدەنگدان و گفتوگۆی نێو پەرلەماندا ، بەخەستی رەنگ دەدەنەوە و ململانێی توندو تیژو هەمەلایەن دێنە گۆڕێ،

ئه مه جگه  لەوەی کەهه ندێ  جار  لەدەرەوەی  هۆڵی پەر لەمان لەلا یەن سەرۆکی لیستەکانەوە رێکەوتنامە دەکرێت و دەهێنرێتە نێو پەرلەمان بۆ دەنگدان و تەنا نەت  لەو حاڵەتانەشدا  هەر گفتوگۆی  جدی و توندو تیژو فرەلایەنی بۆ دەکرێت .

ئەوەی   کە ئێ  ستا لێ  کدابڕان و   پەرتبوونی بەرژەوەندیی  یەکانی سەلماندووەو  بە ئارا ستەی هەڵوەشاندنەوەی  بردووە ، ئەوە یە  کەرەوتی سەدرو فەزیلە لەبەرەی ئیئتیلافیان هەڵتەکاندووە و جیابوونەتەوە ، لیستی ئەل عراقیەش  بەجارێك  پەرت  بوون بە سەر لیستەکاندا ،  یان هە ندێکیان بە سەربەخۆیی  لەنێو پەرلەما ندا کاردە کەن ، تەنا نەت  جاربوە هە ندێك بەرژەوەندی زۆر کاتی ، رەوتی  سالح موتڵەگ و  سەدری  یەك خستووە !! وا تە لەسیا سەتدا دۆ ست و دوژ منی هەمیشەیی نیە ، بە قەدەر  ئەوەی کەبەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە و کاری بۆ دەکرێت .

لەمانگی ٨/٢٠٠٧  لە سەر داوای بە ندە و کۆ مەڵێك پەرلەمانتاری  تر بانگهێشتی وەزیری بازرگانی  کرا ، بۆ لێپێچینەوە  لە سەر قەیرا نەکانی دابەشکردنی خۆراك لەشاری سلێمانی و هەندێ کێشەی تر ،  ئەز بەدرێژی و  بەزمانی ژ مارەو  بەروار و دیکۆمێ نت، با سی  شپرزەیی و بێ سەروبەری کەمتەرخەمی وەزارەتی بازرگانیم کرد لە مەڕ  شاری سلێمانی ، ئە مە جگە لەخراپی و بێکەڵکی و ئیکسپایەری بابە تەکان ، دیارە  وەزیری بازرگانی لەبەردەم پەرلەمانی عیراقدا دانی نا بە کەمتەرخەمی وەزارەتەکەی بەرامبەر بە دا بەش کرد نی  خۆراك لە  سلێمانی ،  ئەم کارەی  من ئە گەر  سەرنجی هاوپەیمانیە چواریەکەی نێوان کوردو شیعەی بدا یە ، دە بوو هەرنەکرا یە ، یان زۆر لە سەر خۆبوما یە،  ئەوەی جێگای سەرسورمانە  پەرلەمانتارێکی سەربە لیستی وەزیری بازرگانی ، بەرگری شێلگیرانەی لەوەزیری بازرگانی کرد ، دوای ئەوەی کە وەزیر دانی  نا  بە کەمتەرخەمیەکانی وەزارەتەکەیدا !!! وا تە دوو هەڵوێ ستی ج یاواز بەرام بەر   بە  یەك د یاردەی دز یوو !!

بەرژەوەند یەکانی گەل و نیـ شتیمان ، دەخا تە خوار بەرژەوە ندی لیستەکەیەوە ، دیارە ئە مە حاڵەتێکی درێوە و دەبێت چاوی گەل لەئاستی دا غا فلٚ نەبێت ،وا تە ئە مە بەڵگەی زالٚ بوونی گیانی مەز هەب گەرایی و تایەفە چێتیەکی تۆخە بەسەر فەزای دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێرا قەوە و مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم ژیانی سیاسی داهاتووی عێراقدا .

ئەم نمونە زیندوەو دەیان نمو نەی تر ئەوە دە سەلمێنن کە بەدا خەوە پەرلەمانتار هەیە بۆ رەزامەندی دەرەوەی ناخی خۆی ، لەحەقیقەت لا ئەداو راستیەکان ئاوەژوو دە کاو جێگای خۆی لەرەوتی پڕجوو ڵەی پەرلەما ندا بە لەقی و لاوازی دەهێڵێ تەوە ، پەر لەمانتاری کاراو جێی متما نەی گەل ، هەمیشە دەبێت سەریح بێت لەووتنی ڕاستیدا, بەرژەوەندی نەتەوەو راستی و عەدا لەت لە سەرو هەموو ئەگەرەکاذ یەوە بـ یێت. تا ئێ ستا لەپەر لەمانی عیراقدا، تەنها لیست کە هاوپەیمانی کوردستانە، بە یەککگرتوویی و ڕ تەوی ماوەتەوەو کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەرچەندە ئەدائی رۆژانەی نێو هۆڵی پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە ژن و پیاوەو بە بەراورد لەگەڵ لیستەکانی تردا، لاوازەو هۆکارەکە شی سیستمی لیستی دا خراوو نا پسپۆڕییە، بەهیوای چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە لە خولەکانی داهاتوودا.

دوا جار حەزدە کەم ئەوە بپرسم ئا یا دەنگدان بۆ یا سای ڕۆژنامە گەری لە پەرلەمانی کوردستاندا لە بەرژەوە ندی را ستەوخۆی کێیە؟ میللەتی کورد ... قۆناغە کە ... سەرجەم حیز بەکان ... دە سەلاْت ...؟!! ئازادکردن و روناککرد نەوەی ئەقلٚ و هۆ شی ئیذ سانی کورد .. یان کپ و سەرکوێر کردنی ؟!! ئایا پاراستنی ئەمنی قەومی هەرێم و هۆشیارکردنەوەی جەماوە ر لە پەك خستنی ئازاری سەر زامەکانی گەندەڵی دوو هێڵی هاوو تەریبن ، یان بەدژ دەوە ستنەوە ؟! من وای بۆ دە چم پارا ستنی ئەمنی قەومی کورد ستان و پیرۆز یەکانی گەلی کورد ، لەلا یەن جەماوەری چاوکراوەو

هۆشیارەوە پتر بەکار دەبرێت و ئاراستە دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی بیٚ ئاگاو ناهۆشیارەکاندا ، دیارە ئازادی رۆژنامەش بە هێزترین هۆکارە بۆ چاوکرانەوەی کۆمەڵ و بەئاگاهێنانیان ، کەدەکاتە قبوڵ نەکردنی گەندەڵی و هۆکارە کانی دوا کەوتن و بالاْ دە ستی یا سا لە بوارە کانی ژیا ندا ، رێسازسی هۆش و ئەقڵی کورد لەژێر سێبەری ئازاد یدا چاودەکاتەوە ، دیارە ئازادی و داهێنانیش دوو هۆکاری گرنگن بۆ هاوکێشەی بنیاتنانی ژێرخانی شارستانیەتیەکی تە مەن درێژو دوارۆژێکی رو ناکی ئەوتۆ کە داگیرکەرانی کوردستان بخاتە بەر شەوارەو نابینایی .

ئەم و تارە لە رۆژنا مەی چاودێردا ژ مارە (١٥٧) لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ دا بڵاوکراوەتەوە.

## داڕشتنی پرۆژە یاسا لە نێوان پەرلەمانی عێراق و ئینگلتەرە دا !!

# خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی بەراورد کاریی

بە مەبە ستی شارەزا بوون و سوود بـ ینین لە چۆنیەتی دار شتن و دەرکردنی یاسا لە پەرلەمانی ئینگلـتەرا ( مجلس العموم ) و سوود بـینین لەو تاقی کرد نەوە دەوڵەمە ندەی کە پتر لە سەدەیەکە لەو ولا تدا بەرێوە دە چێت، لەم و تارەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی بابەتیا نە هەنگاوەکانی دارشتنی یاسا و ئەو وێستگە وفلتەرا نەی پێش دەنگدان لە سەری، پێش چاو بخەم و لە کو ێدا پێوی ست بوو بەراوردی بـ کەم لە گەڵ چۆنیەتی داڕشتنی یاساکان لە پەرلەمانی عێراق دا، دەشێت ئەم بابە تە سوودی لێ ببینر ێت بۆ پەر لەمانی کورد ستان و لەم رێگا یەوە تاقی کرد نەوەکانی دەوڵەمەند بکرێت و بتوانرێت ئەو وێستگانەی کە تەگەرەن لەبەردەم مـشت و ماڵ و دەرکردنی یاسا دا چارەسەریکی بابەتیانەی بۆ بدۆزرێتەوە چونکە ناکرێت تاقی کردنەوەکانی پەرلەمانی کوردستان هەر پشت بە خودی خۆی ببەستێت و کارلێك نەکات لەگەڵ تاقی کرد نەوە دەوڵەمە ندکانی دنیادا، لە کاتی کردنەوەی پەرلەمان دا پاشای ئەو ولا تە بە فەرمی رایدە گەینێت کە چەند مانگێك بەر لەوە ئەو یاسایە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو بە وردی تاوتوێ کراوەو و لێکوڵراوەتەوە و دەستکاریش کراوە، ئینجا گەیشتووەتە ئاستی یاسای کار پێکراو لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا، لە زۆربەی کاتەکاندا دەرچوونی پرۆژە یاسا چەند مانگێکی پێ دەچێت تا لە پەرلەماندا بڕیاری لە سەر دەدر ێت، بەڵام جاری واش هەبووە لە چەند رۆژ ێك دا کارە کە فەراهەم هێنراوە، بە تایبەت لە کاتە پێویستەکاندا، ئەوەی شیاوی وتنە، ولا تی ئ ینگلترە وەك هە ندێك ولات دە ستووری هەمی شەیی نی یە هەتا

یا ساکان لەوێوە سەرچاوە بگرن، بەڵکو پشت بەو یا سا زۆر و زەبەندا نە دەبەستێت کە سەدان ساڵە داڕێژراوە و هەمیشەش بە گوێرەی کات و جێگا و پێویستی، تازە دەکرێتەوە، وا تە پێویستیەکانی ژیان، یا سای نوێ دەهێنیتە گوڕێ نەك وەك هەندێك وڵاتی خۆرهەڵات کە زۆر جار دەستوور چەق دەبەستێت و دەبێتە تەگەرە لەبەردەم کایەکانی پێشکەوتنی ژیاندا، هەر بۆ نموونە ئەم دەستوورەی ئێستای عێراق سەرۆك وەزیران تێی پێچاوە و دەڵێت دەبێت بگۆڕدرێت بەڵام سەمەرەکە لەوەدایە کە مەبەستی ئەو لەو گۆڕانە، لە ئاستێکی باشەوە بۆ خراپە، وا تە کەمکردنەوەی سەلاحیاتی یاسایی و ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. دیارە ئەم جۆرە گۆڕانە، کرانەوەیە بەرەو دەسەڵاتی تاك ڕەوی و دەسنانە بینی ئەو فەزا دیموکراسیەی کە ئێستا لە عێراق دا پیادە دەکرێت. لە پەرلەمانی عێراقدا زۆربەی پرۆژە یاساکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەگاتە پەرلەمان، بەڵام لە ئینگلترە یاساکان لە لایەن یەکەیەکی داڕێژەری تایبەتمەندی دەقە یا سایەکانەوە کە لە گەڵ لایەنە دەوڵەتیەکان ئیش دەکەن پێشنیازی یا ساکانی بۆ دەکەن و ئەوانیش بە وردی دایدەڕێژن، بە پێچەوانەی ئینگلترەوە، لە پەرلەمانی عێراقدا زۆر جار (١٠) کەس دەتوانێ ئیمزا کۆ بکەنەوە و پرۆژە یاسایەك لە ڕێگای لیژنەکانەوە بخەنە بەردەم پەرلەمان، لە وڵاتێکی وەکو سومالێ یەك کەس بۆی هەیە یا سایەك پێشنیاز بکات و بیخاتە بەردەم پەرلەمان، پێش خوێندنەوەی یەکەم پەڕەی سەوز یان سپی سەبارەت بە بابەتی پرۆژە یاسا، کە بریتیە لە پرس و ڕای دەوڵەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخرێتە ڕوو، پەڕەی سپی بریتیە لەو ڕاپۆرتە فەرمیەی کە کێشەکان باس دەکات و چارەسەری شی بۆ دادەنێت و بەکارهێنانەکەشی بە مەبەستی چاوکرانەوەی خەڵك و یارمەتی دانیان بۆ

بڕیار لە سەردان و زیاتریش بۆ بۆاری سیاسەت و ئابوری بە کار دەبرێت، دە شێت بە را پۆرتێکی دەو ڵەت دابنر ێت بۆ داڕ شتنی سیا سەتە جۆر بەجۆرەکان، بەڵام پەڕەی سەوز بریتی یە لە را پۆرتێکی دەو ڵەت بۆ پێ شنیازی یا ساکان ، بە مەبە ستی هەڵوێ ست وەر گرتن بۆ گۆڕینی ئەو یاسایە و خۆ هەندێکجاریش پەڕەی سەوز لە ئەنجامی گفتوگۆ و ململاذێدا پەڕەی سپی دەهێنێتەوە بەردەم پەرلەمانتاران بۆ چاوپیاخشانەوە.

ئەم قۆناغە زۆر گرنگە بۆ بەرچاو ڕوونی پەرلەمانتار و خستنە سەر ڕ شتی دەر گای نا سینی کێ شەکەو پێ شنیازی جۆر بەجۆر بۆ چارەسەرکردنی، دیارە لە پەرلەمانی عێراقدا ئەم هەنگاوە نییە ، هەر لە بەر ئەوەشە کە زۆر جار یاساکە دێتە بەردەم پەرلەمان و دەوترێت ئەمە هەڵە یە و لەگەڵ دەستووردا نایەتەوە ، لەو حاڵەتەشدا خشتەی کاری ئەو ڕۆژە تێك دەچێت و ئەو پرۆژە یاسایە وەدەر دەنرێت، ئەم حاڵەتە جۆرێك لە وەڕسی و بێزاری بۆ پەر لەمانتار و میل لەت درو ستدەکات و کاتە کەش بە فیڕۆ دەدات.

**خوێندنەوەی یەکەم : -**

دەقی پرۆژە یاساکە دەخرێتە نێو خشتەی کاری ڕۆژێکی دیاری کراوو دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، دوای پرسیار و بە دوادا چوونی پەرلەمانتاران، یا ساکە لە لا یەن بڕ یار دەری پەرلەما نەوە دەخوێنرێ تەوە، هەر بە دوای ئەوەدا وەز یری بەرپر سیار لەو فەرماذ گە دەوڵەتیـ یەی کە یا ساکەی لێوە هاتووە و تایبە تە بەو، کاتی خوێند نەوەی دوە می یا ساکە دەنستنیشان دەکات .

لە پەرلەمانی عێراق دا هەرگیز بڕیاردەر پرۆژە یا سا ناخوێنیتەوە ، بەڵکو ئەندامانی ئەو لیژنەیە کە یا ساکەی بۆ هاتووە و تایبەتمەندیە کەی

سەر بەوە ، یاساکە دەخوێننەوە، من تاقی کردنەوەکەی ئینگلترە بە باشتر دەزانم  چونکە زۆر بەی جارە کان پەر لەمانتارەکان  بە هە ڵە بابە تەکان دەخوێننەوە و چەندان تێوەگلانی زمانەوانی و گرامەری ئەنجام دەدەن، بە تای بەتی پەر لەمانتارە کوردە کان  بە  هۆی سەردەرنە چوونیان  لە ز مانی عەرەبی دا، خۆ جار هەبووە سەرو بۆریشیان بۆ کراوە ، بەڵام هەر بە هەڵە و لەقە لەقێکی بێ تام بابەتە کەیان خوێندووە تەوە، ج گە  لەوەش  هەرگیز  لە پەر لەمانی ع ێراق دا وەز یر  بۆ   ئەو مەبە ستە ئا مادە نابێت، تەنا نەت  لە عێراق دا جار هەیە وەزیری  خاوەن مەبە ست  هەر ئا گای  لە یا ساکە نییە، دیارە ئەمە کە لە بەرو کەموکوڕی گەورە یە،  چونکە  تا ئێستا  لە عێراق دا بۆشایەکی بەرچاو هەیە لە نێوان لا یەنی جێبەجێ کەر و پەرلەماندا، بەڵام دەبینین لە ئینگلترە هەموو چوارشەممەیەك سەرۆك وەزیران دەچێتە بەردەم پەرلەمان و وەڵامی دەیان پرسیاری گرنگ دەداتەوە و  سەرودڵی دەگیرێت، جگە لەوەش وەزیرەکان  بە  شێوەیەکی بەرچاو و هەمیشەیی  لە پەرلەمان دانابڕێن و پەرلەمانتاریش ناهێڵێت مویەکی بەسەردا تێپەڕیت و بچوکترین داوا کاری  گەل و  ئەو ناو چانەی  کە لێوەی  هاتوون دەگەیەنە وەزیر و  لە ماوەی یەك هەفتەدا دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە و بیانگەینێتە دڵنیایی، بەڵام بە خەم و داخێکی سەختەوە نە لە بەغدا و نە لە کوردستان ئەم  هاوکاری و پێکەوە کارکردنەی پەرلەمان و وەزارەتەکان هەستی پێناکرێت، بە تایبەتی لە کورد ستان دا، د یارە ئە مەش هۆ کارێکی د یار و روو نە  بۆ رەخساندنی بۆاری گە ندەڵی و دا برِان  لە پ یادە کرد نی یا سا و  چاودێری کرد نی پەر لەمان،  نەك  هەر ئە مەش  بە  تەنیا ،  بەڵکو درو ستبوونی کەلە بەر و بۆ شایی  گەورە  لە ن ێوان  گەل  لە لا یەك، پە لەمان و حکو مەت  لە لا یەکی ترەوە.

**خوێندنەوەی دووەم : -**

دوای ئەوەی کە کاتی گفتو گۆ لە سەر کرد نی بابەتە کە لە لا یەن سەرۆکی پەرلەما نەوە د یاری دەکر ێت پەر لەمانتاران گفتو گۆی وردی لەسەر دەکەن، ماوەی نێوان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم دوو هەفتە یە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران پتر خوێندنەوە وشرۆڤە و تاووتوێی بکەن و بیگەیننە ئەنجام، بەڵام لە پەرلەمانی عێرا قدا چوار رۆژ دا نراوە لە میا نەی هەر دوو خوێندنەوەکەدا، دیارە ئەم کاتە ئیجگار کەمە، چونکە جاری وا هە یە یا سا شرۆڤەکراوەکە کە دە یان پەڕە یە پەرلەمانتارە کە فر یای هەموار کرد نی ناکەوێت، واتە لە هەموو حاڵەتێکدا دوو هەفتە کە سوودمەندترە و بواری ئەوە دەداتە پەرلەمانتار وێناو بیری نویٚ تاووتویٚ بکات، بەڵام بە دا خەوە لای ئێمە زۆر هەن بیر و بۆچوونی خەڵکی دیکە دووبارە دەکەنەوە ، هەر لە بەر ئەوەی کە بڵێن قسە دەکن و دەڵێن ( كما سبقني فلان) یان ( كما قال فلان) !! یان (كما أشير اليه قبلي) یان ...یان...

**قۆناغی لیژنە : –**

دوای خوێند نەوەی دووەم و گفتو گۆی پەر لەمانتارەکان ، پرۆژە یا ساکە دەگا تە لای لیژنەی تایبەت و ئەوانیش بڕگە بە بڕگە تاووتوییٚ دەکەن و بۆشیان هەیە گۆڕانکاری بابەتیانەی جۆربەجۆری تێدا بکەن ، خۆ ئەگەر بابەتەکەش زۆر گرنگ بوو ئەوا پەرلەمان بۆی هەیە بە دەستە جەمعی دیراسەی وردی پرۆژەکە بکات ، دیارە دوای دەستکاری کردن جارێکی دی چاپ دەکرێتەوە و نموونە یەکی جیاواز لە خوێند نەوەی یە کەم دەخرێتە سەری .

## تێبینیەکی گرنگ!!

له پەرلەمانی ئینگلترە و بەلجیکادا پەرلەمانتار هەیە (٢٠ یان ٢٥ یان ٣٠) ساڵە پە لەمانتارە و هەموو جار ێك له لا یەن حیزبەکەیا نەوە هەڵدەبژێریێتەوە، دیارە لەبەر لێهاتووی و چالاکیەکانیان چونکە لەم وڵاتەدا توا نا و تاقی کرد نەوەی کەڵە کە بوو ( ا لخبرات المتراك مة) زۆر با یەخی پ ێدەدرێت و هەر وا به ئا سانی حیز بەکانیان دە ست لەم جۆرە کادیرە تایبەتمەندا نه بەر نادەن، تەنا نەت جاریش هەبووە ئەوا نەی کە کاند ید کراون بۆ پەرلەمان تاقی کردنەوەیان بۆ کراوە و هەندێکیشیان دەر نەچوون و پ شت گویێ خراون، بەڵام به دا خەوە لای ئێ مه ئەم لایە نه زۆر گرنگە فەرامۆش دەکر ێت، هەر خو لەی خەڵکی نویێ کاند ید دەکر ێت، نەك له روانگەی ئەکادیمی و توانا و لێهاتوویی بەڵکو لە ڕوانگەی حیزبی و تایفی و مەز هەبی و عە شایری و ...ه تد. د یارە ئەما نەش دەب نە کێڵ گەی تاقی کرد نەوە و ( ح قل التـ جارب) و لە ئەنجام دا ز یانی گەورە لە خودی حیز بەکان و میل لەتیش دە کەوێ, د یارە ئەم حاڵە تە سەرەتانەو کورد تا ئێستا چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە!!

## قۆناغی ئامادە کردنی را پۆرت

جارێکی دیـ کە چاو دەخ شێنرێتەوە بەو گۆڕانکاریا نەی کە لیژ نەی تایـ بەت لە سەر رۆ شنایی پێ شنیازی پەر لەمانتارەکان ئەنجامی داوە و دە شێت گۆڕاذ کاری دیکە شی تـ ێدا بکر ێت بۆ ئەوەی ئا مادە بـ ێت بۆ خوێندنەوەی سێیەم.

## خوێندنەوەی سێیەم !!

دوا قۆ ناغی تەواو کرد نی پرۆژە یا ساکەیەو جارێکی دی پەر لەمان چاوی پـ یا دەخ شێنێتەوەو دەستنیـ شانی خا ڵە دە ستکاری کراو و

گۆڕاوه كان ده كات، با ئەوەم له یاد نه چێت كه له پەر لەمانی ع یْراق خوێندنەوی سێیەم نییه واته فلتەرێك له فیلتەره گرنگەكان فرامۆش كراوه.

**قۆناغی مه جلیسی لۆردات !!**

پرۆژه یاساكه دەخرێته بەردەم مەجلیس لۆردات و ئەوانیش به هەمان قۆناغی پەرلەمان دا تاووتوێی بابەتەكە دەكەن و دوای خوێندنەوەی دووەم بۆ یان هه یه گۆڕاذكاری له پرۆژه یا ساكەدا بكەن، ئەوەی شیاوی ووتنه دەبێت پەرلەمان و مەجلیسی لۆردات رێك بكەون لەسەر بڕیار دان له كاتی گۆڕانكاریدا و جارێكی دی بابەتەكە وەك خۆی بنێرنەوه بەردەم پەرلەمان و ئەوانیش لەسەر رۆشنایی گۆڕانكاریەكاندا گفتوگۆی نوێی له سەر دەكەن، هۆكاره كانی گۆڕاذ كاری نویٚ ئه گەر بڕ یێت به راپۆرتێك دەینێر نەوه بۆ مەجلیسی لۆردات بۆ ئەوەی دوا بڕیاری له سەر بدەن، ئه گەر مەجلسی لوردات لەم حاڵەتەدا رەزامەندی پیشان نەدا ئەوا پەرلەمان بوی هه یه توانا یا سایەكانی بەكار بهێنێت و دوای ساڵێك بیكاته یا سای كارپێكراو ، ئەوەی شیاوی ووتنه تا ئێستا نه له كوردستان و نه له عێراق مەجلیسێكی وەك لۆردات نییه كه ببێته دوا فلتەری چارەسەركردنی ده قه یا سایەكان و كێشه گرنگ و چارەنووس سازەكان، دروست كردنی ئەم مەجلیسه كارێكی گرنگ و پێویسته و پیٚ دەچێت ئەم جاره به پێی دەستووری عێراقی له هەڵبژاردنەكاندا دابمەزرێنرێت بەڵام له ژێر ناسناوی تردا ، دروست كردنی ئەم مەجلیسه كارێكی گرنگ و پێویستە، چونكه هەتا فلتەری بابەتی یا سایی هەبێت پرۆژه یا ساكان تۆكمه و بابەتی و گو نجاوتر ده بن، لێره شەوه ئەقڵیەتی یا سا نا سین كاری ده سته جەمعی و گەو هەری دیمۆكرا سیەت و پابه ند بوون به یا ساوه دینێته گۆڕیٚ ، بەرژەوەند یه گشتیەكانی میللەت با شتر ڕه چاو دەكرێت و به دەگمەن هەڵەی یا سایی

بەسەر پەرلەمان و حکومەتدا تێدە پەڕێت ، لە کوردستاندا دوا ویستگەی ڕەزامەندی لەسەر یاسا و واژو کردنی لە لا یەن سەرۆکی هەرێمەوە یەو لە بەغداش لە لا یەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە یە بە زۆرینەی دەنگ ، بەڵام لە ئینگلترە دەبێت مەلیك واژوی بکات ئەوەی شیاوی ووتنە بە دەگمەن واتە : ۰۰۱٪ یا سا لە لا یەن پاد شاوە بە نەریٚ یا ساکە دەگەڕێنرێتەوە سەر پەرلەمان، بەڵام لە عێراق دا زۆر جار بە نەریٚ بابەتی یاساکە دێتەوە بەردەم پەرلەمان، دیارە هۆکارەکەشی نەبوونی فلتەرێکی وەك مجلس لۆرداتە، نەك هەر ئەمەش بەڵکوو دابەشکاری مەزهەبی و حیزبی و تایفی رۆڵی گرنگ دەبینن, ئەمە جگە لە سەلبیاتەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان، کە ئاسەوارە دەروونییەکانی لە کۆنەستی کارەکتەرە سیاسیەکاندا بە زەقی بەدیدەکرێت، ئەوکاتەی کە یاساکە لە سەرۆکایەتی کۆمارییەوە بە نەریٚ دەگەڕێتەوە لە دوو جاردا بە گوێرەی دەستوور پەرلەمانی عێراق بۆی هەیە بە (۲/۳) دەنگەکان فەرمانگەی سەرۆکایەتی کۆماری هەڵوەشێنێتەوە و ڕەزامەندی قانوونی بۆ پیادەکردنی یاساکە بە دەست بهێنێت ، بەڵام لە ئینگلترە دوای ئەوەی کە پادشا رەفزی یاساکە دەکا، کە وەك ووتم ئەمە زۆر دەگمەنە ئیتر ئەو یاسایە بۆ ساڵێك دوا دەخرێت و دوایش بە هەمان قۆناغەکانی جاری پێشوودا دەڕواتەوەو دوور نییە گۆڕانکاری گەوهەری و بنەڕەتی بەسەردا بێت. بەر لەوەی کە کوتایی بە بابەتەکە بێنم ، حەزئەکەم ئەوە بدرکێنم کە لە سەردانێکی فەرمی پەرلەمانی عێراق دا، بۆ ئینگلترە، گەلێك چاوپێکەوتنمان لە گەڵ گەورە پەر لەمانتار و بەرپر سی باڵای مەجلیسی لۆردات و سەرۆك حیزب و کەسایەتی سیاسیدا ئەنجامدا، لێرەدا تەنیا دوو پرسیار دەخەمە پێش چاو کە بەندە لە دوو کەسایەتی سیاسی گرنگی کردووە ، بێجگە لە دەیان پرسیار و چاوپێکەوتنی دیکە، بەو

هیوا یەی کە لە دەرفەتێکی دیکەدا را پۆرتێکی دوور و درێژ بنووسم لەم بارەیەوە .پرسیارێك لە سەرۆکی ئۆپۆزسیونی نێو پەرلەمانی ئینگلاتەرە:- هێزی بەرەی ئۆپۆزسیون لە پەرلەمانی ئینگلتەرە لە کوێدایە؟

وەڵام:- بە دوادا چوونی ورد و تایبەتمەند و دڵسۆزانەمان بۆ هەموو کێشە و بابەتەکان و چاودێری و دەستنیشانکردنی گشت کەموکوڕیەکان، ئە مە ج گە لە پەیوە ندی و ئا مادەیی هەمیشەییمان لە سەرجەم راگەیاندنەکا ندا، بە رۆژنا مە و راد یو و تە لەفزیون و تەنا نەت هێڵەکانی ئەنتەرنێتیش شەوە ، هەر ئەم هۆکارە شە لە گەڵ کەمی ژمارەما ندا سەرۆکایەتی پەر لەمان بەرێوەبردنی چەندان لیژ نەی گرنگ یان پێ سپاردوین و لیژنەش نییە ئە ندامی چالاك و بزیوی ئێمەی تیا نەبێت، دەتوانم بڵێم ئێمە هەوێنی کاری پەرلەمانی ئەم وڵاتەین و تەنا نەت جێگای رێز و پێزانینی نەیارەکانیشمانین . ئێمە باش دەزانین کە ئەوانەی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن پانتاییەکی گەورە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، ئەگەر لێیان گەڕێین و چاودێری نەکەین، لە رێگا لا دەدەن و وڵات تووشی نەهامەتی و زیان دەکەن، هەمووشمان لە یەك کەشتیداین کە نقوم بوو، گشتمان تیا دەچین.

پرسیاری دووەم لە سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئینگلتەرەم کردووە .

پرسیار: هۆکار چییە کە زۆربەی هەڵبژاردنەکانتان دەنگی فرە دەهێنن و پشکی شێرتان هەیە لە حکومەتدا؟

وەڵامی سەرۆکی پارتی کرێکاران .

لەبەر ئەوەی کە زۆرترین خزمەت دەگەیەنین بە هاوڵاتیان و هەرگیز ناهێڵین بۆ شایی بکەوێتە نێوان وەزیرەکانی ئێمە و پەرلەمانەوە ، هەمیشەش وەزیرەکانمان ملیان لە موو باریکترە بەرامبەر بە رەخنە و

سەرکۆنەکردنی پەرلەمانتارانەوە ، پەرلەمانتارەکانیشمان هەر دەم خەڵکی شایەستە و لێهاتوون و گوێڕایەڵی گەلن و کێشەی ناوچەکانیشیان بە زوویی دەگەیننە دەوڵەت، ئێمە حیزب وەك ماسی و میللەت وەك ئاو سەیر دەکەین، هەتا ئەو ئاوە پاك و خاوێن و پڕ بژوین بێت، حیزبیش کە ماسیەکەیە تەندروست و بە هێز و گەورەتر دەبێت، بەڵام حیزب لە وڵاتانی دواکەوتوودا نەك دەیەوێت ئاوەکە لیخن و لێڵ بێت بۆ ئەوەی کارەکانی نادیار بێت و چی دەوێت بیکات بە تەنیا، بەڵکو بە دەستی بێت ئاوەکەش چورەبر دەکات، کە مردنی خۆشی تێدا بە دی دەکات، ئەمەیە نهێنی پارتی کرێکارانی ئینگلتەرە ، کە تەمەنی زیاتر لە (١٠٠) ساڵە و هێشتا هەر گەنجە ، خۆ ئەگەر جارێك پارتی (محافزین) سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ئێمە بۆردەن، ئیتر هەموو پارتەکە زەنگی ئاگادار بوونەوە و بە خۆدا چوونەوە و تیارامان و دیراسەکردنی هۆکارەکان و بەرنامەی داهاتوو چی دەکرێت، جگە لە هەموو ئەمانەش شەفافیەت لە بودجەدا، چاودێری وردی دارایی و بە فیڕو نەدانی تەنانەت یەك پاوەند، کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش بە دوادا چوونی بۆ دەکرێت، بە مەبەستی دەستنیشان کردنی هۆکاری سەرنەکەوتنەکەمان.

با ئەوەش نەبویرم کە ئێمە هاوکێشەیەکی بابەتی ورد و توکمەمان هەیە لە نێوان گەل و حیزب و دەوڵەتدا، ئەو کاتەی کە ئەندامێکمان دەبێتە وەزیر، یان کاربەدەستێکی گەورە ، ئیتر هەموو ئاراستە و فەرمان و بەرپرسیارەتیەکی دەوڵەت جێبەجێ دەکات و خۆی بە دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە، لەو رێگایەوە بەرژەوەندی میللەت و دەوڵەت چی دەکات بۆ ئەوەی پتر رووی حیزبەکەی لای میللەت سپی کات، سەرومر خۆی تەرخان دەکات و دەبێتە ئەڵقەیەکی پتەو و بابەتی لە نێوان دەوڵەت و حیزب و

میلله تدا، وا ته هەرگیز حیزبایەتیەك نا کات که به قەد مووی یەك زیان له میللەت و گەل بدات، ئەمە بابەتێکی ئێجگار گرنگه لای ئێمه و هەمیشه به دوادا چوونی بۆ دەکەین و سوور دەبین لەسەری ، چونکه لای ئێمه (میللەت ، دەو ڵەت ، حیزب) ئەو سێ کارەکتەرەن که دەبێت هەمیشه له هاوپەیمانیەکی پیرۆزدا بن و هاوکاری سەروەری ئەم سێ کوچکەیە شارستانییەت و دەوڵەتی یاسا و بەهێزمان بۆ چێ دەکەن، لای ئێمه میللەت بناغه و بنکەی هەردوو جەمسەرەکەیە، واته دەوڵەت و حیزب، بۆیە دەبێت ئەم دووانە هەمیشه له خزمەتی میللەتدا بن ، چونکه میللەتی بەختیار و پڕ له فەرو یاسای پێشکەوتوو ، هەمیشه حیزب و دەوڵەتی بەهێز دەهێنێته گۆڕێ.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٤٤٩ لە ٢٠٠٩/٤/١٩ بڵاوکراوەتەوە.

## تاریق هاشمی،....بڵندگۆیەکی فەرمی بۆ بە عەرەبکردن !!

هەڵسوکەوت و ئاکارە کانی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانە یدا لە سەر تەوەرە شەخ سی و فەرمی و سیا سیەکان ، رەنگدا نەوەی باری سۆ سیۆلۆژی و جیهانبینی و ئایدۆلۆژیای ئەو تاکەیە ، بۆیە هەرگیز ناتۆانرێت کەسایەتی مرۆڤ دابڕ کرێت لە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی.

سەر چاوە تیئور یەکانی مەڕ دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاك، لە کردەوە و خەونەکانی یەوە سەر چاوە دەگر ێت. تاریق هاشمی جێ گری سەرۆك کۆ مار و سەرۆکی فەرمی ئێستای حیز بی ئیسلامی ع ێراق، لە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراوا (تحفظ ) ی لەسەر بابەتێك دەربڕیووە، کە نەك جێ گای سەر سووڕمان نی یە بە تەنیا، بەڵکو ئەوە دە سەلمێنێت کە ئەم کابرایە تا ئێستاش تەئسیری بە عەرەبکردنی کورد و سەردەمی فتوحاتی ئومەوی بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لە خا نەکانی مێشکیدا نەك هەر زیندووە بە تەنیا ، بەڵکو درێژەشی هەیە و دوور نییە بە تەمای پیادەکردنیشی نەبێت.

یەکێك لە بڕیارە کانی پەر لەمانی ع ێراق لە کوتای یەکانی مانگی تەمووزی ٢٠٠٧ دا دەر چوو، کە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یارێکی بە ناو ئەنجو مەنی سەرکردایەتی شۆڕ شی مەڕ سەدام بوو، کە لە ناوەڕا ستی هە شتاکاندا دەری کرد بوو ئەو بڕ یارە رەگەزپەر ستانەیە دەڵ ێت: ( هەموو عێراقی یەك بۆی هەیە رەگەزنامەی نەتەوەیی خۆی بگۆڕیت) وا تە کورد و تورکمان بۆیان هەیە واز لە نەتەوەی خۆیان بهێنن و ببنە عەرەب.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە هەلو مەرج و مەبە ستی ئەو بڕیارە بدەین ، دەزا نین کە لە دژوار ترین سەردەمی ئەنفال و عەرەبکردنی ناو چەکانی کەرکوك و خانەقین و شەنگار و مەخموور و ...هتد. دەرچووە . ئەو کاتا نە دە ستە داپلۆ سێنەرەکانی رژ ێم لەو ناو چانەدا بە خەڵکیان دەوت یان

ناو چەکانتان چۆلّ دە کەن و دە ست لە مولّك و مالّ تان هە لّدەگرن و ئێمە دەبینە خاوەنی، یان ئەوەتا رەگەزنامەتان لە کوردەوە دەگۆڕن بە عەرەب و لە جێی خۆتان دەمێننەوە ، ئەو سەردەمە بەم خۆ بە عەرەبکرد نەیان دەوت ( تصحيح القومية) . د یارە بە شێك لەو خەڵکا نەش لە بەر بیّ دەرە تانی و ئاوارە نەبوون لە زەوی باب و باپیراذ یان و لە ژ ێر ف شاری دەز گا داپڵۆسێنەرەکاندا رەگەزنا مەیان دە کرد بە عەرەب، ئەم د یاردە شۆڤینییە نەگریسە لە تاقیکرد نەوەی هیچ وڵاتێکدا بە دیناکرێت. چونکە دە شێت مرۆڤ ناوی ، بیر و باوەڕی، شوێنی ژیانی ، هەڵسوکەوتی بگۆڕێت ، بە قەناعەتی خۆی یان لە ژێر فشاردا ، بەڵام گۆڕینی رەگەزنامە ئێجگار ستەمە و مەگەر هەر لە رژێمەکەی سەدام بوەشێتەوە !!

د یارە هەڵوە شاندنەوەی بڕ یارێکی زاڵما نەی لەو جۆرە هەوڵێکی جوامێرا نەی پەر لەمانی عێرا قە، کە بە زۆری دە نگ هەڵوە شێنراوەتەوە ، بەرێوەبردنی ئەو بڕ یارە لەوەدا خۆی دەبێنێ تەوە کە دەنێر ێت بۆ سەرۆکایەتی کۆماری و لەویش لە لایەن بەرێزان سەرۆك کۆمار و هەر دوو جێگرەکەی ئیمزای دەکەن و دواجار لە ( الوقائع العراقية) دا بڵاودەبێتەوەو دەبێ تە، یا سایەکی کار پێ کراو. د یارە بەرێزان سەرۆك کۆ مار و عادل عەبدولمەهدی ئیمزایان لەسەر کردووە و رەزامەند بوون ، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە تاریق هاشمی ئیمزای لە سەر نەکردووە و گوا یە ( تحفظ)ی هەبووە .

ئەم ئیمزا لە سەر نەکردن و ناڕازیبوونەی هاشمی ئەوە دەگەینیّ کە تا ئێستا ئەم کابرایە بیرو باوەڕی بە عەرەب کردن و چەپاندنی هەیە و ئەوەش باش دەزانێت کە لە عێراق دا هەرگیز عەرەب رەگەزنامەی خۆی ناگۆڕیت بۆ کورد یان تورکمان، لە بەر پێ گەی حوکمو سەردە ستی و فەرمانڕەوایی

عەرەب بە درێژایی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ، بەڵکو حاڵەتەکە پڕ بە پڕ بە پێچەوانەوەیە ، ئەوەی جێگەی سەرنجە هاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامییە و لانی کەم دەبێت ئەم کابرایە قورئان بکاتە بنەمای دەستوور و هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانی، چونکە لە قورئاندا ئایەتگەلێك کە پڕ بە پڕ دژی ئەو بۆ چوونەی هاشمین . وەك : ( و من ایا ته ا ختلاف ال سنتكم و ا لوانكم) هەروەها ئا یەتی ( لو شاء الله لجعل كم ا مة وا حدة) وا تە خوا نەیویستووە و نا شی ئەویت ببنە یەك نەتەوە, چونکە ( لو حرف امتناع لامتناع) ، ئەم راستیانە ئەوە دەسەلمێنن : کە هاشمی بیری عەرەبچیەتی ، دەخاتە پێش ئیسلامچیەتیەکەشی، هەر لە پێناو بیری شۆڤینی عەرەبیدا، دەشتوانم ئەوە بڵێم : کە هەر ئەو بیرە شۆڤینیەی بوو کە وای لێکرد ئاو بکاتە ژێر سەرۆکی پێشووی حزبی ئیسلامی (موحسن عبدالحمید) و خۆی بخاتە جێگاکەی .

با ئەوەش نەبوێرم کە لا یەنێکی بە دیکتاتۆر بوونی ئەم کابرا یە بە زەقی لە کەسایەتیەکەیدا رەنگی داوەتەوە . چونکە لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (الشرقیة) دا ووتی : هەتا من هەبم عێراقیەکان بە تایبەت سوننە مەزهەبەکان دەبێت زۆر باش بن و سڵنەکەنەوە لە هیچ ، واتە گەلی عێراق و حزبەکەی کردە پابەندی خۆی و حزب و دەوڵەتیشی پەراوێز خست.,

ئەوەی کە جێگای خەمە ، کابرایەکی لەم جۆرە ئێستا داوای سەرۆك کۆماری دەکات و تا بشتوانێت حزبەکەی بە هەڵەت و رێگای تووشدا ئەبات . هەرچەندە ناتوانێت بیر و باوەڕەکەی لە ئایدیای شۆڤینیزمی پاك بکاتەوە و لایەنە عروبیەکەشی ئێجگار زاڵە بەسەر ئیسلامچیەتیەکەیدا.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٣٦ لە ٢٠٠٧/٨/١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# ڕەهەندەکانی ئایدۆلۆژیا و ململانێ لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا !!

پەرلەمان ئەو بڵندگو بابەتییە یە کە دەبێت هەموو ئاوات و خولیا و کێشەکانی میللەت و قەیرانە جۆربەجۆرەکانی تیا بوترێت، دەشێت لە ڕێی چالاکیە جۆر بەجۆرەکانی پەرلەما نەوە پە نجەی بۆیرا نە بکرێت بە چاوی هەموو گە ندەڵی و کەموکوڕیە کدا ، دە شێت پەر لەمان بکرێ تە سەنگەری جوامێرا نەی پێ شەوە بۆ دا کۆکی کردن لە ما فە خوراوە کانی میل لەت و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانی دەرەوە و ناوەوە، هەر لەوێشەوە یاساگەلێك دارێژرێت کە بەرژەوەندیەکانی میللەت و ولا تی تێیا بپارێزرێت ، بێدەنگی پەر لەمانتار و گو شەگیر بوونی لە ئا ستی کێ شە گەورە و چارەنووس سازەکاندا نکۆڵیکردنە لە گرنگی ئەرکەکان و هۆڵی پیرۆزی پەرلەمانیش چاکترین تاقیکرد نەوەی گورجو گوڵی پەر لەمانتارە و هەر لەو هۆڵە شەوە کەسایەتی پەرلەمانتار دەسەلمێنرێت و تواناکانیشی بەرجەستە دەکرێت و بە بالا دەبڕدرێت، د یارە پارلەمانی کورد ستانیش بەری ڕە نج و تە قەلای هەوڵی لە بن نەهاتووی میللەتە و دەبێت ئەوەمان لە بەر چاو بێت کە چۆن جەماوەری کورد بە یەك دەنگی ڕووەو سندوقەکانی دەنگدان ڕوێ شتن و گوێ یان نەگرت لەو هەموو هەڕە شە و گوڕە شەی تیرورێ ستان و پڕوپاگەندەی ژەهراوی دوژمنانی کورد و دیمۆکراسی.

لە گەڵ جیاوازی ئال یەتی بەڕێوەبردن و ئەنجا مدانی ئیش شوکار لە پەرلەما نەکانی دنیادا، وەك دابو نەریتێکی سەقامگییر ، گروپ و تاقم و حیزبە سیا سیە جیاجیا کان لە کاتی دەنگدانەکا ندا هەر گرو پەو بە پێی بەرژەوە ندی و دیدگای سیا سی خۆی بە ( ئا) یان ( نا ) دە نگ دەدات و هەڵوێ ستی خۆی لە مەڕ کێ شەکاندا د یاری دە کات، تا ئێرە حاڵەتە کە

**ئا سايیه و دە شێت ئەم چاولێکەریی و ئەتەکێتە پەرلەمانی کورد ستان و عێراقیش بگرێتەوە .**

**بەڵام ئایا لە وردەکاری بابەتە جیاجیا و پێچەڵ پێچەکاندا دە شێت و رەوایە پەرلەمانتار هەر سەیری دەم و دە ستی بەرپرسی لیستەکەی خۆی ب کات و خۆدی خۆ شی وەك زاتێ کی خاوەن پێ شینە و د یدەگا و تاقیکردنەوەی تایبەت، خوێندنەوە و بۆچوونی جیاوازی نەبێت بۆ کێشە و بابەتە فرەکانی دنیای بەرینی سیاسەت و کۆمەڵ؟**

دەشێت پەرلەمانتار فۆتۆکۆپی سەرۆکی لیست بێت و کەسایەتیی لـە مێژینەی تەمەنی بەو ئاسانییە بسڕێتەوە ؟

**دیارە لە وڵا تانی بە رواڵەت دیموکرا سی و بە گەو هەر دیکتاتۆری و میلیتاری ، وەك رژێمە کەی سەدام و بە شێك لە وڵا تانی جیهانی سێیەم ، دە شێت وا بکەوێ تەوە، پەر لەمانتار هەر وەك موو چەخۆرێك کارە فەرمییەکانی راپەرێنێت و دەست و قەڵەمی لە ئاستی رووداوەکاندا ئیفلیج و بێ جووڵە بێت؟ ئەوەی لە پەرلەمانی عێراق و کوردستانیشدا چاوەڕوان دەکرێت و ئاواتی گەشی میللەت و خەڵکە رووناکبیرەکەیە، هاوبەشیکردنی کارا و پەرۆ شانەی ئە ندامانی پەرلەما نە لە هەموو گفتو گۆ و د یالوگ و بۆ چوونە جیاجیاکا ندا ، بە مەبە ستی دەوڵەمە ند کرد نی پرۆژە کان و گەیشتن بە بەهاترین تێکستی یاسایی بۆ دابینکردنی خواستەکانی میللەت ، د یارە هاوبە شی کرد نی لێزانا نە و بوێرا نەی پەر لەمانتار و ب ێدەنگ نەبوونی لە ئا ستی کێشە جۆربەجۆرەکا ندا ، پشتگیریەکی بابەتیانە یە بۆ خودی ئەو لی ستە و دە شێت بە زۆر بەی ئەو دەن گە هاوبە شیکارانە هەڵوێستی سیا سی و روو ناکبیری لیستەکەیان بە هێز بکەن و لە هەمان کاتیشدا ئەرکی سەرۆك لیستیش کەمتر بکەنەوە .**

هەر بۆ نموو نە : ئە گەر پەر لەمان بـ یەوێت ژ ێر خانی دا تەپیوی کوردستان سەرلەنویٚ بە کارو بارێکی شیاوتر درو ست بکا تەوە ، بە پـێی کۆمەڵێك بڕیار و دواتر دەنگی لە سەر بدرێت، دەبێت لەم فەزایەدا داهێنان و لێ هاتوویی و دڵ سۆزی پەر لەمانتار بدرەو شێتەوە . ئا یا پەر لەمانتار لە کوێوە دەستپێکات و ئەگەرەکان کامانەن و کامەیە پشکی گرنگ و گرنگتر و گرنگترین؟

ثەرلەمانتار لە ض ئاستێكەوە دەست ثێدەكات؟

بنبڕ کردنی گەندەڵی...یان گۆڕینی پرۆگرامی قوتابخا نە و زانکۆکان؟ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و تاکەکەسی لە دەوڵەتدا ؟ بە هـێز کرد نی یا سا و رێ ساکانی فیدراڵ یەت؟ یان ... د یارە ئەم کارا نە ئیج گار فرەن و تەنها بە دیالوگ ولێدوانی وردی پسپۆرانە و بە هە ند گرتنی ڕاوبۆ چوونی بەرامبەرو ململانییٚ پۆزەتیڤانە و ... هتد. دەستەبەر دەکرێت. جگە لە هەر هەموو ئەما نەش دە شێت ئەو رێ گا و هۆکارانە شی بە ووتو یژ دەوڵەمە ند بکرێن کە ئەو پرۆژا نە دەگەیٚ نە نە سەرکەوتن. سەرباری ئەما نەش ، دەبـێت توخمی چاودێری کردنی ئیشوکارەکانی دە سەڵات و جێ بەجێکردن ، بە وردی بە ئەنجام بـ گەیٚنرێن.ئایا لە پەر لەمانی کورد ستاندا زۆر بەی پەر لەمانتارەکان لەو ململا نیٚ و گ فت و گۆ چارەنوس سازانەدا پرۆژە یاساییەکان دەوڵەمەند دەکەن ؟ میللەت لە رۆژنامە و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هەمیشە داوای ئەوە دە کات کە نابـێت پەرلەمانتار خامۆش و گو شەگیر و فۆتۆکۆپی سەرۆکی لیست بێت و بیری تایبەتمەندی خۆی لە مەڕ کێشەکان بە کار نەهێنێت. چونکە کاری پەرلەمان دەستە جەمعیە و هەر ئەو کارلێکە بابەتـ یەی نـ ێوان بیری پەرلەمانتارەکا نە کە یا سا و پرۆژەی گو نجاو و پێ شکەوتوو بە دە ست دەهێـ نـ ێت ، چونکە دە شێت پەر لەمانتار هاوڕا و مەبە ست بـێت لە گەڵ سەرۆکی لیـست و وەك یەك دە نگ بدەن، بەڵام هەر

یە کەو  بە رێ گا و هۆ کاری جیاج یا بگە نە مەبە ست، د یارە  هەر  ئەو جیاوەزییە شە  کە پرۆ سەی دیمۆکرا سی دەوڵەمە ند دە کات و ئا سۆی پێش چوونی  تاك  لە کۆمە ڵدا گە شتر دە کات ،  هەر بۆ یە  لەم هەلو مەرج و فەزا یەی  هۆڵ و هۆ بەکانی پەرلەما ندا لێ هاتوویی و داهێ نان و وتارە کانی پەرلەمانتاری سەرکەوتوو دەدرەوشێتەوەو دەشێت بە دوای هۆ کارە سفت و  بە جێکا ندا بـ گەڕێت و با  شترین رێ گا  چارە بدۆزێ تەوە  نەك  بۆ دەستنیـ شانکردنی مەبە ستەکان  بە  تەنیا،  بەڵکو دەستەبەرکردنیـ شیان ، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت کاری پەرلەمانی پیشەیەکی ئێجگار تایبەتە و کۆ مەڵیك  ئەرك و  مەرجی پێویـ ستە و دە شێت هەمیـ شە پەر لەمانتار  بە چاوێکی تـ یژی رەخنەگرا نەوە وەڵا می گۆڕانکاریـ یە خێرا کانی  ناوخۆ و ناو چەکە و  سەردەم بدا تەوە و ئەوە شی لە بەر  چاو بـ ێت هەمیـ شە لە سەر زەوییەکی جووڵاو و بێئوقرەیە .ئایا سەرجەم لیستەکان توانای وەستانیان هە  یە لە  سەر زەمیـ نە   جوولاوە هەمیـ شەییەکەی پەر  لەمان و  لەو رەوانگەیەشەوە وەڵامی پێویستییە فرەکانی جەماوەری کورد دەدرێتەوە ؟ ئە گەر  تەرازووی خولـ یا و ئاوا تەکانی میلـ لەت  بە ( ئەرێ) نەها تەوە وەك پێویست ، ئایا یەکێك لە هۆکارەکان لەوەوە نەهاتووە  کە یا سای لیـست و لیستکاری پسپۆریی و لێهاتویی دەبوێرێت؟ بۆ نەدەکرا هەر بە لیـستیش بێ وەك (ا ضعف الأ یمان )   بەڵام  خەڵکی نیـ شتمان  پەروەر و لێ هاتوو و پسپۆر کورسیەکانی پەرلەمان بگرنە خۆ؟من وای بۆ دەچم ئەگەر پاڵاوتن لە رێگای لێهاتوویی و چالاکی و پسپۆری و ناوچەگەراییەوە بێت ، حاڵەتەکە بەم دەردەی ئێـ ستا نا چێت و رۆژنا مە و مـ یدیا کورد یەکانیش بەو شێوە کۆمیدیـ یە  سەروپۆتەلاکی پەر لەمان ناکوتـ نەوە ،  بە لا یەنی کە مەوە  هەر پەرلەمانتارەو بەرپرس دەبێت لە ووروژا ندن و کێشەکانی ناو چەیەك جـ گە

له پرسه بالآكانى ميللەت و ولات و نەتەوە و دەشێت پەرلەمانتار ئاگای له سنووری كار و ئیشەكانی خۆی بێت و لیرەدا جۆرە تایبەتمەندیيەك دێتە گۆڕێ به بەراورد كردن له نێوان هەڵسوكەوت و جمو جوڵ و دیالوگ و ململا نێ و پێكداهەڵ پڕان، له نێوان پەر لەمانی عێراق و پەر لەمانی كوردستاندا ، پەرلەمانی عێراق به پۆزەتیڤتر دێتە پێش چاو، دیارە ئەم بۆچوونە رێژەییە و ئەوە ناگەیێنیت كه هەر هەموو پەرلەمانتارەكانی عێراق ، كوردەكانیشی لەگەڵدا بێت، وا تە لیستی هاو پەیمانی كورد ستان له پەر لەمانتارەكانی كورد ستان سەركەوتووترن ، نەخێر.. چونكە له پەرلەمانی عێراقیشدا پەرلەمانتاری وا هەیە تا ئێستاش وا بۆ دوو ساڵیش دە چێت، لەم هەموو ململا نێ و كێشە چارەنوس سازانەدا پیتێك یان وشەیەكی له دەم نەهاتووەو هەر كات دەژمێریت ؟ با ئەوەش ئەبوێرم كه پەرلەمانی كوردستان كۆمەڵێ بیر و ئایدۆلۆژیای جیاجیای گرتووەتە خۆ هەر له هەڵگرتنی بیری نەتەوەییەوە هەتا ئیسلامیی و چەپ و عەلمانی ، دەشێت ئەم جیاوازییانە له بیر و فەلسەفەدا گفتوگۆ و ململانێی سەخت و گەرم و گوڕ بگرێتە خۆ و ئەنجامەكەش به زیندوویی و بەرەو پێش چوونی پرۆژە و كارە كانی پەر لەمان بشكێتەوە ، بەڵام مەخابن، سەرنجی وردی هە ندێك جەلە سە و بە پێی ئەو هەواڵا نەی كه دەگە نە دەم میل لەت ئەم بۆ چوونە خۆ شباوەڕییە نایە تەدی ! هەرگیز لەو بڕوایە شدا نیم سەرۆك لیستەكان رێكبن له بەردەم ململانێی بیر و فەلسەفە و بۆ چوونە جیاكا ندا، به پێچەوانەی پەرلەمانی عێرا قەوە ، كه هەمیشە ئا یدۆلۆژیا و بۆ چوون و بیرە جیاوازەكان له ململانێیەكی دژواردان و ئامبازی یەك دەبنەوە و هێڵی بیرە لێكترازاوە كان له سەر لا پەڕەی دانیشتنەكاندا بە ڕوو نی دەردرەوشێنەوە .دە مەوێت دە ستی قەڵەمە كەم بە ئاڵقەرێژی بیرۆكە یەكی

تری ئێجگار گرنگەوە بهێڵمەوە ، ئەویش پسپۆریی و دەربەستبوون و لێهاتوویی پەرلەمانتارە، جار هەیە هەندێك لیست وەك ژمارە ئێجگار کەمن بەڵام لێهاتوویی ویەکریزی ئەندامەکانیان قەناعەت بە هۆڵێك دەگۆڕن، هەر بۆ نموونە لە پەرلەمانی عێراق دا حەمید مەجید موسا و قازی وائیل و مەهدی حافز هێند چالاك و بەتوانا و ڕووناکبیرن ، لەذگەری هەندێك بیر و جولاَ نەوەکانی هۆڵی پەر لەمان دە گۆڕن، مامە ڵەکردنی وریایا نەی پەرلەمانتار لەگەڵ دەق و تێکستە یاسایی و دەستووریەکاندا هێند گرنگە ، کە نابێت نکوڵی لیّ بکرێت و بە هەند وەرنەگیرێت ، بەستنەوەی (تقیید) واتایەك لە دەقیکدا، یان هەروەها (اطلاق) کردنی ، یان پێش و پاش ( تقدیم تأخیر) یان دەرخستن و شاردنەوەی (أظهار  إضمار) ، مەبەستە سەرەکییەکان دەگۆڕن و لە دنیایە کەوە دەیبە نە دنیا یەکی تر ، ئەگەر پەرلەمانتار وریای نەبێت مەبەستەکەی لە دەست دەردەچێت و لا یەنی بەرامبەر ، بە ئاسانی بەسەریدا زاڵدەبێت، ئەمە جگە لە وردبوونەوە دەقی لە کراوە (النص المفتوح) و دەقی داخراو ( النص القطعي ) کە رۆلی ئێجگار گرنگ یان هەیە لە پێکهێنانی مەبەست و بردنەوەی یاریەکە لە بەرامبەر، با ئەوەش ئەبوێرم وەك خەمێکی قووڵ  گەلێك پەرلەمانتار هەن ( بێ ئەوەی کە مەبەستم کەسێکی تایبەت بێ) کە ئەگەر دەقەکەشی بە سانایی لەبەردەست دا بێت ، ساتمە لە خوێندنەوەکە شیدا دەکات و برستی لیّ دەبڕێت چ جای ناوەرۆکەکەی.!! دوا جار ئەگەر پەرلەمانی کوردستان و هاوبەشیکردنی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا بەرکۆل و نۆبەرەی رژێمی دیموکراسی بێت، کە دەیان ساڵە ئێمەی کورد ئەلهای دەکەین و قوربانی فرەو و بێسنووری بۆ دەدەین، دیارە قووڵکردنەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە و دەوڵەمەند کردنی بە پەرلەمانتاری شیاو و پسپۆر لە

گشت بوارەکا ندا، دەشێت لە خولەکانی دا هاتوودا نا سۆیەکی فراوان و گەش ، لە بەردەم تاقیکرد نەوەی دیموکرا سی دا بە شیاوی و بابەتییا نە بێتەدی.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٤٥ لە ٢٠٠٧/٨/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

## فشارەكانی دەرەوەو ناوەوە !
## لەخاڵێكی دژواردا یەك دەگرنەوە !!

بوارەكانی تێكوشان و ململانییٚ هەر نەتەوەیەك بەرامبەر بە داگیركەر و دوژمنەكانی ، فرە رەهەندەو و دەشێت لە با شترین حاڵەتدا ئەم لایەنا نە كار لە یەك بكەن و ببنە هێزێكی تۆكمە و كارا بۆ بەرخۆدان و پەرچدانەوەی هەڵسوكەوتەكانی لایەنی بەرامبەر .

بۆ پتر لە هەفتەیەك دەچێت دەوڵەتی توركیا هێزیكی سەربازی گەورە و زەبەلاحی هێناوەتە سەر سنوور و هەڕەشە و گوڕەشەیەكی زۆر دە كات و دە می بە جۆر ێك دا چەقاندووە كە كورد ستانی ع ێراق قووت بدات و ئەم تاقیكردنەوە نویٚ یە و سەركەوتنە فیدیراڵیەكەشی پێشێڵ بكات و چاویش بخلاٌفێذ یت لە هەموو یا سا نێودەوڵەتد یەكان و پەیڕەو و رێ سای نەتەوە یەكگرتووەكان، هەفتە یەك پترە هەموو م یدیا و ئاژانس و رۆژنا مەكانی ناوەوە و دەرەوە سەرقاڵی تاووتوێكردن و بە دوادا چوون و لێكۆڵی نەوەن لەم هێر شە قە بە و چاوەڕوان كراوەی تورك یا، هاو كات كورد ستانی با شوریش لە د ڵەڕاوكیٚ و نا ئارامی یەكی سەخت دا یە و سەرجەم راگەیاند نەكان سەرقاڵن و هەرێمە كەش لە كەش و هەوای داهاتوویەكی نادیار و پڕ لە تومومژ دا دەژی.

كاردانەوە پراكتیكیەكانی ئەم داهاتووە نەزانراوە ، پڕ لە مەترسییەی كوردستان لە ئاست ئەم رووداوە چاوەڕوانكراوە گرنگەدا نییە و بە چەند هەنگاوێك و هەنگەشەلە بە دواوەیەتی و زۆربەی دیاردەكانیش كاردانەوەیە ، نەك دەستپێشخەری و داڕشتنی نەخشە و پرۆژەی هەمەجۆر.

١-خۆپیشاندانی سەرتاسەریی جۆشدراو بە چەند دروشمێكی بەرچاو تـ یژ و شار ستانیانە و سفت و سۆڵ فەرا هەم نەهێنراوە و لە شێوەی

پچڕپچڕو جیاجیادا بەکار براوە و تەنانەت لە هەندێك شوێن هیچ جۆرە چالاکیەك هەر نەکراوە و ئیتر نازانم بەرپر سیارەتی دەکەوێتەئە ستۆی میللەت یان رێکخراوە دیموکراسیی و حیزبەکان ؟! یان خۆدی حکومەتی هەرێم و دەزگا کانی؟ دە بوو هەر لە سەرەتای کێشەکەوە کەمپینێکی گشتگیریی لایەنەکان و حکومەتی هەرێم درو ستکرایە و هەر لەوێشەوە فەرمانەکان پەخش بکرایە و ئاراستەی هەڵسوکەوتەکان بکرایە.

٢- مانگرتنی سەرتاسەری کوردستان ئەگەر بۆ یەك کاژێریش بێت نەکراوە . دەبوو بیری لێبکرایەتەوە .

٣- کۆکرد نەوەی ملیو نان واژوو رەوا نەکردنی بۆ رێک خراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتی تورکیا و رێگا بڕینەوە لەبەردەم هێرشەکەیدا، هەرچەندە لە سلێمانی ئیمزا کۆ کرا یەوە بەلام لە چوارچێوەیەکی تەسکدا.

٤ - ناردنی دەیان شاند و کەسایەتی لە هەموو گروپ و توێژەکان بۆ دەرەوەی وڵات و ئەنجام دانی چالاکی جۆربەجۆر و دەرخستنی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی کورد و رەوایەتی مەسەلەکەی لە لا یەك و خۆ بە زلزانین و ملهوڕیی و پشت قایمی تورك بەهێز و چەکی فرە لە لا یەکی ترەوە، ئەما نە و گەلێك ئەرکی تر دەبوو پیادە بکرایە ، بەڵام مەخابن.نەکراوە

٥ - کاردانەوەی راستەوخۆی یەکیەتی و پارتی بەرامبەر بە کێشەکە یەکسان نەبوو ، کەم تا زۆر جیاوازیی هەست پێدەکرا ، کە ئەمە درزێکە و نەدەبوو وا بێت .

٦ - لە هەمووی سەمەرەو ناخۆ شتر، کپ یی و بێدەنگی کوردانی هەندەرا نە لە مەڕ کێشەکە ، کە تا ئێستا هیچ جۆرە چالاکیەکیان بۆ پەرچدانەوەی لا یەنی سەرکێشیکەر ئەنجام نەداوە ، وا تە نە کوردە کانی

عێراق و نە ئەوانەی پارچەکانی تر تەنانەت ئەو گوڕ و تینە جەماوەرییەی کە لە ئەوروپاوە ئەنجا مدرا لە ١٩٩٩ دا بۆ بەرێز عەبدوڵڵا ئوجالان یەك لەسەر هەزاری ئەوە بۆ ئەم هێرشە چاوەڕوان نەکراوە نەکراوە . ئیتر نازانین کێ بەرپرسە لەم کپی و بێدەنگیەی کوردانی تاراوگە بەرامبەر بەم کێشە سەختە ؟ ڕێکخراوە حیزبییەکانی ئەو وڵاتانە یان ئەوانەی لە دەرەوەی ڕێکخراوەکانن ؟؟! یان دەشێت متمانە و بڕوا بوون لە نێوان ئەم دوانەدا بە جۆرێك لاواز و بێتام بووبێت کە کەس کا غەزی یەکتر نەخوێنێتەوە ؟! ئەمانە هەمووی کێشەی سەختن و دەشێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە . چونکە کوردانی تاراوگە هێزێکی فرەن و دەشێت سوودی گەورە بە دۆزی کورد بگەینن ، بەڵام دیسانەوە مەخابن !

دەشێت پرسیار لەوە بکرێت بۆ ئەو چالاکیانە بەتایبەت خاڵی شەشەم ئەنجام نەدراوە ؟ لە دنیای ئەمڕۆدا گەلانی لاواز و کەم دەسەڵات و بێ حکومەت دەبێت پەنا بۆ هەموو ڕێگا و بۆنەیەك بەرن بۆ وەدیهێنانی ئامانج و پێویستیەکانیان ، دیارە هۆکارەکانی تەیار کردن و ڕێکخستن و ئامادەکردنی هێزە دەرەکییەکان واتە کوردانی تاراوگە بۆ یارمەتیدانی چارەسەری کێشەکانی ناو کوردستان، ڕۆڵێکی ئێجگار کارا دەبینێت لە پشتگیریی و سەرسەختی ناوەوە لە هەردوو بوارەکەدا مادیی و مەعنەوی ، واتە بردنە دەرەوەی کێشە لە بازنەی ناوەوە بەرەو جیهانی دەرەوە و دەزگاکانی بڕیار و گەلانی پێشکەوتوو، لۆبی جولەکەکانی دەرەوەی ئیسرائیل گەورەترین ڕۆڵی کارا دەبینێت لە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیاندا و هەمیشە لە ڕێگای ئەو لۆبیەوە کۆمەڵێك کێشەی ناوەوە چارەسەر دەکەن و ڕەوتی پشتگیریی نێودەوڵەتیشی بۆ مسۆگەر دەکەن.

ئەوا نەی لە نزیکەوە لە د یاردەی کز بوونی حەما سەتی جەماوەر و نەبوونی چالاکی کوردە کانی تاراو گە لە مەڕ هەڕە شە و گوڕە شەکانی دەو ڵەتی تورک یا بۆ سەر کورد ستان رادەم ێنن، وای بۆ دە چن کە هۆکارە کانی فرەن و سەر چاوەکانی ج یاوازن، بەڵام کاراترینذ یان ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتییە لە بەرێوەبردنی هەرێمی کورد ستان دا بە زە قی ، ئەو نا شەفافیەتیە کە لە پ شتیەوە سامانی گەل و ولا تی تیا بە هەدەر دەچێت ، زۆربەی روناکبیر و خەڵکە خەم خۆرە کان وای بۆ دە چن کە خۆ پیشاندان و چالاکیەکانی جەماوەر لە دەرەوەو ناوەوەی ولات بۆ پرۆتستو کردنی دەوڵەتی تورك لەمەڕ هەڕەشە و گوڕەشەکانی ، پشتی دەسەلات قایم و پ تەو دە کات ئەویش بە قەدەر یەك لە سەر دە، بەدەم ئازار و کێ شەکانیانەوە نا چێت؟ هۆکارە کانی ئینتی ما بۆ نی شتمان و سەروەرییەکانی لاواز بووە ، وەعز و خیتابی پ شت مایکرۆفو نەکان، بەڵێن و وادەی جێبەجێ نەکراو، هێ ندەی تر ئا ستی ئینتی ما بۆ نی شتمان و کێشەکان بەرەو کاڵبوو نەوە دە بات، سەرقاڵی خەڵك بە کێشە تایبەتی و چینایەتییەکانیانەوە و خولا نەوەیان لە بازنە یەکی گەورەی دا خراودا بە دوای پێوی ستییە ژیانی یە کانیا نەوە، هێ ندەی تر سەرگەرمی کردوون و کێ شە چارەنووس سازەکانی لە بیر بردوونە تەوە ، پەرە سەندن و قووڵبوو نەوەی ئەم د یاردە سەرنجراکێ شە بە ز یانی گەورە دە شکێتەوە لە بەرەو پێش چوونی کێ شەی رەوای گەلە کەمان ، ئا یا دەر گای ئەم نائۆمید یەی میل لەت و گەندەلی یە دیارە کانی ، خڕ دا خراوە لە سەرمان و چارە سەری نی یە ؟ ئا یا دەبێت ئەم تاقیکرد نەوە نەواز و جێگای ه یوای دا هاتووی کوردە ، مل کەچ کات لە بەردەم گەندەڵ یدا و بەدەستەوە ستانی بمێنێ تەوە و چاوەڕێی شکستی گەورە بکات ؟ ئا یا گە ندەڵی هەرێم لەو

ئاستەدایە کە کەس نەوێرێت بیر لە چارە سەری بکا تەوە؟ یەکێك لە هەرە هۆکارە کانی لە بەر یەك هەڵوە شانی وڵا تی شوورەوی جاران، گە ندەڵی ئ یداری بوو،کێ شە نی یە لەم دنیا یەدا چارە سەری نەبێت، ها نا بردن بۆ تاقیکرد نەوە ئ یداریی و سیا سیەکانی وڵا تان دەر گا والاّ دە کات لە بەردەم تاقیکرد نەوە ئیدارێ یە گەندەڵە کەی ئێ مەدا ، ئە گەر بە گ یانێکی پاکی شار ستانیانەی دوور لە هەموو جیاکارێ یەك هەڵ مەتی پاك سازی و لێپێچینەوە لە گەندەڵیەکان نەکرێت، رەوشە ناوخۆییە کە کە بارگاوێ یە بە نائومێدی و بەر چاو تاریکی ، هێندەی تر دا هاتوو ناد یار و تەمو مژاویی دەکات.

هەموو سیاسەتمەدارانی دنیا لەسەر ئەو ڕا یە کۆکن کە دەڵێت: هەتا ئاوات و پێویستیەکانی جەماوەر جێبەجێ بکەیت و بەدەم کێشەکانیەوە بچێت و شەفاف بێت لە کارەکا ندا و خۆت بە دوور بگریت لەدە ست بە سەرداگرتنی سامان و پوول ، جەماوەر بە دڵ و گ یان لە گەڵتا دەبێت و هەمی شە دەبێ تە پ شت و پەنات، د یارە پێچەوانەکە شی سەد دەر سەد راستە، دەشێت کێشەو قەیرانی ئەم جارەی حکومەتی هەرێمی کورد ستان لەمەڕ هەڕەشەکانی تورك و ساردو سڕی زۆرێکی خەڵك لە ئا ستیدا چ لە ناوەوەو دەرەوە، بە خۆدا چوونەوە ب ێت بۆ دە سەلاّتی کوردی لە کوردستانی باشووردا .

ئەگەر هەڕەشە و گوڕە شەکانی دەو ڵەتی تورکیا بۆ شێواندنی خاکی پیرۆزی کورد ستان بە هێزێکی دەرەکیی پە ستاوتن و فشار هێن لەقە ڵەم بدرێت ، دیارە لە نێو ماڵی کوردیشدا زامە قووڵەکانی گەندەڵیی و بە هەدەر بردنی موڵك و سامانی میللەت و ... هتد . ئەو نا ئارامیی و بێئومێدییەی خەڵکن ، کە هێندەی کەم نییە لە فشارە دەرەکیەکەی بێگانە ، واتە هەر دوو

هۆکارەکەی ناوەوە و دەرەوە لە پنتی خاڵکیدا یەك دەگرنەوە، کە یەکسانە بە جەماوەرێکی چەق بەستوو لە دوو رێیانی خەمێکی هەمیشەیی و ژێر پێ کەوتنی چەکمەی رە قی دا گیر کەر ، وا تە ڤ شار و پە ستاوتنی نیگەتیڤا نەی ناوەوە و دەرەوە بە دوو ئارا ستەی جیاوازدا، بذکۆڵی ورەو ئوم ێدی دا هاتووی خەڵك دە کەن و هێ ندەی تر پار تە سیا سیەکانی کوردستان دەخەنە بەردەم بەرپرسیارەتی مێژوویی گەورەوە .

رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە ٨٨ رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٣١

# هەیکەلی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان
# لە بەردەم تەوژمی جیهانگیری و تازەکردنەوەدا !!

کێشەی بەرێوەبردن (الادارة) لە جیهانی سێیەم و تەنانەت لە ولا تە پێشکەوتوەکانیشدا، یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان و هەمیشە جیگای سەرنج و وتوو یژکردن و تیاڕاما نە و میدیا و رۆژنا مەکانیش پ شکنینی فرەیان بۆ تەرخان کردووە و بە چاوی رخنەگرانەوە مشت و ماڵی لایەنە جیاجیاکانیان کردوە، زۆرترین بودجە و گەورەترین موڵك و سامان ئەگەر بە دەستی ئیدارەیەکی بێتوانا و کەمئەزموون و گەندەڵەوە بێت ، هەر زوو بە فیڕۆی دەدات و میللەتەکەش ما یەپوچ دەکات و دەیخاتە سەر ساجی عەلی.

دیاردەیك لەو دیاردە ناکا مل و کەم ئەزمونا نەی حکومەتی هەرێمی کوردستان : تەرخان کردنی ٤٢ وەزیر و وەزارەتە بۆ بەرێوەبردنی نزیکەی ٤,٥ ملیون و نیو خەڵك!!

هەر چەندە بە داخەوە بەو هەموو وەزیر و دەزگا و دوکا نەش هێشتا هاولاتیان هاواریان لێ هەستاوە و کار و ئیشی دەولەت بە رێگایەکی دڵخۆ شکەردا ناڕوات و ئەمەش جێگای خەمێکی قوو ڵە بۆ ئەم تاقیکردنەویەی کوردستانی باشوور ، با ئەوەش لە یاد نەکەم دەبوو دوای یەك گرتنەوەی هەردوو ئیدارە دابڕاوەکە ، ئەزمونی دوەڵەمەندتر و توانا و لێهاتوویی و کارلێکی فرەتری ئەم دوو وزەیە ، تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندو بە گۆڕی لێ بکەوتایەتەوە . لام وابێت لە هەندێك لەم حاڵەتانەی وەك ولاتی ئێمەدا، کاربەدەستان پەنا دەبەنە بەر لێزان ( خبیر) ی بیانی لە بواری بەرێوەبرد ندا و دەتوانرێت لەم رێگایەوە هۆ کار و ماکی نەخۆ شییەکە دەستنیشانبکرێت و چارە سەری شیاوی بۆ بدۆزرێتەوە و سیستەمی

گو نجاو هەڵ بژێرێت، ئە مە جە گە لە تەوەری پڕ ئەهەم یەتی دەزگا کانی چاودێری و بە دوادا چوون و سزادان، کە دە توانن سنوربەندییەکی کارا ببینن بۆ بەرگری لە گەندەڵیی.

هۆکارە کانی گە ندەڵی لە وڵا تی ئێ مەدا فرە ترن، جار هە یە خودی ئامرازەکانە، واتە : ئەو مرۆڤانە یە کە لە ناخیا ندا لاوازیی هە یە بەرامبەر دەستبە سەراگرتنی سامان و دە سەڵات ، د یارە لەو حاڵە تەدا بەرێوەبردن دەبێتە ئامرازێك بۆ مەبەستە خودییەکان، نەك خزمەتگوزاری خەڵك، یەکێك لەو وەزارەتا نەی کە لەم دوایـیەدا لە رووی گەندەڵـیەوە بە زۆری تیـشکی رەخـنە دەخرێـتە سەری ، وەزارە تی رۆ شنبیرییە، هەر چەندە من وای بۆ دەچم کە وەزارەتەکانی تر لەم وەزارەتە سفت و سۆڵ و سیستماتیکتر نین، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەدیب و روو ناکبیر چاوکراوەترن و را ستەخۆش پەیوە ندییان بە ئیشوکارەکانی ئەم وەزارە تەوە هە یە ، بۆ یە بووە تە سەر سفرەی رۆژنامەکان.

گەندەڵیی لە ئیدارەدا فرەلایەنە و سەرچاوەکانی زۆر و زەوەندن ، جار هە یە لە دە سەڵاتی سەری سەرەوەیە، یان خودی سیـ ستەمی بەرێوەبردنەکەیە... یان کادری ئیداری نمرە دووە، کە پشکێکی زۆری هەیە لە بەرێوەبردنی وەزارە تدا، یان هـ یزی هەرە کاریـ گەری دەرەوەی وەزارەتەکانەکە دەکاتە حزبەکان، یان هەموو ئەم لایەنانەن کە پێکڕا کارلێك دە کەن، د یارە لەم حاڵە تەدا بارە کە ئیـجـگار قورس دەبـێت، با ئەوەش نەبوێرم کە گە ندەڵی کەم ئەزمونی یان سیـ ستەمی نەسا چاو. ناکا تە گەندەڵیی ئەو تا کە مشەخۆرانەی کە دە سەڵات دەڕەتێنن بۆ بەرژەوە ندی خۆیان، من وای بۆ دە چم کە خودی وەزیری رۆ شنبیری بەرێز، کە سێکی روو ناکبیر و دەستپاکە و بەدەر لە گەندەڵیی لە ناخی خویدا؟ ئەگەر هۆکانی

گه ندەڵیی بەرۆکی بەردەن. بەڵام وەك تاکێکی ژ یَر ڤ شاری کا یە جۆراوجۆرە کانی تری گە ندەڵی، هەر ئەوە ندە مە چەکی دە چەرخێت ، چونکە ئیدارەی کوردستانی با شوور، بارگاویی کراوە بە بەرژەوە ندیی و ویستەکانی کۆمەڵێك حزب و لایەنەوە .

وەك پێشنیازێك بۆ سیستماتیککردنی وەزارەتی رۆشنبیری و گۆڕینی چوار چێوە و هەیکە لە تایبەتە کەی، خۆ ئە گەر وەزارەتە کە بکرێ تە چەند هەیئەتێکی جیاجیا و سەربەخۆ هەمیشە ئەرکەکان پتر ئامادگییان دەبێت ، بۆ راپەڕاندن و گەیشتنە ئەنجام، هەر بۆ نمونە : ئەم هەیئەتانە بریتی دەبن لە هەیئەتی راگەیاندن و روو ناکبیری ، هەیئەتی ئاسەوارنا سی ، هەیئەتی گەشتوگوزار ، بە بۆچوونی من ئەم جۆرە سیستمە "تشظی" (پەرتکاریيە) لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا لە بارەو دە شێت ببێتە رێگا چارەیەك بۆ دەربازبوون لەو قەیرا نەی کە بووە تە بنێشتە خوشەی ژێر دا نی ئەم و ئەو . چونکە لە لا یەك ئیش و ئەر کەکان هێ ند بە یە کدا نا چن و پێ کدا نالکێن و لە لایەکی تریشەوە لە رۆتین و درەنگ ئەنجامدانی کارەکان زووتر قوتارمان دەبێت . یەکێك لە کارە هەرە دیارە کانی جیهانگیریی لە بورای بەرێوەبرد ندا ، پەرت کرد نی دەوڵە تە بە مەبە ستی پتر پ سپۆرکردنی دەزگاکان و پێشخستنی بوراە کانی کارکردن و داهێنانی نەوعیی لە کا یە جیاجیاکانی دنیای بەرێوەبردندا بەهەر هەموو بەش و لقەکانییەوە.

دابەش کردنی وەزارەت بەسەر ئەو هەیئەتانەدا ، ناکاتە ئەوەی کە هەر هەیئە تەو بە قەدەر وەزارەت یێك کارمە ند و موو چەخۆری هەبێت. وا تە : وەزارەتێك ببێتە چەند وەزارەتێك!! نەخێر بە پێچەوانەوە گەرە کە لە رووی چەندێتیی کارمەندەوە قشت و بچووکتر بێتەوە، بە مەبەستی رزگار بوون لە هەڵایسانی ئەو هەموو کارمە ند و بەڕێوەبەرێتییەی کە کۆڵەی حکو مەتی

هەرێمی کورد ستانی کو تاوەو توو شی لێ چۆڕانێکی (نز یف) ئابووریی گەورەی کردووە. بر یمەر دوای رز گار کرد نی ع ێراق تاقیکرد نەوەی درو ستکردنی (هەیـ ئەی) جۆر بەجۆری هێ نا و کەمتازۆر لەم بوارەدا سەرکەوتنی جۆر بەجۆری بە ئەنجامگەیا ندووە. د یارە بە دیهێ نان و دەستپێشخەری ئەم ئەرکە، دەکەوێتە سەر لیژنەی تایبەت و پسپۆرەکانی پەر لەمانی کورد ستان، بۆ دارِ شتنی چوار چێوەی هەیـکەلی دٔ یداریی ئەم هەیئەتانەو دواجار خستنە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەو بڕیار لەسەردانی.

بە هەیـ ئەتکردنی وەزاره تی رۆ شنبیری و سڕینەوەی بڕێ کی تری وەزاره تە تائیف یەکان، پێ شنیازێکەو دە شێت بخرێتە بەردەم گفتو گۆ و قسەلەسەر کردنی پسپۆری ئیداریی و یاسایی و رووناکبیرانەوە . بۆ زیاتر دەوڵەمە ند کرد نی پرۆژە کە و گەیـ شتن بە ئەنجامی شیاو و سەقامگیر و پێشخ ستنی بواره کانی راگەیا ندن و روو ناکبیریی و ئاسەوارنا سی و گەشتوگوزارەوە .

چەقبەستن لەسەر یەك جۆر پرۆ سەی دەقگرتو بە رەهە ندە کۆ نەکانی بەرێوەبرد نەوە، دوور ماندەخا تەوە لە خۆ دەوڵەمە ند کردن بە لایە نە پۆزەتیڤەکانی جیهانبینییەوە . دەستپێشخەری و گەڕان بە دوای چارەسەر و ملنەدان بە ئەمری واقیع و وێناکردنی دنیایەکی گەش و بەبەهاتر، ئەرکی نەك پەر لەمانی کورد ستانە بە تەنیا، بەڵکو ئەرکی هەموو روو ناکبیر و دڵسۆزێکی ئەم نەتەوەیەیە.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٦٠ لە ٢٠٠٧/٩/١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆچی سەرمایە و دوو ئاراستەی جیاواز !!

گەشەسەندن و دەوڵەمەند بوونی ئابووری هەر میللەت و ولاتێك بەندە بە کۆمەڵێك هۆکاری خۆدی و بابەتی و دەرەوە و ناوەوە. وڵاتی ئیرلەندا لە ناوەراستەکانی سەدەی بیستدا. داتە پیوترین ئابووری هەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئینگلتەرەدا بەڵام ئیرلەندیەکانی تاراوگە لەگەڵ زۆری ژمارەکەیاندا بە ناردنەوەی پول و پارەی زۆر بۆ وڵاتەکەیان و خستنە گەڕی لە بواری بازرگانیی و بەرهەمهێنانا ندا توانی قەڵمبازی گەورە بە ئابووری وڵاتەکەی بدات و نرخی دراوەکەی بخاتە ئاست پاوەنەوە . هەمان دیاردە لای چین و ژاپۆن و گەلانی دیکە لە قەبارەی جیاجیادا بەرچاو دەکەون ، لە دوای راپەڕین و گرانیەکە، زۆر خێزانی کورد بە هۆی پارەی کەس و کاریانەو لە دەرەوەی وڵات ، لە تەنگا نەو نەبوونی قوتار یان بوو ، بەڵام مەخابن ئێستاکەش لە باتی گەڕانەوەی پارە لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان ، بە مەبەستی بنیاتنانەوەی ژێرخانی تەپیوی ئابووری کوردستان ، ئاراستەی کۆچی پارە پێچەوانە بووەتەوە !! ژمارە یەکی بەر چاو لە وەزیر و پەرلەمانتار و بەرپرسی گەورەی حکومەت و خانەنشینکراوی وەزیفەی بەرز ، بە مۆڵیی موو چەکانیان رووەو هەندەران بەڕێ دەکەن و بەمەش زیانێکی گەورە لە ئابووری کوردستان دەکەوێت ، جگە لەو بڕە پارانەی کە ژێر بە ژێر رووەو بانکەکانی هەندەران مل دەنێت . دیاردەی کۆچکردنی سەرمایە لە کوردستانەوە رووەو هاندەران دژی پێشخستن و بوژاندنەوەو بە هێزکردنی ئابووری کوردستانە ، نازانم پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر بەم دیاردە نالەبارە یاسای تۆکمە و بابەتی ئەوتۆی داناوە بۆ بەرگریکردن لەو نەزیفە ئابووریەی کوردستان ؟! دیارە ئێمەی کورد لەم بوارەشدا هەر رۆنگ سایەد دەرۆین!.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٩٢ لە ٢٠٠٧/١١/٦ بڵاوکراوەتەوە.

# خەمێك بۆ بیری ئازاد
# لە پەراوێزی یاسا و پەرلەمانی عێراقدا!!

چۆنیەتی داڕشتنی یا سا و دە نگ لە سەردانی لە پەرلەمانی عێرا قدا با بەتێکی هێندە سانا و خور سك نییە، تا بە ئا سانی بەدە ستەوە بێت ، بەڵکو بەشی خۆی کێشەو ململانێ و ئەمبەرو بەری هە یە، تەنا نەت گەلێك جاران گەیشتن بە ئەنجامێکی سەقامگیر لە مەڕ دار شتنی یا سایەك دەگا تە بنبەست و دوا دەخرێت بۆ خولێکی تری پەرلەمان.

سەرچاوە و بنەما جۆربەجۆرەکانی یاسای فۆرمەڵە کراو لە یەك شوێن و ئاراستەوە ناگەنە پەرلەمان، بەڵکو لە گەلێك شوێنی جیاوازەوە دەگە نە پەرلەمان و تەنا نەت بە چەند کەناڵ و فلتەرێکدا گوزەر دە کەن و دە شێت ئەو خولە یاسایی و ئیدارییەی کە بۆی دەستنیشان کراوە پێیدا تێپەڕێت، یاسا جۆربەجۆرەکان هەر جارەی لە شوێنێکەوە سەر دەردێنێت و دەگا تە سەرۆکایەتی پەرلەمان ، جار هەیە دەقی یاساکە لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەگاتە پەرلەمان، جاریش هەیە لە سەرۆکایەتی وەزیرانەوە ، یان لە خودی ئەو وەزارەتەی کە یاساکە چارەسەری کێشەکانی بۆ دە کات، یان لە لا یەن چەند پەرلەمانتارێکەوە ئیمزای بۆ کۆ دەکرێتەوە و چەند پەرلەمانتارێك یاساکە دادەرێژن و پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی دە کەن، یان جار هەیە لیژنەیەکی پەرلەمانی یاسایەك دادەرێژی و دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ و خوێندنەوە .

ئەم و تارە تیشك دەخا تە سەر چەند تاقیکردنەوە یەکی وڵا تە عەرەبییەکان و جیاوازییەکانی نێوانیان دەردەخات، دیارە مەبە ست بەرچاو روونکردنەوەی خوێنەری ئازیزە لە لایەك و پیشاندانی رادەی پیادەکردنی

شێوازی دیمۆکراسییانەیە لەو وڵاتانەدا لە لا یەکی ترەوە ، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەو تاقی کردنەوە جۆر بە جۆرانە دەبنە ئاوێنە یەکی روون بۆ دەرخستنی ئەو شێوازە دیمۆکراسیی و پەرلەمانییەی کە لەو وڵاتا نەدا پیادە دەکرێت .

لە وڵا تانی ئوردن، سودان، کو یت، لوبـ نان و میـ سر ئە گەر لا یحە یاسایەك رەفز بکرێت لە لایەن پەرلەما نەوە ، ئیتر جارێکی تر لەو خولەدا ناخرێتەوە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ و دەنگدان، بەڵام لە حاڵەتی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان دا دەبێت پەرلەمان لەم پێنج وڵاتەی کە لە سەرەوە ناومان هێنا ، یان بە (ئا) یان بە (نە) رای خۆی دەردەبڕی و ئیتر بۆشی نیە هیچ گۆڕانکاریـ یەك لە دە قی یا ساکاندا بـ کات، بەو بـ یانووەی کە ئەو رێکەوتننامەیە لە بەرزترین شوێنی بڕیار دانەوە هاتووە و نا شێت قسەیان بـ شکێنرێت، د یارە ئە مە جۆرێ کە لە پە ستاوتنە نە شیاوەکان بۆ سەر پەرلەمان و بەرتەسککردنەوەی مەوداکانی دیمۆکراسی دادەنێم.

لە میسر و سودان و کویت دا دە قی یا سای پێشنیاز کراو دەخرێتە بەردەم لیژنەیەکی تایبەت کە دەبێت راپۆرتێکی تێرو تە سەلی لە سەر بەرز بکەنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لە پەرلەمانی ئوردونیدا رۆتین باڵ بەسەر ئەم حاڵەتەدا دەکێشێ، دوای ئەوەی کە لیژنەی تایبەت و پەرلەمان بڕیار لەسەر دەقی یاساکە دەدەن جارێکی تر دەینێرنەوە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بیخا تە چوار چێوەیەکی یا ساییەوە و جارێکی تر بگەڕێ تەوە بۆ پەرلەمان، دیارە ئەم تاقیکردنەوەیە پانتایی دیمۆکراسیی تە سك دەکا تەوە و پشکی پەرلەمان کەم دەبێتەوە لە چارەسەر کردندا.

پەرلەمانی هەموو وڵا تە عەرەبـ یەکان رێگەیان داوە کە دانیشتنەکانی پەر لەمان ئازاد بـ ێت و راگەیا ندنی کەنا ڵەکان پەخـ شیان بـ کات، جـ گە لە

سەڵتەنەی عەممان، لە هەمان کاتیشدا کۆبوو نەوەی لیژنەکانی ن یو پەرلەمان نهێنییە و نا شێت لە رێگەی کەناڵەکانەوە را ستەوخۆ پەخش بکریت، هێندە هە یە دەتوانرێت دوای کۆبوو نەوەی لیژنەکان هە ندێك راگەیاندن لەسەر چالاکییەکانیان بەرز بکرێتەوە بۆ دەزگا کانی راگەیا ندن، لە هەموو ولاتە عەرەبییەکاندا سەرۆکایەتی کۆماریی، فەرمان دەدات بە پەخشی دەقی یاسای بریار لەسەر دراو لە رۆژنامەکاندا، جگە لە سودان کە وەزیری داد بەم کارە هەڵدەستێ.

لە ئیمارات ، بەحرەین، تونس، عەممان قەتەر، کوەیت، میسر و یەمەن مۆڵەتی دوو هەفتە هە یە بۆ بڵاوکرد نەوەی یا سای واژو کراو لە لا یەن پەرلەمانەوە و دوای مانگێك لە پەخش کرد نی یا ساکە لە راگەیاندنەکا ندا بەکار دەبرێت.

لە ئوردون، جەزایر، سعودیە، سودان، سوریا ، عێراق ، لوبنان و موریتانیا لەگەڵ پەخش کردنی یاساکە لە رۆژنامەکا ندا کاری پێدەکرێت، ئەگەر خودی یا ساکە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری نەدابێت کە لە فلان بەروارەوە بەکار دەبرێت، بەڵام لە سومالْ دوای (١٥) رۆژ یا ساکە بەکار دەبرێت.

یاسا پێشنیار کراوەکان بۆ بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێکردن و دەنگ لەسەردانی لە ولاتە عەرەبییەکا ندا چونیەك نییە و دەتوانین بەم شێوەیە پولینیان بکەین:-

١) بە پێی یا سای ژمارە (٦٦)ی ناوخوی پەرلەمانی ئوردون، (١٠) پەرلەمانتار بۆی هەیە یاسایەك پیشنیاز بکات و بیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان.

٢) به پ ێی مادەی (٦٠) له یا سای ناوخۆیی ئیمارات ، تەنها ئەنجو مەنی وەزیران بۆی هە یە پێشنیازی یا سا بکات و پەر لەمانتاریش بۆی هەیە گۆڕانکاری تێا بکات.

٣) به پێی مادەی (٩٣)ی یا سای ناوخۆی پەرلەمانی بەحرەین، یەك ئه ندام بۆی هه یه پێ شنیازی یا سایەك بکات و (٥) ئه ندامیش لەگەڵ یدا واژوی لەسەر بکەن.

٤) به پێی مادەی (٢٨)ی یاسای ناوخۆیی تونس ، به تەنها سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی پەرلەمان بۆیان هه یه یا سا پێشنیاز بکەن. دیاره لەم وڵاتەدا ئاسۆی هاوبەشی کردنی پەرلەمانتار له داڕشتنی یا سادا بەرته سك بووەتەوە و بەشێك له ئازادییەکانی پەرلەمانتار قارس کراوە.

٥) له جەزائیر به پێی یا سای (١١٩)ی ناوخۆی پەرلەمانی ئەم ولا ته (٢٠) پەر لەمانتار بۆ یان هه یه یا سایەك دابڕ ێژن، هەروەها سەرۆکی کۆماریش بۆی هەیه یاسا دابڕێژی و بیخاته بەردەم پەرلەمان.

٦) به پێی مادەی (٢٣ی) یا سای ناوخۆی پەرلەمانی سعودیه .(١٠) ئه ندام بۆ یان هه یه یا سایەکی نوێ دابر ێژن و بیخه نه بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی شوراو ئەویش بەرزی بکا تەوە بۆ مەلیکی ئەو وڵا تە بۆ بڕیار لەسەر دانی.

٧) به پێ مادەی (٨٧)ی ده ستووری سودان سەرۆك کۆ مار و ئەنجومەنی وەزیران، یان هەر لیژنەیەك ، یان هەر پەرلەمانتارێك بۆی هه یه یاسایەك پێشنیاز بکات و بیخاته بەردەم پەرلەمان.

٨) به پ ێی مادەی (٩٧)ی ناوخۆی پەر لەمانی سوریا، هەر (١٠) پەرلەمانتار بۆیان هەیه یاسایەك پێشنیاز بکەن بۆ بەردەم پەرلەمان.

٩) به پێی مادەی (٦٠)ی دەستووری سومالْ، یەك ئەندام یان خودی حکومەت یان (١٠) هەزار (ناخب) هەڵبژێرەر، بۆیان هه یه پێشنیازی یا سا بکەن بۆ بەردەم پەرلەمان.

١٠) به پێی مادەی (٥٧)ی دەستووری عێراق هەر (١٠) ئەندام یان یەکێك لە لیژنەکانی پەرلەمان یان سەرۆك کۆمار یان ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە پێشنیازی یاسا بکەن.

١١) به پێی مادەی (٦٨)ی ئەنجومەنی شورای سەڵتەنەتی عەممان، یەك ئەندام بۆی هەیە پێشنیازی یاسا بکات، دیارە ئەم حاڵەتە جۆرێك لە ئازادی و بڕوا بە خۆ بوونی ئەندام پەرلەمان دەچەسپێنێ.

١٢) به پێی مادەی (٦٧)ی یاسای ناوخۆی فەلەستین هەر پەرلەمانتارێك یان لیژنەیەك لە لیژنەکانی پەرلەمان بۆی هەیە پێشنیازی یاسا بکات.

١٣) به پێی بەندی (١٠٥)ی دەستووری قەتەر، یەك پەرلەمانتار بۆی هەیە پێشنیازی یاسا بکات بۆ پەرلەمان.

١٤)لە کوەیت بە پێی مادەی (٩٧)ی یاسای ناوخۆی پەرلەمانی ئەم وڵاتە، یەك پەرلەمانتار بۆی هەیە پێشنیازی یاسا بکات و نابێت پتر لە (٥) پێنج پەرلەمانتار بۆی واژو بکەن.

١٥) به پێی مادەی (١٠٨)ی یاسای ناوخۆی پەرلەمانی لوبنان و مادەی (١٨)ی دەستووری ئەم وڵاتە، یەك ئەندام پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆیان هەیە پێشنیازی یاسا بکەن، بەڵام نابێت زیاتر لە (١٠) پەرلەمانتار واژۆی لەسەر بکەن.

١٦) به پێی مادەی (١٦١)ی ئەنجومەنی گەلی میسر پتر لە (١٠) ئەندام بۆیان هەیە پێشنیازی یاسا بکەن.

١٧) به پێی مادەی (٥٢)ی دەستووری مەغریب، وەزیری یەکەم و هەر پەرلەمانتارێك بۆیان هەیە پێشنیازی یاسا بکەن.

**١٨) به پێی مادەی (٦١)ی دەستووری موریتانی، پێشنیازی یاسا لە لایەن حکومەت و هەر ئەندامێکی تری پەرلەمانەوە رێگەی پێدراوە.**

**١٩) به پ‌ێی مادەی (١١٤)ی یا سای ناوخۆی یه مەن هەر ئه ندامێك بۆی هەیه پێشنیازی یا سا بکات، بەڵام یا ساکانی سەر به بود جه و وەزاره تی مالییه دەبێت. ٢٠ ٪ پەرلەمان پێشنیازی بۆ بکەن، د یاره ئه مه حا ڵەتێکی پۆزەتیڤه و پانتایی ئازادیی پەرلەمانتار ئاوەڵا دەکات.**

**جیاوازی ئەم وڵا ته عەرەبییا نه له مەڕ دارشتنی یا سا له پەرلەمان، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیاسی ئەو رژێمانه و قۆناغەکانی گەشەسەندنی دیموکراسییەتیش پابەندە به بەکاربردنی بیری یاساییانه که خوا ستەکانی کۆمه ڵەگا ده ستەبەر ده کەن، د یاره هەتا پاذتایی فراوان بکرێت له بەردەم پەرلەمانتار دا بۆ دەربڕینی کێشەکان و چارەسەرکردنیان ، رۆڵی پەرلەمان بابەتییانه و پۆزەتیڤتر خوی دەنوێنیٚ.**

**وەك پیشانمان دا له هەر هەموو وڵاته عەرەبییەکاندا ،تەنها له سومالٚ رێگه دراوه که هاوڵاتی (ناخب) بۆی هەبێت یاسا دابرێژێ و بیخاته بەردەم پەرلەمان، هەرچەندە ئەم خاڵه لایەنه باشەکانی زۆرن، بەڵام به دوریش نییه له گێژاو ، ئەوەی که بەلامەوە گرنگه، دەبێت سەرچاوەی دارشتنی یاسا له پێویستییه بابەتیی و رۆژانەییەکانی کۆمه ڵەوە سەر دەربێنی و کێشەکان چارەسەر بکات، دیاره لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییه ئابووری و شارستانیی و ئیداریی و کۆمەلایەتیەکاندا، کۆمەڵیك پێویستی یاسایی دێته کایەوه ، بۆ رێکخ ستنی ئەو گەشه سەندنانه، نەك هەر ئه مەش، گەره که مەودا بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی خۆش بکرێت بۆ پێشنیازکردنی یاسای نوێی پێوی ست. چونکه چالاکیی و گورج و گوڵی رێک خراوه مەدەنی و**

دیمۆکرا سیەکان، بە تایبەتی ئەوا نەی دەرەوەی حزب کوڵەکە یەکی قەف ئەستووری پرۆسەی دیمۆکراسییەتە.

لە م ێژووی گەشە سەندنی دیمۆکرا سیەت لە ئەوروپادا ، رێکخراوە کانی کۆ مەڵگای مەدەنی رۆ ڵی ئێج گار بەر چاویان هەبووە لەو پێ شکەوتنە سەرومرەدا، د یارە لایە نە پوزەتیڤەکانی ئەم هاوبە شیکردنە جۆر ێك لە گ یانی کۆ مەڵکاریی بدرێت بە پەرلەمانتار، بەڵام خودی ئەم زاتە خانەکانی بیر کرد نەوەی ئازاد نەبێت و نەتوانێت بابەتییا نە بیر بکا تەوە ؟ یان وێ نای (تـ صور) بۆ چۆنیەتی دارشتنی یاسایەك لاواز بێت، یان هەر نەبێت؟ یان پە نجەرەکانی ئا سۆی بیر کرد نەوە و تێڕا مانی بۆ گۆڕانکاری یەکانی کۆمەڵگە تەماوی و دا خراو بن ؟ د یارە هەرگیز ئەو پەر لەمانتارە لە وزە یدا نی یە نەك یا سا پێ شنیاز بـ کات، بەڵکو ئە گەر لا یەنی تریش پێ شنیازی بـ کات ناتواذ ێت گفتوگۆی لە مەڕ بکات، و بەندەکانی دەوڵەمەند بکات و بیگونجێنی لە گەڵ واقیعە کەدا، یا سا هەر یا سایەك بـ ێت هۆ کارە نەك ئەنجام، ئامرازێ کە بۆ رێکخستنی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە، دارێژەری یاسا خودی مرۆ ڤە و لە سەرئەنجامدا خودی ئەو یاسایە مرۆڤیش دەگۆڕی و بەرەو پێشی دە بات. وا تە پەیوەند یەکی جەدەلی هە یە لە ذێوان یا سا و مرۆ ڤدا. بەڵام دەبـ ێت هەمیشە ئەوەمان لە بەرچاو بـێت کە هیچ مادە و بە ندێکی یا سایی لەم ژیانەدا بە وەستاوی نامێنێتەوە و ناشبێتە رێژەی نەگۆڕ و دەشێت هەر لە گۆڕاندا بێت، دیارە رێژەی گۆڕانکارییەکانیش چونیەك نیین و بە هێڵیکی هاوتەریـبدا گوزەر نا کەن، چونکە یا ساکان رەنگدا نەوەی باری ژ یانن و ژیانیش هەر دەم لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە. دەشێت یاساش هەمیشە چەند هەنگاوێك لە پێش کۆمەڵە گەوە بـ ێت و پەر لەمانتاری کاراش ئەو

مرۆڤە یە کە هاوکێشەی ذێوان رەو تی کۆمەڵگە و یا سا بدۆزێ تەوە و لەو نێوانەوە کۆمەڵگە بەرەوپێشبەری و ئیقاعی ژیان و شارستانییەت لە سەر ترپەی دڵی دیمۆکراسیەت میقات بکات.

وا تە ئێ مە لە بەردەم دوو جۆر پەر لەمانتارا رادەم ێنین ! یەکێکیان ئازادی بیری بۆ ئاوەڵا کراوە، بەڵام خودی خۆی، بیری ئازاد نییە و وێناى (تصور) جیهانبینیەکانی لەمەڕ کۆمەڵگە و شارستانییەتدا تەم دایگرتووە و هیچ ناکات، ئەوەی تریشیان بیری ئازادە و لە پانتاییەکی ئازادیدا ویناى بیر و جیهانبینی و ئەرکەکانی لە واقیعدا دەنەخشێنی. بەندە لێرەدا ئەرکی جیاکرد نەوەی ئەم دوو جۆر پەر لەمانتارە و تاوتوێکردنی ئا ستەکانیان دەخا تە ئە ستۆی ئەو حیزبا نەی کە لیستی پەرلەمانتار کاند ید دە کەن. نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەرکی هەنوو کەیی پەر لەمانتار لەم سەروبەندەدا قورستر و نە تەوەیی تر بووە تەوە ، چونکە دوژمنانی کورد کەوتوونە تە خۆو بەدە ست و دەم دیا نەوێت خوا ستە نەتەوە یەکانمان بشکێنین .

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٢٨٧ لە ٢٠٠٨/٨/٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

# پەرلەمانی عێراق...
# کێشەی یاسا دانان لە نێوان ڕۆتین و ململانێدا

دار شتنی یا سا جۆر بەجۆرەکان لە پەر لەمانی عێرا قدا، پ شت بە کۆ مەڵیك بە ند و مادەی یا سای ناوخۆی پەر لەمان و دە ستووری ع ێراق دەبەستێ و بە پێی ئارا ستەی ئەم دوو لایە نە هەنگاو دەنێت و کارە کانی فەرا هەم دە هێنێ، تا ئەو کا تەی کە دەگا تە سەقامگیر بوون، ناب ێت ئەوەشمان لە بیر بچێت هە ندێك ئەڵقەی رۆ تین هە یە لەم نێوە ندەدا، کە دەبێتە هۆی دواکەوتن و سستبوونی پرۆسەی بە ئەنجام گەیا ندنی یا سای بڕیار لە سەر دراو، هەموو یا سایەك کە بریاری کۆ تایی لە سەر دەدرێت، گەرەکە بەم قۆناغانەدا بڕوات : —

**قۆناغی یەکەم :**

دەستپێ شخەری بۆ داڕ شتنی یا سا لە سەرەتادا، یان لە وەزارەتەکا نەوە دە ست پ ێدەکات، یان لە سەرۆکایەتیی ئەنجو مەنی وەزیرانەوە، یان لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە ، دیارە (دائیرەی قانونی) پرسی پێ کراوە و یاسانا سەکانی ئەم شوێنانە کاری یا سادانانەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام پێ شنیازی پرۆژە یا سا، یان لە لیژ نە تایبەت یەکانی ن ێو پەرلەما نەوە سەر دەردێنیت، یان بە ئیمزای (١٠) دە پەر لەمانتار، ناب ێت ئەوەش لە یاد بکرێت کە ج یاوازی هە یە لە نێوان دا نانی یا سا، لە گەڵ پێ شنیازی دا نانی یا سا ، وا تە دا نانی یا سا لە لا یەن شوێنیکی وەك سەرۆکایەتی وەزیرانەوە را ستەوخۆ و بەهێزترە بۆ تاوتوێکردن و زوو بە دەستەوەدان ، وەك لە یاسای پێشنیاز کراو.

**قۆناغی دووەم : -**

داڕشتنی یاسا بە رێکەوتن و پرس و راگۆڕینەوە دێتە بوون، لە گەڵ ئەو وەزارەت و دەزگایا نەی کە پەیوە ندی دارن، زۆر جار، یەك یا سا

پەیوەندی بە چەند وەزارەتێکەوە هەیە ، بە تایبەتی وەزیری دارایی، ئەگەر یا ساکە پەیوە ندی بە سەرفکردنەوە هەبێت، پرس نەکردن و بواردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەبێتە جێگای نارەزایی لە ئەنجو مەنی وەزیران و دواجار تەگەرە خستنە بەردەم یاساکەوە .

**قۆناغی سێیەم:-**

ئەم هەنگاوە بە تاوتوێکردنی یا ساکە دە ستپێدەکات لە ئەنجو مەنی، وەزیران، لە لایەن وەزیرەکانەوە ، کە پێدە چێت گۆڕاذکاری و دە ستکاریی یاساکە بکرێت و دواجاریش لەوێوە بنێرێت بۆ (مجلس شوری الدولة).

**قۆناغی چوارەم :-**

ئەنجومەنی شورای دەوڵەت یا ساکە تاوتوێی دە کات و خوێند نەوەی یا سایی بۆ دە کات و لە رووی دار شتنی یا سایی و زما نەوە دە ستکاری دەکات، دەبێت لەو لایەنەش بکۆڵینەوە کە تا چەند ئەو یا سایە پەیوە ندی دوور و نزیكی هە یە بە یا سای ترەوە ،د یارە نابێت تێکەڵبوون ( تداخل) هەبێت، هەر بۆ نموونە یاساکانی ، زیان لێکەوتووان، بە ندە سیا سیەکان، مهجرین، کەمئەنداما‌ن، کەم تا زۆر نزیکن لە یەکەوە، دەبێت ئەم لایە نە زۆر بە جدیی وەربگیرێت، چونکە رە نگ دا نەوەی دارا یی هە یە لەو نێوە ندە تێکەڵاوەدا.

**قۆناغی پێنجەم :=**

پرۆژەی یا ساکە لە ئەنجو مەنی شورای دەوڵە تەوە دەگەرێ تەوە بۆ ئەنجو مەنی وەز یران ، جارێکی تر سەرلەنوێ ئەنجو مەنی وەز یران بە یا ساکەدا دە چێتەوەو پێ شنیاز و گۆڕانکاری یەکانیان تاوتوێ دە کات و دواجار دەخرێتە دەنگدانەوە لە ئەنجومەنی وەزیراندا، ئەگەر لە دەنگدا ندا دەرچوو ئەوا لە رێگای وەزارە تی دەوڵەت بۆ کارو باری پەرلەمان، دەگا تە دەست سەرۆکایەتی پەرلەمان .

**قۆناغی شەشەم:-**

دوای ئەوەی کە یا ساکە دەگا تە لای سەرۆکایەتی پەر لەمان ئەویش دەینێریت بۆ لیژنەی تایبەت ، دیارە هەر یاسایە و سەر بە لیژنەیە کە ، کە سەرجەم لیژ نەکانی پەر لەمانی ع ێراق بریتێ یە له (٢٤) لیژ نە. خۆ هەندێکیشیان هەیە دوو لیژنە یان پتر هاوبەشی دە کەن بە پێدا چوونەوەی یاساکە، بە تایبەت ئەگەر یاساکە خاڵی هاوبەشی ئەو دوو لیژنە یەی تێدا بێت ، د یارە رۆ ڵی لیژنە، دیرا سە کردن و پ ێا چوونەوە و تاوتوێکردنی یاساکانە و دواجاریش بڕیاردانە لەسەر گونجانی یاسا، یان نەگونجانی .

**قۆناغی حەوتەم :-**

ناردنی یاساکەیە بۆ لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق دا، بۆ ئەوەی پیا چوونەوەی یا ساکە بکەن لە رووی داڕشتنی یا سایی و هونەری یەوە و دواجار لە گەڵ راپۆرتێکی تایبەتدا دەنێرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**قۆناغی هەشتەم :-**

دوای ئەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بابەتەکە دەنێرێتەوە بۆ لیژنەی تایبەت بۆ ئەوەی لە بەردەم پەرلەما ندا خوێند نەوەی یە کەمی بۆ بکرێت ، ئەگەر لە رووی یاساییەوە تەگەرە خرایە بەردەم خوێند نەوەو بە نایا سایی وەرگیرا، ئەوا خوێندنەوەی یەکەم پەك دەخرێت و بابەتەکە دەنێریت بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە بۆ تاوتوێکردن و پیا چوونەوەی ئەو لایەنا نەی کە تێبینیان لە سەرەو بە نەشیاو دادەنرێن، ئەگەر دوای ئەو گۆڕانکارییە، کەس پەرچی یاسایی نەدایەوە ئەوا بابەتە کە دەخوێنرێتەوە و کەس بۆی نییە گفتوگۆی لەسەر بکات ، لەم قۆناغەدا.

ئەوەی کە دە مەوێت ل ێرەدا بیڵێم ، بۆ یا سایەك بە حەوت قۆنا غدا بڕوات و لە پڕیکدا بڵێن ئە مە نایا ساییە؟ د یارە لاوازی و بۆشاییەکە لەو شوێنەوە د ێت کە یا ساکەی داڕشتووە و ئە مەش جێگەی ما ندوو بوونی

لیژنەکە و کات بە فیڕۆ دانێکی فرەیە و دەبێت هەر لە سەرەتاوە فریای ئەم حاڵەتە بکەون.

**قۆناغی نۆیەم :-**

دوای تێپەڕ بوونی دوو رۆژ یان زیاتر بە سەر خوێند نەوەی یەکە مدا، خوێند نەوەی دووەم دە ستپێدەکات، و پەر لەمانتارەکان بابەتە کە دەخە نە بەردەم گفتو گۆوە ، بە شێوەیەکی بەربلاو لە هەموو لایەنێ کەوە ، رای خۆ یان دەردە بڕن و دەبێت ئەندا مەکان پێشنیازەکانیان لە مەڕ یا ساکە بە نوو سین بگەیەنە لیژ نەی تای بەت ، دەبێت ئەو لیژ نە تایبە تەش وەڵا می بەشێك بداتەوە و هەندێکجاریش پێشنیازی گۆڕانکاریی لە دەقی یاساکەدا بکات و لە گەڵ را پۆرتێکی تایبە تدا، بابەتە کە بنێرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**قۆناغی دەیەم :-**

لیژنە دوای دیرا سەی پێشنیازی ئەندا مەکان لە گەڵ ئەو لایە نەی کە یا ساکەی ناردووە، کۆ دەبێ تەوە و شەن و کەوی پێ شنیاز و رای پەرلەمانتارەکان دەکات و بە هەر دو لا لە سەر داڕشتن و کۆ تایی یا ساکە رێك دە کەون، هەروەها ئەو پێشنیارانە شی کە پێ چەوانەی یا ساکانە و بەشێك لە ئەندا مەکانی پەرلەمان بڕیاریان لە سەر داوە ، دەخرێتە بەردەم دەنگدانەوە .

بەڵام دەربارەی موازە نەی گشتی دەبێت لیژنەی دارا یی سەبارەت بە هەر پێشنیازێك بۆ گۆڕینی یا ساکە پرس بە ئەنجو مەنی وەزیران بکات و راپۆرتێکی تێر و تەسەل لەگەڵ بابەتەکەدا بنێرێت و هەموو ئەو رابۆچوونە جیاوازانەی لیژنەکانیش بنێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**قۆناغی یانزەیەم :-**

لیژنەی تایبەت را پۆرتی کۆ تایی لە مەر یا ساکە دەنوو سێت و هەموو گۆڕانکاری و هەنگاوەکانی تیا دەخا تە روو ، لە گەڵ خستنە پێش چاوی

ئەو هۆکارا نەی کە پشتی پێبەستووە، لە گەڵ دوا داڕشتنی بە ند بە ندی یاساکە، لیژنە لەژێر هەر مادەیەك یان بەندێکدا، ئەو پێشنیازانە بنوسێ بۆ کاتی دەنگدان ، چونکە جار هە یە دوو یان سێ پێشنیازی ئەلتەرناتیڤ هەیە بۆ بابەتێك کە دەنگی لەسەر دەدرێت.

**قۆناغی دوانزەیەم :-**

دەبێت لیژنەی یا سایی لە مەڕ داڕشتنی کۆتایی یا ساکە ، رای خۆی دەربڕێت، بۆ هەر گۆڕانکاری یەك لە رووی داڕشتنی زمان و لایە نە یاساییەکەوە .

**قۆناغی سیانزەیەم :-**

دوای وەرگرتنی رای سەرۆکی پەر لەمان ، یا ساکە بۆ دەنگدان دەخرێتە خشتەی کارەوە ، دیارە نابێت کەمتر لە چوار رۆژ دوای خوێندنەوەی دووەم بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان، لە دانیشتنی دەنگدا ندا گەرەکە لیژنەکە راپۆرتی خۆی لە مەڕ بابەتەکە بخوێنیتەوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پەرلەمانتار بداتەوە و ئینجا دەست بکرێت بە دەنگدان لە سەر مادەکانی یا ساکە، هەروەها لە سەر ئەو گۆڕانکاری یە پێشنیازکراوانەش بە تایبەتی ئەوانەی کە نزیکن لە رۆحی دەقە ئەسڵییەکەوە .

هە ندێکجار پەر لەمان بۆی هە یە ئە گەر هۆکاری تازە و سەلمێنەر هەبێت بۆ گۆڕانکاریی ، دەقی یا ساکە بە مەبەستی دەوڵەمە ندکردن گفتوگۆی بۆ بکات و پێشنیازی گونجاو وەربگرێت.

ئە گەر حکومەت یان سەرۆکی لیژنە یان (٥٠) پەنجا پەرلەمانتار بە پێی مادەی (١٣٥) داوایانکرد گۆڕانکاریی لە دەقی یاساکەدا بکرێت، لەبەر هۆکاری بابەتی و گونجاو و ماقوڵ، لیژنە لەو حاڵەتەدا بۆی هە یە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە بکات و تاوتوێی لایەنی پێشنیاز کراو بکات.

**قۆناغی چواردەیەم :-**

یا سا دە نگ بۆدراوە کە دەنێر یێت بۆ سەرۆکایەتی کۆ مار بۆ بڕیارلەسەردان و بڵاوکردنەوەی, وەك دەرکەوت رۆ تین و مە سلەکیەت باڵی کێ شاوە بە سەر ئا لا یەتی داڕ شتنی یا ساو بڕ یار لە سەردانی ، تەنا نەت دەشێت هەندێك لەو ئەڵقانە لابرێت و هیچ لە واقیعی حاڵەتە کە نەگۆڕێت. ئە مە ج گە لەوەی کە هە ندێکجار سەرۆکی پەر لەمان بازدەدات بە سەر قۆناغانەکەدا و چۆن بیەوێت ئاوا هەڵی دەکرۆزێنێ!! دیارە لێرەدا مەبەستم لە محمود مەشهەدانیە

کێشەو تە گەرەکانی داڕشتنی یا سا لە پەرلەمانی عێراق دا ، هەموو پەر لەمانتارێك بۆی هە یە و دەتواذ یێت رۆ ڵی کارای خۆی بـ بینێ لەو قۆنا غەدا، بەڵام کۆ مەڵیك کێ شەو تە گەرەی هو نەری و رۆ تین و خودی پەرلەمانتار تووشی رەشبینی دەکەن و رێگەی هاوبە شیکردنی لێدادە خەن لەوانە :

١. پەرلەمانتار خشتەی کاری رۆژانەی ئەو کاتە دەیدرێتێ کە دە چێتە ناو هۆڵی پەرلەما نەوە ، د یارە ئە مە دژی مادەی (٣٧)ی یا سای ناوخۆی پەرلەمانە، کە دەڵێت دەبێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان خشتەی یەك هەفتەی کارکردن بە هاو کاریی لیژ نەکان دا بەش بـ کات بەر لە دوو رۆژی دەستپێکردن، بۆ ئەوەی پەرلەمانتار خۆی بۆ هەموو گفتوگۆ و پێشنیارێك ئامادە بکات، بەڵام تا ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا ئەمە نەبووە و نەکراوە . جگە لە یەك جار ، ئەویش خشتەی رۆژێك بەر لە رۆژێك دابەش کرا ، بەڵام لە ئەنجامدا هەر سەری نەگرت.!

٢.لەبەر باش بەڕێوەنەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراق، رێگەی رەهاو ئاساییو بابەتیانە نادرێت بە پەرلەمانتارەکان بۆ ئەوەی رای خۆیان

دەر ببڕن بەڵکو خەڵ کە د يارو سەرۆکی کوتلەکان هەڵدە ستن، کە ئە مە خاڵێکی ئێجگار نەشیاوو نایاساییەو لە پەرلەمانی عێراقدا پیادەدەکرێت، با ئەوەشمان لە یادنەچێت کە پەرلەمانتارەکان ناویان لە لایەن بڕیار (مقرر) دەرەکانەوە ، یان بە شێوە ئەلکترونییەکە بە سەرە دەنووسرێت، بەڵام کاری پێ ناکرێت، ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان جێگری یەکەمی پەرلەمان و خودی سەرۆکی پەر لەمان لە بەرێوەبردنی دانیشتنەکاندا.لەم لایە نەوە جێگری سەرۆك سەرکەوتووتر و یاساییتر کارەکە ئەنجام دەدات، . تەنانەت زۆرجار سەرۆکی پەرلەمان لایەنە شەخسییەکان واتە (دژ– یان حەپولکدان) یان ئینتیمای سیاسی، بە کار دە هێنی وەك چەکێکی بێما نا و ژەنگاوی، دیارە مەبەستم لە مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانە.

٣.گەلێك پەرلەمانتار، لە ترسی رەخنە و قسەلۆك و توانجی سەرۆکی پەرلەمان، کە لە هەموو هەلۆێستیکدا هە ڵدەداتێ و قسەی رەق دەهاو ێت، هەڵناسن و هاوبەشی ناکەن، جگە لەوەش زۆرجار سەرۆکی پەرلەمان وەك داکۆکیکەر لە حیزبە کەی مامە ڵە دە کات، نەك وەك کە سێکی پرۆفیشناڵی بێلایەن.

٤. هەندێکجار سەرۆکی پەرلەمان پشت بە یا سای ناوخۆی پەرلەما ن نابەستێت، پێشێڵی کاتە دیاری کراوەکان دەکات و ئە مەش دەبێ تە هۆکار بۆ سەرلێشێوانی پەرلەمانتار لە بزرکردنی کاتی یاسایی دیاریکراودا.

٥. زۆربەی ئەندامەکان توانای داڕشتنی یاسای پێشنیاز کراویان نییە و پێویستیان بە خۆ پەروەردەکردنە لە بواری داڕشتنی یاسادا، کە ئەمەش کارێکی قورس و درێژە کێشە و پێویستی بە خۆ پەروەردەکردن و ما ندوو بوون هەیە .

٦. دووریی پەرلەمانتار لە بەیانات و ئا مار و لێکۆڵینەوە لە مەڕ بوراە جیاجیا کانی دەو ڵەت، د یارە حکو مەتیش لەم بوارەدا کەم تەر خەمی فرەدەکات و ئەم دۆخەش لە سستبوونی پەرلەمانتاردا رەنگ دەداتەوە .

٧. لە بەر زۆری یا ساکان و نا سکیی قۆنا غە سیا سییەکە، کە ز یاتر مۆرکی بنیاتنا نەوەی گرتووە تە خۆو بە قۆ ناغی گوا ستنەوە ناوزەد دەکر ێت، پەر لەمانتار و لیژ نەکان کاتی تەواویان نی یە بۆ دیرا سە و لێکۆڵینەوەی پرۆژەیا ساکان بۆ ئەوەی پێشنیازی تێر و تە سەل بدەن بە لیژنەکان، تەنا نەت خودی لیژنەی یا سا، گلەیی لە سەرە، لە بەر ئەوەی ناتوانێت یان دەرەقەت نایەت کە هەموو ئەو یاسایانە تاوتوێ بکات.

٨. کاری سەرەکی پەر لەمانتار دا نانی یا سا و چاودێریکردنی دەستگاکانی دەوڵەتە لە هەموو روویەکەوە ، لە بەر خراپی باری ئەمنیەتی و دابەشبوونی وەزارەتەکان بەسەر حیزب و لایەنەکا ندا و درو ست کرد نی جۆرێك لە ریزبەندی و لایەنگری ئەم وەزیر و ئەو دەستگا . کاری چاودێری کردن بە با شی پەیڕەو ناکر ێت، هەر چەندە جارنا جار وەزیرە کان بانگ دەکەین بۆ لێپرسینەوە و لێپێچینەوە . بەڵام بە کەمی.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٢٨١ لە ٢٠٠٨/٨/١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# دابەش بوونی نیّوەندی دەسەلاّت و ئەرکەکانی پەرلەمان !!

پ یادە کرد نی رژێ می ف یدراڵی.وەك هەر تاقیکردنەوە یەکی تری ئەم دنیا یە ، کۆ مەڵیك دەرهاویـ شتەی تایـ بەتی خۆی هە یە . د یارە ئەم دەرهاویشتانەش لە هەلومەرجی تایبەتدا و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕین و ئەرك و پلانی تر دێتە ئاراوە . بەڵام ئەوەی کە بە لای ئێمەوە گرنگە لە دەرەنجا مدا ،فیدراڵیەت بۆ وڵاتێکی ژمارە زۆر و فرە نەتەوە و ئاین و مەزەب ، دە شێت ڕۆڵێ کی شار ستانییانەی گرنگ و تەنا نەت ناوبژیوانیش بگێڕێت لە نێوان ئەو گشت پێکها تە جیاوازەدا و لە هەمان کاتیشدا لاپەڕەیەکی گەش و شیاو بکاتەوە،لە ژیانی میللەتدا.

دیارترین تەوەرەکانی تاقیکرد نەوەی ف یدرالی جگە لە سەقامگیریی و پ تەوی جۆری بەڕێوەبردن،پارا ستنی خاوەن رە گەز و ئاین و مەزە بە جیاوازەکا نە لە چنگ چەو سانەوە و سەرکوتکردن و چەپاندن،جگە لە بەکاربردنی وزە و توا نا و بەهرە لە گەڕخراوەکان لەلا یەن ناوە ندەکانی مەر کەزەوە ، وا تە فیدراڵ یەت زام نی درو ستکردنی متمانە یە لە ن ێوان دە سەلاّت و خەڵك لەلا یەك و حکو مەتی ف یدراڵی و هەرێ مەکان لەلا یەکی ترەوە، ئە مە جگە لە قو تارکردنی هاووڵاتی لە چنگ رۆ تین و بە شێك لە گەندەڵیە ئیداریەکان.

یەکێك لە پشك و ئەرکە گرنگەکانی فیدرالیەت قۆرخکردنی دەزگا و نێوە ند و شوێنە گرنگەکا نە لەلا یەن دەو ڵەتی فیدراڵیەوە،وا تە ناب ێت حکومەتی مەرکەزی دەست بگرێت بە سەر شوێنە گرنگەکا ندا و لەپێناوی بەرژەوە ندی تە سکی خۆ یدا بەکاری بەرێ و،هەرێ مەکانیش بە لاوازی و نابووتی بهێڵێتەوە، چونکە لەم دۆخ و هەلومەرجەدا متما نە و دڵن یایی لە ن ێوان هەرێ مەکان و حکو مەتی فیدراڵ یدا لەدە ست دە چێت و

چەو ساندنەوەکەش هەر دەمێ نێ، بەڵام لە کەش و هەوا و چوار چێوەی تردا،کەمتەر خەمی و تە گەرە وەبەرخ ستنی مادەی ١٤٠ بۆ گلدا نەوەی پارێزگای کەرکوك و هێ شتنەوەی لە گەڵ حکو مەتی فیدرا ڵدا جۆرێ کە لە جۆرەکانی ئەو قورخکردنە، نابێت ئەوەش بەسەرماندا تێپەرێت، کە هەمان ترس لە حکو مەتی هەرێ مەکانیش بەدی دەکر ێت بەوەی کە زۆر بەی گوێپیدان و ئاوەدانی و بودجەی فرە تەرخان کرێت بۆ پا یتەخت، یان هەر شوێنێکی تری هەرێم ، لە سەر حـ سابی شوێنەکانی تر ، ئەم د یاردە نەگونجاوەش کۆ مەڵیك ئەرك دەخا تە ئە ستۆی پەر لەمانی هەرێمی کورد ستان و پەر لەمانی ع ێراق، بۆ چارە سەرکردن و قا یل نەبوون ، بە هاو سەنگی لە ن ێوان شوێنەکاندا، لە روی ئاوەدانکرد نەوە و گوێپ یدان و گرنگیەوە ,.

ئەز بۆ پتر روونکرد نەوە و سەلماندن پەنا دەبە مە بەر هە ندێك لە تاقیکردنەوەی ولاتی ئەڵمانیا، بە مەبەستی پتر ئا شنا بوون بە بابەتە کە و سوودبینین لەو تاقیکردنەوا نە و ئارا ستە کرد نی هە ندێك لا یەنی هەرێمی کوردستان.لەبەر رۆشنایی ئەو نموونانەدا.

پایتەختی ویلایەتی Hesscn شاری (ویس بادنە)، بەڵام فرانکفۆرت کە شارێکی سەر بەو ولایەتە یە لە هەموو روویە کەوە لەو پایتەخ تە بەناوبانگتر و پۆ شتە و پەرداخترە! ئێ ستا لە ئەوروپادا بە گوێرەی ئەم سی ستەمی هامبەرە یە ( توازن)، ناوە ند و شوێنە گرن گەکان ، جۆر ێك لە دابەشکردنی بەخۆرە بینیوە و ئەم دیاردە پۆزەتیڤەش جۆریك لە ئارامی و بڕوا بوون بە یەک یەتی ئەوروپا و ئالوودە بوونی درو ستکردوەو گ یانی دەستەجەمعی هێناوەتە گۆڕێ.

دەشێت هەر شارەو بە گوێرەی کلتور و باری ئابوری و رو ناکبیری و خە سڵەتە تایبەت یەکانی خۆی قور سایی بدرێتێ ، بە مەبە ستی گەشە سەندنی سرو شتی و قووڵکرد نەوەی د یاردەی تایبەتمە ندێتی کە

یەکێکە لە خسڵەتەکانی ئەم سەردەمی جیهانگیریە، هەر لەم روانگەیەوە  بۆ نموو نەش ، شاری سلێمانی کراوە تە پای تەختی رۆ شنبیری لە  هەرێمی کوردستاندا و ئەمەش تا بڵێی کارێکی گونجاوە و دەستخۆشی لەو بڕیارە دە کەم ،  بەلاّم دە شێت لیژ نەی رۆ ناکبیری و راگەیا ندن  لە پەر لەمانی کورد ستاندا ، داوای ئا مادەبوونی  بەرێز وەز یری رۆ شنبیری  ب کاو  ئەم پرسیارانەو چەندانی تریش بوروژێنی، وەك:

کوا ئەو هۆڵە پڕ بایەخەی کە بۆ کۆڕ و کۆبوو نەوەی  ئەدەبی درو ست کراوە بۆ پایتەختی رۆناکبیری؟ کوا مەڵبەندی دۆکۆمێنتی کوردستان؟ کوا تەلار و  شاری سینەما و  شانۆ لە پای تەختی رو ناکبیری؟ کوا پیـشانگای کتـێب و میهرەجا نەکانی  شیعر و  چیرۆك و بوراە کانی  تری  ئەدەب، لەم پایتەختی روناکبیریەدا؟

دیارە دەشێت دەیان (کوا)ی تریش لەم  بوارەدا بورژێـنیت. نەك تەنها لە بەر هاو تەریب کرد نی  شارەکان  بەڵکو لە بەر قووڵکرد نەوەی متما نە  لە نێوان دەسەلاّت و میللەتدا.

لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەر دوو ئەڵمانیادا ، واتە  ئەو دوو سیـستمە دژە ، زۆر بەی کار گە و  شوێنە ئابوور یە گرنـ گەکانی  ئەڵمانیای رۆژ هەلاّت دا  خران،  بە  هۆی نز می ئا  ستی کارکردنیا  نەوە ، وەك کار  گەکانی پترۆکیمیاوی  دروست کردنی ئۆتۆمبیلی مارکەی (ترابی)، دیارە دەوڵەت قەرەبوی هەموو ئەم زیانانەی بۆ کردنەوە و شارەزایان ئەو قەرەبوانەیان بە ١٠٠ ملیار مارکی ئەوکاتە مەزندە ئەکرد و تەنانەت وایلێهات هاولاّتیانیش باجی ئەو قەرەبووەیان ئەدا، دیارە تەنیا مەبەستی سەرەکی لەم هەنگاوەدا نەهێـشتنی ج یاوازی بوو  لە ن ێوان  هەر دوو بە شی  ئەڵمانیادا  لە رووی پێـشکەوتنی زان ستی و تەکنۆلوج یەوە و گەیا ندنی بە شی خۆر هەلاّت  بە

خۆرئاواوە ، ئەم هەنگاوە مەزنە هێندەی تر متما نە و هۆکاری ڕتەوکردنی دەوڵەتە یەکگرتووە نوێکەی قووڵ کردەوە .

ئەم نموونەیە دەشێت بکرێتە سەربوردە، بۆ پتەو کردنی نەك بە تەنیا، پەیوە ندی ذ یۆان دەو ڵەتی ڤ یدراڵی و هەرێمی کورد ستان ، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی خودی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان، بە رێ گای یەک سانکردنی هاولاَت یان و ناوچەکانیَ شیان لە بەردەم یا سا و خزمەتگوزاریەکاندا، دیارە مەبەست بەهێز کردنی ئینتمای هاولاَتی کوردە بۆ دەسەلاَت و نیشتمان و دە ستوری هەرێمە کە، مەرج نیَیە هەموو پرۆژە گرنگ و کۆمپاذ یا و نێوە ندە گرذ گەکان لە پایَ تەختی هەرێمەکا ندا مۆڵ بخۆن و شارەکانی تریش ئە فەرۆز کرێن، هەر بۆ نموو نە فرۆکەخا نەی فرانک فورت و میو شن و م یونخ لە فرۆکەخا نەی پایَ تەخت کە بەرلیَ نە گەورەترن و ئە مەش نەبۆ تە نەنگی بۆ پایَ تەخت، گەورەترین قور سایی ئابووری لە خواروی ئەڵمانیادا یە و لە شوێنە دووردە ستەکانی وەك ویلا یەتی باڤار یا و بادن ڤ یوتن بیر گە، ئە مە جگە لە کار گە گرذ گەکانی دروستکردنی ئۆتۆمبیلی وەك مارسیدس و BMW و پۆرش و Audi کە هەمووی دەکەونە خواروی ئەڵمانیاوە ، دەرئەنجام ، مەرج نییە پایتەختی هەر ولاَتێ کی ڤ یدراڵی وەك بە غدا، یان هەرێمی کورد ستان یان هەر هەرێمێکی تر لە شارەکانی تر ، ئاوەدان و دەوڵەمەند و پڕ کار گە و ناوە ند و کۆمپانیای قەبە و گرنگ بن ، هەر بۆ نموونە شاری لاییزك کە شوێنێکی چەپە و دەکەوێتە خۆر هەلاَتی ئەڵمانیاوە گەورەترین پیَشانگای کتێب و ئۆتۆمبیلی لێیە ، ئەمە جگە لە لقێکی کارگەی درو ست کرد نی ئۆ تۆمبیلی BMW کە دوای یەکگرتنەوەی هەر دوو ئەڵمانیا لەویَ بذیاتنرا، لە گەڵ فرۆکەخانەیەکی گەورە کە لەو دەوروبەرەدا دروستکراوە.

دە شێت هەردوو پەرلەمانی عێراق و کورد ستان هەر لەم بوارا نەدا و لە سەر ئەم پێوداذ گە بوە ستنەوە و داوای رێو شوێن ب کەن بە مەبە ستی دا بەش کرد نی ناوە ند و شوێنە گرذ گەکان و قورخ نەکردنیان بۆ تەنیا

ناوچەیەك ، گرنگیدان  بە پایتەخت هەر پایتەخی بیٚ لەم دنیا یە، نابێت لە سەر حسابی  شوێن و ناو چەکانی  تر بێت،  چونکە  ئەو  جۆرە حاڵە تە نا تەبابیی و د ڵەراوکیٚ و هە ستکردن  بە  کەمی و بچووککردنەوە دێنێ تە کایەوە لە ئەنجامدا بە زیانی تاقیکردنەوەکە دێتە گۆڕیٚ.

مەحکەمەی ئیدارەی فیدراڵی هەموو ئەڵمانیا  کە دەزگا یەکی یا سایی ئێج گار دە سەڵاتدار و  بە هەیبە تەو  خاوەن بر یاری چارەنووس سازە  لە زۆر بەی بوارە کانی ژیا ندا، نەخراوە تە پایتەخ تەوە و هیچیشی  لە هێزی بەرلین  کەم نەکردۆ تەوە،  ئەم مەحکەمە یە خراوە تە  شاری (کارلسرەو) کە ئەکەوێتە سووچی خواروی رۆژئاوای ئەڵمانیا و لە سەر سنووری فەرەنسا ، تەنا  نەت نوێ نەرەکانی UN  تا ئێ ستا  لە  شاری  بۆن ماونە  تەوە و نەگوزراونەتەوە  بۆ پایتەخت و زیانیش لەم بوارەدا  بە هیچ شێوەیەك لە پایتەخت نەکەوتووە. هەروەها مەحکەمەی فیدراڵی کە دەزگایەکی گرنگە ، خراوەتە شاری (کاسل) ەوە .

ئەم  دابەشکردنی ناوەندی دەسەڵاتانە بە کون و کەلەبەری ئەڵمانیادا، کارێکی خور سك و   لە خۆوەنی یە و زادەی   بیر کرد نەوەی   قووڵ و تاقیکردنەوەی سیاسی و ئیداری دەیان ساڵە، دە شێت بکرێ تە سەرمە شق بۆ هەندێك لە وڵا تانی جیهانی سێهەم، کە خەریکن بەرەو تاقیکرد نەوەی فیدراڵی دەڕۆن و  لەو  بوارەدا  هەنگاو هە ڵدەگرن، د یارە قووڵکرد نەوە و پێشخ ستنی  ئەم  تەرزە تاقیکردنەوە یە دەکەوێ تە ئە ستۆی پەر لەمان و دەو ڵەت، وا تە  هەر دوو پەرلەمانی حکو مەتی فیدراڵ و هەرێ مەکانیش  بە تایبەتی لیژنە تایبەتیەکانی نێو پەرلەمان، دەبێت ئارا ستەی  ئەم لایەنا نە بکەن بۆ بەهێزکردنی پردی متمانە و دڵنیایی لە نێوان دە سەڵات و گە لداو لەو نێوەندەشەوە بتوانرێت  ئەو فیدراڵیە تەی  کە ئێستا  پیادەی دە کەین،

بیگەینیـنە ئەو ئا ستەی کە دوژ من زە فەری پیٚ نەباو، توا نای بەرەو رووبوونەوەی هەموو تەنگانە و لێقەومان و هێرشێکی دەرەکیمان هەبێت، دیارە تەوەری بەهێزی بەرگریش لەم فیدرالّیە تە دڵنیاییکردنی هاولاّتیە بەوەی کە جیاکاری لە نێوان ناوچە و شوێنەکاندا ناکرێت و بست بە بستی ولاّت یەکسانە بەرامبەر هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستن و دابەشکردنی ناوەند و شوێنە گرنگەکان، بە پێی تایبەتمەندی و گرنگی لە لایەك و پێشخستنی هەموو پانتایەکی تری ولاّت لە لایەکی ترەوە .

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەو هەنگاوە شارستانی و ئیدارییە لۆژیکیانەی لە ئەڵمانیا نراون، هۆکارەکانی گەیاندن (تلکوم  انترنیت..) نەبوون . بەلاّم ئێستا گەشەسەندنی ئەلکترونیك و هۆکارەکانی گەیاندن لە کوردستانیشدا هەنگاوی گورج و خێرای هەڵهێناوە و دەتوانرێت لە دوورترین و چەپەکترین جێگا، بنکە و دەزگا و نێوەندی گرنگ دابنرێت و بە هۆی ئامرازەکانی گەیاندنەوە بە باشترین رێگا بەرێوەبچێت.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ١٩٣ لە ٢٠٠٨/٤/٧ بلاّوکراوەتەوە.

# وردەکارییەکانی دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ( مەحمود مەشهەدانی) لە پۆستەکەی !!

سێ ساڵ بەر لە ئێستا واتە ٢٠٠٦ ، بەرێز د . مەحمود مەشهەدانی لە لایەن لیستی (تەوافوق) ەوە کاندیدکرا بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ، بە پێی ئەو دابەشکارییەی کە گروپە سیاسییەکانی عێراق بڕیاریان لە سەر دا بوو، واتە سەرۆکی کۆمار بۆ هاوپەیمانی کوردستان و سەرۆکی وەزیران بۆ ئیـ تیلاف شیعە و سەرۆکی پەر لەمان بو بەرەی ( تەوافوق)، د یارە ئەم دابەشکارییە لەسەر بنەمای ئەو دەنگا نە بوو کە هەر یەك لەم لیستانە لە هەڵبژاردنەکاندا هێنابوویان.

سەرۆکی پەرلەمان هەر لە یەکەم وتاری دەستبەکار بوونیدا لە بەردەم پەر لەمان و راگەیاند نە عێراقیەکا ندا ، چەند ڕا و بو چونێکی تێـ کەڵ و پێـ کەڵی ئەوتۆی خوێـ ندەوە کە نەك هە ست وئا سەواری رە شبینی لای پەر لەمان و سیا سەتمەداران جێهێـ شت ، بەڵکو دەزگا کانی راگەیا ندنی دەرەوە و ناوەشی وروژاند و کۆمەڵێك مـ شتومڕی لێکەو تەوە ، بە هەر حاڵ بە درێژایی ئەم سێ ساڵی خولە پەرلەمانییە ، کۆمەڵێك یاسا و کاری هە مە جۆر گەینراوەتە ئەنجام، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر سەرۆکێکی شیاو و باشتر ببوایە ئیجگار جێدەستی بە پەرلەمانی عێراقەوە دیار دەبوو، هەوڵی جێبەجێ کردنی قانونە گرنگ و ئەساسیەکانی دەدا.

بە در ێژایی ئەم سێ ساڵە دە یان هەڵچوون و پێکدا پڕان و گرژی و دەمەقا ڵە و زو یر کرد نی ئەم و ئەو روو یداوە ، تەنا نەت ، ئەوە بوو کە پارساڵ حیمایەکانی د. محمود دەستیان لە پەرلەمانتاری بەرەی ئیتیلاف ( کاك فریاد) کە بە رەگەز تورکمان و شیعە مەزهەبیشە ، وەشاند و فەلاقەیان کرد، د یارە ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە لە لا یەن زۆر بەی ئە ندامانی

پەرلەما نەوە بە تایبەتی بەرەی ئیتیلاف، داوای دەستلەکارکێشانەوەی لێکراو هەمان ئالۆزی و گرژی ها تەوە بەردەم پەرلەمانی عێرا قەوە ، بەلام ئەمجارەیان وەك لە دوایدا زا نرا کە بەڵیننامە یەکی ذ هێنی بۆ بەرەی ئیتیلاف نووسی و بریاری کۆتاییدا کە ئیتر پێشیلکاری دوبارە نەکاتەوە ، دیارە بەرەی ئیتیلافیش ئەم کارتەی زۆر وورییایانە بەکار هێنا بۆ جێبەجیّ کرد نی کاروبارە کانی و ئەو بەڵێنەش خاڵێکی لاوازی سەرۆکی پەرلەمان بوو ، چونکە بۆی جێبەجیّ نەدەکرا، تەنا نەت بە ڕێزیشی لە دوا وتاری دەست لەکارکێشانەوەکەیدا وتی ( ان الله لم یرزقني حظا کبیرا في حصافة الکلام ) واتە خودا رزقی نەداوم لە قسەی بە پێزدا.

دوا پێ شیلکاریەکانی مە شهەدانی ئەوە بوو کە لە چوار شەممەی ٢٠٠٨/١٢/١٧ دا دوای گەڕا نەوەی لە حەج، لە یە کەمین کۆبوونەوە یدا، کۆ مەڵیك قە سەی ئێج گار سارد و سڕ و نە شیاوی کرد بەرام بەر بە پەرلەمانتارەکان بە نێر و مێوە، بە بیّ جیاوازی و هەموویانی بە پرو پالانتە ناوزەد کرد، هەر بەدوای ئەم سنووربەزاندنەدا ئیتر نە هاو پەیمانی کوردستان و نە زۆربەی بەرەی ئیتیلاف و خەڵکانی تریش نە چوونە هۆڵی کۆبوو نەوەکان و زۆر بەی دە نگ وا کەو تەوە کە داوای دەستلەکارکێ شانەوەی بـ کات، بەلام سەر سەختی و مل نەدانێکی ئێج گار زۆری نوا ند و تەنا نەت لە کۆبوونەوە یەکی پەرلەما ندا زۆر بە را شکاوی ووتی : حیزبی ئیسلامی پیلانگێڕن و میسال ئالوسی پیاوی ئیسرائیلە ،

هەر لە بەر ئەوەی سەردانی ئیـ سرائیلی کردووە ! هاو پەیمانی کوردستانیش ئیشیان لێرە نییە و دەبێت بچنەوە هەولێر ، چونکە بە غدا پایتەختی عروبە یە ، هەرچی لیستی ئیئتیلافیشە (دە ستی بۆ راکێشان) بەکرێگیراوی دەرەوەیە ، واتە ئێرانە.

دیارە ئەم تومەت و ئیدانە کردنانە لە خۆوە نیین و هەڵقوڵاوی ئەو بیر و باوەڕ و بۆچوونە عروبیە یە پەرگیرا نەن کە مە شهەدانی پیّ گۆشکراوە ،

حەز دەکەم خوێنەر ئەوەش بزانێت کە بەرێز مەشهەدانی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بە تومەتی دژایەتی و بەرگریی رژێمی نوێی عێرا ق گیراوە و لە بەندیخا نە تو ند کراوە . سەیرەکەش لەوەدا یە ساڵێك دوای ئەوە بووە تە سەرۆکی پەرلەمانی هەمان ئەو رژێمەی کە دژی بووە و لەسەر دژایەتی ئەو گیراوە!!

دە مەوێت سەرنجی خوێ نەر بۆ ئەوەش راکێ شم کە مە شهەدانی بۆ را ستەوخۆ دوای گەڕا نەوەی لە حیجاز لە کۆبوونەوە یەکی بە پە لە دا، لە ئەنجامی هەڵچوونێکی توند دا، ئاوا قسەی سارد بکات و بە سووربوونەوە داوای دەستلەکار کێشانەوە بکات ؟!! با ئەوەش نەبوێرم ئەو دوو بابە تەی کە گوا یە ئەوی تورە کردووە و گەیاندوییەتە یە ئا ستی دە ستلەکار کێشانەوە. یەکێکیان باس کردنی (منتظر الزیدی) بوو کە پێڵاوەکانی گرتە بوش. ئەوەی تریش کشانەوەی هێزە بیانیەکان بوو لە عێراقدا، هەر چەندە بابەتە کەی زە ید بەپە لە دەنگی بۆ درا، بەوەی کە پەر لەمان ئا مادە نی یە لیژنەیەکی بەدواداچوون دروستبکات بۆ کێشەی زەیدی.

ئێ ستا پر سیار ئەوە یە، لە گەڕا نەوەی حەج دا بیرۆ کەی دەستلەکارکێشانەوە بۆ سەریهەڵدا؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە حەج چاوی بە هەندێك لەوا نە کەوتبێ کە دژی ئەم رژێمەی ئێستای عێراقن و ئەوا نە قەنا عەتی دەستلەکارکێ شانەوەیان لا درو ست کردبێت . بە ستنەوەی ئەم هەوا ڵە لاوەکیا نە بە وتارە کەی کە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ پێش دەسەتلەکارکێ شانەوەی لە سەرۆکایەتی پەر لەمان کە لە بەردەم هۆ کانی راگەیا ندن و پەر لەمانی ع ێراق دا خوێند یەوە ، دەمانگەێنێ تە بە شێك لەو راستیە ، لە وتارەکەدا هاتووە کە لە حەج هاورێ یەکی تێکۆ شەری د ێرینی بە ناوی ( ئەبو وائیل) بیذیوە، ئەو بە مە شهەدانی وو تووە : (أما أن لهذا الفارس أن يترجل ) ئەم ر ستە بەناوبانگەی (ا سماء )، کە کچی خەلیفەی یە کەم ئەبو بەکرە کاتێك وتوو یەتی کە حەجاجی کوڕی یو سفی سەقەفی کوڕە کەی، کە عە بدوڵای کوڕی زو بەیرە لە سێدارە داوە و هەفتە یەك بە

د يواری کەعبەوە هێشتویەتیەوە بۆ چاوترساندنی خەڵکی مەککە . هەر چەندە سیاقی مێژوویی و مەزهەبی ئەم دوو بۆنەیە لە لێکچووندا نەسا چا و سەرنەکەوتووە، بەڵام ناوەڕۆکە کەی و مەبە ستی ئەودیوی ر ستەکە دەڵێت: باشتر وایە بۆ تۆ واتە بۆ مەشهەدانی، بگەڕێیتەوە ناو خەڵك و سەر زەوی، ئەو پۆ ستەی ئێ ستات بۆ تۆ وەك ئەوە وا یە کە بە سێدارەی فەرمانڕەوا یەتی وە بمێنێ تەوە ، ج گە لەمە شیان لە هەمان و تاری دەستلەکارکێشانەوەی بەرێز مەشهەدانیدا هاتووە کە پێشەنگیەتی (قدوة) د . مح مود لە هەڵوێ ستدا موذ تەزەر زە یدی و ئە سعەد عەبدول کەریم هەمەوەندی یە، وا تە ئەم دووا نە جێ گای شانازی و رێپێ شاندەری مەشهەدانین، دیارە بەندە هیچ لە بەرێز ئە سعەد هەمەوە ندیی نازانم، بەڵام ناوی یە کەم زەیدی یە کە مەبە ستی دژا یەتی کرد نی بوش و ئەمریکا یە ، لەوانە یە ئە مەش جۆر ێك ب ێت لە داواکرد نی سۆز لە گرو پەکانی دژ بە ئەمەریکا لە عێراقدا ، وا تە لە گەڵ دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستەکەی و لەدە ست دا نی بەرژەوەندی یەکانی ، هەڵوێ ستی سیا سی ١٨٠ پ لە وەرچەرخا، ئەو وتارەی کە لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا خوێند یەوە ، تا رادە یەك ختو کەی سۆزی مرۆ ڤی ت ێدا بوو بە ئارا ستەی بەزەیی پیاهاتنەوە. چونکە د . محمود هەندێك تاقیکردنەوەی شیعریشی هە یە لە چوار چێوەی دیوانێ کدا بە ناوی (عندما تذبل ورود الزعفران)، تەنا نەت شیعرێکی عاتیفی بە ناوی (نكبة حلبجة) لە لاپەڕە ١٤ دا بڵاو کردووەتەوە: شایانی وت نە هاوریێ یەتیو ، خۆشەوی ستی بەرێز مامۆ ستا عەلی عەبدول عەزیز هاذ یداوە بۆ وت نی قە سیدەکە ، نەك کارە ساتە بەکۆ مەڵ کوژیەکەی هەڵەبجە.!!

هەرچەندە بەرێز مەشهەدانی لە و تاری دە ستلەکار کێشانەوەکەیدا لە گەلێك دەر گای جۆراو جۆری دا ، زۆر بەی بابە تەکانی بە دەوری ئێ ستا و رابردووی خۆیدا دەسووڕایەوە ، دواجار پێی لەسەر ئەوە داگرت کە گوا یە بەرێزی هەرگیز دڵ و مێشکی رقیان تێدا نەبووە بەرامبەر بە کەس و شتی

زوو له بیرچووەتەوە و دڵی ئێجگار پاك و بێگەردە ، بەڵام من لەم مەیا نەدا لەگەلی نیم و دەشێت به بەڵگەوە تەنها حا ڵەتێك بخه مه بەردەم خوێنەری کورد ، جارێکیان به شایەتی و ئامادەبوونی بەرێزان ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستان وتارێکی له چەند پەڕەیەکی قەبارە بچووك دا به سەر ئه ندامانی پەرلەماندا دابەش کردو وتی : سبەێنی دەیخوێنمەوە دەبێت رای خۆ تانم دەر بارەی وتارە کەم بدەنێ، به نده دووەم کەس بووم لەوا نەی که به شێوازێکی ئەکادیمی و له سەر بنەمای لۆژیکی (ئەرستۆ) هه شت خاڵی خه ست و خۆڵم له سەر وتارە کەی خوێندەوە ، دوا جار ئەوە شم ووت: که پێدەچێت خۆی نەینوسیبێت، چونکه هه ڵەی فرەی کرد له خوێند نەوەی وتارەکەی دا، جگه لەوەش هەموو وتارێك (خطبة ) دەبێت (مقد مة، عرض، خا تمة )ی هەبێت و زمانی وتاری نێو پەرلەمان دەبێت روون و سیا سیانه بێت ، نەك ئامۆژگاری و یاریکردن به وشه ، جگه لەوەش وتارە کەی به شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ و مەجازی، رەشبینی تێدا بوو بەرامبەر به ژیانی دیمۆکراسی و ئەو هەموو کوشت و کوشتار و تیرۆر و خۆ تەقاندنەوانەی له ئه ستۆی تیرۆرێ ستان لادە برد و دەیخ سته ئه ستۆی ئەو ئازادی و دیمۆکراسیەتەی که ئێستا له عێراق دا بەرکەماڵە، واته جۆرێك له سۆز بۆ را بردوو، له بار تەقای ئەم رەخ نه بابەتیه که زۆر بەی پەر لەمانتارەکان دەستخۆ شیان لێ کردم، تا کۆ تایی جەله سەکەو له گەڵ ق سەکردنی هەر یەکێکی تردا بەرێز مه شهەدانی بەرقێکی خه ستەوە چەند بارەی دەکردەوە و دەیوت (نەك وەك کاك رەئووف که به وتارەکەم دەڵێت : (تزويق لفظي ) جگه لەمەشیان بۆ ماوەی ساڵێك رێگای هاوبه شیکردنی گفتو گۆی لێ تەنیم، ئەوەی شیاوی وتنه لەم بۆنەیەدا پەرلەمانتارێکی خودی بەرەی تەوافوق پێی راگەیاندم بەڵێ وتارەکەیان بۆ نووسیوەتەوە ، هەر چەندە به

لای بەندە شەوە ئا سایيە کە ئەمجۆرە سەرۆکە و تاری بۆ بنوو سرێتەوە .
بەڵام با بە باشی بخوێنێتەوەو باشتر بتوانێت بەرگری لیّ بکات.

دەمێنێتەوە ئەوەی کە بۆچی بەرێز مەشهەدانی دوای ئەوەی کە خۆی ووتی : دەست لە کار دەکێشمەوە ، پیاو خراپ ئەوەیە کە دەنگم بۆ نەدات، هەڵوێستی گۆڕاو و پا شگەز بووەوە لە دە ست لە کار کێشانەوە ؟ د یارە فـ شاری (تجـ مع تذ سیقی) و بە شێك لە بەرەی تەوافوق لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەبێت هەر بمێنیتەوە و دەست لەکار نەکێشیتەوە ، چونکە مانەوەی ئەم لەو پۆستە گرنگە و زامنی بەرێوەبردنی چەندین کاری وەك ٢٢ی تەمووز دەبـ ێت، دە توانم ئەوە بـ ڵێم کە سەخترین کات لە بەردەم مەشهەدانیدا ئەو چرکەساتە درامیانە بوو لە نێوان ما نەوەی لە پەرلەما ندا لە سەر خوا ستی (تجـ مع تذ سیقی)و فـ شاری (١٥٠) ئە ندام پەر لەمان بۆ دە ستلەکار کێ شانەوەی، چونکە هەموو دەر گا و پە نجەرەکانی لە سەر داخرا بون ، بە هەر حاڵ دوای راگەیا ندنی دە ستلەکار کێ شانەوە لە سەرۆکایەتی پەر لەمان، هەموو سەرۆکی گرو پەکان وەك ئە تەکێتێکی ئیداریی و سیا سی، دەستخۆ شی دەستلەکارکێشانەوەیان لێکرد، چۆنکە وەك وتیان پەرلەمانی عێراقی لەم تەنگەژەیە دەرهێنا، هەندێکیشیان کەم تا زۆر پیایا ندا هە ڵدا لە رواذ گەی (اذ کروا محا سن مو تاکم ) چونکە تازە پۆستەکەی ئەو مردووە و بۆی زیندوو نابێتەوە ، دەمێنیتەوە ئەوەی کە بپرسین ئایا کیّ جێگای مەشهەدانی دەگرێتەوە ؟

ئا یا ئەوەی کە دوای ئەو دەبێ تە سەرۆکی پەر لەمان، نوێ نەری راستەقینەی بیروبۆچوونە سیا سیەکانی بەرەی د یالۆگ دەبـێت بە هەموو قەومچێتی و پەڕگیرییە کەوە ؟ خۆ ئە گەر وابێت ئەوە هەر درێژە پێدەری سیاسەتی ئەوە و تەنها دەموچاو گۆڕاوە، خۆ دوریش نییە بـڵێین رە حمەت

له کفن دز ، کەواتە کێشەکە سیاسیە، بەرلەوەی شەخسی بێت، هەرچەندە کێشەی مەشهەدانی فرەلایەن و ئاڵوز بوو ، ئا یا دیمۆکرا سیەتی تەوافوقی بە بارە پۆزەتیڤەکەیدا سەرۆکی تازە پیادەی دەکات یان دەیکا تە چەکێکی نەگریس بۆ کپکرد نی ماف و داوا را ستەکان ؟ گرنگ ئەوە یە ئێ ستا لە پەرلەمانی عێراقدا هێزیکی چاودێریکەر هەیە ، ئەم هێزەش هەرگیز قا یل نابێت بە پێ شیلکردنی را ستی و دە ستوور و هەمیشە شەش پابە ندە بە پیادەکردنی بە ندەکانی دیمۆکرا سیەت لە هۆڵی پەرلەما ندا، د یارە ساڵی ٢٠٠٩ تاقیکردنەوە یەکی نویێ دەبێت لە پەر لەمانی ع ێراق دا و گەرە کە ئێ مەش رە شبین نەبین بەرامبەر پەر لەمان، هەر چەندە پەر لەمانیش وەك دەزگا یەك، خاڵی نییە لە درك و زەردە ماری بێئا مان، د یارە سەر چاوەی گەشبینیەکەشمان ملنەدانمانە بە هەر هێز و کەسێك کە لە دژی خوا ستە رەواکانی میللەتی کورد بوەستێتەوە . دەبێت هەمیشە ئەو را ستیەمان لە بەر چاو بێت کە هیچ هاوپەیمانی یەك یان دژایەتیەك لە هۆڵی پەرلەماندا تا سەر نابێت و لە گۆڕانی سەروو مردا یە، ئەوەی تا سەر دەمێنێتەوە و بەرگری لێ دەکرێت ، بەرژەوەندییە جیاجیاکا نە، وا تە دۆزینەوەی ئەو هاوکێشە بابەتیانەیە کە خواستەکانی میللەتی تیدا دێتە دی.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٣٨٠ لە ٢٠٠٩/١/٨ بلاوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق
# لە نێوان ململانێی سیاسەت و مەزهەبدا!!

لە دوای روو خانی رژێ مە دیکتاتۆره کەی سەدام حـ سێنەوه ، بەرێوەبردنی دەوڵەت لە بەغدا شێوازی دابەشکاری (محاصصة) مەزهەبی تایفەگەری و وەرگرتووه لە نێوان گروپ و حیزب و پێکهاتە سیاسیەکاندا، دە توانین بە شێوەیەکی گ شتی ئەو لایەنا نە بکەیـ نە (٤) چوار کەرتی سەرەکییەوه ، کە یەکێکیان بەرەی ( تەوافوق)ە کە بریتیـ یە لە سوننە مەزهەبەکان و بەرەی ئیئتیلاف کە شیعە مەزهەبەکانن و گەورەترین لایەنن لە عێرا قدا، هاو پەیمانی کورد ستان و بەرەی (العراقية) کە تێکەڵەیە کە و مۆرێکی عیلـ مانی پێوه یە ، حەز دە کەم ئەوەش بـ ڵێم کە هەموو ئەو پێکهاتا نە جـ گە لە هاو پەیمانی کورد ستان ، لە ئەنجامی نە سازانی بەرژەوەندیـ یەکان ، چەندان جار تووشی کەرت بوون بوون و لاوازی روی تێکردون، سەرجەم پلە و پایە ئیداری و عەسکەرییەکانی رژێم ، بەسەر ئەو چوار لیـ ستەدا دا بەش کراون . گەورەترین کێ شمەکێش و چورتم کە دوچاری فەرمانڕەوایی بە غدا بووه (جـگە لە کاری تیرۆریـستی و تێـکدان) ئەو دابەشکارییەیە بە پێی قەبارەی چەندێتی ئەو چوار لیستەی پەرلەمانە. چونکە زۆربەی جارەکان ئەو پۆستانە دەدرێنە خەڵکی نە شیاوو نا حاڵی و کەم سەواد، گرنگ ئەوەیە فلانە پۆست بۆ فلا نە لایە نە، دەبـێت هەر ئەوان پڕی بکەنەوه . ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا بۆ ئەو سێ ساڵی حوکمە. ئەوەی سەلماندووه کە چەندان جار وەز یر، بریـ کار، بەرێوه بەری گ شتی، لە پۆ ستەکانیان لا براون، لە بەر نە شیاوی و نز می ئا ستی ئەکادیمی و پیـ شەیەتی (المهذ ية)، تەنا نەت چەندان شەهادەتنامەی ساختە لە لا یەن هەیـ ئەی نەزا هەوه دە ستی بە سەردا گیراوه ، د یاره خۆدی پەر لەمانی

عێراقیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە ، واتە ئەم کێشەی دابەشکارییە مەزهەبی و تائیفەییە، دەستیان ناوەتە بینی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە و بە توندی ئازاریان داوە و نەیانهێشتووە گەشەی ئاسایی خۆی بکات، دیارە کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش یەکێکە لەو کێشانەی کە سێ ساڵی رەبەقە پەرلەمانی عێراق پێوەی دەناڵێنێت و زۆر هەلی دەرکەوتنی یاسا و پرۆژەی ئەکتیڤ و کاری خزمەتگوزاریی و شارستانی لە دەست داوە .

لابردنی محمود مەشهەدانی وەرچەرخانێکی چۆنیەتی (نوعي) گرنگە و دەشێت زەنگێکی ترس بێت ، بۆ ئەو خاوەن پۆستە نەشیاو و لاوازانەی کە تەراتێن دەکەن لە مەیدانەکەدا و تەنها و تەنها کار بۆ خۆدی خۆیان بەر لە هەر کەس، ئینجا گروپەکانیان دەکەن، و بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی و نیشتمانی کەمتر دەگرنە ئەستۆ، جار هەبووە کە وەزیرێك تازە هاتووەتە وەزارەتێك ، زۆربەی پۆستە گرنگەکانی بۆ پێکهاتەی خۆی داناوە و ئەوانی تر لە ژێر چەندان بڕو بیانوودا پایدۆز پێ کردوون . هەر بۆ نموونە ساڵی پار لە ماوەی مانگێکدا لە (دارالمأمون) دوو جار بەڕێوەبەری گشتی گۆڕاوە و لیژنەی بەدواداچوونی بۆ کراوە و گێژاو دروست بووە، بە هەمانشێوە لە (دارالافاق) یش ،جارێك لە سەر داوای پەرلەمانی عێراق وەزیری بازرگانی بانگهێشت کرا بۆ لێپرسینەوە و سەرو دڵی بە باشی گیرا ، بەندە سکاڵای شاری سلێمانیم خوێندەوە کە لە بەڕێوەبەرایەتی خۆراکم وەرگرتبوو بە ژمارەو و بەروار و مانگ و رۆژ، هەموو کەموکوڕیەکانم خستە بەردەم وەزیر و پەرلەمان ، لەروی کەمی بەشی خۆراك و بەسەرچونی هەندێکی و درەنگ گەیشتنی هەندێکی تر و خراپی و بێبایەخی هەندێکی تر ، تەنانەت خودی وەزیریش دانی نا بە مەزلومیەتی شاری سلێمانی لەم بوارەدا، بەڵام

گروپەکەی بەرگری توندیان لێکرد و بە وەزیری باش و ئەکتیڤیان لە قەڵەم دا، هەرچەندە دەشیانزانی ئامارەکانم راستن و ئەمە کێشەی هەموو عێراقە، دیارە ئەم دیاردە نالەبارە دەنگدانەوەیەکی زەقی بیر و هزری مەزهەبیەت و حیزبایەتی کوێرانەیە و دەستی ناوە تە بینی بەرێوەبەرا یەتی دەوڵە تەوە و لە ئێستا و داهاتوشدا دوریدەخاتەوە لە بە (مؤسسات) بوون و جۆرێك لە ئیدارەی لاواز و مەزهەب مەشرەب و میلیشیات بەرهەم دەهێنیت.

سەرۆکی پەرلەمانی داهاتووی عێراق لە بەشی بەرەی (تەوافوق) ە ، دەبێت ئەوان ئەو پۆستە دیاری بکەن ، دیارە بەرەی تەوافوق (٤٤) کورسیان هە یە لە پەرلەمان و (٢٢) ئەندامی ئەم بەرە یە لە حیزبی ئیسلامین و ئەیاد سامەڕایی بەرێوەیان دە بات و دەمرا ستی فەرمیا نە، عەدنان دەلیمیش (١٠) کورسی هەیە و سەرۆکایەتی (موتمر أهل عراق) دەکات و (خلف علیان و صالح مطلك) (١٢) کورسیان هەیە و سەرۆکایەتی (مجلس الحوار الوطنی) دەکەن.

ئەم سێ گروپە، بەرەی (توافق) دروستدەکن و ئێستا تە قەیان تێکەوتووە و لەیەك دەخوێنن، هەر لایەنەو دەیەوێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ خۆی بەرێت ، ئەو دوو گروپە ئەڵێن حیزبی ئیسلامی بەشی خۆی بە زیادەوە بردووە گەرەکە دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان بن، حیزبی ئیسلامیش لەو بوارەدا سەرسەختی دەنوێنن و لە بار تەقای ئەم ململانێیەدا پەرلەمان تووشی داهێزران و سستی بووە .

بەرەی (تەوافق) لە بەرامبەر ئەو (١٤) کورسیەدا کۆمەڵێك پۆستی گرنگی بچڕیوە و بەشی شیری ئەو کورسیانە بەر حیزبی ئیسلامی کەوتوون ، ئەم پۆست قۆرخ کردنە فرەیەی حیزبی ئیسلامی ترسی لای هەندیك گروپ دروست کردووە و لە ئایندەی ئەم حیزبە دەترسن و رایان

وایە کە لە داهاتوودا دەبنە نوێنەر و دەمراستی هەموو سوننەی عێراق و قورەکە خەستتر دەبێتەوە .

حیزبی (دعوە) بە ١٢ کورسی پەرلەمانەوە هەلی پشتگیری کرد نی بەرەی ئیئتیلاف و کوردیان قۆستەوە و مالیکیان کردە سەرۆك وەزیران و ئێستاکە ئەو گروپانەی کە دەنگیان بۆ داوە ، هەموو پەشیمانن و دەڵێن بە تاك لایەنە ئیش دەکات و بەرژەوەندیی خۆی و حیزبەکەی خستوتە سەر هەموو شتەکانی ترەوە ، تاکرەوییە کەی سنوری بەرژەوەندیی گشتی بەزاندووەو هەوپەیمانەکانی دوێنێی ئەفەرۆز کردووە ، پۆستەکانی بەرەی تەوافوق بریتین لە :

جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی جمهوری، سەرۆکی دیوانی پەرلەمان، وەزیری ژنان، وەزیری خوێندنی بالا، وەزیری گەیاندن، وەزیری روناکبیری، وەزریری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە ، جگە لە چەندان پۆستی گرنگی تر، بەراوردێکی ورد لە نێوان کورسییەکانی هاوپەیمانی کوردستان کە (٥٨) کورسیە لە پەرلەمانی عێراق دا لەگەڵ بەرەی تەوافوق کە ٤٤ کورسییە ، دەمانگەیەنێتە ئەوە کە بەشی ئەوان پترەو سودی فرە و قەبەتریان لە دەوڵەت وەرگرتووە و باشتر جێی حیزبەکەیان لە دەوڵەت کردووەتەوە ، حەز دەکەم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە دەبێت پۆستەکانی هاوپەیمانی لە کوردستان لە بەغدا، لە سونگەی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانەوە خاوەنەکانیان کاریان بۆ بکەن، لە هایەك مویەك بکەنەوە، واتە سەرەتا بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و ئێنجا نیشتمانی و عێراقی لە بەرچاو بگیرێت، خۆ ئەگەر وا نەبێت بوونی پۆستەکان هیچ ئەرزشێکی سیاسی و ئابووری نابێت و تەنها و تەنها بەرژەوەندی تاك فەراهەم دەکات، بۆ نموونە وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە کوردە بواری ئەوەی هەیە کە دەرفەتێك بدۆزێتەوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵێك قوتابخانە و خانوبەرە و خەستەخانە لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و کەرکوك و شەنگار و جەلەولا و مەخمور، لەبەر ئەوەی رژێمی

پێشوو ئەو ناوچانەی فەرامۆش کرد بوو، جێگیری وەزیری رو شنبیری لە بەغدا، بە حوکمی گرنگی پۆستەکەی دەتوانێت گەلێك کتێبی کوردی بە چاپ بگەینیت، چەندان کۆنگرە و چالاکی لە مەڕ ئەدەب و روناکبیری لە دەرەوە و ناوەی ع ێراق ئەنجام بدات، ئەدیب و نوو سەرانی کورد لە کونگرە کانی دەرەوەی ع ێراق هاوبە شی پێبـ کات و دەنـ گی کورد لەو کەناڵەوە بگەینێت بە عێراق، جێگری خوێندنی باڵا دەتوانێت بەشی گەورە لە ( بعـ ثة)ی دیرا سی بۆ خوێـندکاری کورد وەربگرێت بۆ خوێـندن لە دەرەوەی وڵات، زانکۆ کانی هەرێمی کورد ستان هاوبە شی پێبـ کات لە رێکـ خراوە نێودەوڵەتـ یەکان و دەوڵە تە بەخـ شندەکان (ا لدول الما نحة).
جێگری وەزریری بازرگانی دەبێت جێدەستی دیار بێت لە باش گەیا ندنی بڕە بەشی خۆراکی کوردستان و فشار هێنان بۆ وەزارەتە کەی، بۆ هێنانی خۆراکی باش و بەسەرنە چوو، جێدە ستی د یار بـ ێت بۆ م سۆگەرکردنی گرێبە ستە بازرگانـ یەکانی وەزار تی بازر گانی بۆ کورد ستان، بۆ خز مەتی هەرێمی کوردستان ، لە هەموو بوارەکانی ئابوری کۆمەڵایەتی و شارستانی و خوێندنی باڵا و ئاوەدانکردنەوە لە رێگای بەغداوە. دەبـێت سەرۆکایەتی کورد لەم بوارەدا بە پلا نی ورد و تۆک مە ، ئارا ستە کەر و چاودێر و لێپێچینەوەی هەبێت لە گەڵ هەموو پۆ ستەکانی بە غدا، بۆ بەگەڕخـ ستنی ژیرانەی ئەو پۆستانە کە لە بەرژەوەندی کورد ستانن، پشتگوێخـ ستنی ئەم ئەرکە، زیانی گەورە لە ئێستا و داهاتووی کورد دەداو هەلەکەمان لەدە ست دەچێت.

ئێستا حیزبی ئیسلامی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ، ئەیاد سامەڕایی دەستنیشان کردووە ، بە بەراورد لە گەڵ خەڵکە کاند ید کراوە کانی بەرەی د یالوگ ، ئەو با شترین و گونجاوترینیا نە، نەك بە تەنها لە بەر ئەوەی کە سەر بە حیزبێکە جۆرێك لە یەکێتی بیر و هەڵوێستیان هە یە بەرام بەر بە رووداوە کان، بەڵکو لە هەموو لایە نە تو ندڕەوەکانی بەرەی تەوافوق

م یانڕەوترو گو نجاوترن لە گەڵ هاو پەیمانی کورد ستاندا، ئە مە ج گە لە ئەهم یەتی سیا سی هاوپەیمانیەت یە چوارقوڵیەکە، هەر چەندە لە ٢٢ی تەمووزدا هاوپەیمانییە کەیان پێ شیلکرد و زۆر بە ناجوامێرا نە پ شتیان بەردابن!! لام وابێت هاوپەیمانیکردن لەگەڵ بەهێز و یەك دەنگ، با شتربێت لە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ گروپی شل و شۆلدا، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، لە هاو پەیمانی کرد نی گرو پی بەهێز و سەر سەخت، زۆر جار و لەهەلومەرجی جیاوازدا توشی زیانمان دەکات، ئەگەر ئاگاشمان لە خۆمان نەبێت بۆ مەبە ستە د یار و نادیارە کانی خۆی بەکارمان دەهێنێ یت، و (إحتواء)مان دەکات، دەبێت هەردەم هاوپەیمانیەکەی مالکیمان لە بەر چاو بێت، کە چۆن داواکاری یە دە ستوریەکانی کورد، پ شت گوێ دە خات و دەیەوێت دەستوریش بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بگۆڕی و هەتا ئێستاکەش هەنگاوەکانی لەمەڕ جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) گوما ناوی و تەگەرە ئامێزە.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بۆ ئەم سێ ساڵەی خولی پەرلەمان ، کۆمەڵیك تاقیکرد نەوەی تاڵ مان پێ شان دەدات، کە حیز بی ئی سلامی بەرام بەر هاو پەیمانی کورد ستان نواندو یەتی و نابێت بخرێ تە خا نەی لەبیرچوونەوەوە ، ، لەدەنگدان بۆ یاسای هەرێم و پارێزگاکاندا ، چونە پاڵ (تجمع التنسیقی) کە سەرسەخترین دوژمنی کوردن ، دەستیان جەڕاندین ، لەدەنگدان لەسەر بودجەی ٢٠٠٨ و بڕینەوەی ١٧٪ بۆ هەرێمی کورد سان، وتیان دەنگتان نادەینێ هەتا دە نگ بۆ یا سای لێخۆش بوون نەدەن ، کە ناچار کراین و بووە هۆی بەردانی چەند گومانلێکراو و تیرۆریستێك.

سەبارەت بە مادەی (١٤٠) تاریق هاشمی چەندان جار دژا یەتی نواندووە چ بە لێدوان ، چ بە تە گەرە چ بە ها ندانی عە شرەتە عەرە بەکانی

ئەو ناو چانە، لە کۆبوو نەوەی ٢٠٠٨/١٠/١٩ دا کە بەرێز بر یاردەری پەر لەمانی ع ێراق عەبدولئە حەد ئەفرام، نوێ نەری ک لد و ئا شوور لە گەڵ بەرەی تەوافوق ئانجامیداوە بۆ قسەکردن لەسەر هاوبەشیکردنی کەمینەکان لە هەڵبژارد ندا ، ئەیاد سامڕایی وتبوی حیزبی ئیسلامی ناوێریێت سێ کور سی بۆ هەر یەك لە کەمینەکانی مووسڵ تەرخان بکات، چونکە لەوە دڵنیاین کە ئەم کەمینا نە وا تە شەبەك و یەزیدی و کلد و ئا شور ، دەبنە هاو پەیمانی کورد ستان و ڕێژەی کورد لە موسڵ بەرز دەبێتەوە و موسڵ دەکەوێتە بەر ترسی کوردەکان و لەدەستمان دەردەچێت، بەڵام ئامادەین لە بە غدا سێ کور سیان بدەینێ، د یارە بۆ ئەوەی کە لە کور سییەکانی شیعەکان کەم بێتەوە !! واتە خودی ئەیاد بە شێوەیکی ناڕا ستەوخۆ دا نی بەوەدا ناوە، کە کورد لە موسڵ پێگەی زۆرەو ئەو نا یەوێت وابێت، وا تە سیاسەت دەکات نەك ئایینخوازی!

مەحمود مەشهەدانی لە دوا وتاری دەستلەکارکێشانەوەی دا رویکردە سەرانی حیز بی ئیـ سلامی و و تی( ا نتم ور طونی) وا تەئیوە مذ تان توشکردومن گویرا یەلێم کردن، جگە لەوەش پێیوتن ئێوە (پیلانگێرن)، تەنا نەت لەووتارە ب چکۆلە یەداکەبەرێزئەیاد سامەرائی بۆمال ئاوایی مەشهەدانی خوێندیەوەهۆن هۆن ئاودەهاتە خوارێ لەچاوی، ئیتر نازانم ئەو فرمێسکانە کامە فرمێسکن؟!

هەتا بڵێی را ستە، ئەگەر ئەیاد سامڕایی ببێتە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. سەرئێشەیە بۆ مالیکی و شیعە مەزهەبەکان و شکستێ کیشە بۆ (تجمع التنسیقی)، کە ئەمە بۆ هاوپەیمانی کوردستان دۆخێکی پۆزەتیڤە، چونکە ئێستا مالیکی و ( تجمع تنسیقی) بە ئا شکرا و ذهێنی دژا یەتی بەشێکی فرە لە خواستەکانی هاوپەیمانی کوردستان دەکەن، بەڵام ئا یا لە

پەنای ئەم دەنگدا نەی هاو پەیمانی کورد ستان بۆ حیزبی ئیسلامی، (وەك گریمانەیەك)، ئەیاد چی بۆ کورد دەکات، وە تا چەند ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی کورد لایەنەکانی تر لە خۆی زویر بکات؟ کێ دەڵێت لە قۆ ناغ و بۆنەیە کدا و لە گەڵیان پ ێك نا یەت و جارێکی دی پ شتی هاوپەیمانی کوردستان وەك (٢٢)ی تەموز نادا تەوە لە ئەرز؟ د یارە ئەما نە هەموو گریمانەن و دەشێت حسابی وردیان بۆ بکرێت.

لە پەنای سیناریۆی دانانی ئەیاد سامەڕائی دا بۆ سەرۆکی پەرلەمان ، هەندێك لا یەنی شیعە و حیزبە کەی مالیکی عە بد موتلەك جبوری کاند ید دە کن بۆ سەرۆکی دا هاتووی پەر لەمان، عە بد موت لەك ئەڤ سەرێکی پایە بەرزی سەردەمی سەدامە و سوننە مەزهەبی شە، ئەم ئەلتەرناتیڤە کەسایەتییەکی لاوازی هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەیاد دا و حیزبی بەهێزیشی لە پشتەوە نییە، حیزبی دە عوە پ ێی وا یە ئەم کە سایتیە لاوازە، ئە گەر بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان ، لە لا یەك سوننەکان رازی دە کرێن، لە لا یەکی تریشەوە جێگری یەکەمی پەرلەمان کە خالید عەتیە یە بە ئارەزوی خۆی دەتوانێت کڵاوی بکا تە سەر، و چی بیەوێت بیکات، د یارە لەو حاڵە تەدا مالیکی ترسی پەرلەمانی نامێنێت بەوەی کە رۆژێك بانگهێشت بکرێت و داوای دەستلەکارکێشانەوەی لێبکریت؟!

لە پەنای ئەم دوو سینانرۆیەدا ئە گەرێکی تر هە یە، کە سێ کە سی بەرەی تەوافوق خۆ یان کاند ید بکەن و دەبێت یەکێکیان زۆرینەی رە ها بهێنێت کە نابێت لە ١٣٩ دەنگ کەمتر بێت.

دە شێت لە کۆتایدا بڵێم ئا یا کاری کورد بە تەنها قۆتکرد نەوەی نەیارەکانیەتی بەرامبەر یەکتر؟ یان لە پەنا ئە مەدا کار بۆ خوا ستەکانی

ده كات و پرۆژه كانی  چیٚ ده كات و هاوكیٚ شه سیا سییه تۆك مه‌كان ده‌دۆزیٚته‌وه؟!

به جیٚهیٚنانی ئه‌رك و پیٚداویستیه‌كانی هاوپه‌یمانی كوردستان له وه‌ها ناوه‌ندیٚكی پڕ له پیلان و پاشقولگرتن و ده‌ست جه‌ڕانندا جۆریٚكه له گه‌ڕان به نیٚو كیٚلٚگه‌ی میندا ، با بزانین سالٚی ٢٠٠٩ چی به‌ده‌مه‌وه ده‌بیٚت؟!

ئه‌م بابه‌ته له رۆژنامه‌ی (رۆژنامه) ژماره ٣٩٤ له ٢٠٠٩/١/٢٨ بلاٚوكراوه‌ته‌وه.

## بودجەی ٢٠٠٩ لە بەردەم پەرلەمانی عێراقدا.
## خوێندنەوەیەکی بابەتی و رەخنەگرانە "

بود جەی هەر ولاّ تێك لە ولاّ تانی ئەم سەرزەمینە رۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگ و کارا دەبینێت لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئەو بەرنامە جۆراو جۆر و دور و نزیـ کەی کە دەورێ کی کارا دەبـ ینن لە بەرەوپێ شبردن و گەشەسەندنی کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان، نەك لەسالێکی رەبەقدا بە تەنها ، بەڵکو لە چەند سالّیکدا ، چونکە زۆر جاران هە ندێك پرۆژەی پێنج یان سێ یان دە سالاّن بە بود جەی تایـبەت رە نگ دەر ێژرێت، بۆ ئەوەی ئەو بودجە یە بخرێ تە قۆ ناغی جێبەجێکرد نەوە، دەبـ ێت بخرێ تە بەردەم پەر لەمانی ئەو ولاّ تەوە ، بۆ بەدوادا چوون و گفتو گۆ کرد نی چڕوپڕ دەربارەی هەموو ئەڵقەکانی و لەسەر بنەمای ئەو شرۆڤە و شیتەڵکردنانە، دە شێت با بەتی بود جە گۆڕاذ کاری بە سەردا بـ ێت و بخرێ تە ئا ستێکی سەقامگیری و بابەتیـ یەوە ، چونکە لیژ نە جۆر بەجۆرەکانی پەر لەمان هەریە کەو بە پـ ێی پەیوە ندی و تایبەتمە ندی خۆی سەرنج و پرۆژە و ئاگاردار کردنەوەی خۆی هەیە و ناکرێت بە بێ رەچاوکردنی ئەو تێبینیانە ئەو بودجە یە دەر باز ببـ ێت ، د یارە دار شتنی بە ند و فە قەرە و سیا سەتە گ شتیەکانی بود جە لە لا یەن ئەنجو مەنی وەزیرا نەوە دادەر ێژرێت و دوای ئیمزا کردنی سەرۆك وەزیران و هەر دوو جێگرەکەی و وەزیرەکان سەبارەت بە پێکها تە سەرەکیەکانی بود جە، هە ندێك پـ ێی وا یە بود جە بە تەنها بابەتێکی دارایی و ئابورییە، هەندێکی تر لایان وایە کە بایەتێکی دارایی و ئیداریـشە ، بەڵام لە را ستیدا لە گەڵ دارا یی و ئیداریەکە شدا، جێپە نجەی تۆخی باری سیاسیشی بەسەرەوەیە ، لە هە ندێك ولاّ تی جیـهانی سێهەمدا لایەنە سیاسیەکە ئاراستەی دوو لایەنە کەی تر دە کات، کە ئە مە خۆی لە

خۆیدا بە خاڵێکی نگەتیڤ هەژمار دەکرێت و مەرجە هەر سێ لایەنەکە لە هاوکێشەیەکی با بەتی زاڵ ستیانەدا رێك بخرێن ، یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی بودجەی پوزەتیڤ ئەوەیە کە دەبێت هاوکێشەیەکی گونجاو هەبێت لە نێوان داهات و خەرج کردندا، بە هەر دوو بوارەکەیەوە خەدەمات و بەر هەمهێنان( استثمار ). هەر چەندە تایبەتمەندیە جیاوازەکانی هەر وڵاتێك بودجە بە ئاراستەیەکدا دەبات کە لەگەڵ ئابووری ئەو وڵاتەدا بگونجێت، چونکە بنەما ئابووریەکانی وڵاتان جیانو هەر ئەو جیاوازیەشە، کە سنوربەندی سیاسەتی بودجە دەکات ، لە ٢٠٠٩/٢/١٨ دا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراقەوە و دەشێت گفتوگۆی جدی و تەنانەت توند و تیژیشی لە سەر بکرێت، هەر بۆیە حەز دەکەم تێبینیە تایبەتمەندییەکانی خۆم لەمەڕ بودجەی ٢٠٠٩ی عێراق بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی کوردەوە و بە هەمان ئاراستەش بیخەمە بەردەم دانیشتنەکانی داهاتوی پەرلەمانەوە :

١. لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیا بودجە لە مانگی دە یان یانزە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردن و پێدا چوونەوەی گۆڕانکاری، بۆ ئەوەی لەسەری ساڵدا واتە کۆتایی مانگی ١٢ بریاری لەسەر بدرێت ، بەڵام بەداخەوە هەموو ساڵێك (٣) مانگ دوای دەخەن و کە دەیخەنە بەردەم پەرلەمانیش دەیانەوێت بە کاڵ و نەکولاوی لە هەفتەیەکدا دەنگی بۆ بدرێت، واتە لە کانی دواکەوتون و لە رێگەپەلە دەکەن!! ئەم دیاردە نێگەتیڤە دەبێتە هۆی لەدەست دانی پشووی ساڵانەی پەرلەمان.

٢. دەبێت بەرلەوەی کە بودجەی ٢٠٠٩ بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراقەوە بۆ تاوتوێ کردن، حساباتی کۆتایی (الحسابات الختامية)ی ساڵی ٢٠٠٨ بە وردی بخرێتە پێش چاوی پەرلەمان و دیارە پێش ئەوەش دەبێت

بخرێ تە بەردەم فل تەری (دا ئیرة الم فتش ال عام) لە وەزارەتەکا ندا، کە بە فەرمانی (٥٧) لە ساڵی ٢٠٠٤ دا برێمەر بۆ بەهێز کردن و گەشە سەندنی د یوانی رەقا بەی مالی دایمەزرا ند ، هەروەها هەی ئەی نەزا هەش کە بە فەرمانی ژ مارە (٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بر یمەر دا مەزرا ، ئە مە ج گە لە فلتەری دیوانی چاودێری دارایی کە بە فەرمانی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٠ دامەزراو گۆڕانکاری تازەکردنەوەی هەندێك بابەتی تێدا کرا ، بەڵام جێگای خە مە کە تا ئێ ستا ئەم ح ساباتە کۆتای یە نەخراوە تە بەردەم پەرلەمانتارانەوە ، دیارە ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە و بەڵگەی نەبوونی شەفافیەتە لە کارەکان دا و بووەتە مایەی نیگەرانی و بێمتمانەیی لە نێوان پەرلەمان و لا یەنی جێبەجێ کەر، لە لا یەك لایە نەکانی شەقامی عێراق و دەسەڵاتی چوارەم بەرامبەر بە دەوڵەت قسە دە کەن جگە لەوەش لە لا یەك راپەڕاندن و خستنە پێش چاوی موازنەی تەواوکەری (الموازنة التكميلية) ٢٠٠٨ بوار خۆش دەکات بۆ پەرلەمان کە بەراوردێکی زانستیانە بکات لە نێوان بودجەی ٢٠٠٨ و بودجەی ٢٠٠٩ دا و لەو ناوەندە شەوە ئاوڕیك لە بڕی جێبەجێ کردن و پێداویستیەکانی ئێستا و داهاتوو بداتەوە.

٣. لەبەر ئەوەی کە دارایی عێراق پشت بە فرۆ شتنی نەوت دەبە ستێت، دیارە یاری کردنی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانیەکان دا رۆڵیکی گەورەی پرش و بڵاوی و نا سەقامگیری و پەلە پەلی بینیوە لە دار شتنی بود جەی ٢٠٠٩ دا، ئەمە جگە لەوەی کە بیانویەکی دروست کردووە بۆ دەوڵەت کە بە ئارزووی خۆی دەست وەر بداتە بودجەی وەزارەتەکان و هێندەی تر بوار برەخسێنیت بۆ گەندەڵی، دە بوو ئەنجو مەنی وەزیران بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەم کێ شەیەدا پ شتی بە شارەزا و پ سپۆرە لێ هاتووە نێودەوڵەت یەکان ببستایە، بۆ راست کردنەوەی ئەو دیاردانە.

٤. هەندێك وەزارەت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٨ دا داراییەكەی زیادی كردووە ، بێ ئەوەی رێگا و هۆكاری خەرج كرد نی ئەو زیاد كرد نە بە روونی خرابێتە بەردەم پەرلەمان، هەر بۆ نموونە وەزارەتی بازرگانی ساڵی ٢٠٠٨ (٥٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان كراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ دا كراوە بە (٦,٣) ترلیون دینار لەوانە یە مەبە ست لەم خستنە سەرە، سەركەوتنی نرخی شت و مەكی خۆراك بێت لە بازارە كانی جیهان دا، بەڵام پرسیار ئەوەیە : كە وەزارە تی بازرگانی بە گە ندەڵترین وەزارەت ناوزەد كراوە، لە نێوان دەستنیشان كردنی ئەو خۆرا كە هەرزان و بێ كەڵك و بە سەر چووە كە دەیدات بە هاوڵاتی ، ئەمە جگە لە چەندان لێپێچینەوەی هەیئەی نەزاهە لەم وەزارەتە ، بەڵام رووداوەكانی ئەم چەند ساڵە سەلماندوویەتی كە بەرێز مالیكی پشتی ئەم وەزیرەی گرتووەو ناهێڵیت هیچ لێپێچینەوەیەك لە مەڕ وەزیری بازرگانی سەر بگرێت، د یارە وەك لە سەرەتادا ووتم : یەكێك لە پێكهاتە نێگەتیڤەكانی بودجە، لایەنی سیا سیە ، بەڵام لە چوار چێوەیەكی سەقەت دا، لە لایەكی ترەوە پرسیارێك سەردەردەهێنیت، ئایا ئەو وەزرا تە ئەتوانێت لە ساڵێكدا (٦,٣) ترلیون دینار سەرف بكات؟ كامە رێگای دیاری كراوە بۆ فەقەراتی ئەو سەرف كردنە؟ ئەی ئە گەر نەتوانێت، ئەو بودجە یە بە كو ێدا دەبر ێت و چی لێ د ێت و لە كوێ دەگێر سێتەوە؟ تا ئێ ستا وەزارەتی بازرگانی قەرزاری هەزاران تەن خۆراكی خەڵكی كورد ستانە بێ ئەوەی بیر لە قەرەبوو كردنەوەی بكاتەوە لە بەرامبەر حا ڵەتی زیاد كرد نی بود جەدا بۆ هە ندێك وەزارەت، بودجە كەی هە ندێك كەم كراوە تەوە، بێ ئەوەی هۆكار و با بەتی لۆژیكی بخرێتە بەردەم پەرلەمان، سەیر لەوەدا یە هەندێك وەزرات لە ٢٠٠٨ دا نەیتوانییوە ئەو برە پارەیەی كە بۆی دا نراوە خەرجی بكات و بەكاری بهێنیت ، كە چی لە ٢٠٠٩ دا لەو برە پارەیەی كە

پار خەرجی نەکردووە زیاتری بۆ تەرخان کراوە، بێ ئەوەی هۆکاری ئەم زیاد وو کەمییە بخرێتە روو ، بودجەی بابەتی و تۆکمە و پشت بەستوو و بە زانست و ئامار، کاتێك کە دارایی وەزارەتێك زیاد دەکات و بەقەدەر بڕی ئەو زیادەیە پرۆژەی جۆربەجۆری نوێ و ئەرك دەخاتە سەر ئەو وەزارەتە، بەڵام بە داخەوە بودجەی ئەمساڵ ئەو وردەکاریی و یەکلایی کردنەوانەی تێدا نییە و دیاردەی گوترە کاری و خاترانەی تێدا زاڵە.

٥. بودجەی هەندێك وەزرات پێکڕا لکێنراوە و هیچ بیانویەکیش بۆ ئەم تێکەڵاو بوونە بەدی ناکەم، هەر بۆ نموونە وەزارەتی نیشتەجێ بوون و ئاوەدان کردنەوە (الاسکان و الاعمار) هەندێك بودجەی بۆ دیاری کراوە ، بە مەبەستی دروستکردنی خوێندنگا و خەستەخانە و مەخفەری سەر سنوور، تا ئێرە ئەم دیاردەیە ئاساییە ، بەڵام ئایا جۆرێك لە رێکەوتن و پەیوەندی و بیر گۆڕینەوە کراوە لەم بوارەدا لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و ناوخۆ ؟ چونکە ئەم وەزارەتانە پەیوەندی راستەوخویان هەیە بەم پرۆژانەوە ، ئەم دیاردەی تێکەڵاو بوونە دەبێتە هۆی شێواندنی تایبەتمەندیەتی و سیستەماتێك لە بواری ئاوەدان کردنەوە و بە خۆدا هاتن دا .

٦. جیاوازیەکی فرە بەدی دەکرێت لە نێوان پرۆژەی دیاری کراو بۆ شارەکانی عێراق، مەزڵومیەتی سەردەمی بەعس و ئەهەمیەتی جوگرافیا و پێویستی شارو ژمارەی دانیشتووان، پشت گوێ خراوەو بە وردی وەك پێویست حسابی بۆ نەکراوە ، لەوە دەچێت کاریگەرییەتیە جیاوازەکانی مەڕ حیزب و پێگەی حیزب و رۆڵی کەسایەتی تایبەت لەم بوارانەدا رەنگی دابێتەوە .

٧. هەندێك وەزراەت ئەرکێکی خراوەتە ئەستۆ و بودجەیەکی بۆ تەرخان کراوە کە دوورە لە تایبەتمەندێتی ئەو وەزراتە، هەر بۆ نموونە وەزارەتی

ناوخۆ بود جەی درو ست کرد نی خە ستەخانە و بیرل یدان لە سەر سنوورەکانی بۆ تەرخان کراوە ، یان وەزارە تی کار(وزارة العمل) بود جەی دروستکردنی ئوتیلێك لە نەجەف و مەرکەزێکی پزیشکی بۆ تەرخان کراوە، کوا پسپۆریەتی و ئەو بێسەر و بەریە لە پای چی؟ .

٨. (٦٣) ملیون دۆلار تەخان کراوە بۆ پرۆژەی ئا شتەوایی نیشتمانی (المصالحة الوطنیة) بیٚ ئەوەی ریٚوشوێنی دا بەش کرد نی ئەو بە شە پارە زۆرە دیاری بکرێت کە بە راستی ئە مە جێگەی دڵەڕاوکێیە بە تایبەت لە چونیەتی سەرف کردن و بەکار بردنی ئەو پارانە، ئا یا ئەو پارا نە دەدرێتە کیٚ؟ چۆن دەیاندرێتیٚ؟ بڕی (بەخشیشە) کان چەندن؟ کیٚ ئەم تەخشان و پەخشانە دە کات سەرۆك وەزیران یان موستە شارەکانی؟ بە ندە وای بۆ دەچێت، کە بەشی شێری ئەم بڕە پارەیە بەکار دەبرێت بۆ نزیك کرد نەوەی گروپ و لایەنەکان و عەشایر و مەجالیسی ئیسناد لە حیزب و دە سەڵاتی دەوڵەت، بە بۆچوونی من ئەم بڕە دارایی یە بە شێکە لەو بودجە یەی کە دەسەڵات و لە سەروو هەموویشیانەوە سەرۆکی وەزیران بە کاری دەهێنیت بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی داهاتوو، کە کەمتر لە ساڵێکی ماوە ، وا تە دەیا نەوێت کە پا ساوێکی ئایینی بۆ ئەم دا بەش کرد نە بهێنرێتەوە کە پێی دەوترێت: (مؤلفة القلوب) کە لە قورئان دا هاتووە، کە واتە ئەم بڕە پارە دیارە، کە (٦٣) ملیون دۆلارە بۆ نادیار ئا مادە کراوە!! ، دیارە ئەم تەخشان و پەخشانە وەك ئەوە وا یە کە بمانگێڕنەوە سەردەمی خولەفای عەباسی کە بۆ ناو و شۆرەتی شەخسی خۆیان کە دەکاتە حیزبی ئێستا، هەزاران دیناریان دەبەخشیە شوعەرای سەر بە دەسەڵات و دەیانوت (اعطوه الف درهم) و ئەوانیش پیٚایا ندا هە ڵدەدان، کە ئەو دیاردە یەی ئەوسا یەکسانە بە دەنگدانی مەجالیسی ئیسنادی ئێستا.

٩. بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، دەو ڵەت بودجە یەکی فرەی تەرخان کردووە بە ناوی (المنافع الاجتماعیة)، کە بەرێزان هەر سێ سەرۆکایەتیەکە دەیبەخشنەوە ، بەندە لە خوێندنەوەی یەکەمی (موازنة) دا داوام کرد کە با پەرلەمان یاسایەکی تایبەت بۆ رێکخستنی ئەم دابەش کارییە گەڵاڵە بکات، چونکە میزا جی شەخ سی و بەرژەوە ندی حیز بی و مەزهەبـ یەت و برادەرایەتی و ناو و شۆرەت ...هتد. لە بواری دابەش کردن دا رۆڵ دەبـینن ، با یارمەتـ یەکان بدرێ تە خەڵکی لێ قەوماو و دەر بەدەر و کەمئە ندام و ئاوارە،پرۆژەی بـچوکی خێر خوازی، نەخو شی تر سناك، لە هەمان کا تدا سەقفێك دانرێت بۆ بڕی پارە کە و لە ساڵیکدا جارێك یان ئەو پەڕی دوو جار بدرێتە ئەم نموونە خەڵکە بەشمەینەتە، چونکە بە داخێکی قورسەوە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بە بێ پاساوێکی دەستووری و یاسایی، سەرۆکی وەز یران بڕێ کی زۆر لەم بودجە یەو هی تری ئەملاولا شی بەخ شییە مەجالی سی ئی سناد بۆ دە نگ دان و پـ شتگیری لی ستەکەی و ئەوە بوو کاریگەریی فرەی هەبوو ، ئەم دیاردە نالەبارە نەك دوورمان دەخاتەوە لە بە (مؤسسات) بوونی عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی مۆدێرن، بە تەنها، بەڵکو پێگەی لادان لە دەستوور و بەرهەمهێنانی گەندەڵی دەهێنێتە گۆڕێ.

١٠. بەراورد کردن لە نێوان بودجەی (النفقات التشغیلیة) لەگەڵ (النفقات الأ ستثماریة) دەری دە خات کە لێکترازان و نابەرابەر یەکی سەیر بەدی دەکر ێت و هیچ هاوکێ شەیەکی با بەتی بەدی ناکر ێت، نەك هەر ئە مەش بەڵکو ئاسۆی گەشە پێدانی بەرهەم هێنان و بەهێز کرد نی ئابووری ع ێراق لە بواری سوود بینین لە توانا کانزایی و کەرە سەی لۆکاڵی و شت و مەکی خۆراك سازی ئێج گار لاوازە و دەبـ ێت هەر پـ شت بە دەرەوە بـ سترێت، تەنانەت موازنەی بەر هەمهێنانی (الموازنة الا ستثماریة) ٢٠٠٩ بە بەراورد

لە گەڵ ٢٠٠٨ دا ٤٠٪ کەمی کردووە و ئەم کەم کرد نەش داهاتوو یەکی بەرچاو روونی لێبەدی ناکرێت.

١١. جیاوازیەکی ئێجگار بەرچاو بۆ تەرخان کرد نی بود جە لە نێوان بوارە جۆر بەجۆرەکان دا بەدی دەکر یّت ، هەر بۆ نموو نە بواری ئاساي شی (١٤٠٨٩) بلیون دینا ری بۆ تەرخان کراوە بیّ ئەوەی ریّو شویّنی سەرف کرد نی ئەم بڕە پارە یە د یاری بکریّت، بەڵام بۆ کشتوکاڵ (١٩١٢) بلیون دینار بۆ کەرتی پیشەسازی (١٥٧٨) بلیون دینار بۆ پرۆژەی گەشە کرد نی هەریّم و شارەکانی عیّراق جگە لە کوردستان (٢٠٠٠) بلیون دینار تەرخان کراوە، بەڵام بۆ کوردستان (٨٠٦٥٧) بلیون دینارە، جیاوازییە کە ئیّجگار فرەیەو کوردستان تووشی زیانی گەورە بووە ، بە پیّی زۆری پارەی تەرخان کراو بۆ بواری ئا سایش و سەربازی، دە شیّت عیّراق جاریّکی تر بەرەو عە سکەرتاریەت بروات لە سەر حسابی لایە نە ژیار یەکانی تر، موازنەی ٢٠٠٩ پڕە لە کەلە بەر و ئەقڵی سیا سی باڵا دە ستە لە داڕشتنی دا نەك ئەقڵی شارەزا و بابەتییا نە پیّ دە چیّت لە پەرلەما ندا کیشمەکیّشی فرەی لەسەر بکریّت.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٤٠٨ لە ٢٠٠٩/٢/١٧ بڵاوکراوەتەوە.

# گەندەڵی خەمی ئێستا و داهاتوو...
# ئاسۆیەك بۆ چارەسەر!

لەبەر گرنگی بابەتەکە و پەلکێشانی گەندەڵی بۆ زۆربەی بوراەکانی ژیان، چ لە دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ و چ لە هەرێمەکاندا (مرکز البحوث والدراسات العراقیة) ئەم بابەتە گرنگەی فورمەڵە کردووە و دەشێت ئێمەی کوردیش سوودی لێوەرگرین، بۆیە بە باشم زانی کە لەگەڵ هەندێك تێچێنی خۆمدا، وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاو گەندەڵی دارایی و بەرێوەبردنە و لە نێوانیشیانەوە حەپەلوش کردنی سامانە گشتیەکانی عیراقە، رەگ و ریشەی گەندەڵی پێشینەیەکی مێژوویی و رۆشنبیری باوی هەیە ، لە عیراقدا کە بەوە دەشکێتەوە لوژدانی سامانی گشتی، واتە دارایی دەوڵەت

حەلاڵە و لە هەمان کاتیشدا دەوترێت سامان و دارایی بەرەلا بێخاوەنە، جگە لەوەش خەڵکێك دەڵێت : مادام دەوڵەتنا شەرعیە و دەسەلاتی قورخ کردووە، سەروەت و سامانەکەشی حەلاڵە بۆ عیراقیەکان ، لە سەردەمی عوسمانیەکاندا شیعەکان توانیویانە دەوڵەتی عوسمانی بە داگیرکەر و والیەکانیشی بە نامۆ بە خەڵك و گەندەڵ بناسێنێ، کە ئەمانە سامانی گشتی کۆ دەکەنەوە و کەسیش نازانێت چی لێ دەکەن و بۆ کوێی دەبەن ، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بە تۆپزی کوڕەکانیان دەبەن بۆ مردن و شەڕ، بێئەوەی بزانن لە کوێ و مەبەست لەو شەڕەش چییە . کەواتە دەوڵەتێك ئاوەها بێت دەست بەسەرا گرتنی سامان و موڵکەکەی حەلاڵە ، لەسەردەمی پاشایەتیش لە عیراقدا کە لە ژێر باڵی ئینگلیزەکاندا بوو، شیعە مەزەبەکان هەمان رایان هەبوو ، کە ئەم دەوڵەتە ناشەرعیە و رۆناکبیر و ئازادیخوازەکانیش بە دەوڵەتی بەکرێگیراوی بێگانە ناوزەدیان

دە کرد ، وا تە ئەو دەوڵە تەی عیراق نەیتوانی بە تەواوەتی شەرعیەت بە دە ست بـ هێنی و چەمکێکی نیـ شتیمانی بۆ سامان و دارا یی گ شتی دە ستەبەر بـ کات، ئەو کودە تا و شۆڕ شانەش کە لە ولا تدا روو یان دەدا، دۆخێکی ئەوتۆی هێنایە گوڕێ کە توێژ و چینێکی فرەی عیراقیەکان دژ بە دەوڵەت و چەمکی سامانی گشتی بوەستنەوە ، لە ساڵی ۲۰۰۳ دا دەو ڵەت لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو هەموو دۆسیە جیاجیاکان تێکەڵو پێکەڵ بوون و سامان و دارا یی گ شتی وڵات پەرت پەرت کرا، حەڵاڵ کردن و لوژدانی ئاسەوار و چەك و دۆکۆمۆمینتەکان شێوازێکی نالەباری گرتە خوی ، ئیتر هیچ لەم پەر و د یوارێکی ئەدەبی و ئەخلاقی لە ن ێوان دارا یی گ شتی و هاوڵا ت یدا نەما و جیا کاری دەروو نیش لە ن ێوان دەو ڵەت و داگیر کەر دا کوژایەوە ، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەسەڵاتەکانی دادگا بە لاوازی لە دا یك بوو، دەزگا کانی پۆلیسیش گەندەڵ بووە و خۆخۆیی و عەشیرەت گەری و خێڵەکیەتی باو بووە، د یارە ئەگەر سزاش نەبوو رەوشتیش گەندەڵ دەبێت، کە واتە دەست پاکی لە نێو کاربەدە ستانی دەوڵە تدا لە سەر هەموو ئا ستەکان زۆر کەم بووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانیش بە ئەنقەست هانی گەرم کردنی کێشەی نێوان تاقم و خەڵکەکانیان داوە و گەیاندوویانەتە ئەو ئاستەی کە سۆز و خۆشەویستی عیراقیەکان دەبێت پابە ندی ئا یدۆلوژیا و حـ یزب و خـ ێڵ بـ ێت ، بەر لە وڵات، لا یەنی عە سکەرتاریەتیش هەمیشە لە سەروو یا سا و قەزا و دە سەڵاتەکانی ترەوە بووە و مـ لی بۆ هیچ داد گا و داب و نەریتێك دانەنوا ندووە ، قەوارەی گە ندەڵی دارا یی لە عیرا قدا دە قەبڵێنرێت بە دزی لە ٢٥٪ سامانی گشتی عیراق، ئیتر بە دزی کرد نی راستەوخۆ بێت یان بە خراپ بەکار برد نی سامانی گشتی، یان بەدە ست

نەکرد نەوە و خەرج کرد نی بە لێ شاو، گەندەڵ یە دارای یەکانی سەردەمی بریمەر لەمەڕ سامانی گشتی عیراق و ئەمریکا بە نزیکەی (٢٠ ملیار دۆلار) لە قەڵەم دراوە، هەر وەها پاشماوەکانی سندوقی ئاوەدان کردنەوەی عیراق لای نەتەوە یەکگرتووەکان دەچێتە پتر لە (٧ ملیار دۆلار)، زنجیرە گەندەڵی و ئیداری و دارایەکانی ئەم رۆشی لەگەڵ بێت، د یارە لە نێو ئەو گ یژاوەدا ئەم رێژە یە هەر روو لە ز یاد بوو نە ، گرنگترین شوێنەکانی گە ندەڵی و یاریکردن بە سامانی عیراق لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١- حەپەلوش کردنی نەوتی خاوی دەرهێنراو بە ئاودیو کردن لە رێگای شەت العەرەب یان کە نداو بۆ ئێران و یاری کردن بە ژمێر یار (عداد) و پێوەرەکانی ناردنە دەرەوە و دۆکۆمێنتە فەرمیەکانەوە .

٢- دزی کردن لەو نەو تە خاوەی کە ناخرێ تە لی ستی ح ساباتەوەو دەنێردرێتە پالاوگەکان .

٣- بەرهەمە جیاجیاکانی نەوتی خاو لە پالاوگەکانەوە راستەوخۆ ئەدزرێت بە بیانوی نەبوونی دۆکۆمێنت و قەوالەی ژمێریاری ورد، یان بە بیانوی کونکردنی بۆر یە نەو تەکان، یان بە بیانوی دزی و کاول کرد نی با ندە چەکدارە دزەکانی سەر هێڵی بوریە نەوتەکان .

٤- دزینی بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی نەوت لە هێڵی بوریە نەوتەکا نەوە لە چوارچێوەی کون کردنی بوریە نەوتەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا.

٥- هەندێك بەرهەمی نەوتی خاو، راستەوخۆ لە کۆگا گەورە ئستراتیجیەکان دەدزرێت بە بەڵگەنامەی ساختەوە .

٦- دز ین و تێکوپ ێك دان، لە رێ گای ئا سان کردن بۆ دز ین لە رێ گای تۆڕەکانی دابەش کردن و ویستگە گشتیەکانەوە .

٧- یاری کردن بە بەرهەمە نەوتە هاوردەکانەوە بە رێژەی ٥٠ ٪ لە نرخی راستەقینەی خۆی لە چوارچێوەی :-

ا: بەرز کردنەوەی نرخەکان.

ب: تۆمار کردن و وەرگرتنی بەرهەمی هاتوو (مستورد) بێ ئەوەی ئەو بەرهەمە هەر بوونی هەبێت ، واتە ژمارەی بێ بنەما.

ج: بە قا چاخ برد نی بەرهە مە نەوتیە یەکان دوای ئەوەی کە دەگا تە کۆگاکان، ئینجا رەوانە دەکرێت بە بەڵگەنامەی ساختە بۆ چەند جارێك!!

گەندەڵی کەرتی قۆنتەرات :

١- جیبەجێکردنی پرۆژەی وەهمیی، کە پارەکەی بە دۆکۆمێنتی ساختە وەردەگیرێت بە بێ هیچ بنەمایەك.

٢- هە ندێك پرۆژە بە زیاتر لە نرخە کەی خۆی جێ بەجێ دەکرێت، بە رێکەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکاندا.

٣- وەرگرتنی (عمولة) دەسیاو، بۆ هەندێ لایەنی بەرپرس و دەسترۆیشتوو بە رێژەی ١٠٪، ئەوەی جێی سەرنجە کە گەندەڵی ئابووری لە پارێزگاکاندا لە گەڵ زیادکردنی بڕی پارە بۆ ئاوەدان کردنەوە، ئێجگار لە پەرەسەندندایە، چونکە چاودێری دارایی لاوازە، یان لە ژێر کاریگەری لایەنەکاندایە.

کەرتی بازرگانی !

دەوڵەتی عێراق بڕێکی زۆر خۆراك و دەرمان و چەك و شتی تر ، لە دەرەوە دەهێنێت بە بڕە پارەی ( ١٠ تا ٢٠ ملیار دۆلار) لە ساڵێکدا، ئەوەی کە ئەم گرێبەستانە ئەنجام دەدات لە وزارەتەکاندا باند و گرووپی تایبەتن و بە شێوەیەك ئەم کار و شمەکانە دەگونجێنن، لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، کە جێگای لێزانین و گەندەڵی بەرچاوە و کارگەشتۆتە ئەوەی کە لە هەندێ بواردا ئەم باندانە لە دەوڵەت کارا و بە هێزترن .

بەرتیلی ئاسایی :

هەموو کەس لە عیراقدا ئەوە دەزانێت کە دەتوانرێت مامەڵە و ئیش و کارە کان لە فەرمانگەکا ندا بە بەرتیل ئەنجام بدرێت، هەر بۆ نموو نە لە سەرەتادا دەرهێنانی پاساپۆرتی g بە ۲۰۰۰ دوو هەزار دۆلار بووە ، بەڵام لە دوا جاردا نرخە کەی بووە ٥٠٠ دۆلار تەنا نەت دامەزرا ندن و چوونە حەجیش بە پارە فەراهەم دێن.

چارەسەرکردنی گەندەڵی دارایی و بەڕێوەبردن:

لە ولا تی دەوڵەمە ندی خاوەن نەوتا ، دەو ڵەت زۆر جار ئا سانکاری دە کات بۆ گویٚ نەدا نە دارا یی گ شتی ولات و تەنا نەت جار هە یە دە سەلاتەکەی لە هاولاتی دەگر ێت. بە چەند رێگا یەك ، وەك بەرتیل، مووچەی زۆر، هەلایسانی فەرمانگەکان بە خەڵك، خزمەتی خۆرایی، رازی کردنی خەڵك و ئۆپۆزسیون بە پارەی نهێنی و ئاشکرا، کە واتە چارەسەری گەندەڵی لەو ولاتانەی کە بە کۆکرد نەوەی باج و گومرگ دەژین، ئا سانترە لەو ولا تەی کە پ شت بە سامانی سرو شت و گ شتی دەبە ستیٚ، چونکە هاولاتی لەم جۆرە دەوڵەتەدا بە وردی چاودێری دەزگاکانی دەوڵەت دەکا و تەنانەت لێپرسینەوە ئەنجام دەدات و بە تەنگ هەموو شتێکەوەیە ، چونکە لە گیر فان و ژ یاری خۆی دەردەهێنر ێت، بەلام هاولاتی لە دەو ڵەتی پڕ سامان و دەوڵەمەندا، پێشبڕکی دەکات بۆ دەوڵەمەند بوون لە سەر حسابی دارایی گشتی.

هەنگاوەکانی کەم کردنەوەی گەندەڵی :

١- دوورخستنەوەی دەوڵەت و کاربەدەستانی بە پ یی توا نا لە قەبلا ندن و بەکار بردنی دارایی گشتیدا.

٢- پشتگیری و بەهێز کردنی دادگا ، دامەزراندنی هیز و دەزگای پۆلیسی دە ستپاك و ناگە ندەل، هەر چەندە یا سا سەر چاوەیە بۆ داد گا، بەلام دەتوانر ێت لە گەل رەو تی رۆژگاردا ئەم یا سایە گۆڕانکاری تیا بکرێت و چاکتر بکرێت ، چارە سەرکردنی گە ندەڵی لە دەزگا کانی پۆلیس لە عیراق

ئێجگار قورسە، بە تایبەتی دوای تێکەڵاوکردنی میلیشیا و باندەکان لەگەڵ ئەم دەزگا یەدا ، د یارە ئەم کارە پێویستی بە هەنا سە در ێژی و کاری سەرومڕ هەیە.

٣- هێنانە کایەی روناکبیرییەکی گشتی نیشتمانی، بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فێرکاری و ئایینی و رێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنیدا.

دوورخستنەوەی دەوڵەت لە بەکار بردنی دارایی گشتی :

با شترین و ئا سانترین هەنگاو بۆ چارە سەرکردنی گە ندەڵی دارا یی و بەرێوەبردن و یاسای جێبەجێکردن (تنفیذ) دوورخستنەوەی فەرمانبەری میریە لە بەکارهێنانی دارایی گشتی لەم بوارانەدا :

١-دوورخ ستنەوەی فەرمانب گەکانی دەو ڵەت لە بواری بازر گانی و چالاکیە ئابووریەکان ، هەرچەندە بە شێك لەم کارە پێچەوانەی پشتگیری هاولاتیە لە بواری کۆ بونی خۆراك بە خۆڕایی و پشتگیری دەو ڵەت بۆ دابەشکردنی هەندێك لە بەرهەمە نەوتیەکاندا، کەوا تە دەبێت لەم بوارەدا پلە بە پلە کاری بۆ بکرێت، نەك بە یەکسەری ، هەر بۆ نموونە ئەو گازەی کە دەدرێت بە ویستگەکانی کارەبا بە ئاسانی نادزرێت، وا تە ئەکرێت ئەو مادەیە زۆر بکرێت، چونکە ترسی دزینی نییە ، هەروەها دە شێت گاز بۆ چێشتلێنان و گەرمکرد نەوە بەکار بهێنرێت و لە گەڵ کۆ پونی خۆراك بێ بەرامبەر یەکبخرێت، هەروەها دە شێت لەجیاتی کۆ پونی خۆراك، پارە بدرێت بە هاولاتی. دەبێت رەچاوی ئەوەش بکەین کە پشتگیری دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی نرخی بەنزین جۆرێك لە گەندەڵی دروستدەکات، چونکە ئەو پ شتگیریەی دەو ڵەت ناگا تە دە ست هاولاتی و دەدزر ێت لە لا یەن فەرمانبەری گەندە ڵەوەو دووریش نییە بچێتەوە گیرفانی تیرۆریستان لە رێگای باندە دزەکانەوە!! دەبێت دەوڵەت وردەوردە لە چالاکییە بازرگانی و داراییەکان خۆی دەرباز بکات ، وا تە کەرتی گشتی (القطاع العام) بەرەو پووکانەوە بڕوات، واتە ئەو بوارانەی کە پارەی تیا خەرج دەکرێت و بواری حەپەلو شکردنی تێا دەرەخسێت بۆ فەرمانبەر، هەروەها دەبێت دەو ڵەت

وازبهێنیٚ، له کۆمپانیا کانی کەرتی گشتی، بەڵام له هەمان کا تدا دەبێت پشتگیری بەخشینی وزەی کارەبا و دەرمان و چالاکیەکانی بواری پەروەردە بکات و لێی دەرنەچێت. که واته وەك هێڵیکی گشتی، یان ئەوەتا دەوڵەت پشتگیری تەواوی نرخی شمەك بکات به خۆرایی ، یان بدرێته کەرتی تایبەت، وا ته دوورخ ستنەوەی دەزگا کانی دەو ڵەت به دە ستگرتن به داراییەوە بۆ راپەڕاندنی کارەکان .

٢- دوورخستنەوەی فەرماذ بەرە گ شتییەکان له هەڵ سوکەوتی نرخا ندنی پرۆژه کان و گۆڕیذ یان بۆ بوارە کانی کەمکرد نەوە  (مناقصة) ، و ز یاد کرد نی ئا شکرا له ژ ێر چاودێری د یوانی دارایـ یدا و له ذ ێوان هۆ کانی راگەیاندن و ئەنتەرنێتەوە .

٣- گۆڕینی ئەو دەز گا دەوڵەتیا نەی که مامه ڵه و سازش به دارا یی گشتییەوە دەکەن، بۆ یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی ئەوتۆ، که بەرپرسیار بن له به جێهێ نانی کارەکانیا ندا به سەربەخۆیی. هەر بۆ نموو نەش: پالاّو گەکانی نەوتی خاو بـ کرِن به نر خی هەناردن (تـ صدير)، وە بەرهەمەکانیان بفرۆشن، به نرخی بازاڕ به کۆمپانیاکانی دابەشکردن ، هەر بەو شێوەش کۆمپانیاکانی دروستکردنی کارەبا، وزەی کارە با بفرۆ شن به دابەشکار و ئەویش بیفرۆشێتەوە به کۆمپانیا لۆکاڵیکان به نرخی گونجاو.

٤- پشتگیری کردنی دیوانی چاودێری دارا یی و گورج وگۆڵکردنی بواری کارە کانی له هەرێم و پارێزگاکا ندا، هەروەها دە ستەی (نزا هة) به کار بهێنر ێت و ببه ستریٚتەوە به سەرپەر شتیارە گ شتیەکانەوە (المفتـ شين الـ عامين) . بۆ ئەوەی خودی وەز یر دوورخرێ تەوە له تیگلان به سیا سەتکردنی کا یەکانی (نزا هة) و لێپر سینەوەی جدیی له گە ندەڵی و کەموکوڕییەکان.

له رۆژنامەی رۆژنامه ژماره ٢١٢ له ٢٠٠٨/٥/٤ دا بلاّوکراوەتەوە.

# تیشکێك بۆ سەر شیتەڵکردنی بودجەی ٢٠٠٧
# لە پەرلەمانی عێراقدا !

بود جەی سالآنەی هەر ولآت یَك دە شێت جێ گای بەدوادا چوون و لێکۆڵی نەوەو پر سی هەموو هاولآتی یەکی و شیار و م شورخۆر ب یَت، دابە شکردن و پۆلیننکردنی بود جە بۆ بوارە جیاجیا کانی وەزارە تەکان و سەرجەم ژیانی ئابووری لە هەر ولآتێ کدا ، کارێکی ئێج گار گرنگە و بۆ هەموو هاولآتی و دەزگاکانی راگەیاندن و نووسینگە ئابوورییە تایبە تەکان هەیە کە ئاگای لە وردەکارییەکانی هەبێت و لە بەر تیشکی شەفافیەتدا بە دواداچوونی بۆ بکات، لە سەردەمی دیکتاتۆردا کەس بۆی نەبوو بیر لە وردەکارییەکانی بودجە بکا تەوەو بزانێت لە چ ئا ستێکدایەو چۆن چۆنی سەرف دەکرێت، د یارە بڕێ کی زۆر لەم بودجە یە بۆ دیکتاتۆرو دە ستو پێوەندەکانو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە کارئەبرا.

لە ٦ تا ٢٠٠٧/١٢/١٠ لە سەر بانگهێ شتی رێک خراوی ( UNDP) شاندێکی پەر لەمانی ع ێراق گەی شتە قاهیرە و بە یار مەتی پ سپۆرەکانی سەنتەری ئەهرام ۆرکشۆپێکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و پیادا چوونەوەی هەر دوو بواری (مدو نة ال سلوك) وە (مواز نة) رێکخ ست بە ندە ئە ندامی ئەو شاندە بووم ، لە بواری (موازنە) دا ، ئەم تێ چێنەم (مداخلە) پێشکەش کرد.

١ ـ لیژ نەی مال یە و ئابووری لە پەر لەمانی عێرا قدا گەورەترین بەرپر سیارێتیان دەکەوێ تە ئە ستۆ بۆ بەدوادا چوون و تەتە ڵەکردنی بوارەکانی بودجە و موازەنە ، بەلآم ئەوەی کە جێی خە مە ئەم دوو لیژنە یە پ سپۆر و پیشەیی تای بەت نین لەم بوارەدا ، جگە لە یەك دو یەك نەبێت ئەوانی دی لە ئا ست ئەو بەرپر سیارێتیە گەورە یەدا نین و لە ژ ێر

کاریگەرێتی حیزبا یەتی و دابەشکاری گروپ گروپێنەدا ئەو شوێنانەیان گرتووە، سەرنجێکی وردی بەشێك لە گفتوگۆکانی نێو پەرلەمان و تاتویێ کردنی میزانیە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەندامەکانی ئەو دوو لیژنەیە کەمتر خۆیان لە موداخەلات و بەدواداچوونی ئەو بوارە ئەدەن، یان ئەگەر زۆر لە خۆیان بکەن و بئاخافتن ئەوە شتی کاڵ و کرچ ئەڵێن!.

٢- بەشێکی فرەی لیژنەکانی تری پەرلەمان، لەبەر کەمی پسپۆری و تایبەتمەندی ، رۆڵیکی کارا و دیار نابینن لە پێشخستنی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی میزانیەدا، دیارە پسپۆری بوراەکە نیین ، یان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو کارە یان پێ نا سپێرێ ، یان وا هەست دەکەن کە ئەوان بەرپرس نین لە کارەکەدا، ، یان هەندێ جار راپۆرتی بودجە درەنگ دەگات و پەلە پەلی لێدەکرێت ، ئەم حاڵەتانە وای کردووە کە گفتوگۆ لەسەر (موازنة) بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاراستە ناکرێت، دیارە چارەسەری ئەم کێشەیە لە خولەکانی داهاتوودا بەوە چارەسەر دەکرێت کە لیستی هەڵبژێراوی داهاتووی پەرلەمان بە وردی حیساب بۆ بوارە جیاجیاکان بکات و پەرلەمانتاری شیاو و پسپۆر بۆ ئەو بوارانە دەستنیشان بکات ،

٣  تا ئێستا پەرلەمانی عێراق هیچ زانیاریەکی سەلماو و دۆکۆمینتی و بەڵگەی باوەڕپێکراوی نەگەیشتووەتە دەست، سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی راستەوخۆی بودجەی ساڵی پار ، بێدەنگی لە ئاست ئەم دیاردەیە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتدا کێشەیەکی زۆری خوڵقاندووە لە نێوەندە سیاسی و ئابووری و ئاکادیمییەکانی عێراقدا، لە هەمان کاتیشدا پانتایەکی فراوان تەرخان دەکات بۆ گەندەڵی و دەست پیسی ، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە یەکێ لە هۆکارەکانی رووخانی وڵاتی شورەوی و تاقیکردنەوە سوشیالیستەکان گەندەڵی بوو، ئەو گەندەڵیەی کە سەری خواردن.

٤  ئەمڕۆ  لە وەزارە تەكانی عێرا قدا  كەم و كوڕی یەكی  فرە هە یە سەبارەت  بە  چۆنیەتی  سەرف كرد نی بود جە و جیاوازی  كردن  لە ذێوان پارێزگا و شوێنەكاندا و كەم تا زۆر تایەفەگەری و خۆ خۆیی پێوە د یارە و بە داخەوە تا ئێستا پەرلەمان نەیاناردووە بە دوای هیچ یەكێ لە وەزیر و كاربەدەستە گەورەكان بۆ لێپێچینەوە و بەدوادا چوونی مەسروفاتەكانیان ، ئەمە لە كاتێكدا كە (هەیئەی نەزا هە) ژمارە یەكی زۆر ناوی گە ندەڵی ئەم وەزارەتانەی ئامادە كردووە و داویەتی  بە دە ستەی  قەزای عێرا قی، د یارە یەكێك لە هۆكارەكانی ئەم دیاردەیە زاڵبوونی تایەفەگەری و گیانی تە سكی حیزبا یەتی  یە ،  هەر  بۆ نموو نە ئە گەر وەز یری لا یەنێك  سەد دەر سەد بزاذ ێت  كە گەندە ڵە و بەڵ گەش  هەبێت  لە  سەری ، تا كەكانی  ئەو لایە نە پ شتی  نادەن  لە زەوی و  ناهێڵن لێپێ چینەوەی لە گەڵ بكر ێت ،  هەر  بۆ نموونە ئەز لێپێچینەوەم لەسەر وەزیری بازرگانی پێشكەش كرد لە سەر چۆنێتی دابەش كردنی خوراك لە پاریزگای سلێمانی و خودی وەزیریش لە بەردەم پەرلەماندا دانی نا بەوەدا كە ئەو لەم بوارەدا كەمتەرخەمی كردووە ، بەڵام یەكێك لەوا نەی كە لە حیزبە كەی ئەو دا یە و یەكێكی دیاریشە لە لیژ نەی ماڵ یدا، دە یوت تۆ لە سەر حەق ذ یت چونكە ئەو برە خۆرا كەی كوردستان لە سەر ١٧٪ كە یە!! ئەم د یاردە نا لەباره ترسناكترین دۆ خە بۆ پەرە سەندنی گە ندەڵی و شك ست بە ئەهەمی یەتی لێپێ چینەوەو مواز نەی بودجە و باڵادەستی یاسا دەهێنێت.

٥  بە پیێ ی یۆچوونی من دەبێت چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ (موازنة) دا بگۆڕدر ێت و  لەم سیێ ستمەی ئێ ستا دوور بكەوی نەوە و  بە دوای تاقیكردنەوەی دەوڵەمەند و سەركەوتووی وڵاتاندا بگەڕێین بۆ قوتار بوون لەم قەیرانە . هەر بۆ نموونە لە پەرلەمانی فیلادیلفیا دە ستەیەكی تایبەت

هه يه  بۆ  به دوادا چوون و  شيكردنه‌وه‌ی به نده‌كانی (مواز نة)  كه پ يێی ده‌وترێت (مكتب الموازنة) ئه‌م نووسينگه‌يه بريتييه له حه‌وت كه‌سی  هه‌ره پ سپۆر و تايبه‌تمه ند  له  بواری  مالی و يا سابيدا و  له  خوار ئه‌مانه شه‌وه كۆ مه‌ڵێك ده سته‌ی ب چوكتری  كارا و پ سپۆر هه يه و  كاری ئه‌ما نه ئا ماده كرد  نی رێو  شوێن و   هه‌لی گو  نجاوه   بۆ پ  شكنين و  به‌دوادا   چوون و هه‌ڵسه‌نگاندنی (موازنه) ی  ساڵانه و دوا جار خستنه  به‌رده‌می په‌رله‌مان ، واته ئه‌م هه‌يئه‌ته ئه‌ڵقه‌يه‌كی زانستانه‌ی تايبه‌ت و پسپۆره  له نێوان لايه نه جێبه‌جیٚ كه‌ره‌كان (الجانب التنفيذی) و په‌رله‌ماندا .

له رۆژنامه‌ی رۆژنامه ژماره ١٢٢ له ٢٠٠٧/١٢/١٨ دا بڵاوكراوه‌ته‌وه.

# ئاوڕێك له مێژوو..... رامانێك له ئێستا

له  سەردەمی هه ندێك   له خەلیفەكا ندا ، كوردە كان دوو  چاری چەوساندنەوە و  سوخرە و  چورتم و ناخۆشی  بوون و  كەم  تا زۆر  هەوڵی ئەوەشیان داوە ،  كە  ئەو زۆڵم و زۆرا نه ،  به  هەر رێگا یەك  بووە بیگەیێذنه خودی خەلیفەی ئیسلام بۆ  ئەوەی چارە سەریان  بۆ بدۆزێتەوە و قوتاریان بكات  له  چنگ هه ندێك  لەو كاربەدە ستانەی كه  به  ناوی  ئایینی  پیرۆزی ئیسلامەوە راوو رووت یان دە كرد و  گەلانی ناو چەكەیان دەخ ستە  بەردەم ئەشكەنجە و به ناوی (جزية) و (خراج) ەوە گیرفانیان پڕ دەكرد.

رۆژێك ئیمامی عەلی (د.خ) قاسیدێكی  خۆی دەنێرێتە لای (زیاد) كه لەو سەروبەندەدا بریكاری عەبدوڵلای كوڕی عەباس دەبێت  له بە سرە  .  بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی كه له لایەتی بۆی بنێریت، زیادیش به قاسیدەكەی ئیمامی عەلی  دەڵێت: (كوردەكان پارەی خەراجیان لیّ كەم كردوومەتەوە و منیش به ناچاری موداراتیان دەكەم و  ئەوەش وای  كردووە  كه  پارەم  كەم لەلا  بێت ، هەروەها زیادیش داوا له قاسیدەكه دەكات ، كه با ئەم راستییە نەگەیێنیتە ئیمامی عەلی بۆ ئەوەی به لاواز و كەم توانای ناوزەد نەكات) (١) قا سیدەكەش هەر كه دەگەرێتەوە بۆ لای ئیمامی  عەلی را ستییەكەی  پیّ دەڵێت ، ئیمامی عەلیش دەزانێت كه زیاد راست ناكات و حاڵەتەكەش بەو شێوەیە نییە كه ئەو باسی كردووە و واش راهاتووە كه پارەكان حەپەلوش كات ، دواجار ئیمامی عەلی ئەم نامە هەڕەشە ئامێزە دەكاتە سەر زیاد:

(  ئەوەی كەوتوو تە بەرام بەر  به كوردە كان و وێ ستووتە  له م نی بشاریتەوە ، قا سیدەكه پێی راگەیا ندم،  من  باش دەزانم  تۆ بۆ یه  ئەوەت ووتووە به قاسیدەكه ، كه  پێم رابگەینێت ،  سوێند بێت  به  یەزدان ئەگەر خەیانەت له دەسكەوتی مو سڵمانان بكەیت و  به ئەمانه تەوە  نەینێریت  بۆ خەزینەی دەوڵەت وا تە (بيت المال) سزای  خۆت وەردەگریت ) (٢) د یارە

ئیمامی عەلی دەمێکە گەیشتۆتە ئەو دڵنیاییەی کە بەشێك لە کاربەدەستە باڵاکانی نێو وڵاتە تازە داگیرکراوەکان ، لەگەڵ خیلافەتدا ڕاست ناکەن و زۆربەی پارەو دەستکەوتەکان حە پەلوش دەکەن، واتە گەندەڵی دارایی، زادەی هەموو سەردەمەکانە و بە تەنیا و تەنیا هاوکاری توند و تۆڵی دەسەلات و گەل چارەسەری دەکات ،

دیارە ئەم دیاردە دزیوانە وای لە ئیمامی عەلی و تەنانەت خەلیفە عومەریش کردووە کە متمانە پێکراوەکانیان بە نهێنی بنێرێنە ئەو وڵاتانە، بۆ ئەوەی کە لە نزیکەوە چاودێری هەڵس و کەوتی ئەو کاربەدەستانە بکەن ، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئیمامی عەلی زوو زوو کاربەدەستەکانی گۆڕیوە بۆ ئەوەی جێگا خۆش نەکەن ، دەشێت متمانە پێکراوەکانی ئیمامی عەلی کە بۆ چاودێری دایناون، بە پێ و دانگی ئێستا، جێگای هەیئەی نەزاهە و چاودێری دارایی بگرنەوە .

لاپەڕەکانی مێژووی ئەو سەردەمە و سەرچاوە بڕوا پێکراوەکانیش ، بە وردی پەنجە دەخەنە سەر ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ، بەوەی کە لە سەردەمی فتوحات دا وڵاتی حیجاز بووژانەوەیەکی ئابووری گەورەی بە خۆیەوە دیوە و خەزینەی دەوڵەتیش لیپا و لیپ بووە لە پارەی ئەو وڵاتانەی کە سوپای ئیسلام دەستی بە سەراگرتووە ، دیارە گەورەترین گێژاویش کە ڕووی کردۆتە حیجاز و مەدینە ، شێوەی بەرێوەبردنی ئەم قۆناغە ناسکە بووە ، واتە چونیەتی بەکار بردن و دابەش کردنی ئەو خەزێنە پڕە بەسەر وڵاتدا بە عدالەت .

دیارە هەر کاربەدەستەو بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا کردووە و ناوەندە سیاسییەکەش تووشی قەیران و شەڕی ناوخۆ و گێژاوی کوشندەی ئەوتۆ بووە کە کۆتایی تراژیدی بە ژیانی سێ خەلیفەی موسڵمانان هێناوە ( علی و عوسمان و عمر) ئەم دۆخە دروست بوونی جۆرێك لە نائومێدی هێنایەکایەوە ، دەرهاویشتنەکانی ئەم گێژاوی

ده سه‌ڵات و چۆنیه‌تی به‌كار برد نی سامانه فره یه‌ش ، كه‌رتبوونی ریزی موسوڵمانان بوو بۆ شیعه و خه‌وارج و موعته‌زیله و ئه‌هلی سوننه و قه‌دری و جه‌بری و تا ئه‌م چركه ساته‌ش هه ندێك له ئا سه‌واره‌كانی ئه‌و قۆنا غه تۆختر ده‌بێته‌وه .

ئه‌و نموونه یه‌ی سه‌ره‌وه و چه‌ندان نموو نه‌ی به‌ر چاوتر، ئه‌وه ده سه‌لمێنن كه گه نده‌ڵی و شرۆڵی به‌رێوه‌بردن دیارده یه‌كی ، م ێژوویی قێزه‌ونه كه كه‌م تا زۆریش له سه‌رده‌مه جیاوازه‌كا ندا هه‌وڵی نه‌هێشتن و كه‌مكرد نه‌وه‌ی دراوه و ده شێت ئه‌و هه‌ولا نه‌ش چون یه‌ك نه‌بوون بن و مه‌به‌سته‌كانیشیان وه‌ك یه‌ك نه‌پێكابێت ، ته‌نا نه‌ت له سه‌رده‌می هه‌ر دوو خه‌لیفه عو مه‌ری خه‌تاب و عو مه‌ری عه‌بدولعه‌زیزدا، كار گه‌یشته ئه‌وه‌ی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ئه‌نجامدا بكه‌ن و چه‌مكی ئه‌مه‌ت له كوێه‌وه هێنا ؟ (من أين لك هذا) به‌كار به‌رن و به‌شێك له گه‌نده‌ڵیه‌كان ئه‌فه‌رۆز بكه‌ن، واته شێوازی ورد كردنه‌وه و مامه ڵه‌یان له‌گه‌ڵ سامانی به‌رچاوی گه‌وره‌كا ندا كردووه ، ورد بوونه‌وه و تێڕامان له گه‌نده‌ڵییه‌كانی رابردوو ئێستا ئه‌وه ده‌سه‌لمێنی ، كه شێوه‌ی به‌رێوه‌بردنی ئا سته‌كانی ده‌و ڵه‌ت له‌م رۆژگار و سه‌رده‌مه‌دا ، به‌و هه‌موو ئامێر و توانا زانستییانه‌ی كه له ئارادا یه، سه‌رباری گه‌شه سه‌ندنی هۆ كار و رێ و شوێنی كا یه‌كانی دارا یی و ئابوری و هه‌ی ئه‌تی نه‌زا هه و قووڵبوو نه‌وه‌ی زانیاری بیركاری و ژمێریاری وه‌ك زانستێكی سه‌ربه‌خۆ ، له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌شدا گه‌نده‌ڵییه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه ، فره‌و به‌رچاوترن و میلله‌تانیش پتر ده ناڵێنین به ده ستییه‌وه ، ئه گه‌ر له را بردوودا هۆ كاری چاودێری به‌رێوه‌بردن و كاره كانی ده‌و ڵه‌ت له رێ گای تا كه‌وه بوو ب ێت و ته له‌فون و مۆبا یل و ئامێره كانی ئه له‌كترۆنیك هه‌ر نه‌بووبێت و فه‌رما نه فه‌رمییه‌كانی ده‌وڵه‌ت بۆ كایه‌كانی به‌رێوه‌بردن سه‌ره‌تایی و خاو و خلیچك بووبێت و ئامرازه كانی گه‌یا ندن سست و دوا كه‌وتوو بووبێت، خۆ ئێستا پڕاو پڕ به پێچه‌وانه‌وه‌یه و هه‌موو كه شوهه‌واكان و گه‌شه سه‌ندنی ئا سته ئه‌لیكترۆنی یه‌كان بۆ بنبڕكرد نی گه نده‌ڵی له‌بارترن، به‌ڵام به دا خه‌وه له

ئێستادا و له زۆربەی وڵاتانی جیهانی دواکەوتوودا ، ئەو دیاردەیە دەستی ناوە تە بینی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵە تەوە و ز یاتر جەماوەری کۆڵەکوتراو و هەرا سان کردووە ، با ئەوەیشم لە بیر نە چێت کە گە ندەڵ کارانیش ، بە هەموو شێوەیەك سوود لە پێشکەوتنی زانست دەبینن ، بۆ پیادەکردنی گەندەڵی!!

بەشێکی فرە لەکا یەکانی گە ندەڵی لە ریزە کانی خوارەوە دا چەکەرە دە کات و د یارە جەم سەری ئە مەش دە شێت ببە سرێتەوە بە ئەڵ قەکانی سەروترەوە و جۆرێك لە هاو ئاهەنگی لە بەیەکداچوونی پلە ئیدارییەکا ندا درووست بوو بێت ، هەر چەندە دوا جار مەرجەعی یەت لە گەندەڵ یدا هەر دەگەڕێنرێ تەوە بۆ دە ستە باڵا کانی دەو ڵەت ، بەڵام بە ر ێژەی ج یاواز، چونکە سەرجەم فەرمانە ئیدارییەکان لە سەرەوە بە مولزەمی دێنە خوارەوە بۆ جێبەجێ کردن لەبەر ئەوەی کە شێوەی بەڕێوەبردنی ئیدارە هەرەمیە ، نەك بە پێچەوانەوە .

هەر ئەمە شە وای کردووە کە گەندەڵ یەکان لە م ێژوودا بە ناوی سەردەمی فلان سەرۆك و خەلیفە و سوڵتان و میرە وە ناوزەد کراوە ، وەك گەندەڵی لە سەردەمی یەزید، یان سوڵتان سەلیم یان ستالین یان سەدام حسێن یان حەمەرەزا شا...هتد.

لە روانگەی ئەو چەمکە، یان ئەو حیکمەتە باوەی ، کە هەمیشە لە وتار و بۆنە و نموونەکاندا دەوترێتەوە (الناس علی دین ملوکهم)، هەر چەندە ئەم چەمکەش پێویستی بە خوێند نەوەی نوێ و تاوتوێ کردنێکی ئەکادیمیانەی تۆکمە هەیە، بەو هیوایەی کە لە دا هاتوودا سەرە قەڵەمێکی تێوەردەم.

لە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (١٦٧) لە ٢٦-٢-٢٠٠٨ دا بلاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەکی هەمە لایانە بۆ ئەو پارێزگایانەی کە دەکرێنە هەرێمێکی سەربەخۆ!!

پانتایی بینای فیدراڵی نوێی عێراق بریتی دەبێت لە کۆمەڵێك شێوازی بەڕێوەبردن کە لە چوار نموونەی دیاردا خوی دەنوێنی.

یەکەمین:– بەغدا کە خۆی پایتەختە وەك هەرێمیکی سەربەخۆ بە یاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت و دەمێنیتەوە .

دووەمین:– هەرێمەکان کە هەر هەرێمەو بریتی دەبێت لە چەند پارێزگایەکە، ئەویش بە یاسایەکی تایبەت و دەستووری ڕێك دەخرێت .

سێیەمین پارێزگا بە هەرێم کراوەکان واتە ئەو پارێزگایانەی کە ناچنە سەر هەرێم و کۆمەڵێك دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و داراییان هەیە و بە یاسای تایبەت بەڕێوە دەبرێت .

چوارەمین : هەندێك ئیدارەی ناوچەیی (الادارە المحلیە) بە پێی سەرژمێری دانیشتوان ڕێك دەخرێت بۆ کەمینەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشوور کە مافی ڕوونی بیری و سیاسی و فێرکاریەکانیان بە یاسای تایبەت بۆ دابین دەکرێت، لە چوارچێوەی یەکە ئیداریەکانی هەرێمدا، ئەو کێشە و ململانیەی کە ئەمساڵ لە پەرلەمانی عێراقدا لە سەر یاسای هەرێم و پارێزگاکان هاتە گۆڕی ئێجگار توند و تیژ بوو، تەنانەت دەمەدەمەو گفتوگۆ ململانێ و لێکدابڕانی هاتە بەردەم و خودی لیستی ئیتیلافیش لەسەر پیادە کردن و دانپێانانی ئەم یاسایە تووشی پەرتەوازەیی بوون و هەر یەکە و بەرەکەی بە لای خویدا ڕائەکێشا و ئەو یەکدەنگیەی کە هەیانبوو لەدەستیان دا، لیستی ئیتیلافی عیراقی، واتە شیعە مەزەبەکان، هەندێکیان یاسای هەرێمایەتی هەڵدەبژێرن و پێیان باشە کە ناوچەکانی خواروو ناوەڕاست بێتە یەك یا دوو هەرێم ، بۆ ئەوەی بە تەواوی سوود

ببینن له هەموو ئەو سامانە نەوتەی کە دەکەوێتە ناوچەکانیانەوە و جۆرێك له سەربەستی ئیداری پیادە بکەن ، کە قورسایی و چەپاندنی پایتەخت لەسەریان لابچێت، وەك نەیارەکانیشیان دەڵێن ئەم یا سایی هەرێمایەتیە بکەنە بنکە و ڕاوگەیەك بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مشوری دەوڵەتۆکەیەکی بۆ بخون ، ئەوانەی لەسەر ئەم رایە سوورن مەجلیسی ئەعلا و بەشێك له حیزبی دەعوە و هەندێك کەسایەتی ترن، بەڵام هەندێکی تر یان حوکمکردنی هەرێمایەتیان پێ قایل نییە و شێوەی پارێزگای لامەرکەزی بە هەرێم کراویان پێ باشترە و داکۆکی لێ دەکەن، دیارە ئەمانەش بریتین لە حیزبی فەزیلە و سەدریەکان و بەشێك لە دەعوە و کەسایەتی ترن ، ئەوەندەی من بۆی چووبم ئەم کەرت بوونی بەرەی ئیئتیلافە زیاتر پەیوەندی بە بەرژەوەندی حیزبەکانی سەرگۆڕەپانی ناوچەکانی خواروو ناوەڕاستەوە هەیە و رەوتی سەدر و فەزیلە رێژەیان کەمترە لە مەجلیسی ئەعلا و دەعوە و ئەترسن بە جارێك دەنگ کەم بهێنن و ئەفەرۆز ببن ،تەنانەت لە کۆی حەوت پارێزگای ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستدا تەنها پارێزگای بەسرە سەر بە فەزیلەیە و سەدریەکانیش هیچیان لەو پارێزگایەدا نییە و کێشەکانیش لیرەوە سەردێنن و هەر ئەمەشە وای کردووە ئەمانە بە لایەنی کەمەوە پارێزگای بە هەرێم کراو بە باشتر بزانن چونکە بە بۆچوونی خۆیان دەتوانن لە پانتاییە بچکولەکاندا زیاتر دەرکەون و زۆرتریش خۆیان دەرباز کەن لەو هێزانەی کە لەوان گەورەترن بە تایبەتی حیزبی فەزیلە کە بنکەیەکی جەماوەری لە بەسرە هەیە و مرخی لەو شارە خۆش کردووە و هەندێك ڕاوبۆچوونی ئەوتۆش هەیە کە دەڵێت: پێ دەچێت لەگەڵ بانگەواز کردنی فیدراڵیەت بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو شەڕی ناوخۆ و پێکدان لە سەر دەسەڵات دێتە گۆڕی، بە هەمان نەفەس تورکمان و

عەرەبەکانی کەرکوکیش داکۆکی لەوە دەکەن کە کەرکوك نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، بەو بیانوەی کە عەرەب و تورکمان لەم پارێزگا یەدا زۆرینەن و جگە لەوەش ئەگەر کەرکوك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، تورکمان و عەرەب لووش دەدرێن، دیارە کاریگەریەکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە، رۆڵی بەرچاوی هەیە، ئەوانەشی کە یا سای پارێزگای بە هەرێم کراو هەڵدە بژێرن وە نەبێت لە هەموو بۆچوونەکانیان دا کۆك و هاوڕا بن هەندێکیان داوای دەسەڵاتی فرە دەکات و دەیەوێت پایتەختی فیدراڵی پەراویز بکات بەو بیانوەی کە قورسایی ئیداری پایتەخت لەسەر پارێزگا دەبێتە هۆی جۆرێك لە پابەند بوون و ژێردەستی و گەشەنەکردنی یا سایی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان دا، تەنانەت لابردنی پارێزگار دەبێت بە فەرمانی مەجلیسی پارێزگار لابرێت ، بەهەمان شێوە قایمقام و مودیر ناحیەش، بەڵام لایەنەکەی تر دەڵێن دەبێت لابردنی پارێزگار بەدەست پەرلەمانی فیدراڵی، یان سەرۆکی وەزیرانەوە بێت و نموونەش بە گێژاوەکەی بەسرە دەهێننەوە کە مەجلیسی پارێزگای بەسرە بۆی چار نەکرا ، هۆکار و بەڵگە و بیانوەکانی ئەوانەی کە نایانەوێت هەرێمی گەورە دروست ببێت و داوای ئەوە دەکەن کە با شارەکان ببنە هەرێمی جیاواز و سەربەخۆ و دە شیانەوێت لەو رێگا یەوە مەبەستە تایبەتیەکانیان بێتە دی، ئەوانە وای بۆ دەچن کە لە یاسای هەرێمایەتی دا لە رێگای تایبەتمەندیەتی هەندێ پارێزگاوە دەبێت و بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە ناسێنیت، دیارە حیزبی فەزیلە سوورن لەسەر ئەم بۆچوونە چوونکە بنکەی جەماوەریان لە بەسرە زۆرە و دەیانەویت ئەم شارە بۆ خۆیان قورخ بکەن، جگە لەمانەش وای بۆ دەچن کە ئەگەر هەرێمیك بریتی بێت لە چەند پارێزگایەك لە نێو ئەو پارێزگایانە دا دەوڵەمەندترین پارێزگا

که سامانی سروشتی هەبێت گەرەکە دابەشی بکات بەسەر پارێزگاکانی تردا و خۆشی بێبەش، یان کەم بەش بکرێت و دیارە ئەمەش بە زیان دەکەوێتەوە بۆ پارێزگا دەوڵەمەندەکە ، کە واتە ئەو پارێزگایە هەر بە تەنیا بێت باشترە، بۆ سوودی دانیشتوانەکەی .

جگە لەمەش لایەنگرانی عێراقی بە هەرێم کراو، رایان وایە کە دەشێت کێبەرکێ نموونەیی (منافسة الذموذج) سەرومڕ، لە نێوان پاریزگاکاندا دروست ببێ و ئەمەش بە چاکە بشکێتەوە بۆ سەرجەم پارێزگاکان، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت کە هەر پارێزگایە و خۆی کێشەکانی خۆی باشتر دەزانێت و دەتوانێت زووتر چارەسەری بکات لەوەی کە ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێك پارێزگای بە زۆر پێکەوە لکێنراوەوە بێت، لە پارێزگای بە هەرێم کراودا شارە بچکۆلە لە بیرکراوەکان زووتر ئاوڕیان لێدەدرێتەوە و باشتر بەرەو پێشدە چن و کێشەکانیان چارە سەر دەکرێت، هەروەها یاسا تایبەتیەکانی دەسەلاتی (تشريعي  تنفيذي  قضائي) بە شێوەیەك رەچاوی دانانی ئەکرێت، کە کێشەکان پڕاوپڕ چارەسەر بکات و خەڵکانیش لەم دەرئەنجامەدا زووتر گەشەئەسێنن و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و ئەنجا مدراودا کار دەکەن ، هەروەها بیر و هەوڵی زاڵ بوون و چەپاندنی دەسەلات، کەمتر لە پارێزگاکانی بە هەرێم کراودا رەنگ ئەداتەوە، چونکە پانتایەکە کەمەو ئیش و کارەکانی دەسەلاتیش پتر شەفافیەت دەگرێتە خۆی.

لە پارێزگای بە هەرێمکراودا رۆتین و راپەڕاندنی کاری هاولاتیەیان کەمدەبێتەوەو مەیسەر بوونی ئیشە فەرمییەکانی هاوڵاتیان لە کاتی کەم و دیاریکراودا ئەنجام ئەدرێت، واتە دوورخستنەوەی هاولاتی لە دلەڕاوکێ بە دەست کێشە جۆراوجۆرەکانەوە بە شێوەیەکی گونجاو هەنگاو هەڵئەگرێت، با ئەوەش ئەبویرم کە زۆر جار هەر شارەو تایبەتمەندی خۆی

هه یه و  هه‌تا  له‌و چوارچێوه‌یه شدا  کار ب کات  پتر  سه‌رکه‌وتن به‌ده ست ئه‌هێنێ ، وا ته گونجا ندنی خ ێرا له گه‌ڵ سرو شتی  شاره‌که‌دا ،  هه‌ر  بۆ نموونه هه‌ندێ شار ده‌گونجێت بۆ گه شتوگوزار،  یان پێگه‌یا ندنی  سامانی ئاژه‌ڵ ، یان  جۆرێکی تایبه‌ت  له کشتوکاڵ، یان پیشه سازی نه‌وت ، یان بازرگانی، واته گیانی تایبه‌تمه‌ندی یه‌تی (التخصص) که مۆرکی سه‌رده‌می جیهانگیریه زیاتر دێته کایه‌وه ، هه‌روه‌ها  چاودێری کردن و لێپرسینه‌وه له شارێکدا با شتر  به‌رێوه ده چێت وه‌ك  له هه‌رێمێ کدا، وا ته لێپر سراوه‌کان پاڵ تایی سه‌رپێ چیکردن و گه نده‌ڵیان ته سکتر ده‌بێ ته‌وه ، وه‌ك  له‌وه‌ی  له وڵاتێ کی  گه‌وره‌دا  بن ، ج  گه له‌ما  نه‌ش مرۆ ڤه‌کان  له  شاره  به هه‌رێمکراوه‌کاندا زووتر ده‌گه‌نه ئامانجه‌کانیان، وه‌ك ئه‌وه‌ی که له وڵاتێکدا بن ، هه‌ر بۆ نموونه وه‌رگرتن له کۆلیژه‌کانی سه‌ربازی ، پۆلیس ، یاسایی.. هـ تد ئا سان و والا تر ده‌ب ێت  بۆ خه‌ڵ که ئا ساییه‌کان، وا ته مرۆ ڤه‌کانیش هه‌ست  به چه‌و سانه‌وه نا که‌ن و پێشکه‌وتنه‌کانیش به ره‌وتێکی ئا ساییدا هه‌نگاو ده نێن،   با  ئه‌وه‌شمان  له  بیر نه چێت  که کا یه‌ی ئی شکردن و په‌ره‌پێدانی خانووبه‌ره و دارشتنی یا سای عادیلا نه‌ی باج و پشت به خۆ به ستنی مرۆ ڤه‌کان  قووڵتر ده‌بێ ته‌وه ، کات ێك که  هاوڵاتی  باج ده‌دات  به حکو مه‌تی  ئه‌و  شاره، ده‌زان ێت  بۆ  ئاوه‌دان کرد نه‌وه و خز مه‌تی  خودی شاره‌که  به  کار د ێت و دڵنیا یه  که نا چێته گیر فانی  شاره‌کانی  تر و پایته‌خته‌وه ، ئه‌مه جگه له سوود بینینی پتر له‌و بودجه یه که حکو مه‌تی فیدراڵ بۆی ته‌رخان ده‌کات، چونکه گه‌لێك جاران له چوار چێوه‌ی هه‌رێمدا هه‌موو  شاره‌کان یه‌کسان ناکرێن له گوێ پێدان و ئاوه‌دانکرد نه‌وه ، وا ته له‌به‌ر گه‌لێ هۆی بێ بنه‌ما ، هه‌ندێك شار پشت گوێ ده‌خرێت،  با  ئه‌وه‌ش بڵێم که کاربه‌ده‌ستی گه‌نده‌ڵ  و سه‌رسه‌خت ناوێرێ تاسه‌ر بیخوات، چونکه دانیشتوانی  ئه‌و هه‌رێ مه گ چکه‌یه ، ده توانن  به راپر سیه‌ك ب چنه‌وه  سه‌ر پایته‌خت ، یان هه‌رێمیکی تر، د یاره ئه مه‌ش ها نده‌رێکی را سته‌وخۆیه  بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی چه‌پاندن و زو ڵم و گه نده‌ڵی،  با ئه‌وه شم  له  بیر نه چێت که

پارێز گای به هەرێمکراوی سەرکەوتوو ئه گەر له یەك نه تەوه ب ێت دانیشتوانەکەی ئەنجامی سەرکەوتوو ره سا ئەدات بەده ستەوه ، بەڵام کاتێك که پێکهاتەی شارێکی لەمجۆره بریتی دەبێت له کۆمەڵی نه تەوه و ره گەزی جیاجیا، زاڵ بوون به سەر کێشەکانیا ناره حەت و پڕ له ترسه، دیاره لەم روانگەیەوه هەرگیز کەرکوك ناشێت بۆ هەرێمێکی سەربەخۆ، وەك تورکمان و عەرەبەکان دەیا نەوێت چونکه کەرکوك شارێکی به ره چەڵەك و مێژووی سەلمێنەر کورد نشینه و کەس ناتوانێت به بەڵگه و قەواڵەوه ئەمه رەت بکا تەوه، که وا ته ج یا کرد نەوەی ئەم پارێزگا یه بۆ هەرێمیکی سەربەخۆ و دابرکرد نی پار چەیەك له کورد ستان، نەك له بەر ئەوەی ئەم شاره سامانی نەوتی تێدایه ، وەك نەیارەکان دەڵێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی که به بەڵگەی مێژویی و دۆکۆمێنت و سەلمێنراو به شێك بووه له ویلا یەتی شارەزوورەوه و بەرواری نیشتەجێ بوونی تورکمان و عەرەب لەو شاره و دەوروبەر دا نزیکه و ناگەرێتەوه بۆ قووڵایی مێژوو.

١–ئەگەر ئەو شاره  خوانەخواسته  بکرێته هەرێمیکی سەربەخۆ له ماوەی چەند ساڵێکی که مدا شەپۆلی کۆچی عەرەبی هاورده شارەکه هەناسه سواردەکات و دیموگرافیەتەکەی به عەرەب دەگۆڕی.

٢  گەڕاند نەوەی کەرکوك بۆ هەرێمی کورد ستان و پ یاده کرد نی ماددەی ١٤٠ داواکاریەکی دەستووری و شارستانیه و دووره له هەموو ئەو هەڕه شه و گوڕه شانەی که له دەرەوەی هەرێم روو بەڕووی پ یاده کرد نی ماددەی ١٤٠ دەبێتەوه .

٣  کەرکوك کردن به هەرێم هەمیشه و له گەڵ هەر گرژی و پێکدادانێکی نەتەوه جیاوازەکاندا ئامادەگی دەبێت بۆ چوونه سەر به غدا، که ئەمه خۆی له خۆی دا مەترسیەکه گەورەتر دەکات .

٤  به هەرێم کردنی کەرکوك هەمیشه دەبێته سەرچاوەی ناکۆکی و بەیەك دادانی نەتەوەکان له بەر نزیکی رێژەی کورد به جیاوازی عەرەب و

تورکمانیش وەك هاوپەیمانێیەك بە جیا ، بەڵام گەڕاندنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان ، ئەو ئاستەنگەیە دەڕەوێنیتەوە چونکە لەو کاتەدا تورکمان دەبێتە نەتەوەی دووەم و عەرەبیش کەمینە و ئەمەش وا دەکات کە ترازوی هێزەکان لە ئاستێکدا دەبێت کە شەڕ و بەیەکدادان دوور دەکەوێتەوە ، بە تایبەتی ئەگەر مافەکانی تورك و عەرەب بە شێوەیەکی شارستانیانە دابین بکرێت.

بیر کردنەوە لە بەهەرێمکردنی کەرکوك پیلانێکی هەمە لایەنە و دەبێت میللەتی کورد بە گشتی و دانیشتوە کوردەکانی کەرکوك بە تایبەتی ، بە توندی دژی بوەستنەوە و ئەو مەبەستە پووچ کەنەوە ، چونکە گەڕانەوەی ئەو پارێزگایە و شوێنەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی سەقامگیری و بە هێزی هەرێمی کوردستان لە رووی :

١. گەورەکردنی پانتایی و جوگرافی هەرێمی کوردستان .

٢. فرە کردنی دانیشتوانی هەرێم .

٣. دەوڵەمەند کردنی هەرێم بە گەڕانەوەی سامانە سروشتییەکان بە تایبەتی نەوت و غازی ئەو شارە .

دیارە گەورەکردنی قەبارەی هەرێمی کوردستان بەو سێ هۆکارەی سەرەوە، تاقیکردنەوە فیدراڵیەکەی هەرێمی کوردستان بە بڕشت و دەوڵەمەندتر دەبێت، ریزەکانی کورد و عەرەب و تورکمانیش لە فەزایەکی دیموکراسیانەدا توند و تۆڵتر دەبێت و رێگاش لە دوژمن دەگرێ. بۆ هەر پیلانێك لە دەرەوە بێت یان ناوەوە ، لە هەمان کاتیشدا هەرێمیکی گەورەی وا هەرگیز قابیلی قووتدان و سەرکۆ نەکردن و چەوسانەوە نابێت بەدەست پایتەختی فیدراڵەوە ، چونکە دەبێتە کارتێکی گەورە و بەهێز لە عێراق. با ئەوەش نەبوێرم ئەو دەستە پیلانگێڕەی کە دەیەوێت کەرکوك بکاتە

هەرێمیکی سەربەخۆ، هەوڵ ئەدات دە سکەوتی یا سایی فرەی بۆ بەرهەمبهێنیٚ بۆ ئەوەی خەڵکە کوردەکەی قایل بن و بیری ئەوە نەکەنەوە کە بچنەوە سەر هەرێمی کوردستان ، دیارە ئەم هەولا نەش بەشێکن لەو پیلانەی دەرەوە و ناوەوە بۆ دابڕ کردنی ئەم پارچە شیرینەی کوردستان لە ئامێزی گەرمی دایکی نیشتمان.

لە رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (١٧٧) لە ١١-٣-٢٠٠٩ دا بلاّوکراوەتەوە.

# فەسڵی پێنجەم

## بەشێك لە چاوپێكەوتنە ڕۆژنامەوانییەكانم

## چاوپێكەوتنی رۆژنامەوانی لەگەڵ رۆژنامەی چاودێردا
## رەوف عوسمان ...لەبەردەم دیالۆگێكی كراوەدا

**چاودێر : سەرەتا بەناوی رۆژنا مەی چاودێر ، بەخێرهاتنێكی كەرمی جەنابتان دەكەین ، بەو هیوا یەی د یالۆگی ئەم جارە مان لەمەرپەر لەمان و ئەركەكانی پەرلەمانتارەوە و بیروبۆچوونە جیاوازەكانی نێو پەر لەمانی ع ێراق بێت كەواتە جەنابت كە یەكێكیت لەئەندامە پەرلەمانەكانی پەر لەمانی نوێی عێراق ، كە عێراق دیارە لەمێژووی خۆیدا پەرلەمانی نەبووە ،بەلام سەرەتا پێمان خۆشە كەجەنابت وەك ئەندامێكی لیستی هاوپە یمانی كوردستان ، بە شێوەیەكی گشتی ئەدائی لیستی هاوپە یمانی كوردستان لەناوپەرلەماندا چۆن دەبینیت ؟**

رەوف عو سمان : د یارە ئێ مەی كورد ،چ ئەوا نەی ، لەگەڵما ندان لەلیستەكانی تریش ، هەموومان تازەین بەكاری پەرلەمان ، چونكەخۆتان دەزانن ٣٥ ساڵە ،هەمووی هەركوشت و بڕ بووە .

ئێ ستا ئەم بوارە كەكراوە تەوە تاقیكردنەوە یەكی نوێ یە ،خۆ شتان دەزا نن هەمووتاقیكردنەوە یەكی نویٚ ،ئەزموني یەو لە هەموو ئەزموونێ كدا واتەئەزمونگەری كاری قور بانی دەو یٚت ،مەبە ستلەقوربانی دا نی كارە كەی ئێ مەش چیە ؟ لەوانە یە زۆر جار بەبا شی كارە كە نەپێكرێت ،لەوانە یە لیستی تر پێشدە ستی بكەن ، پرۆژەی تا یبەتیان هەبێت ،ئێمەپرۆژەمان نەبێت پێش ئەوان ،وا تە ئەوكات كاری ئێ مە بە تەنها كاردا نەوە دەب یٚت بەرامبەربەوان ،ئینجا كە كاردانەوەبێت بەرامبەر بەوان ئەمەجیاوازە لەوەی كەخۆمان پێش بینی و پرۆژەی خۆمانمان هەبێت ، دیارە ئەگەر خۆمان پرۆژەی خۆما نمان هەبێت مومكینە با شتر بێت ،مومكینە بەهێز تربێت مومكینە بیر كردنەوەی باشتری بوێت بەوئاراستە یە .

➢ **چاودێر :باشە بۆچی ئێوە كارتان ئەوەبێت ، بۆ ئێوە پرۆژەتان نەبێت ؟**

➢ ڕەوف عوسمان :لەڕاستیدا تا ئێستا نەکەوتوینەتە سەر ئە و کێشە گرنگا نەی کە پابە ندە بە خۆما نەوە، ئێستا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە کێشەی کەرکوکە کەزۆر گرنگە ،کێشەی جێبەجێکردنی ئەو یا سایەیە بۆ ئا سایکردنەوەی کەرکوك کە تائێ ستا نەگەیـ شتوینەتە ئەنجام ، نەگەیشتوینەتە سەر باسکردنی دەستوورو بەندەکانی دەستوورو چۆنیەتی داڕ شتنەوەی دە ستوور ، ئەما نە هەمووی شتە گرنگەکانن کەئێ مە لەداهاتوودا دەبێت شەڕی پەرلەمانی تیابکەین ، دەبێت را مان هەبێت و دەبێت پرۆژەی خومانمان هەبێت ، بەلاّم ئێستا وەکو چۆن دەڵێن: باتری سەیارە لەز ستاندا ووردە ووردە گەرم دەبێت شەڕەکە وردە وردە گەرم دەبێت ، بۆ نمونە هەندێك بوار هە یە بەئا سانی قسەی لە سەر دەکرێت ، لەپڕ کەئەگا تە خاڵێکی دورێیان ، لەکاتی دوریانەکەدا ئەوکاتا نە گێڕ مەو کێ شە درو ست دەبێت ، ئێ ستا نمونە یەکی بچکۆلە دێنمەوە ، لیستی ئیئتلاف ١٤٠ کور سیان هە یە و ئەوان زۆر ینەن و ئەتوانن بە ئارەزوی خۆیان زۆر شت بکەن ،یەکێك لەوانە بڵێین وەك نوێنەری ئەوان قسەدەکات کە د. ئەکرەم حەکیمە ،هەرچەندە لەلە ندەن هاتۆتەوە پیاوێکە شارەزایە لەکاری ئەویٚ و لەکاری ئێرەشدا . بەلاّم زۆرجار هە ندێك شت ئەخا تە ڕوو ئەو شتانە لەوانەیە هاندانی لیستەکەی خۆی بێت ، لەوانەیە ڕێنیشاندەری لیستەکەی خۆی بێت ، بۆ نمونە لە دوا کۆبونەوەدا داوای چی کرد ؟ داوای ئەوەی کرد کە ئیستیحقاقاتی دە ستەی سەرۆکایەتی دەبێت بەگوێرەی لیست بێت ، وا تای چییە ئە مە ؟ وا تە دە ستەی سەرۆکایەتی جگە لە سەرۆکەکە ، دوو جێگرەکە یەتی ،( سەرۆکایەتی پەر لەمان ) ، د یارە سەرۆکایەتی پەرلەمان جێگری یەکەم حسین شهرستانیە ، چونکە دەنگی زۆری هەیە ، ئەمە قسەکەی وای دەگەیا ند کە سەرۆك جۆرێك لە کەمکردنی دەسەلاّتەکانی بۆ قسەکردن ، واتە دووجێگرەکەش ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لەوەدا ،بەلاّم یاسای ئەنجومونی نیشتیمانی دەڵێت : سەرۆکی ئەنجو مەن بۆی هە یە زۆر شت بکاو ئەوان پابە ندی ئەو بن ، لەوێدا کێشەیەك ها تە

کایەوە ، کێشەکە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن وتی : ئەگەر وابێت دەسەڵات لە من بسەندرێتەوە و بەو بیانووەی کە گەورەترین لیست جێگرەکەی دەور دەبینێت لە دەسەڵاتی مندا ، من لە وانەیە دەست بکێشمەوە و ئەو کارە ناکەم ، لەوە وە کەمێك توندوتیژی تر دروست بوو ، گەیشتە ئەوەی ووتی بائەم دانیشتنە وازلێبهێنین بۆ هەفتەی داهاتوو ، ئینجا ئەم کێشانە لەپڕ دێتە ڕێگا مان ڕێگای کۆبو نەوەکان و خۆ شی ڕ یاوێکی بەتوانا یە ( سەرۆکی ئەنجو مەنی نیشتیمانی) زۆر جار خۆی لەکێشە لا ئەدات کەڕووبەڕوی دەبێتەوە و ئەوانیش ، دەیخەنە ناو کێشەکەو دەرئەچێتەوە ، وا تە ئەوە ندەی ئێمە بزانین هونەری بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەوە جگە لەوەی هونەرێکی دیبلۆماسییە ، هونەرێکی زانستیشە ئەوەی کە بەڕێوەی دەبات ، دەبێت کەسێکی زۆر بەتوانا بێت بزانێت چۆن خۆی لائەدات لە کێشەکان و بزانێت هەندێك کێشە هەیە دەبێت بچێتە ناوی و خۆی بکشێنێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت ، واتە لەناو پەرلەماندا شەڕە ، شەڕەکە شەڕێکی نهێنی نییە ، شەڕێکی دەستەو یەخەیە ، بەڵام بە لۆجیك ، بەڵام بە قسەکردن ، ئەو لۆژیك و قسەکردنە جاری واهەیە توانای بەکارهێنانی ووشەو توانای ووشە گۆڕکێ و توانا لەقسەکردندا ڕۆڵ ئەبینێت ، جاری وا هەیە لەهەندێك تەلی سۆز ئەدرێت ، لەتەلی هەست ئەدرێت ، ئەوتەلی هەست و سۆزە لەوانەیە کاربکاتە سەر ئەندامەکانی پەرلەمان ، ئێستا من نمونەیەکی بچکۆلە دێنمەوە ، دانیشتنی پێش دوا دانیشتن ، ١٧ ی مادگە لێرە لە کوردستان یادی ئەنفال دەکرایەوە .

ئەوەی کە پێویستە لەسەر ئێمە ، ئەوەیە کە کێشەکانی ئێرە بەرینە ئەوێ ، ئەوکێشانەی کە بەغدا لێی بەرپرس بووە ( بەغدای ئەوسا ) ،بەڵام بەغدای ئێستاش هەرلەوێوە تیشکی حوکمەکە دێت من باسی کێشەی ئەنفالم کرد کەباسی کێشەی ئەنفالم کرد وتم: ئەو هەزاران گوندەی کە سووتاوە و ئەنفال کراوە لەوانەیە ١٠٠٠ مزگەوتی تیابوبێت لەوانەیە

هەزاران قورئانی تیابوبێت، ئەما نەش لەگەڵیدا سوتێنراون ، ئیذجا باسی ئەو بەڵگە یەم کرد کە ٣٠٠ کچی کورد لەتە مەنی ١٤ بۆ ٢٩ ساڵیدا فرۆشراون بەکابرایەکی قبتی لە میسر ، بۆ ئەوەی لە (نەوادی لیلي ) دا ئیش بکەن ، بەپێی ئەو فەرما نەی موخا بەراتی عێرا قی کە لە کەرکوك دۆزراوەتەوە بە ژمارە (١٦٠١ ) ە وە لە ١٨/١٢/١٩٨٩ دا دەرچووە ، ئەوە وای کرد لە هەندێك عەرەبی شیعە هاتن بۆ لای من و دەستیان کردە ملم و وتیان ئێمە زۆر هاو سۆزی یەکترین ، چونکە بەڕاستی کێشەکانی ئێمەو ئێوە زۆر لەیە کەوە نزیکەو ئێمە نەمانزانیوە بەو قوڵییەو بەو شێوەیە ئەنفال و جینۆساید کراون ئیذجا تۆ پێویستە باسی ئەوەش بکەیت کە جینۆساید هەر جینۆسایدە ، ئەوەی کە کاتی خۆی هێتلەر کردویەتی ، ئەوەی کەکاتی خۆی ستالین بەرامبەر گەلانی قەوقاز کردویەتی، ئەوەی سەدام لێرە کردویەتی، ئەبێ لەوا نەدا پەیوەستیەك بدۆزێتەوە ، کەحاڵەتە کە دەر بخەیت کە دیکتاتۆر لە هەموو دنیادا هەر دیکتاتۆرە ، ئەبێ بەو پێودانگە بتوانیت بچیتە ناو کێشەکانەوە و بتوانیت پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی تردا دروست بکەیت ، ئەگەر ئێمەی کورد نەتوانین پەیوەندیەك لەگەڵ ئەواندا دروست بکەین بۆ هەندێك بڕیار ، مانای وایە ئێمە بەتەنها دەمێنینەوە ، چونکە بەڕاستی ئێمە ٧٦ دەنگین ، ئەم ٧٦ دەنگە لەزۆر بڕیاردا ئەگەر ئەتوانین پەیوەندی بەوانەوە بکەین ئەگەر ئەتوانین هەندێك لایەنی سۆزدارییان راکێشین ، ئەگەر نەتوانین بە لۆژیك قسە بکەین ، ئێمە لەوانەیە بەتەنیا بمێنێینەوە .

➢ **چاودێر : ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەتواناو لێهاتوویی ئەندام پەرلەمانەکانەوە هەیە بەڵام وەك پرۆژە تۆ باسی ئەوەت کرد کەئێوە کاتێك کێشەو گفتوگۆکان گەیشتنە سەر مەسەلە چارەنووس سازەکانی کورد ، کەرکوك و فیدراڵی و کۆمەڵێك مەسەلەی تر کە پەیوەندی دارە بەچارەنووسی کوردەوە قسە بکەن ، بەڵام ئایا بۆ ئێوە پێویست ناکات کەلەسەر هەمو ناوخۆی**

**عێراق قسە بکەن ، بەجۆرێك کە دەوڵەتی عێراقی پێك هاتەیەك بێت کە بەڕاستی پێك هاتەیەکی دیموکراتی بێت ، واتە قسە لەسەر کێشەیەك بکەن کەلە ئوم قەسرە لەکاتێکدا ئە و کێشەیە پەیوەندی بە دیموکراتی بوون و دیموکراتی نەبوونی عێراقەوە هەیە ، نەك تەنها قسە لەسەر کێشەیەك بکەن کە پەیوەندی بەنەتەوەیەکەوە هەیە کە کوردە .**

**➢ ڕەوف عو سمان : ئەوە بێگو مان وا یە ، وا تە مەهامی ئێ مە بەرپرسیارێتی ئێمە ، لەوەدا خۆی نابینێتەوە کەئێمە تەنیا قسە بکەین لەسەر کوردستان و عێراق وازلێبهێنین ، چونکە ئێمە بڕیارمان داوە لەگەڵ عێرا قدا بین ، ئەبێت کێشەکانی عێراقیش چارە سەر بکرێت ، بەجۆرێك کەکاربکاتەسەر ئێمە ، ئێستا بۆ نمونە سبەی ئەوەی دێتە پێش کەدین جیابکرێتەوە لەدەسەلآت ئەمەکێشەیەکە ئەگەر لەعێراقدا چارەسەر بکرێت بە پۆزەتیڤ کاردەکا تە سەر ئێمە ، ئە گەر لە عێراق و بە غدا چارە سەر نەکرێت ، کاردانەوەی سەلبی دەبێت بۆ ئێمە ، ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی کەدەبێت ئێمە قسەی لە سەر بکەین ، یا سای باری شارستانی ،لە وانە یە ئەوان بیا نەوێت زۆر شتی نا باش ، زۆر شتی ناشار ستانی بهێنە نە ناو ئێ مەوە ، ئەوە کێ شەیەکە دەبێت قسەی لە سەر بکرێت ، لە سەر کێ شە گرنگەکان بۆ نمونە :پرۆگرامی خوێندن ،پرۆگرامی خوێندنی ئێستا دوای دروست بوونی پەرلەمان و دەرکردنی بڕیارەکان ، دەبێت زۆر جیاواز بێت لە پرۆگرا می خوێندنی پێش درو ست بوونی پەرلەمان و پێش درو ست بوونی بڕیارە کانی پەرلەمان ، چونکە تا ئێستا لەپرۆگرامی خوێند ندا چ لە سەر ئا ستی سەرەتایی ،چ لە سەر ئا ستی ناوە ندی و چ لە سەر ئا ستی ئا مادەیی وچ لە سەر ئا ستی خوێندنی زانکۆ، خۆت دەزا نی پرۆگرامێکە ناڵێم هەمووی ، تا ئێستا لە ژ ێر هە ندێك کاریگەری ڕژێمی کۆندا یە ، ئەوانە ئەو کێشانەن دەبێت ئێمە لەسەر ئەو تەوەرەیش ئیش بکەین ،وا تە تەوەرەی کوردستانی لایەکە ، تەوەرەی عێراقیش لایەکە ، تەنانەت زۆرجار**

تەوەرەی عەرەبیشی تێدەکەوێت ، بۆ نمونە دەڵێ : (ینبغي تعاون جمعیة الوطنیة العراقیة مع الدول الشقیقة والدول الصدیقة) ، تۆ ئەتوانیت لێرەدا گفتوگۆ لە سەر وشەی ( شقیقة) بکەیت ، کاما نەن ( شقیقة ) ؟ . ( شقیقة) سوریایە کەئێستا ئیرهابیت بۆ ئەنێرێت ، ئوردنە کەشای و لوغان دەکات بۆ ئەو بەنایە کە ئە و هەموو خەڵکەی لەحللە کوشتووە ، دراوسێکانی ترن ،دەوڵەتەعەرەبیەکانی ترن ، کەبەبێدەنگ ماونەتەوە ، بەرامبەر بەوکێشە گەورا نەی کە لە عێرا قدا هە یە ، ئێ ستا ئە مە وو شەیەکە ئەتوانیت لەپەرلەما ندا لە سەری بوە ستیت ، ئێ ستا ( شقیقة) ن یە لەم قۆنا غەدا ، لەبەرئەوەئەشێت لابرێت ، واتا ئەم شتانە بەڕاستی هەندێك کێشەی زاراوە هەیە ، ئەم کێشەی زاراوانە جارێکی تر بەرەو ڕووی ئەندامانی پەرلەمان دەبنەوە ، بۆ نمونە کێشە لەسەر ووشەی جمهوریەتی عێراق ، لەسەردەمی سەدامدا ، کە سەدام تو شی تێک شکانەکانی دە بو دەیوی ست بە چی قەرەبووی بکاتەوە ؟ بەیاریکردن بەزاراوەو ووشەو بەو شتانە ، بۆ نمونە (جمهور یەتی عێرا قی گۆڕی بە جمهور یة الـ عراق) بۆ ئە مە وا تە ع ێراق سەرچاوەکەیە، گرنگ عێراقە نەك جمهوریەت ، ئەمە لە قواعددا پێی دەڵێن (مضاف و مضاف الیە) واتە هێزی (مـضاف) لە (مـضاف الـیە) دایە کە عێراقەکەیە .

هەرچۆنێك بێت بەهای عـێراق چییە ئەگەر دیموکراسی نەبێت ، یان ئەگەر کۆماری نەبێت ئەگەر وولاتێکی پێش کەووتوخواز نەبێت ، ئە مە تۆ ئەشێت قسە لە سەر ئەوە بکەیت بڵێیت : ئێمە ناتوانین بڵێین (جمهوریة العراق) ئەبێ بیگۆڕین بۆ (الجمهوریة العراقیة) وەك (الجمهوریة السوریة السودانیة الیمنیة) ئە مە خاڵێکە بەڵام ئەمەش هێشتا پڕ بە پڕی نیە ، چونکو ئەم عێراقە عێراقەکەی ئەوسا نیە ، ئێستا عێراقێکە خۆی بڕیاری داوە کە فیدراڵ بێت ، وا تای وا یە ئەبێت بەوەش ڕازی نەبێت بە (الجمهوریة العراقیة) ئە بێ داوا بکەیت بڵێیت (جمهوریة عراق الاتحادیة الدیموقراطیة) ،ئەبێت تۆ لەما نەوە دەست پێ بکەیت ، ئەما نە مەسەلەی

دەستورن یان بیگۆڕیت بە (جمهورية العراق العربية الكردية) یان بیگۆڕیت بە (جمهورية الشعوب العراقية) ئەگەر بتەوێتڕزگاربیت لە کۆت و پێوەندی ئە و ووشەو زاراوە کۆنا نەی کە ٣٥ ساڵە خەڵکی پێ ئەچەو سێنرێتەوە ، بۆنمونە شتی تر هەیە : (الشعب العراقي) ئە مە ووشەیەکە سەپاوە بەسەر خەڵکی عێرا قدا ، لە ئەنجامی سیا سەتیڕژێمە یەك لەدوای یە کەکان ، هەرچۆنێك بێت گەلی عێراق بە لۆژیکی هەتا بو نیەو یەت ، زەختی (اسمه) لەسەر ( مسمی) نەك زەختی (مسمی) لەسەر ( اسم ) ، عێراق بریتی یە لە کۆ مەڵێك گەل ئە شێ بگۆڕێت بە (الشعوب العراقية ) ئە شێ لەدە ستوردا بکرێت بە و ناوە نەك (الشعب العرا قي) ، چونکە حاڵەتە کە قا یمە ، عێراق بریتی یە لە کورد بریتی یە لە عەرەب بریتی یە لە تورکمان بریتی یە لە کلدو ئاشور ، ئەکرێت بکرێت بە (شعوب العراق) ، ئە ما نە ئەم قسانەن کەلەسەری دەکرێت ، ئە وان مومکنە زۆر توشی گرژی ببن زۆر توشی کێشە ببن لەگەڵتا ، بەڵام پێویستە تۆ بەم مەنتیقە قسەیان لەگەڵ بکەیت ، ئە مە عێراقی دوای سەددامە , ئە مە عێراقێکە جۆرێکی ترە ، ئەبێت تۆ وا قسە بکەیت ، بێگومان ئەمانە شەڕەگەورەکان نین ، ئە مانە شتە بچووکەکانن تۆ ئیتر لێرەوە بەرزدەبیتەوە بۆ شتە گەورەکان .

➢ **چاودێر : مامۆستا سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور ،ئێستا دیارە شیعەکان یان شیعە ، بەرلەوەی ئەوان بێنە ناوپەرلەمان و پرۆژەیەکیان هەبوو بۆ مەسەلەی دەستوور ، پرۆژەکەش خۆیان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە ، بەتایبەتی جەنابی سیستانی ، زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەوان خۆیان بۆ گفتوگۆی دە ستوور ئامادە بکەن ، نەك بۆ دەسەلات ، دیارە بەو لیستە هاوبەشەی شیعە دەڵێت ،ئایا کورد لە پەرلەمانی ئێستای عێراقدا چ پرۆژەیەکی هەیە بۆ دەستور؟**

➢ رەوف عوسمان : ئێمە تا ئێستا لەوە دە چێت پرۆژە یەکی تۆکمەی نوسراوی پێشبینە بۆ کراومان نەبێت ، بە بۆچونی خۆم ئەوانەی لە لیژنەی دە ستوردان ، کۆ مەڵێك خەڵکی با شی تیا یە ، ئەوا نە شارەزان لە شتە یاساییەکان ، بەڵام نازانم تا چەند پێشبینیان کردووە بۆ دانانی دەستورێك

که هیواو ئاوات و داهاتوی سیاسی کورد دەست نیشان بکات ،ئەوانە تاچەند تیایدا رەنگی داوەتەوە ، ئاگام لەوە نیە نازانم .

➢ **چاودێر: بەلاَم ئەوە کەم و کو رتیەکی گەورە نییە ، تائێستا پرۆژەیەکی لە و جۆرە ئامادە نەکرابێت؟**

➢ رەوف عو سمان : بێگو مان ئەوە کەم و کورتیەکی زۆر گەورە یە ، ئێمە نابێت کارەکانمان تەنها کاردانەوەی پرۆژەکانی ئەوان بێت ، ئەوان پرۆژەبهێنن ئێمە گفتوگۆی بکەین ، ئەی کوا شتە تایبەتەکانی خۆمان ؟

ئەبێت ئێمە بێگومان بیر لەوە بکەینەوە ، هەرچەندە یەکەم جار دوای شۆڕشی چواردەی تەموز کە عەبدولکەریم قاسم هاتووە ، گۆڕیویەتی بە (الاكراد والعرب شركاء في هذا الوطن) ، ئێمە پێویستیمان بەم جۆرە سیاغانە هە یە ، بۆ ئەوەی کە ڕێگە ببڕینەوە لە نەوەکانی دا هاتوو ، بۆ ئەوەی کە ئەوانە نەتوانن بڵێن ئەم دەستورەش دانراوەو مافی کورد بەو شێوەیە ، زۆر جار ئەوان ئەیانەوێت بڵێن چی ؟ هەر بڵێن (الشعب العراقي) (المجتمع العراقي) ، ئێمە نابێت بەوە ڕازی بین ، لە (الشعب العراقي) دا تۆ کوایت ؟

➢ **چاودێر : بەلاَم مامۆستا ئیستا جەنابت ئەندام پەرلەمانیت لە پەرلەمانی عێراقدا ، ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك لە وجۆرە ئامادە بکەن بۆ ڕۆژی خۆی ، بۆ ئەوڕۆژەی کە گفتوگۆ لەسەر دەستور دەکرێت ؟**

➢ رەوف عو سمان : ئێمە دیارە تا ئێستا دوو سێ جار مسوەدەی پەیڕەوی ناوخۆ ی ( جمعية ) هاتووە ، جارێ دەڵێن دەبێت ئێوە پەیڕەوی ناوخۆ کە تەواو بکەن ، کە پەیڕەوی ناوخۆ کە تەواوبوو ، ئینجا ئێوە شەرعیەتی ئیشەکانتان بەم شێوەیە دەبێت ، ئێمە ئێستا گفتوگۆمان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆکە یە ، کە پەیڕەوی ناوخۆ (نظام داخلي) کە تەواوبوو ، ئەوکات وردە وردە دەستور دێتە پێشێ ، ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە

کەپرۆژە یەکمان هەبێت ، ئیذ جا ئەم پرۆژە یە چۆنە ؟ ، د یارە دە ستوری عێراقی ، خۆ عێراق ولاّتێك نیە لەجەزیرەی واق وا قەوە هاتبێت یا ولاّتێك بێت دوربێت لەجیهان بەتایبەتی لە سەردەمی عەولە مەدا ، ئە شێت ئێمە سودببینین لەدەستوری ئەو ولاّتانەی کە فیدراڵی تیا دروست بووە ، ئەو ولاّتانەی کە فیدراڵی پێشکەوتوی تیایە ، ئەو ولاّتانەی کە کێشەی ئەتنیان تیایە و بەجوانی چارەسەریان کردووە ، ئەگەر بتوانین دە ستورەکانی ئە و ولاّتانە ، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی فیدراڵی ئەو ولاّتا نە وەربگرین ، مومکینە بتوانین ئیشی باشی تیابکەین .

- چاودێر :هەنگاوی لەو جۆرە هەیە ؟

- رەوف عو سمان : هەنگاوی لەو جۆرە ، تائێستا ئا گام لێذیە کە نرابێت ، چونکە لیژنەکان بەتەواوی دەست نیشان نەکراون ، ئێمە لەچەند کۆبونەوەیەکی دا هاتوودا دە ست نیشانی لیژنەکان دە کەین ، ئەو لیژنا نە دیارە (١٢) لیژنەن ئێمە داوای شتێکی ترمان کردووە ، ئەو لیژنەیە نەبووە بەڕاستی ، بەڕێز کاك ئیبراهیم جلال لەگەڵ بەندە لەگەڵ یەك دووبرادەری تر بیر مان کردووە تەوە لەوەی کەبا لیژنە یەکیش هەبێت بۆ کێ شەی مورەحە لەکان و ئەنفال و هەڵە بجەو ئەهوار ، چونکە کێ شەی ئەهواریش کێشەیەکە ئە شێت نزیك بێت لەم کێشانەوە ، بۆ نمو نە ئێمە بیر لەوا نە دەکەین ەوە ئیذ جا لە گەڵ دا نانی لیژنەکا ندا ، ئەوکا تە هەر لیژنە یەك کۆبونەوەی خۆی هەیە ، خۆی پرۆژەی خۆی هەیە، لە وانەیە من لە لیژنەی تەعلیم و لیژ نەی رو ناکبیری بم ، مومکینە بتوانم لە و ێدا ئیش بکەم ، لەوانەیە لەلیژنەی دە ستورەکەدا لە مە سەلەی سیاغەدا هاوبە شی بکەم ، چونکە بەڕاستی دەبێت زۆر ئاگا مان لەوەبێت کە ئەوان زۆر جار یاری بە ووشە ئەکەن ، یاری بەرستە ئەکەن لەپڕدا ناوێك (ضمیر) ێك لەم وشەیەوە ئەچێتەوە بۆ وشەیەکی تر ، ئەوانەی کە ئەهلی قانونن ئەتوانن دە جۆر لێکدانەوەی بۆ بکەن ، ئە و لێکدانەوانە زۆر جار لەبەرژەوەندی ئێمەدا نیە .

➢ **چاودێر: مامۆستا باسی ئەوەت کرد کەئێوە ئێ ستا گفتو گۆی پەیرەوی ناوخۆ واتە (نظام داخلي) دەکەن ، شەڕی دەستور هێشتا دەستی پێ نەکردووە ، بەلاَم شەڕی ئێوە تۆ باش دەزانیت کە شەڕی ئە ندام پەرلەما نەکانی لیِ ستی هاوپە یمانی کوردستان و هەموو لیستەکانی تریش لە پەرلەماندا شەڕی دەستورە ، شەڕی پەیڕوی ناوخۆ و ئەوانە ، دیارە شتی کاتیِ بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنە ، باشە ئەگەر وایە ئەی ئێوە پێویست نا کات پێش وە خت پرۆژە تان هەبێت بەرنامەتان هەبێت ، لەوەی چاوەڕێیکەن و سەرەی بێت و ئەوجا خۆتان حازر بکەن ، چونکە شیعە لەئێستاوە خۆی ئامادە کردووە و وەك پێشتریش ئاماژەیان بۆ کرد سیستانیش وتویەتی کەلیستی ئیئتیلاف نەك خۆی بە پەیڕەوی ناوخۆو هە ندیَ مەسەلەی تریشەوە خەریك ناکات ، بەڵکو تەنانەت خۆ یان بە پۆ ستە وەزاری و سەرۆکایەتیەکانیشەوە سەرقاڵ نەکەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ مەسەلەی دەستور ، لەکاتێکدا شیعە لە پارەوە پرۆژەی دەستوریان ئامادەیە؟**

➢ **رەوف عو سمان :** خۆی پرۆژە یەك دا نراوە پێ شوەخت ، پرۆژەی ئەنجو مەنی فەرمانڕەوایی ، ئە و پرۆژە یە بە بۆ چونی من ، هە ندێکی سودبینراوە لە ئەزمونی دەرەوە ، لەوانەیە ئەوە ببێت ، ناڵێم بەبنکە یەکی سەد دەر سەد ، رەذ گە بد ێت بەبنکە یەکی د چوك ، جێپێ یەك بۆ ئەوەی لەوێوە هەندێك شتی تری دەستور هەڵگۆزریَ و بوترێت .

➢ **چاودێر : خۆی لەڕووی یاساییەوە وایە ، یاسای کاتی هە ندێك بڕ گەی تیادایە ، دەبێت دوبارە ببێتەوە ، بەلاَم پرسیارەکە ئەوەیە لیستی هاو پە یمانی کوردستان ، بۆ تائێستا ، پرۆژەیەکی یاسایی ، تۆکمەیان ئامادە نەکردووە بۆ دەستور .**

➢ **رەوف عو سمان:** ئەو لیژنا نەی کە لە دە ستورن، بۆ چونم وا یە کە یەکێك لەوا نە شێخ سەعدی بەرزنجی د ێت، کە خۆی دکتۆرای هە یە لە

یاساو هەندێك خەڵكی تریشی لە ئێمە تیا دەبێت، ئەوانە ئەبێت بیر لەوە بکەنەوە ئەوەی بچێتە ئەو پرۆژەیەوە دەبێت پرۆفیشناڵ بێت.

➢ **چاودێر : بیریان لێکردۆتەوە ؟**

➢ رەوف عوسمان :ئاگام لەوە نییە ناتوانم ئێستا بڵێم سەد دەرسەد بیریان لێکردۆتەوە، بەڵام ئێستاش کات ماوە بۆ ئەو بیرکردنەوەیە، ئەوانە هەمووی ئەوە دەردەخات کەبەڕێزسیستانی کابرایەکە چەند لەمەسەلەی دینەوە کاردەکات ئەوەندەش دەیەوێت مەسەلەی سیاسەت بکات بە بنکەیەك بۆ ئەوەی پرۆژەدینیەکانی خۆی پێ بەڕێوەبەرێت ، چونکە زۆر جار لەهەندێك کاتی هەستیاردا لێدوان ئەدات .

➢ **چاودێر : بەلام ئەوە مافی خۆیەتی .**

➢ رەوف عوسمان : مافی خۆیەتی .

➢ **چاودێر : بەلام کورد تائێستا ئەو مافەی بەکارنەهێناوە کە بریتی یە لە خۆ ئامادەکردن بۆ دەستور .**

➢ رەوف عوسمان : ئەو کەسایەتیەکی کاریزمی دینیە ، ئەتوانێت کار بکاتە سەر شیعەکان بە هەموو تەیارەکانیاەوە ، بۆ نمونە تەیاری ئیئتیلاف ، بە بۆچونی ئەو خەڵکەی کەلەدورەوە سەیر دەکات ، لە وانەیە بڵێت ( ٥-٦ ) بە شن ، بەلام لە ڕاستیدا( ١٧ )بە شن ئەم (١٧ )بە شە جۆرەها بیرکردنەوەی شیعی تیایە ، بەلام هەموویان لەوەدەچێت کۆمەڵێك هێڵی سوریان هەبێت ، ناتوانن بیبەزێنن ، کەدەچێتەوە سەر قسەکانی سیستانی ، ئەو زۆر جار ڕێگامان بۆ دادەنێت ،تا ئێستاش بە بۆچونی من ئەو ڕێگایانەی کە بۆیان دادەنێت ڕێگایەکە ئەشێت بدێت بەهۆی ئەوەی کەلەداهاتودا زۆرینەی شیعە زاڵبن بەسەر بارودۆخی عێراقدا ، ئەمە بارێکە کە ئەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە گۆڕینی دەسەلاتی ڕژێمی پێشوو

بەگۆڕینی دەسەلاّتێکی تری توندی ئاینی تر ، ئەوە وەکو ئەوە وایە (الزائد کالناقص) ، ئینجا ئەوان هەوڵی ئەوە ئەدەن لەناو تەیاری ئیئتیلا فیش دا ، بێگو مان خەڵکی ڕو ناکبیری تایبەت نایا نەوێت تەواو بچنە سەر ئەو هێلاّ نەی کە ئاین مە سەلەی مەز هەبی دەبە ستێتەوە بەسیا سەتەوە ، بەتایبەتی دەیەوێت وانەبێت .

➢ **چاودێر : بەلاّم مناقەشەی ئەو ڕایا نەی خۆ یان دە کەن ئەوا نەی کە جیاوازن ؟**

➢ رەوف عوسمان : هەڵیدەگرن بۆ ناو خۆیان ، لەوە ئەچێت ، چونکە لەم بەینەدا یەکێکیان کە ئەکرەم حەکیمە کۆمەڵێك شتی خستە ڕوو ، لەوە دەچێت وەك تیۆرزانی ئەوان قسە دەکات ، کۆمەڵێك شتی خستەڕوو بۆ نمونە ، یەکێك لەوانە ، ئەم حکومەتەی ئێستا هەیە پێی دەڵێن حکومەتی بەڕێوەبردنی کارو ، بۆی نیە کەس دا بمەزرێنێت بە پلەی بەڕێوە بەری گشتی ، یان جێگری بەڕێوە بەری گشتی ، یان بە پلەی ڕاوێژکار ، یان هەندێك شتی تر ، ئەوان تەیاری ئیئتیلاف هەستان رەخنەیەکی توندو تیژیان ئاراستەی حکومەتەکەی ئەیاد عەلاوی کرد ، کە لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە یان کە کۆمەڵێکی زۆر (عضو شعبة)ی دامەزراندووە بە پلەی بەڕێوە بەری گشتی ، کە ئەمە بەڕاستی کێشەی لێکەوتەوە، داوا کرا کە لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ بەدواداچونی لیژنەکە نەگەڕاوەتەوە لای ئێمە ، چونکە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری داوە ئەوەی بەو پلانە دامەزراوبێت ، هەرکەس بێت دەبێت هەڵبوەشێتەوە ، ئەمە هەندێك کێشەیە لەنێوان لیستی عێراقیەو لیستی ئیئتلافدا .

➢ **چاودێر : مامۆستا تۆ پێشتر شتێکت باسکرد ، مەسەلەی ئەوەی کەلەبەرامبەر زاراوەی ( شقيقة ) واتە دەوڵەتە براکان ، لێرە من دەمەوێت**

**پرسیارێك بكەم لەسەر ئەوەی كە هەستی عەرەبچێتی لەناو لیستی جگە لە گورد لە پەرلەمان و جگەلە كوردستانیان ، ئایا ئەو هەستە تەنها هەستێكە بۆ گەڕانەوە بۆ رابردووی كەلە پورو زمانی عەرەبی ، یان هەستێكە بۆ ئینتماكردن بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئومەی عەرەبی و بۆ سوریاو ئەردەن و هتد ؟**

➢ رەوف عوسمان : من بۆ چونێكم هەیەو: ڕاكەم دوبەشە ، دو تەوەرە ، یەكێكیان لەوانە یە وەك زاراوە یەك را هاتو بن لە سەری ٣٥ ساڵە دوە لی عەرەبی ، بە دوەلی (شقیقە) دادەنرێت ، ئەمە را یەك ، را یەكی تر لەوانە یە بیانەوێ وڵاتەكانی عەرەبی بێننەوە سەرخەت كە هەرچەندە ئێستا خراپن ، بەلاّم تائێستا ئێمە هەر براین ، چونكە ئەوە ندەی ئێمە بزانین زۆر جار تەیارە دینیەكان زاڵترن بە سەر تەیاری نەتەوە ییدا ، تەیاری نە تەوەیی ئە گەر پاشماوە یەكی مابێت ، لەوانە یە لای هە ندێكی كەم ، ئەویش لە سوننەكان ، لەناو شیعەكاندا كەمتر ئەوە هە یە ، كەمتر ئەو تەیارە نەتەوەیی یەی ئەو سا هە یە ، كەبڵێین (الو حدة العرب یة) ئەوە بە چاك یان بەخراپ ، وەك دە ڵێن چۆتە گوڕەوەو ، بەهیچ جۆرێك باس ناكرێت ، ، واتای وایە ( دول الشقیقة )ش هەر درێژە پێدانی ئەوە ، ئیذجا تۆ ئەبێت شەڕ لەسەر ئەوە بكەیت ، كەوا دوە لی (شقیقة ), ئەوە یە كە تیرۆرمان بۆ دەنێرێت دەمانكوژێت ، ئەوە میسرە (موتەفەریج ) وەستاوە ، ئەوە دوە لی خلیجە ، كەناڵی جەزیرە و عەرەبیەو ئەوانیانیان تێبەرداوین و تەبشیر بەئیرهاب دەكەن، واتا (شقیقة ) نیە ، وا تە ئەو زاراوە یە دەبێت لابرێت ، ئیذجا هە یە لە سەر تورا سە كۆنە كە ڕا هاتووە ، حەزدە كەم ئەوەش بڵێم ، ئەندامانی پەرلەمان بەدەر نین لەخەڵكانی كۆنی سەر بە ڕژێم.

➢ **چاودێر : لەلیستی عەرەبەكاندا؟**

➢ رەوف عو سمان : بەڵێ لە لیستی عەرەبەكا ندا ، بۆ نمو نە ئێستا شتێك دە ڵێین : یەكێك بەناوی (حبیب) ناوی باوكیم لەیاد ذ یە، ئە مە بەیانییەك لە بەیانیەكان رۆژنامەیەكیان بۆ ئێمە هێنا، رۆژنامەكە ئەوەی كە

دابه شی ده کرد و تی: تکا یه ئەودیوی بخوێذ نەوە، که سەرنجمان دا ئەودیوی با سی کەسێکی تیا یه که ئه مه باوکی وه ختی خۆی مەلابووەو شیعه بووه، له سەردەمی سەدامدا ڕۆڵێ کی زۆر گەورەی هەبووە لەسەرکوتکردنی راپەریندا و رەسمەکەشی تیایه که چووه بۆ لای سەددامو دوو دیکۆمێنتیشی تیا یه، (سري وشخصي للغاية ويفتح با لذات)، بۆ مدیره یەتی ئەمنی نه جەف که تکا یه ئەم شێخه یار مەتی زۆری بدرێت و پارەی زۆری بدرێتیێ، ئەوه له موخابەراتەوه هاتووه، بۆ نمو نه داواده کات دەڵێت: پیرۆز بایی له مەجلیسی جەمع یەتی وه تەنی ده کەین که کۆ نه بەعسیەکی تاوانباری وای تیایه ، ئەوه بەڵگەنامەکا نەو ئەڵێ تەنا نەت ئەم پیاوه هیچ زانیاری دینیشی نیه .

➢ **چاودێر : باشه ئێوه لیستی کوردستانی بۆ ئەو خاڵه ناقۆز ـنەوەو قـ سه لەسەر ئەو ئەندامه بکەن و له ڕووی یاساییەوه لێپرسینەوەی بەرامبەر بکرێت ؟**

➢ رەوف عو سمان : لەوانه یه له کۆبو نەوەکانی دا هاتوودا ئەو خا ڵه بوروژێنرێت، ئێمه ئەمانەوێت بەڕاستی بەدوای کێشه گرنگەکانی خۆما ندا بڕۆین، ئەوەی که ئەو ئیشەی کردووه، بەشێکه له تەیاری ئیئتیلاف ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیەی دەرکردووه، له خۆیا نه، ئەما نەوێت خۆیان بیتەقێذنەوه ، ئینجا ئێمەش تێچێن بکەین، زیاتر ئەوەمان دەوێت، وا ته بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێین ، ناما نەوێت خۆمان بەرەو روو له سەر هه ندێك کێشەی لاوه کی شت دروست بکەین ، چونکه لەبەرژەوەندی مەهامه گشتییەکەی ئێمه نیه .

➢ **چاودێر : تۆ دەڵێیت ، نامانەوێت لەسەر شتی لاوه کی گر فت درو ست بکەین، بەڵام من پرسیارێکت لێ دەکەم لەوەتەی پەرلەمان کۆبو نەوه ده کات ، تائێستا ئەو شتانەی کەباسی دەکات له ڕاستیدا کێشه جەوهەرییەکانی کۆ مەڵی**

عێراقی نیه ، پێت وانیه درێژبوونەوەی ئەو بابەتانە بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان دەکرێت زۆرتریش بخایەنێت، لەسەر حسابی ئاسایش و ئارامی عێراق؟

➢ ڕەوف عو سمان : بێگو مان ئێ مه هەموو کۆبونەوە یەك کە هەما نە سەرەتا ذیو سەعات دادە نێین بۆ (القضايا الساخنة)، دوا یی دێینە سەر کێشە سەرەکییەکان، ئەو (القضايا الساخنة) یە شتە ڕۆژانەییەکا نە، بۆ نمونە (قضايا)ی (ساخن) جارێك لە سەر کێشەی مەدائن ئەوەی سەلمان پاك درو ستبوو، کە گوا یە کۆ مەڵێك خەڵکی تەکفیریو ئەوا نە هاتوون، کۆ مەڵێك شیعەیان دە ستگیرکردووە ئەوا نە بارمـتەن داوا یان کردووە لە شیعەکان کە بڕۆن لەو ناوچەیە، ئەمە ئیتر بوو بەکێشەیەك لە سەری (قا مت الدنيا ولم تقعد)، کەباسیان کرد ئەمە موئامەرەیەکی گەورەیە لەسەر شیعەو ئەمە ئەبێت بەهۆی ئەوەی کە باڵێکی سوننی لەناوچەی لەتیفیەوە دێتەوە بەناوچەی سەلمان پاکاو سەرەوەشی بەعقوبەو ئەملاشی سەرەوەی بە غدا، د ڵێین تکر یتو ئەوا نە کە ئەیا نەوێت چوار دەور ێك درو ستبکەن چواردەورکە سوننی د ێت بۆ ئەوەی ئەو بازنە یە وردە وردە باڵبکێ شێت بەسەر بەغدادا.

شیعەکان توانیویا نە زۆر شت د کەن لە گەڕەکی ( ثورة) ی ئەو سا کە ئێستا (صدر) ە ، توانیویانە زاڵبن بەسەر ناوچەکەدا و سەددام بیری لەوە کردوو تەوە کە هە ندێك تیرەی سوننەی عەرەب زەرع د کات لەو ناو چانە بۆئەوەی کە یەکەم کێشە درو ست دکەن بۆ شێعەکان ، دووەم بە غدا ئارام بێت لە هێرش ، ئەگەر شیعەکان هێرشیان کردەسەری.

➢ ڕەوف عوسمان: ئەمە قاسم داود دەڵێت : ئە مە کێشەیەکە سەددام دوای ڕا پەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆ ئێ مەی درو ستکردووە ، ئێ ستا ئێ مە دەتلێینەوە بەدەست ئەم کێشەیەوە و دەبێت چارە سەر بکرێت ، بۆ نمو نە عە شایەری دلێ می جێگیر کردووە ، عە شایەری دلێ میش زۆر بەی ئەمنو

موخا بەراتو   چەکداری ڕژ ێم  بوونو  پارەو ئیمکاذ یاتو  شتی زۆری داونەتیٚ ، ئەوەتا ئێستا بووە بەسەرەتانێك لەناوچەکەدا ، ئەمە کێشەیەکی (ساخنة) ، لەوانەیە دوو دانیشتن بکوژێت ، ئەم کێشەیە گەیشتە ئەوەی لە نیو سەعاتەوە بوو بە یەك سەعات ، یەکێك هە ستاو وو تی : خستنە رووی کێ شەی  مەدائن   بەدەر نی یە  لە  کۆ مەڵێك بزوا ندنی هە ست و  سۆز ، مەوزوعیەتی کەمترە ، بۆ نمونە ئێستاکە هـێزی ئەمریکی و هـێزی سوپای عێرا قی و  پا سەوانی نیشتمانی  چوونەتە  ناو  شارەکە ، هە ست دە کەن ( رهائن ) نیـیە ، ما نای وا یە ئە مە  گەورە دەکرێت ، بەڕا ستی ئەوا نەش  کە لەپەرلەما ندان  زۆر  جار  شت وا گەورە دە کەن   کە ز یاتر ق سەی لە سەر دەکرێت ، ئەتەکێتی قسەکردنەکانیش  چۆن  دەکەوێتەوە ؟ جاری واهە یە من هەڵدەستم قسە دەکەم ، یەکێکی تر دەیەوێت قسە بکات ، هەر قسەکەی منی تەواو کردووە ، بەڵام هەموویان دەیانەوێت یەك قسە بکەن  .

➢ **چاودێر : ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات ئەوانە چارەسەر ببێت ؟**

➢ رەوف عوسمان  :  مومکینە چارەسەر بکرێت ، بۆ نمونە شتێك هەیە پـێی دە ڵێن ( نق طة ن ظام ) ، وا تە  کیٚ  خاڵێکی لا یە  کە ڕا ستەوخۆ  لە جەوهەری بابەتەکە دەدات؟ کە سی واهە یە  لە لێواری  ئەو ( نقطة نظام) ە دەدات ، هیتر هەیە تعلیقی لەسەر (نقطة نظام) ە ، هەر کە قسە دەکات  ئەو هەردەڵێت  کا کە ئە مە (نق طة ن ظام ) نی یە ، تکا یە  با ئە مە  نەبێت، هەر سوودی نییە، جا ئەمانە بەهۆی درێژبوونەوەی کۆبونەوەکانو نەگەیشتن بە هەندێك ئەنجام.

➢ **چاودێر  : ما مۆستا تۆ پێتوایە ئە و وەتیرەیە یان ریتـ ـمی کۆبو ـنەوەکان لەگەڵ نزیك بوونەوەی بابەتە چارەنوسسازەکان بە نسبەت هەموو لیـ ستەکانەوە چ لیستی هاو پە یمانی چ لیستی شیعە ،چ لیستی عێراقیون ،چ لیستی سوننەکان، پێتوایە لەگەڵ نزیك بوونەوەی ئەو کێـ شانە ریتـ ـمی گفتوگۆ ـکانیش تو ـندترو سە ختتر دەبێت ؟**

➢ رەوف عو سمان : بێگو مان تو ند  تر دەبـ ێت ، بێگو مان لە گەڵ وەرگرتنی هەندێك پۆست لە لایەن لیستی عێراقیەوە ، ئەوانیش دێنەوە ناو گۆڕەپانی کارەکە و ئە وا نیش ئەو کات دەکەو نە گفـتو گۆ ، بەڵام نازانین هەڵوێستیان چۆن دەبێت .

➢ چاودێر : واتە ئێوە ئێستا هیچ پێشبینیەکتان نییە لەسەر لیستی ئەیاد عەللاوی ، ئەگەر بێنەوە ناو پەرلە مان ، ئایا لە قازا نجی تای تەرازوی کورد دەشکێتەوە یان نا ؟

➢ رەوف عوسمان : ئەگەر هەڵسوکەوتی ئێمە ، هەڵسوکەوتێکی دیبلۆ ما سیانەی ورد بـ ێت ، لە وانە یە بـ توانین هە ندێکیان ڕابکێ شین، چونکە ئەوان، خەڵکی روو ناکبیر تریان تێدا یە، خەڵکانێکن دەیا نەوێت بـڵێین لە پە نجەرەی جیـ هانی نوێ و دیموکراتـ یەتی نوێ و بارودۆخی نوێ بە جۆرێکی جـ یاتر، بەجۆرێکی مەدەنیا نە تر، ئەویش بە شێکیان نەك هەموویان، هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵماندا ، ئەوەیان تیادایە.

➢ چاودێر: جەنابت وەك ئەندام پەر لەمانێك کە لەو ماوە یەی لەناو پەرلەمانیتو دوای جەلسەکانو پێش جەلـ سەکانیش ئە ندام پەرلەما نەکان دەبینیت، بۆچونت چییە ، پێتوایە لەناو ئەو پەرلەما نە، جـ گە لە لیـ ستی هاو پەیمانی کورد ستان، خەڵکانێکی تێدا یە کە بەڕا ستی دژن لە سەر داخوازیەکانی کورد، لەسەر کەرکوكو لەسەر مەسەلەی فیدراڵیەت، چاوەڕێ دەکرێ دژی بوەستنەوە، خەڵکانێك دەبینیت تا ڕادەیەك تێبگەن و ئامادەبن پـ شتیوانی بکەن و قسەی باش لەسەر ئەو مەسەلە چارەنووسسازە ی ئێمە بکەن ؟

➢ رەوف عو سمان : بێگو مان خەڵکی تیادا یە زۆر دژە بەرام بەر بە فیدرالیەت و بە ئەقڵی خۆیان وادەزا نن کە ئەوان داوای فیدڕاڵیان کرد ، فیدڕاڵە کەی ئێمە لەبار دەبرێت ، بەڵام لەوانە یە ئێمە پێمان خۆش بـ ێت هەندێ فیدڕاڵیش بەوان بدرێت ، چونکە ئەو کا تە ئێمە زیاتر دە توانین

قسه بکەین و بڵێین : کە عەرەب داوای فیدراڵ لە عەرەب دەکات، بۆ کورد داوای ڤ یدراڵ نەکات ، کە ئە مە مێژووەکە یەتی، تو شی ئەو هەموو قوربانیانە بووە، ئەو هەموو کوشتارو ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بووە ، توشی ئەو هەموو وێرانکارییە بووە ، ئەگەر ئەوان داوای فیدراڵ بکەن ، بۆ نەتەوەیەکی جیاواز نەتوانێت داوای فیدراڵ بکات ؟ لە وانەیە ئێمە لەوانەدا سوود ببینین ، ئەوان لەوانەیە داوای فیدراڵی ئیداری بکەن لە گەڵ ئێمەدا ، ئێمە بە ڤیدراڵی ئیداری ڕازین، چونکە سەردەمەکە سەردەمی عەولەمەو سەردەمی پۆست مۆدێرنیزیشمە ، پارچە پارچەبوون دەبێت و شمولیەت کەم دەبێت و ئەوە دوورتدەخا تەوە لەڕۆتین و بەڕێوەبردنی سێ شار خۆشترەو نزیك ترە وەك لە بەڕێوەبردنی وڵاتێکی گەورە ، ئە مە خۆی ڕوانینێ کە لە ڕوا نینی پۆ ست مۆدێرنیزمەو لە ڕوا نینی دنیای تازەی جیهانگیری، مومکینە ئەوان هە ندێکیان، وا بیربکە نەوە یان بیا نەوێت ئەو فیدراڵیەی ئێمە داوای دە کەین، فیدراڵیەتی ئیداری بێت ، بێگومان ئێمە ئەو کا تە کێشەی خۆما نمان هە یەو دە توانین ئێمە لە سەر ئەوە بەرگری بکەین کە بە هیچ جۆرێك مەسەلەکە ئیداری نییەو ئێمە تاقیکردنەوەیەکمان هەیەو سەرکەوتنمان تیایدا بەدەست هێناوە ، دە شێت ئەو تاقیکردنەوە یە پەخش بکرێت بەسەر زۆر ناوچەی عێراقدا ، بەڵام بەشێوەی جیاتر ، ئێمە نەتەوەییمان هەیە ئەوان بائیداری بێت .

➢ **چاودێر : مامۆستا بەو پێیە ی کە لەناو پەرلەماندایت و بۆ چوونی ئەندام پەرلەمانەکان زۆر باشتر لە خەڵك دەزانیت ، پێت وایە ئەگەر گفتوگۆ هاتە سەر مەسەلەی فیدراڵیەت و کەرکوك و مەسەلە چارەنوسسازەکان ، بە نیسبەت لیستی هاوپە یمانی کوردستان کەبەنیازە بەرگریان لێ بکات ، پێتوایە ئەو کێشەیە لەو ماوە دیاریکراوەی کە دانراوە بۆ پەرلەمان ، کە ماوەی تاکۆتایی ئەم ساڵە ، بتوانێت تا ئەوکاتە ئەو کێشانە چارەسەر بکات ، دەستوور جێگیر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت ؟**

➢ رەوف عو سمان: ئەو كێ شانە بڕوانا كەم تا ئەو كا تە چارەسەربكرێت، لە دەستووری حوكمەتە كاتیەكە شدا ، دەڵێت بۆی هە یە ئەنجومەنی نیشتمانی تەنها داوای تازەكردنەوەی شەش مانگ بكات، بۆ ئەوەی كارەكانی بەتەواوەتی بەڕێوەبەرێت هەرچەندە ئەم جارە كە بە پە لە وەزیری بەرگری ئەمریكی (رامسفیلد)، هات داوای كرد كە هەوڵبدرێت لە ساڵێكدا تەواو بكر ێت ، بەڵام بەبڕوای خۆم ناتوانرێ لە ساڵێكدا تەواوبكرێ ، جگە لەوەی بیا نەوێت هەر زوو ب ێت ، ئەوكا تە بڕوانا كەم دە ستورێكی ووردی هەندە سی, وە كو لای خۆ مان دە ڵێن ( بە كەوەری جنراو) بێت و هەقی خۆی بدرێتیێ.

➢ چاودێر : بەلام پێتوایە بەو شەش مانگە وایلێدێت ؟

➢ رەوف عو سمان : بە و شە شە ماذ گەش هەر هە ندێك كێ شە دەمێنێت، بۆنمونە ئێستا لە دەستوری كاتیدا هەیە دەڵێت : هەر سێ شار بۆی هە یە ڤ یدڕاڵی هەبێت ، ج گە لە بە غداو كەركوك ، ئە مە دەبوا یە مڤاوزینی كورد لە سەرەتاوە ئەو گرێ كوێرە یەیان درو ست نەكردا یە بۆ ئێ مە ، ئەوان ئەو بڕیارە یان داوە ، ئێ مە دەب ێت داوا ب كەین ئەو بڕ یارە هەڵبوەشێتەوە ، بەڵام ئەو كات ئەوانیش داوا دەكەن كە بڕیارەكانی تریش كەلە بەرژەوەندی ئێمەیە، هەڵبوەشێتەوە .ئەوكات گێژاو دروست دەبێت بۆ ئێ مە ، هەر چەندە بەرای خۆم ساغ كرد نەوەی كەركوك وەك شارێكی كوردی و كوردستانی ئەگەر بەتەنهاش فێدڕاڵی هەبێت ، لەكیس ئێمە هەر نە چووە ، ئێ مە داوای جێ بەجێ كرد نی بە ندی ٥٨ ، دە كەین ئەوكات كەركوك دەگەڕێتەوە باوەشی كوردستان، دەبێتەوە بەشارێكی كورد ستانی ، چونكە ئەو ناو چەو قەزایا نەی دە چنەوە سەری و دەبێ تەوە بە شارێكی كوردستانی ، دوای ڕاپرسی ئەوكات دەبێتە شارێكی فیدڕاڵ ، واتە كوردو فیدراڵی دەبێت ، فیدڕاڵیەك بریتییە لە شارەكانی تر ، ئەویتر بریتیە یە لە

شاری   کەرکوك ، هەر  چەندە ئێ  مە بەڕا  ستی دەبـ  ێت داوابـ  کەین کەپارێزگایەکی تازە (استحداث) بکرێت ، کەئەویش پارێزگای باجەللا نە ( خا نەقین ) ، ساڵی ١٩٢٠ کە شێخ مەحمود چووە  لە شوعەیبە شەڕی کردووە و خوێنی کورد لەو بیابانەدا ڕژاوە ، لەو ساڵانەدا شێخ مەحمود داوای ئەوەی کردووە کەوا (استحداث) ی پارێزگا یەك بکرێتەوە بەناوی پارێزگای باجەللانەوە ، چونکە هەستی بەوە کردووە کە کێشەی نێوان کوردو نەتەوەکانی تر لەو ناوچەیە هەیە ، هەستی بەوە کردووە کە ڕەگەزپەرستی عەرەب  لە ئەنجامدا ، لەوانەیە ئەو شارەمان لەدەست بەرن ، ئینجا ئێمەش ئەوە پرۆژەیەکە دەبێت مفاوزینی کورد لەوێدا چارەسەری بکەن و ئەگەر بتوانین لە فیدراڵیەکەدا بەرەو پێش برۆین، بێگومان چۆن دەڵێن تۆ داوای دە بکە بۆ ئەوەی هەشتت بدەنێ، داوای هەشت مەکە بۆ ئەوەی شەشت بدەنێ، شەڕ لەسەر دە بکە، بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە نۆ وەربگری، دەبێت ئێمە زۆر جار پێ لەسەر زۆر شت دابگرین، ئەگەر زۆر نەبوو تۆزێك کەمترمان بدەنێ.

➢ **چاودێر : شتێکی تر مامۆستا سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە پەرلەمانی عێراقداو بەتایبەتی لە لیستی کوردی ، دەنگی ژنانی خۆمان چەند توانیویەتی ببێتە دەنگی راستەقینەی ژنان ؟**

➢ ڕەوف عوسمان : تا ئێستا من لێتان ناشارمەوە ، لیستی کوردی و لیستی هەموو عێراق ، ژنان ٢٥٪ ن ، دەنگی ژنی ئەوان زۆر دیار ترە لەدەنگی ئەوانەی ئێمە .

➢ **چاودێر: بۆ ؟**

➢ ڕەوف عوسمان : بێگومان ئەمە بارێکە وەك دەڵێن شتێکی تاڵە ، بۆ من ناخۆشە ، بەڵام دەبێت دانی پیادا بنێم ، ئەوان ژنانیان زۆربەیان دکتۆرایان هەیە ، قسە دەکەن لەسەر کێشەکانی خۆیان و شتی دروستیش

دە ڵێن ، بەڵام لای ئێمە نەك وەك پێویست، لەخوار پێویستیشەوە ، ژنی کورد هەڵنەستاوە قسە بکات ، بۆ نمونە من لەهەندێك کەسەوە دەست پێدە کەم ، لە (نە سرین بەرواری ) یەوە دە ست پێدە کەم کە ئێ ستا وەزیرە یەو لە سەر میلا کی کوردە و ئەو لەئە ندام پەرلەما نەکانی تر ئەزموونی زۆر ترە ، دک تۆرای هە یە ، پێوی ستە روناکبیرتربێت ، ز یاتر بچێتە ناوکێشەکانەوە ، تا ئێستا ئەویش قسەی نەکردووە ، جگە لەوا نەی خۆمان ، ئەوا نەی لیستی هاو پەیمانی کورد ستان وەك پێویست قسەیان نەکردووە ، جگە لە ( سامیە فەیلی ) ئەمیش چەند جارێك هەستاوە ، بەڵام ئەو بە تەنها کێ شەی فەیل یەکان باس دە کات ، کە ئەوەش بەڕای من لەبەرئەوەی ئەو لە سەر لیستی فەیل یە ، ئەوە شتێکی با شە ، دەتواذێت کێشەکەی ئەوان بگەیەنێت ، ئینجا چەند خاڵێکی تریش هە یە ، بەڕا ستی هەرچەندە لادەدە مەوە بۆلای هە ندێك شتی تر ، ئێمە یەزیدیمان هە یە ، کا کەییمان هە یە ، حە قەمان هە یە ، شەبەکمان هە یە ، ئەما نە هە ندێك لە لیستەکان دەیانەوێت بە مەجامعی مەزهەبیان دابنێن لەدەرەوەی لیستی کورد ، بۆ نمو نە : دەڵێت ( الشیعة الفیلیة) ئێمە برادەرێکمان هە ستا ، وابزانم کاك ( سعدون فەیلی ) بوو ، زۆر جوان ووتی : کاکە ئەمانە هەموو کوردن ، بەڵام مەزاهبەکانیان جیاوازە ، دەبێت ئێمە ووریای ئەوەش بین شەبەکمان لەدە ست دەرنە چێت ، یەز یدیمان لەدە ست دەرنە چێت ، کاکەییمان لەدەست دەرنەچێت ، ئەمانە هەموو کوردن ، دەبێت ئێمە لەناو کوردەکاندا حسابیان بۆ بکەین ، ئنجا مەزاهبیان جیاوازە ، زۆر ئاساییە ، چۆن کاتی خۆی دە یانووت ئە مە عەرە بەو ئیسلامەو ، ئە مەش عەرە بەو مەسیحیە .

➢ **چاودێر : وەك مەسیحیەکانی لوبنان ؟**

➢ رەوف عو سمان : بەڵێ وەك مە سیحیەکانی لوبنان ، بە شێوەیەکی گشتی دەنگی ژنی کورد نو ساوترە لەدەنگی ژنی عەرەب ، ئەوە دە شێت ئەوانە باس بکرێت لەگەڵیاندا ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن زیاتر قسە بکەن

بەلایەنی کەمەوە بەرپەرچی هە ندێك ژنی عەرەب بدە نەوە کە قسەدەکەن .
سبەی بۆ نمونە یاسا دێتە سەر ئەوەی با سی هە ندێك کێشەی ژن ، نەك ژ نی کورد ، ژ نی عێرا قی، ژن بەراە بەر هەموویا ساکان ، لەوانە یە ژ نی لیستەکانی تر جۆرە بۆ چوونێکیان هەبێت، جیاواز بێت لەگەڵ بۆ چوونی ژنانی لیستی ئێمە، ئەوا نەی ئێمە پێشکەوتووترو گە شبینترن ، زیاتر بەرەو کۆمەڵی مەدەنی بچن ، دەبێت بەرگری لە کێشەکانی خۆیان بکەن ، خۆیان بەرگری لە کێشەکانی خۆیان بکەن .

**➢ چاودێر : دوا پرسیار ئەوەیە ، جەنابت بەر لەوەی بچیتە پەر لەمانی عێراق، دوای ئەوەی لەسەر لیستی هاوپە یمانی کوردستان دەرچوویت بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق ، پێشبینی و بۆ چوونت چی بوو لەسەر پەر لەمانی ع ێراق و لەسەر لیستەکانی ترو لەسەر کێشەکان ، دوای ئەوەی چوویتە نێو پەرلەمان و ئەو گفتوگۆیەو خەڵکت بینی ، چ بۆ چونێکت گۆراو چ بۆ چونێکی نوێت لا دروست بوو؟**

➢ رەوف عو سمان : بێگو مان ئە مە وێستگەیەکی ترە لەژیانی من ، ژیانێ کە بەڕا ستی چەقی کۆ مەڵی مەدەنی یە ، شەڕی دە ستورەو ئەو پێ شبینیانەی من کەلەوانە یە من هەم بوبێت بەراە بەر بەلیستەکان ، بێگومان گۆرانی تێکەوتووە و هەمووتاقیکردنەوەیەکی ژیانیش کۆ مەڵێك شتی نوێت دەداتێ ، ئەو کۆمەڵە شتانە ، دەبێت بە کەلە پورێك بۆ تۆ ، لە سەر ئەو کە لەپورە دەتواذیت زۆر شتی تر بینا بکەیت ، بۆ چونت دەگۆریت بەرامبەر لیستەکان ، بەرامبەر بە مرۆڤی ناو لیستەکان .

**➢ چاودێر : پێتوابوو باشترن، یان خراپترن ؟**

➢ رەوف عو سمان : نەك ئەوان ، خۆ شمان .بۆ چوونم دەگۆر ێت بەرامبەر بەبوونی خۆشمان ، بەرامبەر لیستی ئیئتیلاف، ئێستا دەرکەوت کە لیستی ئیئتیلاف (١٧) گروپن ، ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە کۆمەڵێك مەز هەبی جیاج یا لەنێو لیستی ئیئتیلا فدا دەردە کەوێت ، لەناولیستی

عێراقیە کەدا ، کۆ مەڵێك دەنگی جیاواز هەیە ، بۆ نموونە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەیاری سەدری بە تەنها نە چوونەتە یەك ئیئتیلا فەوە ، چونەتە دوو ئیئتیلافەوە و بە دوو نەغمەوە قسەدەکەن ، هەردووکیان لە بەرژەوەندی یەك لا یەنن ، لە دوولا قسە دەکەن ، تیایاندا یە لەناوکۆمەڵی لیستی عێراقییەدا یە، تیا شیاندا هە یە لەناو لیستی کۆمەڵی ئەولادا یە. تاقیکردنەوەی ئەم چەند کۆبونەوەیە شتی زۆر تازەی لا ئاشکرا کردووم و هەتا بەرەو پێشیش بچین، پێدەچێت زانیاریەکان و تاقیکردنەوەکان دەوڵەمەندتر بێت ، زیاتر سوود ببینین ، بەو هیوایەی ئەوانەی کەلەپەرلەمان دان و لەلیستی کورد یدان، ئەو ئەرکەی کە لە سەریانە، ئەرکێکی ئێجگار گەورە یە، ئەرکێکی نەتەوەیە، ئەرکێکی زۆر گەورە یە لەخزمەت ئەم ئەزموونەی خۆمانداو داهاتووداو رەنگە شتی زۆر باشمان بۆ بنوسێتەوە ئەگەر لەو ئاستەداببن.

- **چاودێر : زۆر سوپاس مامۆستا .**

رەوف عوسمان : سوپاس بۆ ئێوەش

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا

دکتۆر رەئوف عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە سەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ، پێیوایە هەندێك وەزیری کورد هەیە لەسەری ساڵدا پارەیەکی زۆری گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەت کە بەکاری نەهێناوە و دەیتوانی لە هەرێمی کوردستان دا پڕۆژەی پیّ ئەنجام بدات.

ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنا مەدا دەپر سێت بۆ لە دوا یین هەڵبژاردنی عێراقدا لە کۆی یەك ملیون کورد لە بەغدا تەنها ٢٠ هەزاریان دەنگی بە لیستی هاوپەیمانی داوە ؟

❖ **گلەییەکی زۆر لە سەر ئەدای پەرلەمانتارانی کورد و ئاستی بە شداریکردنیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا سەبارەت بە هەندێك کێشە، کە پەیوەندیی بە کورد و ئایندەی عێراقەوە هەیە ، ئەو بێهێزییە چۆن دەبینیت؟**

- بەڵیّ را ستە بە بەراورد کردن لە گەڵ ژ مارەی ئە ندام پەرلەمانانی گروپی کوردی لە بەغدا کە (٥٨) کورسییە بەشداریکردنیان هاو تای ئەو قەبارە یە نی یە بە تای بەت لەو دۆ سیانەی کە گ شتین و پەیوەندییان بە ئایندەی عێراقەوە هەیە و کاریگەریی دەبێت لەسەر کورد، وەك دیمۆکرا سیەت و عەلمانیەت ، کورد لەو بوارەدا هاوسەنگیی دەنگی نییە و لە دوای هەشتا ساڵیش لەسەرکوت کردن، ئێستا بوار رەخساوە بۆ کورد لە پەرلەما ندا قسەی خۆی بکات ، ئەگەر ئەو کارە نەکات یان نەیەوێت بیکات یان نەتوانێت بیکات، خۆی بۆ خۆی کارەساتە ، باش نەبوونی ئەدای پەرلەمانتارانی گروپی کوردی لە بەغدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، کە تایبەتن بە خودی گروپی کوردی و کەشی ناو پەرلەمان، مەرج نییە پەرلەمانتارەکان لە هەموو بوارەکاندا پرۆفیشناڵ بن ، هەندێك جاریش سەرۆکی پەرلەمانی عێراق جیاوازی دەکات لە نێوان لیستێك و لیستێکی تردا، هەندێك جاریش سەرۆکی پەرلەمان داوا لە

سەرۆکی لیستەکان دەکات قسە دەکەن کە ژمارەیان( ٥ بۆ ٦ )کە سە ـ ئەمەش قورخکردنی بۆچوونە و هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە من فتۆکۆپی سەرۆکی گروپەکە،یان لیستەکەم بم ، سەرەڕای ئەوەی کە لە هێڵە گشتیەکاندا یەك دەگرینەوە ، لە وردەکارییدا جیاوازین، هەندێك لە ئەندام پەرلەمانەکانیشی بەم دواییە داوایان کردووە کە دەنگدان لە ناو پەرلەماندا بە نهێنی بێت.

❖ **هەڵسەنگاندنی تۆ چۆنە بۆ ئەدای وەزیرە کوردەکان لە حکومەتی عێراقدا، کە هەندێك جار هەندێك لەو وەزیرانە بە گەندەڵی تۆمەتبار دەکرێن؟**

- بڕوا ناکەم وەزیرە کوردەکان لە حکومەتی عێراقیدا لەو ئاستەدا بن کە میللەتی کورد و تەنانەت عێراقیش پێویستی پێیەتی ، بۆ نموونە چەند مانگ یێك لەمەو بەر لە پەرلەما ندا، بەیان دزە یی وەز یری (أ شغال و ئاوەدانکرد نەوە ) مان بانگهێشت کرد بۆ لێپرسینەوە لەو کارا نەی کە وەزارەتەکەی ئەنجامیداوە ، لێمان پرسی کام پرۆژەی خزمەتگوزاریت بۆ خانقین ئەنجا مداوە کە تا ئێستا نەخراوە تە سەر حکو مەتی هەرێمی کورد ستان؟! ، کوا پرۆژەی خە ستەخانە و هۆڵی روو ناکبیری و دروستکردنی خوێندنگا و خانوو، بەڵام هیچ وەڵامێکی پێنەبوو، چونکە هیچی نەکردبوو، بڕوانا کەم هیچ وەزیرێ کی کورد لە بە غدا پرۆژەی درو ستکردنی کارگە یەکی چنینی بۆ ژنە پاشماوە کانی ئەنفالی ناحیەی شۆڕش پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکات و رەت بکرێتەوە ، بڕوانا کەم هیچ وەزیرێ کی کورد لە بە غدا پرۆژەی درو ستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاوی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکات و رە تی بکا تەوە ، هە ندێك وەز یری کورد هە یە لە سەری ساڵی بود جەدا پارە یەکی زۆری گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەت کە بە کاری نەهێناوە و دەیتوانی لە هەرێمی

کورد ستاندا پرۆژەی پیٚ ئەنجامبدا و دوا ییش بەرگری لە خۆی بکات و بلێت ئەو ناوچانە ئارامە بۆیە ئەو پرۆژانەمان تێدا ئەنجامداوە و لە ناوچە نائارامەکا ندا ناتوانین ئەنجامی بدەین، ئەو وەز یر و برِیکاری وەز یر و بەڕێوە بەرە گ شتییە کوردا نەی لە بە غدان لە سەر خوێنی میلـلەتی کورد دانراون دەبێت باش کار بکەن، جگە لەوە هە ندێك لە وەزیرە عەرەبەکان لیستی (٥٠٠) بۆ (١٠٠) کەسییان لە گروپەکەی خۆیان ئامادە کردووە و لە وەزارەتەکانیا ندا دا یان دەمەزرێنن،ئێمە نالێین وەزارەتەکانیان هەموو پڕ بکەن لە کورد ، بەڵام را ستییەك هە یە ئەوە یە کە ر ێژەی کورد لە وەزارەتەکانی عێراقدا مەغدورەو دەبێت بپرسین بۆ لە هەڵبژاردنی عێرا قدا لە کۆی یەك ملیون کورد لە بەغدا، تەنها (٢٠) هەزاریان دەنگی بە لیستی هاو پەیمانی داوە ، بێگو مان وەز یر و برِیکاری وەز یر و بەڕێوە بەرە گشتیەکانی کورد لە ئاستێکدا نین بتوانن کە شوێنەکەی خۆیان بە با شی ببەن بەڕێوەو نەشیان کردووە .

**❖ لە مەسەلەی دواکەوتنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دا بە هەمانشێوە بێدەنگی هەیە ، لە کاتێکدا کە ئەو مادە یە خەرِیکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی تێپەڕ دەکات، تەنانەت لە ماوەی بۆشایی نێوان ها شم شبلی و رائید فەهمی جاهید دا وەك سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بێدەنگی کورد هەبوو، ئەم بێدەنگییە بۆ؟**

- جێبەجیٚ کردنی مادەی ١٤٠ ئێستا لەدەست پەرلەماندا نەماوەو لە دەست لیژنەی جێبەجێکردندایە ، بەڵام لیژنەیەکی تری پەرلەمان هە یە کە سەرپەرشتی پرۆ سەی جێبەجێکردنی مادە کان دە کات بە مادەی (١٤٠) یشەوە ، ئەو لیژنەیە هیچ ناکات و ئەو مادە یەش گرێی زۆری تێدا یە ، کە وای لە نەیارانی کورد کردووە لە دەرەوە و ناوەوە فێڵی یا سایی لە دژی

بدۆزنەوە ، تا تووشی کێشە و ئیشکالاتی بکەن، بە راستی حکومەتی نوری مالکیش نایەوێت ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێت و کەمتەر خەمیی دەکات لە جێبەجێ کردنیدا و تا دوور بکەوێتەوە کاتەکان بە سەر کورد دا تێپەڕ دەبێت، بەڵام بەراورد بە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی پێشوو، مالیکی هەڵوێستی با شترەبەرامبەر بە مادەی ١٤٠ ، وەك نموونە یەکی زیندووش لە کاتی دەسەڵاتی ئیبراهیم جەعفەریدا، حەمید مەجید موسا کە ئەو کاتە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ بوو ، لە گەڵ جەعفەری دا کۆ دەبێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە ، لە بەرامبەردا جەعفەری پێی دەڵێت تۆ عەرەبیت چۆن دەهێڵێت گەل و نەتەوەی خۆت لە کەرکوك دەربکرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا با وا تێنەگەین کە مالکیش سۆپرمانەو بە ئارەزووی خۆی کاردەکات، بەڵکو سەرۆکی هەمان ئەو حزبی دەعوەیەیە کە پێشتر جەعفەری سەرۆکی بووەو ئەو حزبە کۆمەڵێك ستراتیژ و فیکری خۆی هەیە بەرامبەر بە کێشەی نەتەوەیی کورد ، ئەگەر مالکی پەیوەست نەبێت بەو ڕێچکەیەوە لێی هەڵدەتەکێنن.

❖ **چوونە دەرەوەی مادەکە لە چوارچێوەی پەرلەماندا، ناکاتە ئەوەی کە ئیدی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا لە ئاست دوا کەوتنی ئەو مادەیەدا بێدەنگ بن و فشار دروست نەکەن، بۆ هەڵوێست لەو بارەیەوە بەدی ناکرێت؟**

- لە پەرلەمانی عێراق و کوردستانیشدا یاسایەك هەیە . بە پێی ئەو یاسایە هەموو گروپێك سەرۆکی خۆی هەیە و لە لایەن حزبەکانەوە بەڕێوە دە برێن ، تا ئێستاش سەرۆکی گروپی کوردی لە پەرلەمانی عێراق پرۆژەیەکی وای نەخستووەتە بەردەم ئێمەی پەرلەمانتار تاکو جێبەجێی بکەین، ئا یا بچینە دەرەوە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان یان نارەزایی دەربڕین؟! هەرگیز شتی وا یان پێنەوتووین، لە زۆر بەی حاڵەتەکانیشدا هەڵوێستی گروپی کوردی کاردانەوە بووە ، نەك لەوەوپێش پرۆژەی بۆ

ئاماده كردبێت، له حاڵەتی نەبوونی پرۆژەی پێشوەخت و كاركردن لەسەر كاردانەوە لە ئاستەنگەكاندا، زۆربەی جار بە نێگەتیڤی دەشكێتەوە بەسەر خۆماندا ، دیارە جڵەوەكە دەكەوێتە دەست لایەنی بەرامبەر ، جگە لەوە بە هێزكرد نی لیژ نەی جێ بەجێ كرد نی ماده‌ی ١٤٠ یش له رێ گای هێزیگو شارەوە دەكر ێت و دەبـ ێت سیا سەتمەدارانی كورد بە تایبەت هەردوو حز بە سەرەكیەكەی كورد ستان و حكو مەتی هەرێم، قور سایی دروست بكەن بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە ، وەك رخنەیەكیش دەبوا یە چەند جار ێك سەرۆكی هەرێم یان سەرۆك كۆ مار سەردانی كەركوكیان بكردا یەو وەك چۆن بەرگریی شێلگیرانە لە كەركوك دە كەیت، دەبـ ێت پرۆژەشت بۆی هەبێت، تا گەرم و گوڕیی بخرێتە ناو كوردەكانی ئەو شارە و جۆرەها ندانێك درو ستبكات ، دەبوا یە حكو مەتی هەرێم (٢٠) مل یون دیناری قەرەبووی عەرە بە هاوردە كانی كەركوكی بكردا یە بە (٣٠) ملیون تاكو هاذ یان بدەن بگەڕێ نەوە بۆ شوێنی پێشووتری خۆ یان، ئە گەر وەك مامەڵەیەكی ئابووریش لێكیبدەیتەوە ئەو هەنگاوە هەر بە قازانجی كورد دەشكێتەوە.

❖ **لە دەنگوباسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێرا قدا باس لەوە دەكرێت كە كورد بەو گۆڕانكاریانەشەوە كە داوای كردووە لە ناوەڕوكی پرۆژەكەدا، دەخوازێت پەسەند كردنی دوا بكەوێت تا لەو ماوەیەدا هەندێك گرێبەستی نەوتی بۆ دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی كورد ستاندا لە لا یەن حكو مەتی هەرێ مەوە ببەسترێت كە دواتر بە پێی دەستوور، حكومەتی ناوەندی وەزارەتی نەوت ناتوانن رەتی بكەنەوە ئایا هەوڵی لەو جۆرە هەیە ؟**

- ئەوەی ئێ مە لە یا سای نەوت و گاز دەما نەوێت، ئەوە یە كە رێگە نەدەین حكو مەتی ناوە ندی ئەوە ندە بە هـ ێز بـ ێت پارە یەكی زۆری داهاتی نەوت بخاتە گیرفانی یەوە لە رووبەرێكی كەمی زەوی دا ، بەتایبەت گەر عێراق ببێت بە (٣) هەرێمی فیدراڵی، هەرێمی كوردستان و ناوەڕا ست

و باشوور و خورئاوا ، ئەگەر ئەو حکومەتە بە هێز بوو سوپای بە هێزیش درو ست دە کات و ئەزمونی حیز بی بەعس دوو بارە دەکا تەوە ، گرو پی کوردی لە بە غدا، دە یەویت هاو سەنگییەك لەو دۆ سیەیەدا هەبێت، مۆر کرد نی گریبە سەتە نەوتیەکانی حکو مەتی هەرێمیش لە دژی دە ستووری عێراق نیین ، دوای ئیمزا کردنی گرێبەستەکان ئەو کارە بە هاوبەشی لەگەڵ حکو مەتی ع ێراق دا ئەنجام دەدە ین، هە ندێك (ذە یل)ی یا سایی بۆ دەهێذ نەوە ودە ڵێن گریبە ستەکان دە ستووریی نین، لە سەروو ئەوە شەوە ئێمە داوا مان کردووە ٥٪ی دا هاتی نەوت بۆ ئەو ناو چەیە بێت کە لێی دەردێت، ئەو رێژەیە جیاوازە و دەچێتەوە سەر بەشی ١٧ ٪کەی کوردستان ، دیارە حکومەتی ناوەندیش پێی خۆش نییە ، بۆیە ئە ستەمی لەبەردە مدا دروست دەکات، لەم دوایەیەدا کۆمپانیا یەك هاتووە تە عێراق و پێشنیازی ئەوەی کردووە کە ئەگەر نەوتی رەشی بۆ دا بین بکەن ، دەتوانێت گرەنتی کارەبای هەرێمی کوردستان بدات، بەڵام حسێن شارستانی وەزیری نەوتی عێراق بەو کۆمپانیایەی وتووە لە شاری کەربەلا ئەو پرۆژە یە ئەنجام بدەن سیَ ئەوە ندەی ئەو نەو تە رە شەت دەدەی نی کە پێوی ستت پێ یەتی و پارێزگاری شت لێدە کەین ، ئێ ستا لە کەر بەلا خەریکی جێ بەجیَ کرد نی پرۆژەکەن ئێمە پێمان باشە لەپالَ دەستووردا کار بکەین، تا لە ئایندەدا بە بەرهەڵستکارمان لەقەڵەم نەدەن و بڵێن لە بەر ئەوەی ناو چەکەیان ئارا مە و عێراقیش بێهێزە دەیا نەوێت دە ست بخە نە ریسی ملمان ، جارێکیش بە عەلی ئەدیب ئە ندامی مەکتەبی سیا سی حز بی دە عوەم ووت، کە ئێوە ئەتا نەوێت کورددابنی شێت هەتا پێی دەگە نەوە ، شتی وا لە جیها ندا نەبووە، جگە لەوەش بەرپر سانی حکو مەتی هەرێم دە توانن لەم کێشەیە سوود لەو راو ێژکارە بیانیا نە بد ینن کە بە هەمان ئەزمونی ئێ مەدا

روێشتوون، بۆ ئەوەی بە قەد نا هەمواری ناو چەکانی تری ع ێراق باری ئابووری هەرێمی کورد ستان باش کر ێت ، دەب ێت ئەوە ندەش کار بۆ دیمۆکرا سیەتی ناوخۆ مان ب کەین و رۆژنا مەی ئازاد مان هەبێت ، و کۆمەڵگای مەدەنی دروست بکەین و گرنگی بە رخنە لە خۆ گرتن بدەین، چاو نەنوقێنین لە ئا ست ئەو گە ندەڵی و پەرشوبڵاویەی کە ماڵی کوردی هەیەتی و دەبێت بزانین کە ئەو داهاتی نەوتە لە چیدایە و چۆنیش سەرف دە کەین، تەنها نەدرێت بە چەند گروپ و خەڵکیك ، تەنا نەت ناب ێت حکومەتیش هەر کۆی بکاتەوە، پێویستە بۆ میلەتی سەرف بکات .

**❖ دۆسیەی دواکەوتنی پرۆسەی لە سێدارەدانی ( سوڵتان ها شم )ی وەز یری بەرگری پێشووی رژێمی بەعس لەسەر تاوانی ئەنفال، سەرەتا دەو ترا کێ شەکە یاساییە و ئێستاش بەرەو ئاقاری ململانییێکی سیاسی نێوان مالیکی و تاریق هاشمی و ئەمریکییەکان روشتووە ، هەندێك پێیان وایە شیعە لە کورد زیاتر سوورە بۆ لە سێدارەدانی و هەندێکیش بە ناوی میهەنییەتەوە بەرگری لە سوڵتان هاشم دەکەن ئەم گرێکوێرەیە بۆ چارەسەر ناکرێت؟**

راستە شیعەکان لە کورد زیاتر هەوڵدەدەن لە سێدارە بدرێت ، چونکە سوڵتان هاشم کەسێکی تیروریستە و دەزانن گەر ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات دووبارە دەست دەکاتەوە بە داپڵۆسینیان و گەر لە دۆ سیەی ئەنفالیشدا قوتار بێت، شیعەکان لەسەر دامرکاند نەوەی را پەڕینی ١٩٩١ی با شوور لە سێدارەی دەدەن ، لە سێدارە دا نی سوڵتان ها شم لە خز مەت دۆزی کورد و کەسوکاری ئەنفال و دیمۆکراسیەتی عێراقدایە ، دەشبێت بە پەندێك بۆ ئەو بەرپرسانەی ئێستا، کە بە فەرمانی سەروو خۆیان کاری خراپە کاری و تاوان ئەنجام دەدەن، ئەگەر هەر هیچ نەبێت بتوانین بڵێین لە پێ ناو میل لەتی کورددا مافی خۆ مان لەو تاواذ بارە وەرگر تووە و میهەذ یەتییش کارناکا تە سەر ئەوەی کە ئەو کە سە پرۆفیشناڵە تاواذبار

نییه، به تایبەت کاتێك که کارێکی خراپ دەکات ، سوڵتان هاشم تا دوا نەفەس لەگەڵ سەدامدا بووه ، له هەڵمەتی ئەنفالیشدا رۆڵی سەرەکیی هەبووە به تایبەت ئەوکات که قائید فەیلەق بووه ، زانیاریش هەیه که به هەزاران سەرمەڕی له هەڵمەتی ئەنفالدا دەستکەوتووه و فرۆشتوویەتیەوه به باوکی ، که باش قەسابێکی گەورەی مووسڵ بووه و کچێکی خۆشی هەر به ناوی ئەنفالەوه ناوناوه ، پێموانییه له سێدارەدانی سوڵتان هاشم وەك ئەوەی سوننەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی نێوان سوننه و شیعه و کورد، هەموو سوننەکانیش پشتگیری ئەو تاوانبارە ناکەن ، رۆڵی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك كۆماریش لەم کێشەیەدا ئەوەیه که ناوبراو وەك بەربەستێك دانراوه له بەردەم هەموو شتێك که بەرژەوەندیی کورد و گەلی عێراقی تێدا بێت، هەمیشه چاوەڕێی فرسەتێك دەکات بۆ گرفت خستنه بەردەم کاری پەرلەمانی عێراق.

❖ ئەو کارانه چین که لیژنەکەتان تا ئێستا ئەنجامیداوه و چ پرۆژه و پلانێکتان بۆ داهاتوو هەیه ؟

– لیژنەکەمان ئەرکی زۆره، جگه له راگەیاندن و روناکبیری ،دۆسیەکانی ئاسەوار و گەشت و گوزاریش له ئەستۆی لیژنەکەماندایه ، تا ئێستا زۆر ئیشمان کردووه له گۆڕینی ئالای عێراق و دەرکردن و هەموار کردنی چەندین پرۆژه یاسای تایبەت به راگەیاندن و روناکبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوار ، ئێستا پرۆژەی گۆڕینی ئالای عێراق یەکێکه له گەورەترین پرۆژەکانمان و کات و ئیشی زۆری دەوێت، دوای ئەویش کار له سەر چەند پرۆژه و بڕیارێکی گرنگ دەکەین، وەکوو پشووه رەسمییەکان و یاسای تۆڕی راگەیاندنی عێراقی و یاسای زمان، که بەربڵاوه و به پێی ئەو یاسایه زمانی کوردی دەخرێتە سەرجەم بوارەکانەوه ، له داهاتووشدا ئەرکەکانمان زیاتر له گەڵاڵەکردنی پرۆژەیاساکاندا خوی دەبینێتەوه .

❖ **گۆڕینی ئاڵای عێراق بە چ میکانیزمێك دەبێت؟**

- ئێستا پرۆژەی گۆڕینی ئاڵای عێراقمان هەیە و لیژنەکەمان داوای لە سەرجەم هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق کردووە بە کورد و عەرەبەوە هاوبەشی بکەن لە دروستکردنی ئاڵای نوێدا، بۆ ئەوەی زۆرترین نموونە بێتە بەردەم ئێمە و باشترین و جوانترینی هەڵبژێرین ، کە ئەویش لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە و بە شێوازی نهێنی دەبێت ، دەبێت ئاڵای نویٚ گوزارشت لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و مێژوو و کەلتووری وڵات بکات ، چونکە پێشتر ٤ جار ئاڵای عێراق گۆڕانی بەسەرا هێنراوە و لە هیچ کامیانا پرس بە کورد نەکراوە ، بۆیە پێویستە ئەمجارە کورد بەشدارییەکی گەورەی لە دروستکردنی ئاڵای نوێیدا هەبێت، چونکە ئێستا دەرفەتێکی باش هاتووەتە بەردەم ئێمە بۆ ئەوەی هاوبەشیی لە دروستکردنی ئاڵاکەدا بکەین، لەم ڕۆژنامە یەی ئێوە شەوە داوا لە هەموو هونەرمەندانی کورد ئەکەم کە هاوبەشی لەم پرۆژەیە دا بکەن .

❖ **بۆچی تا ئێستا تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق گوزارشت لە سەرجەم پێکهاتەکان ناکات ؟**

- ئێمە کار لە سەر گەڵاڵە کردنی پرۆژەیاسای تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق ئەکەین، چونکە ئەو یاسایە زۆر گرنگە و کاتی خۆی ( پۆل بریمەر) کە هاتە عێراق چەند هەنگاوێکی نا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە مەرکەزیەتیەی کە هەیە نەمێنێت، بۆیە چەند هەیئەیەکی پێك هێنا ، یەکێکیش لەو هەیئانە تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقە، هەر چەندە ئەو تۆڕە لە ئێستادا لە لایەن گروپێکی دیاری کراوەوە ڕێنمایی دەکرێت و کار بۆ تەنها یەك لایەن دەکات، ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگای ئەو یاسایەوە کار بۆ ئەوە بکەین تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراق سەر بە هیچ لایەنێك نەبێت و گوزارشت لە کاروبارەکانی حکومەتی عێراق و سەرجەم پێکهاتەکانی بکات ، تەنانەت داوای

ئەوەشمان کردووە کەناڵی (عێراقییە) کە ئۆرگانێکی سەر بە حکومەتە ، بە شێوەی ئێستا نەبێت و گۆرانکارپیی بەسەردا بهێنرێت و کۆمەڵێك کادیری کوردی تێدابێت و چەند کاتیش بە زمانی کوردی تەرخان بکرێت ، چونکە میللەتی کوردیش بەشدارە لە حکومەتی عێراقدا .

❖ **بۆچی تا ئێستا یاسای کاری رۆژنامە نووسی یەکلایی نەبووەتەوە؟**

- رەشنوو سی یا سای کاری رۆژنامەنوو سی و پارا ستنی رۆژنامەنوو سان لە لا یەن سەندیکای رۆژنامەنوو سانی عێرا قەوە بۆ مان هاتووە ، کە چەند کێشەیەکی تێدایە و هەندێك گۆڕانکاریمان تێدا کردووە ، ئەو پێشنیاز و بۆچوونانەشی کە لەسەر پرۆژەکە بۆمان هاتوون ، بە هەند وەرمان گرتوون و کاریان لەسەر کراوە ، ئەو پرۆژەیەش لە ئامادەکردن دایە و کاری تیا دەکرێت.

❖ **تا چەند توانیوتانە کار بۆ نەهێشتنی ئەو زیادە ڕۆییا نە ب کەن لە عێراقدا هیە ؟**

- ز یادەڕۆیی زۆر کراوە بۆ سەر ماڵ و موڵکی دەو ڵەت ، خەڵکی دەرفەتیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە کە لە چەند ساڵی را بردوو دا هەبووە ، هەمووشی ئەو گروپە مەزهەبیا نە کردوویا نە کە لەو ناو چانە باڵادە ستن ، ئێ مە لە را بردوودا چەندین هەوڵمان پوو چەڵ کردووە تەوە ، کە هەوڵی فرۆ شتن و بە تالان برد نی ئا سەواری ع ێراق دەدەن ، بۆ ئەو مەبە ستەش چەند یاسا و پرۆژەیەکمان هەبووە .

❖ **سەبارەت بەو ئاسەوار و شوێنەوارانەی کە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس بە تالان بران و هەندێك لە شوێنەکان شێوێنراون ، چیتان کردووە؟**

- یاسای ئاسەوار نا سی لای لیژنە کەمان زۆر گرنگە و ئێستا کاری جدی بۆ دەکەین ، چونکە زۆرێك لە ئاسەوارەکانی عێراق دزراون و بە تالان براون ، کۆ مەڵێك شوێنەوار هە یە کە گروپ و با ندی گەورە لە دەرەوەی

سنوورەکانەوە د ێن و شوێنەکان دەستنیـ شان دە کەن و شوێنەوارەکان دەدزن ، بە راستی لەم ماوە یەدا زیانی زۆر گەورەی لە عێراق داوە ، بۆیە یا سایەکمان دەر کردووە بۆ ئەوەی وزارە تەکانی ناوخۆ و بەرگریی شوێنەوارەکان بپارێزن، ئێمە داوا مان کردووە دە ستەیەکی چەکداری بۆ بەڕێوەبەرا یەتی ئا سەوار درو ست بکر ێت، بە مەبە ستی پارا ستنی شوێنەوارەکان، و (دەستنووسەکان) چونکە دوای روو خانی رژێم هەوڵدرا سەرجەم ئەو دەستنووسانە بدزرێن، بەڵام دەستنووس و کتێبە کۆنەکان تا ئێستا پارێزراون، کە چەندین دەستنووسی گرنگ و بە بەهایان تێدا یە، لە نێویـ شیاندا چەندین شتی کوردی هە یە کە بۆ میـ لەتی کورد گرنـ گی تایـ بەتییان هە یە، بۆ یە تا ئێ ستا پارا ستوومانن تا ئەو کا تەی شوێنی تایبەتمان بۆ دروست دەکرێت.

❖ ئەو گرفتانە چین کە لە ناو لیژنەکاندا سەرهەڵدەدەن؟

- بە را ستی ئێمەی نوێنەرانی کورد لە بە غدا ، بەرگرییەکی زۆر لە داخوازیـ یەکانمان دە کەین و بەردەوام کار بۆ دوو ئا مانج دە کەین، کە ئەوانیش ما فەکانی گەلی کورد و دا نانی یا سای پێ شکەوتن خواز، لایەنەکانی تر زیاتر بە ئا قاری مەزهەبی و ئایینی کاردە کەن، ئێمەش بە پێ چەوانەوە ، بۆ یە زۆر جار لە گەڵ لایە نەکانی تردا روو بەرووی کێ شە دەبینەوە .

❖ هەموو لایەنەکان لەگەڵ ئەو هەوڵدانەدان کە بۆ پێشکەوتن دەدرێت؟

- دەبێت ململانێی بۆ بکرێت.

❖ واتە تا ئێستاش کەموکورتی هەیە ؟

- بێگومان کەموکورتی هە یە ، بەڵام دەبێت ئێمە هەوڵی بەردەوام بدەین و متمانە لای لایەنەکانی تر دروستبکەین، چونکە هەندێکجار راستی لای ئێمە یە ، بەڵام هو نەری گەیا ندنمان کزە و بەرام بەرەکانمان متما نە ناکەن، بۆیە هەر کاتێك ئێمە توانیمان بە لوژیکی یا سا و بەراورد کردن بە

ولاَتانی پێشکەوتوو ، بەرامبەرەکانمان رازی بکەین، ئەوا دەگەینە ئەنجام، رەذ گە نەتوانین ١٠٠٪ی بۆ چوونەکانمان پراکتـ یزە بـ کەین، چونکە بەرامبەرەکانمان بۆچوونی جیاوازیان هەیە ، بەلاَم پێویستە بـێدەنگ نەبین و بەردەوام لە هەولَدابین.

❖ **لیژنەی رووناکبیری و راگەیاندن تا چەند کاری لەسەر سڕینەوەی عەقلیەتی بەعسیزم کردووە کە بە درێژایی دەیان ساڵ تاکی عێراقی لەسەر گۆشکراوە و تا ئێستاش بەردەوامە ؟**

- لیژنە کەی ئێ مە یەکێ کە لە لیژ نە با شەکان، چونکە زۆر بەی ئەندامەکانی زیاتر مەیلی عەلمانیەتیان هەیە و کار بۆ بنیاتنا نەوەی تاکی هۆشیار دەکەین، بەلاَم بە درێژایی دە یان ساڵ فیکرێك لە تاکی عێراقیدا دروستکراوە ، کە پڕیەتی لە توندوتیژی و تۆلە سەندنەوە و رەتکرد نەوەی بەرامبەر، مەحاڵە تۆ بتوانیت بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کەمدا بیسڕیتەوە ، چونکە بۆ ئەم نەوەیە قورسە و ناتوانرێت لە وادەیەکی کەمدا بسڕدرێتەوە ، بەلاَم دەکر ێت بە تێ پەڕبوونی کات کاڵبکرێ تەوە و لە کاریگەری یەکانی کەمبکەینەوە ، ئێستا لە ناو دامەزراوێکی وەکوو پەرلەمانیشدا خەڵکانێك هەن ، کە فیکری دوا کەوتوویان هە یە، تەنا نەت ئێستا لە ناو پەرلەما ندا هە ندێك کەس هەن کە بەعـ سی بوون و تا ئێ ستاش بەو عەقلیە تەی سەردەمی بەعسەوە کار دە کەن، بۆیە سڕینەوەی ئەو عەقلیە تە وا ئا سان نییە.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) ژمارە ٣٠٥ لە ٢٠٠٧/١١/١٣ بلاَوکراوەتەوە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ سایتی چاوی خەڵك

# د. رەئوف عوسمان: من دەترسم ئەم خولە کە لەڕووی چەندێتییەوە کەمتردەبین، لەڕووی چۆنێتیشەوە لاوازبین

**رۆژنامەنوس: هاوڕێ کەریمی**

**لەم چاوپێکەوتنەدا، د. رەئوف عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، باس لە کارەکانی چوار ساڵی رابردووی پەرلەمانتارانی کورد دەکات لە بەغدادو ئەگەرەکانی داهاتووش تاووتوێدەکات. پێشیوایە خولی داهاتووی پەرلەمان خولێکی دژواردەبێت بۆ کورد...**

**چاوی خەڵك: چوار ساڵی رابردووی کارەکانی پەرلەمانی عێراق و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

د. رەئوف عوسمان: هەموو کارەکانی پەرلەمان چ لیستی هاوپەیمانی و چ لیستەکانی دیکە تاقیکردنەوەیەك بوو، هەموو تاقیکردنەوەیەکیش لایەنی پۆزەتیڤی تێدایە کە سەرکەوتنە و لایەنی نێگەتیڤیش هەیە، دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی هەندێك سەرکەوتن بەدەستهاتوون و مەرج نییە کە سەد دەر سەد بە دڵی ئێمە بووبێت، بەڵام کاتێك دەگەینە ئەو ئەنجامە، بەشێکی پەیوەندیی بە لایەنی بەرامبەرەوە هەیە، ئێمە کە دەمانویست یاسایەك دەرکەین کە لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراق و بەرژەوەندیی کورد بێت بێگومان لایەنەکانی دیکە نەیانهێشتووە.

**چاوی خەڵك: ئەو سەرکەوتنانە چین، لە کاتێکدا کە کێشە هەستیارەکانی وەك مادەی ١٤٠ و پێشمەرگە و بودجە و یاسای گاز و نەوت و چەندین کێشەی دیکە چارەسەر نەکراون؟**

د. ڕەئوف عوسمان: ئێمە توانیمانە (١٣) بڕیای مەجلیسی قیادەی سەورە هەڵوەشێنینەوە، کە ئەو بڕیارانە پیلانی زۆر ترسناکی تێدا بووە کەهەندێکی پەیوەندی بەسەلاحیاتی هەندێك بەرپرس و ڕەهاکردنی دەستی موخابەراتەوە هەبوو.

جگە لەوە ئەو کۆدەنگییەی کە لە ناو هاو پەیمانیی کورد ستاندا هەبووە جۆرێك لە هێزی مەعنەوی دابوو بە کورد، شیعە پەرش‌و بڵاو بوون، سوننەش هەروا؛ ئەوەش جۆرێك لە سایکۆلۆجیەتی هێز لای لایەنی بەرامبەر دەردەخات، یەکهەڵوێستی ئەوە دەردەخات کە کورد کێشەیەکی نەتەوەیی هەیە و لایەنەکانی دیکە کێشەی مەزهەبی‌و حکومییان هەیەو کێشەی نەتەوەیی بەهێزترە، هەندێك بابەت دژی کورد بوون نەمانهێشتووە بڕواتو هاو پەیمانیی کورد ستان هەمیشە یار مەتیی‌و پاڵپشتی ئەو یاسایانە بووە کە دیموکراسی بەهێزدەکەن‌و دەنگی بۆداوە، بۆ وێنە یاسای دامەزراوەی شوهەدا و یاسای خانەنشینی‌و یاسای مافەکانی ژنان. ئێمەی کورد سەرکەوتنمان لە بەهێز بوونی دیموکراسیدایەو ئەگەر حکومەت بەرەو دیکتاتۆری بڕوات ئێمە هیچمان بۆ ناکرێت.

سەبارەت بەو کێشانەی کە باستکرد ئەوانە هەندێکی پەیوەندیی بە لایەنی جێبەجێکارەوە هەیە، بۆ وێنە یاسای نەوتو گاز یاسایەکی زۆر گرنگە، هەندێك فراکسیۆن دەیانەوێت دەسەڵات لە هەرێمی کورد ستان بسێنێتەوەو نەتوانێت هیچ مامەڵەیەك بە نەوتو گازەوە بکات و دەڵێن مۆڵکی حکومەتی مەرکەزییە و دەبێت پابەندبین بەوانەوە، ئێمە نەمانهێشتووە بەو ئاراستەیە دەرچێتو ئەوەی ئێمەش ویستومانە ئەوان نەیانهێشتووە بۆیە بە پەکخراوی ماوەتەوە، ئەمە جۆرێ کە لە بەرەنگارییکردن.

بۆ بودجه و ١٧٪ دەبێت بشتببەسترێت بە سەرژمێری لە عێراقدا، لە ساڵی یەکەمدا بە رێژەی ١٧٪ دانراوەو ئەوە بووە بەعورفو زۆرجار عورف تامی یا سا دەدات، تائێ ستا وا بووەو ئەم ساڵ و ساڵی پار جۆر ێك لە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و نازانم لەبەرژەوەندیی ئێمە دەکەوێتەوە یان نا، ئەوە سەرژمێری یەکلاییدەکاتەوە، بۆ وێنە دەڵێن ١٧٪ دەدەین، بەڵام ئەگەر ژمارەتان کەمتر بوو ئەوا لێتاندە ستێنینەوەو ئە گەر زیاتر بوو بۆ تان زیاد دەکەین.

مادەی (١٤٠ ) مادە یەکی گرنگەو ئەم مادە یە پێویستی بە کاری زیاترەو ئێمە پێمانوایە ئەو مادەیە لەپەرلەمان دەرچووەو دەنگی بۆ دراوە، نابێت بخرێتەوە پەرلەمان، بەعسییەکانو شوڤێنییەکان دەڵێن کاتی بەسەر چووەو کاری پێناکرێت، وەڵامی ئێمە ئەوەیە ئەگەر قەرزبدەیت بەیەکێك بۆ ساڵێكو نەتوانێت لەو ساڵەدا بیدا تەوە، ئا یا قەرزە کەی تۆ دە فەوتێت؟ بیگومان نا، ئێمە پێداگریدەکەین لە سەر مادەی (١٤٠).

بەڵام ئەوەمان لەبیرنە چێت لەلای کوردەوە کەمتەر خەمی بۆ جێبەجێکردنی کراوە، بەتایبەت لەلایەن لیژنەکانەوە، ئەو کەسانەی کە بۆ لیژ نەکان دا نراون دەب ێت خەڵکێکی تای بەت بن و تەرخانبکرێن بۆ جێ بەجێکردنی مادەی ١٤٠، بەڵام ئێ ستا وانی یە، هەر کەس کاری خۆی هەیەو مادەی ١٤٠ وەك پاشکۆ کاری بۆ دەکرێت، یەکێك کە وەزیر ب ێت، ناتوانێت وەزارەتەکەی بەجێبهێڵێتو بێت کار بۆ مادەی ١٤٠ بکات، مەگەر ئەوەی کاتی زیادەی هەبێت. ئەوە یەکێك لە هۆکارەکا نە، حکو مەتی بە غدا ٢٠ ملیۆن دیناری داناوە بۆ ئەو عەرەبانەی دەڕۆنەوە، حکومەتی هەرێمیش دەیتوانی ١٠ ملیۆن تەرخانبکات کە دەبووە ٣٠ ملیۆنو تەماحێکی زیاتری دەخستە بەردەمیانو ئەوانیش زووتر دەرۆشتنەوە، حکومەت ئەو پارە یەی هەیەو ئەوەش جۆرێکە لەکەمتەرخەمی کە هیچ هەوڵێکیتری نەداوە کە لە رێگەیترەوە ئەو کێشەیە چارەسەربکات.

شوێنه جێناکۆکەکان ئێستا یەك لەسەر سێی کوردستانە و ئەگەر بگەڕێتەوە سەر کوردستان پاذتایی کوردستان زۆر زیاددەبێتو پاذتایی حکومەت زیاددەبێت، ئەو شوێنانە سامانی سروشتیی وەك نەوتو گازی زۆر تێدایەو ئەمەش سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی حکومەتی کوردی، ئەمە ترسێکی گەورە یە لە بەردەم دژە کانی ئێمەدا، کە دوو جۆرن: یەکەمیان عەرە بە شوڤێنییەکانو ئێستا بەدا خەوە برا تورکما نەکانیان راکێشاوە، هەروەها دژەکانی دەرەوەی عێراق کە دەکاتە ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا یەو دەترسن ئەگەر پاذتایی‌و دەسەڵاتی هەرێم زیاد بکاتو ببێت بەدەو ڵەت ببێتە تیشکێك بۆ پارچەکانی دیکە بۆیە هەموو هۆکارێك بەکاردێنن بۆ ئەوەی جێبەجێنەکرێت.

حەز دەکەم شتێکیتر بڵێم کورد هەڵ سوکەوتی لە گەڵ تورکمانو عەرەبەکانی کەرکوك گوما ناوی بووەو بەپێی دەستور نەبووە، بە تایبەت تورکما نەکان، دروستکردنی حیز بی کارتۆنی تورک مانی‌و عەرەبی کە بەپارەی ئێمە بچێت بەڕێوە ئەنجامینابێت، تورکما نەکان پێما ندەڵێن ئێوە ئەو سیا سەتی سەدام دووبارەدەکە نەوە کە حیز بی بۆ کوردە کان دروستدەکرد وەك جا شەکانو ئێستا کورد هەمان هەڵوێستی بەرام بەر تورکمان هەیە، ئەوان ئەوەیان بە من وتووە.

**چاوی خەڵك: ئێوە پێتانوایە لایەنی جێبەجێکار هەڵنەستاوە بە چارەسەری ئەو کێشانە، ئەی ئێوە بۆ لە پەرلەمان هیچ کارتێکی فشارتان بەکارنەهێناوە تا لایەنی جێبەجێکار چارەسەری ئەو کێشانە بکات، بۆ وێنە کاتێك سوننە وێستی مالکی لابات، بۆ کورد لەبەرامبەر پشتگیری بۆ مالکی داوای هیچی نەکرد؟**

د. رەئوف عوسمان: بێگومان دەبوا یە ئەو کارە بکرا یە، سیا سەت دانوسانەو شتێك دەدەیت و شتێك وەردەکرێتو سیا سەت خۆڕاهێنا نە لە

گەڵ گۆڕانکارییە خێراکان، پێویست بوو ئەو کا تەی سوننەکان کشانەوەو سەدرییەکانو مەجلیسی ئەعلا خۆی کشاندەوە دە مانتوانی بڵێین بە مەرجێك ناك شێینەوە کە ئەوە مان بۆ بکەیت، بەڵام ئەو زیرەکیە یە سیا سییەمان نیەو هە ندێك وا بیر دەکە نەوە کورد ئەم رێژە کە مەی لەحکومە تدا بدیت با شترە تا بوونی نەبێت، پێموا یە کورد دەبێت چاوبخشێنێتەوە بە هاوپەیمانییەکاندیدا، بە بۆ چوونی من ئەوە ندەی چاودێری هەڵسوکەوتەکانم کردووە، ئەوە سەلماوە کە کورد هاوپەیمانی ستراتیجی نەبووە و دەبێت هاوپەیمانییەتیەکانی بۆ قۆناغێك بێت. ئێمە یا سای بەکارهێنانی زما نمان پێشکە شکرد کە مافێکی دە ستورییە و عەرە بەکان پێیا ندەوتین بە زۆر دەتا نەوێت بماذکەن بە کورد، ئیتر ئەوە هەڵویستی ئەوانە.

**چاوی خەڵك: چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە بەرپرسانی کوردو ئەندامانی پەرلەمان لاوازبوونو لەئاست ئەو شەڕەدا نەبوون کە لەبەغدا دەکرا؟**

د. رەئوف عوسمان: ئەو لاوازییە بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم حکو مەتی هەرێم ١٠٠٪ لە پشت هەموو پرۆژە کانی ئێمەوە نەبووەو هەماهەنگییەکی رێکوپێك نەبووە لەبەینماندا کە ئەوان هەفتا نە کۆبوونەوە لەگەڵ ئێمەدا بکەن و تەوجیهاتو رێنمایی‌و زانیاریی بۆ ئێمە بنێرن و پرۆ گرام دا نێین‌و سیستماتیك کاربکەین، دە بوو هەموو هەفتە یەك بەرپرسانی کورد بهاتنا یە بۆلای ئێمە، پێویست بووە پەر لەمانتارانی هاو پەیمانی کورد ستان بەلا یەنی کە مەوە مانگی دوو جار کۆبو نەوەیان لەگەڵ لایەنی جێبەجێکاری کورد لەحکومەتی عێراقدا بکردایە.

ئێمە حەوت وەزیر و جێگری سەرۆك وەزیرانو بیست تا سی راوێژکار و دەیان بەڕێوەبەری گشتییمان هەیە، ئەوان جێبەجێکارن‌و ئێمە یاسا دانەرین‌و ئێمە هیچ کۆبونەوەیەکمان نەبووە بۆ ئەوەی کارەکانمان بە

رێ کوپێکی بڕوات. هۆ کارێکی دی که ئەوه بوو لا یەنی بەرامبەرمان زۆر توندوتیژ بوون لەگەڵماندا، لەکاتی تەنگانەدا یەکیاندەگرتو ئەوانەی لە ٢٢ تەموز دژی ئێمە دەنگیاندا هاوپەیمانەکانمان بوونو ئەوە خەتای ئێمە نییە و ژمارە کەشمان ئەوە ندە نی یە کە خۆ مان یا سا دەر کەین، دە توانین شت تێک بدەین، ئەویش هەموو جار ێك نا، لەپەر لەمانی دا هاتودا شیعەکان دەتوانن خۆیان( ٥٠+١ ) بنو یاسا دەرکەنو لەگەڵ سوننە سیٚ لە سەر یەك پێك بێنن، ئەوە خاڵێکی لاوازە بۆ ئێمەو ڤیتۆ نامێنێت ئەوەش لاوازییە.

**چاوی خەڵك: واتا لە خولی داهاتوودا پێگەی کورد لاوازتر دەبێت لە ئێستا؟**

د. رە ئوف عو سمان: دەب ێت پابە ندبن بە ب نەمای تەوافق، چونکە لەخولی دا هاتوودا بە تەوافق نەبێت کارەکا نمان ناڕوات، مالکی زۆر جار داوادەکات زۆری نەو کەمی نە هەبێتو حکو مەت وا درو ستبکرێت ئەوە بۆ وڵاتێك دەبێت کە هەمووی یەك نەتەوە بێت و ئەگەر زۆرینە لا یەنی کەمی نە بچەوسێنێتەوە ئەوە دیموکراسیەت نییە.

**چاوی خەڵك: ئەگەر زۆرینە لەگەڵ تەوافق نەبێت کورد چ رێ گا چارەیەکی هەیە؟**

د. رە ئوف عو سمان: دەب ێت هەوڵ بدات لە سەر ب نەمای تەوافق بمێنێ تەوە، ئە گەر نا دەب ێت داوای درو ستکردنی لیژنە یەکی با ڵا بکر ێت لەسەر بنەمای تەوافقو کۆمەڵێك یاسای خۆی هەبێتو پشتببە ستێت بەو مادا نەی کە دە سەڵاتی هەرێم بەهێزدەکاتو لیژنە یەکی سیا سی دروستبکات کە بنەمای تەوافق بە جوانی بەرێت بەرێوە، تەوافق بۆ ئێمە لەبە غدا زۆر با شەو دەب ێت سوور بین لە سەر تەوافقو لیژنە یەك بەناوی تەوافق یا یەکخستنی نەتەوەکان دابنرێت کە کار بۆ بنەمای تەوافق بکات.

**چاوی خەڵك: لەچوار ساڵی رابردوودا ئێوە چەند جار لە گەڵ بەرپر سانی کورد کۆبوونەتەوە لە بەغدا و هەرێمی کوردستان؟**

د. رە ئوف عو سمان: : ئێمە چەند جار ێك لە گەڵ بەرێز مام جەلال دانیشتووین، لە گەڵ بەڕیز کاك مە سعود پێموا یە دوو یا سێ جار کۆبووینەتەوە، بەڵام لەگەڵ وەزیرەکان و لایەنی جێبەجێکار کۆبوونەوەمان نەکردووە، جگە لەوەی بە شێوەی شەخسی یا بە تە لەفۆن پەیوە ندییمان کردووە، بەڵام بە رەسمی هیچ کۆبوونەوەیەکی سیستماتیك وەك لۆبییەکی کوردی یا مەجلیسێك لە بەغدا بۆ دەستنیشانکردنی سیا سەتێکی تایبەت بۆ بەرێوەبردنی پرۆگرامێکی نە تەوەیی و زیاترکردنی دە سەڵاتی هەرێم نەکراوە.

زۆر جار ئێمە داوا مانکردووە، بەڵام ئەوان نەیانویستووەو ئەوە کێشەیە، بۆ وێنە دوو جار بەرێز سەربەست با مەرنی، کە جێگری وەزیری رۆ شنبیریی بووە و ئێستا بەرێز فەوزی حەریری- یە، تائێستا بیریاننەکردۆتەوە کە یاسایەك دارێژن بۆ زمان، نا چار ئێمە خۆمان لە گەڵ کاك خالید شوانی یا سایەکمان گەڵا لەکردووە و داوما نەتێ کە بەکۆ مەڵێك قۆنا غدا رویشتووە، ئە گەر کاربەدە ستە کوردە کان ئەوەیان بکردا یە ئێمە یاساکەمان بەڕێوەبردبوو.

لە بەر ئەوە دەبێت لێپر سینەوە هەبێتو مافو ئەرك دیاریبکرێت، دەبێت هەر وەزیر و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەرێك کە لە کوردستانەوە دانرا دەبێت بیر لەوەبکا تەوە ئەو شوێنەی ئەوی لێیە تا چەند بە شی کوردی تێدایەو چی بکات ئەو بەشە کوردییە راکێشێت، بۆ وێنە بەرێوەبەرا یەتی رۆشنبیری کوردی هە یە لە بە غدا کە دەتوانێت کتێب و گۆڤار و رۆژنا مە چاپ و بڵاوبکاتەوە و چەندان کۆڕو سمینار بگرێت.

**چاوی خەڵك: ئێوە وەك ئەندامی پەرلەمان بۆ بەدواداچوونتان بۆ ئەوا نە نەدەكر، نەتاندەتوانی لێپرسینەوە لە بەرپرسە كوردەكان بكەن؟**

د. رەئوف عوسمان: من جارێك لەسەر وەزیرێكی كورد قسەم كرد پێیخۆشنەبوو، بەرێز بەیان دزەیی، هاتە بەردەم پەرلەمان باسی كومەڵێك پرۆژەی نیشتەجێبوونی كرد كە لە ناسریەو عەممارەو بەغدا كراوە، من وتم هەندێك ناوچە هەن بەر سیاسەتی تەعریب كەوتوونو بەهۆی شەڕی ئێرانو عێرا قەوە پ شتگوێخراون وەك خا نەقینو مە ندەلیو جە لەولاو چەندین شوێنیتر، بە چ حەقێك خزمەتی ئەوێت نەكردووە ئا یا كامیان پێویستیان پێیەتی؟

ئەمە كوردیشە و دواتر پێیناخۆش بوو من لەسەر ئەو قسەم كردووە، ئەوە كوردە و كار بۆ كەركوك نا كات بۆ بۆ موسڵی نەكردووە، عەرەبەكان دەیانوت كە بۆ لۆمەی ئێمە دەكەی ئەوە لەخۆتا نە هیچی بۆ نەكردوون، ئەوانەش وایكرد كورد لە بەغدا دەنگ نەهێنێت هەموو وەزیرێك دەیتوانی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ كوردی بەغدا دا بمەزرێنێت بۆ نەیانكرد و لایەنەكانی دیكە كردیان؟!

**چاوی خەڵك: باس لەوە دەكرێت كە ئامادە نەبوونی پەرلەمانتاران بە شێك بوو لە سستی كارەكانی پەرلەمان، ئێوە هەمان بۆچوونتان هەیە؟**

د. رە ئوف عوسمان: من پێموا یە پێویست بوو ئا مادە نەبوونی پەر لەمانتاران و غیاباتیان بكرێ تە لیستێكو بنێردر ێت بۆ لا یەنی پەیوەند یدار، كە مەكتەبی سیا سی حیز بە یا هەر شوێنێكیتر و ئەوان لێپرسینەوەیان بكردا یە، بۆ ئەوەی ئێمە لاواز نەبین، جاری وا هە یە بە دەنگ یێك دەدۆڕێ یت، پێموا یە بۆ پەر لەمانی دا هاتوو پێویستە لیژنە یەك دروستبكرێت، نازانم حیزب یا پەرلەمان یا حكومەت دروستیدەكات و بە یا سا رێكبخر ێت، ئەو لیژنە یە رێ گا دابنێ یت بۆ پەر لەمانتارانو بۆ

لێپێ چینەوە لە هەموو کەموکوڕی یەکانی پەر لەمانو بۆ ڕێکخ ستنی پەیوەندی یەکانی هەرێمو دەترسم ئەم دەورە یە کە لەڕووی چەندێتییەوە کەمتر دە بین لەڕووی چۆنێتی شەوە لاواز بین، بۆ یە پێوی ستە ئەوا نەی کاندیدکراون کەسانی ئازا بن و هە ست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و زیرەك بن، نەك تەنها دابنرێن بۆ دەنگدانو هۆڵەکە پڕکەنەوە.

**بە کورتی:**

د. ڕەئوف عوسمان ساڵی ١٩٤٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دوای رووخا ندنی بەعس بۆ ماوەی دوو خول لە ئەنجوو مەنی نی شتیمانیی‌و نوێنەرانی عێراق ئە ندام بووە. دکتۆرای زمانی عەرەبی هە یە لە زانکۆی موستەنسریەو بۆ ماوەی دوو خول سەرۆکی بنکەی ئەدەبی‌و رو ناکبیریی گەلاو ێژ بووە، ماوە یەك سەرۆکی بە شی زمانی عەرەبی بووە لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی و زیاتر لە ٧ کتێب و سەدان وتار و نووسراوی بە زمانی کوردیی‌و عەرەبی لە سایت و ڕۆژنامەکاندا نوسیووە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی (میدیا)دا

**بەهمەن عومەر /هەولێر / د . رەئوف عوسمان، لە سلێمانی لەدایك بووە ، سەرۆکی بنکەی گەلاوێژ بووە ، سەرۆکی بەشی عەرەبی زانکۆی سلێمانی بووە ، ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی هاو پە یمانی کوردستان ، (میدیا ) لەسەر چەند پرسیارێکی سیاسی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ئە نجام دا .**

➢ **میدیا : پاش شکست هێنانی لیژنەی ماددەی ٢٣ و گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی عێراق ،ئێستا ئەو کێشەیە بەکوێ گەیشت لەناو پەرلەماندا ؟**

➢ رەوف عو سمان : بڕیارە سەرۆکی ئەو لیستانەی پەیوە ندیان بەو کێشەیەوە هە یە ، کۆبوونەوە یەك بکەن ، بەڕێز ئەیاد سامەڕای سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەڵێت کۆ مەڵێك ئە گەری دیکە هە یە بۆ چارە سەرکردنی کێشەکە .بەڵام من لای خۆمەوە گەشبین نیم بەو دانیشتنانە ، چونکە ئەوان دەیانەوێت جارێکی دیکە کورد بە هەموو شتێك ڕازی بێت و ماددەی ١٤٠ قارس بکەن ، بەشێوەیەك کە ئیتر تامی تێدا نەمێنێت .بەتایبەتی عەرە بە سونەکان کەهە ندێك جار با سی ئەوەش دە کەن کە کورد ڕ ێژەی ٣٢٪ ەکەشی نەمێنێت ، بەکورتی دەیانەوێت بچوکمان بکەنەوە .

➢ **میدیا : ئێمە دەزانین لەسیاسەتدا ئەوەی حوکم دەکات هێزە ، ئایە عەرەبەکان ئەوەندە بەهێزن لەڕووی سیاسیەوە کە بتوانن ئەوداوایانەیان پراکتیزە بکەن ؟**

➢ رەوف عوسمان : بەبڕوای من نەخێر ناتوانن تموحەکانیان بەجێ بگەیەنن ،چونکە دیموکراسی لەعێراقدا دیموکراسییەکی تەوافوقیە ، بەم پێیە دەبێت بەڕێککەوتن بێت ، بە شێوەیەك کە هەردوولا ڕازیبن ، بەڵام ئەگەر وانەبێت کێشەکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە ، لەم کا تەدا تەنیا چارەسەر بۆ کێشەکە ماددەی ١٤٠ ە .

**➢ میدیا : تا چەندە نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، لەکاتێکدا هەندێك جار دژایەتی کردنی کورد بووە بەبەشێك لە پڕو پاگەندەی هەڵبژاردن لەناو عەرەبەکاندا ؟**

➢ رەوف عو سمان: بە بۆ چوونی من ئە گەر مالیکی بـ یەوێت حکومەتە کەی بەهێز پیـ شان بدات دەبـ ێت پەیوە ندی لە گەڵ کوردەکا ندا بەهێز بـ کات ، بەڵام بۆ چونێکی دیـ کە هە یە ئەوە یە بۆ ئەوەی مالیکی بیەوێت حکومەتە کەی بەهێز پیشان بدات ، دەبـێت یەك پار چەیی خاکی ع ێراق بپارێز ێت و ناوە ند بەهێز بـ کات کە ئەوەیان بەزیانی کورد دەشکێتەوە .

ئەگەر ئێمە لەناوخۆدا پەیوەندییەکانمان باش بکەین ئەو ململانێیەی لە کەرکوك هەیە لە سەر دا نانی پۆ ستەکان لەنێوان حیزبەکا ندا نەمێنێت ، هەروەها سەرکردایەتی کورد هەوڵی ز یاتر بدات بۆ جێ بەجێکردنی ماددەی ١٤٠ مومکینە بتوانین ئەو هەولا نە شکست پیٚ بهێنین ، بەبڕوای من جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ وا دەکات بەسەر هەمووکێشەکاندا زاڵبین .

**➢ میدیا : هۆکاری بانگهێشت نەکردنی شەهرستانی بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

➢ رەوف عو سمان : لەڕا ستی دا لە گەڵ هاتنی ئەیاد سامەڕایدا پەرلەمان ئەکتیڤ بووەتەوە دەیەوێت بەهەموو شێوەیەك لا یەنی چاودێری کردنە کەی جێ بەجیٚ بـ کات ، بەڵام لا یەنی جێ بەجیٚ کار دە یەوێت وای پیشان بدات کەئەوەی هەیە کێشەیەکی سیاسییە نەك ئیداری.

ئەوان بە بە شێك لە پڕوپاگە ندەی هەڵبژاردن تێدە گەن ، کە ئەوە بە هیچ شێوەیەك وانییە ، کێشەکە تەنیا شەهرستانی نییە ، چەند وەزیرێکی دیـ کەش وەك وەز یری گوا ستنەوە و ناوخۆو بەرگری و هە ندێك وەز یری

دیکەش کە کێشەیان هەیە لە بەڕێوەبرد ندا چ لە ڕووی ئیداری چ لەڕووی مالی یەوە ، وا تە جۆر ێك لە بەرەنگاربوو نەوە درو ست بووە لەناو لا یەنی جێبە جیٚ کاردا کە حکومەتە بۆئەوەی پەرلەمان نەتوانێت کارەکانی بکات ، ئەم دژایەتی کردنە گەیشتووەتە ئاستێك کە هەندێك لێدوانی زۆر توند لە دژی پەر لەمانتاران دەدر ێت، هەموو ئەوا نە کاردانەوە یەکی نێگەتیڤە بەرام بەر بەو جموجو ڵەی کە پەر لەمانی ع ێراق دە یەوێت بی کات و کردوشیەتی .

➢ **میدیا : ئایا تیرۆرکردنی حارس عوبەیدی سەرۆکی کوتلەی تەوافق و داواکردنی لابردنی حەسانە لەسەر هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەکەوێتە هەمان چوار چێوەوە ؟**

➢ رەوف عو سمان : هەموو جولاٚنەوە یەکی سیا سی کۆ مەڵێك پەیوەندی پەلوپۆی لێدەکەوێتەوە ، بۆ نمونە تیرۆر کردنی خوالێخۆش بوو حارس عوبەیدی کە یەکێك بووە لەوانەی زۆر چالاك بوو لە بواری خۆیداو لە وتاری هەینی دا هەمیشە جەختی لە پارا ستنی ماڤی مرۆڤ دە کردەوە ، هەروەها لە پەرلەمانی عێراقدا ڕۆڵی کارای هەبوو داوای کرد ئەوانەی ماڤی زیندانیانیان پێشێلکردوە لێپرسینەوەیان لە گەڵ بکرێت ئەوا نە وادە کات کە هەندێك لەو هێزانە لەدەرەوەی چوارچێوەی کاری سیاسیدان بۆ دروست کردنی ئاژاوە ئەوەیان کردبێت ، یان لەوانەیە ئەوانە بێت کە پێشێلکاریی ماڤی زیندان کراوانیان کردوە .

هەر سەبارەت بەو زیندانیکراوا نە ئێستا داوا کراوە کە زیاتر لە ٤٠ پۆلیس و دەرە جەدار لێپر سینەوەیان لە گەڵ بکر ێت ئە وا نە هەمووی شکستن بۆ حکومەتەکەی مالیکی ، هەر بۆیە حکومەت کاردانەوەی هەیە .

➢ **میدیا : پێتوانییە کەدوای ئەوەی لەڕووی ئاسایشەوە عێراق بەرەو باشتر دەڕوات وردە وردە لایەنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی ڕۆژنامەنووس و مافی ژنان و گەندەڵی ئیداری و مالی دەردەکەون ؟**

➢ رەوف عوسمان : بێگومان ئەم لایەنانە تائێستاش دەخرێنە بەردەم پەرلەمان و قسەی لەسەر دەکرێت ، بەلاّم مومکینە بە و جدیە نەبێت چونکە تائێستا هەندێك شت هەیە کە لە پێشترن بۆ قسە لەسەر کردن بۆ نمونە هە ندێك یا سای وەك نەوت و گاز یا سای کارکردنی حیز بەکان یا سای هەڵبژاردنی دا هاتوو ئەما نە هەموویان دۆسیەی گرنگن و هەروەها لە گەڵ ک شانەوەی هێزە کانی ئەمریکا لە شارەکاندا ئێ ستا کێ شەی ئەوە هە یە کەجارێکی دی کە تو ندو تـ یژی سەرهەڵبداتەوە ، هە ستی پێ دەکر ێت کەڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لەهەوڵی خۆئامادەکردندا بۆ دوو بارە دە ست کرد نەوە بە توندوتـ یژی ئەما نە هەموویان پێ کەوە هۆ کاری ئەوەن کەئەودۆ سیانەی جەنابت لە پر سیارەکەتدا خ ستانە ڕوو هێ شتا نەبوون بەخەمی گەورەی پەرلەمان و هەتا ناو شەقامی گ شتی عـێراقیش ، ئە گەرنا بێگومان عێراق هەموو ئەو کێشانەی هەیەو زۆر لەوە زیاتریش .

➢ **میدیا : پێشبینی دەکرێت دوای کشانەوەی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق لایەنی ئەمنی تووشی کێشە بێت و جارێکی تریش داوای چوونی پێشمەرگە بکرێت بۆ ناوچە نائارامەکان ، لەم کاتەدا دەبێت پێشمەرگە بەبێ مەرج بنێردرێتەوە بۆ ئەو ناوچانە وە دوای ئەوەی پێویستیان پێنەما دەری بکەنەوە ؟**

➢ رەوف عو سمان : ئە گەر ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ بکر ێت مەدای کارکردنی پێشمەرگە فراوانتر دەبـێت ، ئەو کات هیچ کێشەیەك درو ست نابێت لە بوونی پێش مەرگە لەو ناو چانەدا، بە لاّم مەرج نیـیە هەرکاتێك حکو مەتی عێرا قی داوای پێش مەر گەی کرد یەک سەر حکو مەتی هەرێم ڕازی بـێت ، ئەم جارە دەبـێت حکو مەتی کورد ستان مەرجی هەبێت بۆ ناردنی پێ شمەرگە بگوتر ێت پێ شمەرگە هێزێ کی نیـ شتیمانییەو دەبـێت

بكرێت به بەشێك له هێزی عێراقی هەروەها لەسەر بود جەی سیادی  چەك وپێداویستی  پیٚ  بدرێت  ،  چونکه ئێستا پێشمەرگه ها و کاری حکو مەتی کردووه  لەهەندێك ناوچه که تیرۆریستی لیٚ بووه  توانیویەتی ئاسایش بەر قەرار بکات  ،  بەلاٌم حکو مەتی عێراق ئا ماده نییه بود جەی پێشمەرگه له بودجەی سیادی سەرف بکات ، لەگەلٚ ئەوەشدا خۆ ئێمه پێشمەرگەمان لیٚ زیاد نییه  هەرکاتێك حکومەت داوایکرد  بینێریت  بۆ نا و چه ترسناکەکان خوێنی پێشمەرگه بڕژێت و دوای چارەسەرکردنی کێشەکان بلٚێت  سوپاس بگەڕێنەوه .

➢ **میدیا : دەتوانین بلێین هۆی دروستبوونی ئەو کێشەیه که ئێ ستا هه ـیه و حکومەتی مالیکی بەردەوام داوای دەرکردنی پێشمەرگه دەکات  بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که بەبیٚ مەرج چۆته ئەو ناوچانه؟**

➢ رەوف عو سمان: لەوانه یه  مەرج  هەبێت،  بەلاٌم مەر جەکان زاره کین نەك نوو سراو  که  ئەوه کێ شەیەکی  گەورەی ئێمه یه  ، ئێ مه  هیچ  کات ڕێککەوتنەکا نمان نووسراونین .

➢ **میدیا  : تـاچەند ئەم ململانێیانەی کوردستـان  که لەسەر هەلٚبژارد ـنەکان هەیه کاریگەری لەسەر نوێنەرانی کورد کردوه له عێراق ؟**

➢ رەوف عو سمان :   تا ئێ ستا ده توانم بـ لٚێم  به  هیچ  شێوەیەك ڕنگدا نەوەی  نەبووه ،  ئەو  یەکێتی و توانا یەی ها و پەیمانی کورد ستان هەیەتی پەیوەندی بەو یەکگرتنەوەیه هەیه  له نێوانماندا یه ، چونکه ئەگەر جیاواز یەکیش  هەبێت  ئەوه  له خالٚێ کدا یەکدەگری نەوه  که  بریتی  یه  له بەرژەوەندی هەرێمی کوردستـان و مافەکانی گەلی کورد  .

ئەم  یەکگرتن و  نەبوونی جیاواز یەی ئێ مه تائا ستێکه عەره بەکان بەغیلیمان پێدەبەن ، بەوەی که هەموویان پارچه پارچه بوون و  تەنیا ئێمه نەبێت .

➢ **میدیا : له کوردستان حیزبه ئۆپۆزیسیۆنەکان که نوێنەریان له لیستی کوردستانیشدا هەیه بەردەوام دەڵێن که نوێنەرانی کوردستان له بەغدا له ئاستی پێویستدا نین, ئەو قسانه تا چەند ڕاستن؟**

➢ رەوف عوسمان: من وا تێده گەم نوێنەرانی کورد له پەر لەمانی عێراق زۆر ئەکتیڤن زۆر چالاکن بڕوانا کەم هیچ کەم تەرخەمیان هەبێت، سەبارەت بەچالاکی ئەندامانی کورد له پەرلەمان، من دەمەوێت باسی خۆم بکەم وەك نموونه ، یەکێك له هۆکارە کانی بانگهێشتکردنی وەزیری بازرگانی بۆ پەرلەمانی عێراق ئەو ڕاپۆرتەبوو که من لەسەر سلێمانی پێشکەش به پەرلەمانم کرد که گوتومه ئەم کابرایه نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار زوڵمی لەشاری سلێمانی کردووه، هەر لەم چەند رۆژەدا ڕاپۆرتێکم پێشکەشکردووه لەسەر زوڵم وزۆری بەرێوەبەرایەتی گشتی پەساپۆرت و نیشتەجێ بوونی عێراق که بەرانبەر کوردستان و سلێمانی دەیکات که مانگانه سەدان پاسپۆرت لەسەر بەشی کوردستان له بەغدا دەفرۆشرێت به بڕێك پاره ، ئەمانەم به ١٢ خاڵ ڕوون کردوەتەوه کەداوامکردوه بدرێت بەسەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ، من پێم وایه ئەوانەی لەپەرلەمانن کەمتەرخەمیان نەکردووه، بەلام توانای ئێمەش دیاری کراوه ٥٨ کەس بەرانبەر ٢١٧ کەس ژمارەیەکی کەمه.

➢ **میدیا : به پێی زانیاریەکان ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانی عێراقی تائێستالەناو هۆڵی پەرلەمان به هیچ شێوەیەك بەشداریان نەکردوه ئەم قسانه تاچەند ڕاسته ؟**

➢ رەوف عوسمان : بەڵێ ئەوەشی تێدەکەوێت .

➢ **میدیا : دەتوانیت پێم بڵێی چەند کەسن ؟**

➢ رەوف عوسمان: بەژمارە نازانم، بەلام دەتوانم بڵێم زۆرن، له هەموو پەرلەمانێکدا کۆمەڵێکی کەم قسه دەکەن و دەردەکەون، ئەوانەی که ئاستێکیان هەیه لەڕووی زمان و روناکبیری و ئەزموونەوە کەمن، من تیمی

پەرلەمان وەك تیمی یاری تۆپی پێ دەبینم, ئەو تیمە ئەگەر هەمووی پێکەوە بەباشی کار نەکات سەرکەوتوو نابێت ، بەڵام هەندیکجار کە هێرشبەرێك گۆڵدەکات ئەوە دەردەکەوێت، یان گۆڵچییەك جوان بەرگری لە گۆڵەکەی دەکات ئەوە دەردەکەوێت بۆیە ڕەنگە ئەندامەکانیش هەندێکیان لەناو هۆڵەکەدا باش قسە بکەن، هەندێکیان لەناو لیژنەکاندا باش کار بکەن.

➢ **میدیا : ئەندام پەرلەمانی کورد هەیە لەبەغدا عەرەبی نازانێت ؟**

➢ ڕەوف عوسمان : بەڵێ هەمانە, من لێرەوە داوا لەهەموو لیستەکان دەکەم کە زۆر ووریابن لە دەست نیشانکردنی ئەندامەکانیاندا دەبێت زمان بزانێت روناکبیر بێت و ئازاو لە خۆبردو نیشتیمانپەروەر بێت ، هەروەها دڵسۆزی ئەوشارەبێت کە نوێنەرایەتی دەکات .پێویستە لێپرسینەوەش هەبێت لە ئەندامەکان .

➢ **میدیا : دەست لە کارکێشانەوەی د . بەرهەم ساڵح تا چەند کاریگەری دەبێت لەسەر دەسەلاتی کورد لە حکومەتی عێراقدا ؟**

➢ ڕەوف عوسمان: بێگومان کاریگەری دەبێت چونکە د. بەرهەم کەسایەتییەکی دیارو چالاكو بەتوانایە لە کارەکانی خۆیدا.

# فەسڵی شەشەم

## تێبینییە تایبەتییەکانم
## لەسەر دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق

## دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق
## خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانەی بابەتی

# سەرەتایەکی پێویست

ئەو کا تەی کە شەپۆلێکی بەرفراوان لە نو سین‌و شرۆڤەکردن‌و ناڕەزایی‌و گفتو گۆی جۆراو جۆر لە سەر دە ستوری هەرێمی کورد ستانی عێراق هاتە ئاراوەو رۆژنامە کوردییەکانیش بە جدی سەرقاڵی ئەم بابە تە گرنگە بوون، بەندە لە بەغدا بە ئیشوکاری پەرلەمانەوە خەریك بووم، بەڵام گرنگیی‌و چارەنوسسازی بابەتەکە وایلێکردم کە لە ناخی خۆ مدا بڕیاری ئەوە بدەم کە دەستورەکە بخوێنمەوەو بەگوێرەی توانا و رێدەرکردنم، شتێك بنووسم‌و هاوبە شییەکی بچکۆلانە ئەنجام بدەم، ئەوەی جێگای سەرنج‌و خەم بوو بۆ من، هیچ یەك لەم (٥٧) هاوڕێ پەرلەمانتارا نەم لە هاو پەیمانی کوردستان لە بەغدا، من ئاگاداربم، شتێکیان لەو بارەیەوە نە بە (ئا) وە نە بە (نەو)، نە بە (ئا–نەو) نەنوسی‌و بەخشکەیی بەلایا ندا گوزەری کرد، وا تە دەستوریش ﴿ ئەڕۆی ئۆغر نەزەر ناکەی ﴾.

هیوادارم ئەم نوسینەم هاوبەشیەکی بچکۆلانە لە داڕشتنی دە ستوری هەرێمی کودستان دا بکات، لەم پتر لە هەفتا خاڵەی کە نو سیومە ئە گەر تەنها یەك خاڵیشی سوودی ببێت، ئەوە جێگای دڵخۆ شی‌و شانازیمە بەو هاوبەشییە، خۆ ئەگەر ئەم تێبینییا نەش خرا نە سەر شۆ ستەی دە ستورو کەڵکیان نەبوو، دیارە ماڵی قەڵب سەرەو لای خاوەنیەتی.

دەستور، ئەو قەواڵە پڕ میهرو گرنگەیە کە پەیوەندییەکی توندو قووڵ نەك بە تەنیا لەنێوان دەسەڵات‌و گەلدا فەراهەم دێنێت، بەڵکو یەکە ئیداری‌و قەزائی‌و جێبەجێ کەرەکانی دەو ڵەتیش بە کۆ مەڵێك بە ندو مادەی جۆر بەجۆرو دوا جار یا ساش پێکەوە گرێئەدات، نەك هەر ئە مەش بەڵکو بنـ کەی پەیوەندیـ یەکانی وڵات لە گەڵ دەرەوەدا دادە مەزرێنێ‌و ئەو سیا سەتانەی کە دە سەڵات لە بوارە جیاجیا کانی ژیا ندا پەیڕەو یدەکات،

لەنێو بەندەکانی دەستورەوە سەردەردێنن، واتە نەبوونی دەستور لە هەر ولاٌتێ کدا خولانەوە یەکی بێ مەودا یە بە دەوری وەه مداو رووبەڕووبونەوە یەکی هەمیز شەییە لە گەڵ واقیع عدا بەبێ ئازو قەی بەرەنگارییەکی یاسایی و شەرعی، با ئەوەش وە بیری خوێنەر بهێنمەوە کە ولاٌتێکی وەکو بەریتانیا تا ئێستا دەستوری نییەو بە تەنها پشت بەو یاسایانە دەبەستێت کە هەمیشە لە گۆڕان و بەرەوپێش چووندان.

گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکاذیەوە دەبێت خاوەنی دەستور بێت و پێویستە هەموو توانا و لێهاتوویی و پسپۆڕییەکیش بخەینەگەڕ بۆ بنیاتنانی دەستورێکی تێروتەسەل و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و ئیداری و ژیاریی ئەم سەردەمەی عێراق و دەورو بەردا، دیارە کە دەڵێم (گونجاو) مەبەستم لەوە نییە کە داهاتوومان لەبەر چاو نەبێ و هەر بە تەنیا وەلاٌمی کێشەکانی ئێستا بدەینەوە.

دەستوری کوردستانی عێراق، دەبێت وەك ئەو کۆرپە ئازیزو دلۆڤانە بێ کە دوای چەندین ساڵ لە چەوسانەوەو قڕکردنی بە کۆمەڵ چاوی هەڵهێناوە، توند بە سنگەوە بگیرێ و بکرێتە سیمبولی قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی کوردا و جێگای رێزو نەوازشی هەموو لایەکمان بێت و لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەیەکی بالاٌ نمای خواستەکانی میلەت بێت، با ئەوەش نەبوێرم، کە دواخستنی ئەم دەستووره بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی یەو نەدەبوو ئاوا دوابکەوێت، چونکە دوژمنانی کوردو شۆڤێنییە سەرسەختەکان هێند کەم فرسەت و داخ لە دڵن، کە هەمیشە لە هەل دەگەڕێن بۆ پاکتاوکردنی ئەم قەوارەیەی کە بە خوێنی سەدان هەزار کورد هاتۆتە کایەوە.

هەر لە روانگەی گرنگیی دەستوری هەرێمی کوردستانەوە دەمەوێت چەپکێ تیشکی رەخنەگرانەی بابەتی بخەمە سەر هەندێك کەندوکۆسپی ئەم دەستورەوە، بەو هیوایە کە هاوبەشییەکی بچکۆلانەم ئەنجامدابێت، مەرجیش نییە بۆچوونەکانم سەد لە سەد مەبەست بپێکن، بەلاٌم هەوڵێکە

لەو چەندین هەوڵەی تر، چونکە دەستوردانان لە هەندێك قۆناغدا کاری دەستەجەمعیەو زۆر بەی خەڵکە رو ناکبیرو رۆژنا مەنوس و یا سازانەکان و سیاسەتمەتداران بەشداریدەکەن لە دارِشتنیدا.

## بەشی یەکەم: دیباجە

سەرەتا با لە (دیبا جة) وە دەستپێبکەم، ئەگەر بۆ دا نانی یا ساکان (أسباب موجبة) ببێت، دەشێت بۆ دەستوریش (دیبا جە) هەبێت، لەگەڵ جیاوازیی ئەهمیەتی ئەم دوانەدا. وشەی (دیبا جة) لە بنەرِەتدا فارسیەو (تعریب کراوە) و بەواتای (سەرەتای رازاوە) یان (پێشەکییەکی دلۆڤان)، لەم بوارەدا دیبا جە دڵ و گیانی دەستورەو چەتری سەریەتی و دەتوانین بە پاڵنەو دەرهاوێ شتەیەکی بەندەکانی دەستوری لە قەڵەم بدەین، لە دیبا جەدا هێماى یا ساکان و پەیوەندیەکانیان و ئەهمیەتە هەمیشەییەکانیان دەردەکەون و جۆرێك لە پا ساوی یا سایی فەرمی دەسەلمێنن، دیارە لە هەندێك وڵاتدا حسابکردن بۆ تێکستی دیبا جە (ملزم)ە و لە هەندێکی تردا بە تەنیا وەك دەقێکی پیرۆزو گرنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. خۆ لە هەندێك دەستوردا دیبا جە هەر نییە یان چەند رستەیەکی کەمە.

دیباجەکەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ خودی مادەکانی دەستورەکەدا، هەمیشە یان لە هەندێك شوێندا، بە هێڵێکی هاوتەریبدا ناڕۆن و لێکدابڕدەبن، ئەوەی کە ئێجگار ئەمە دەسەلمێنێ شێوازی دارِشتنی ئەم دوو بابەتە یە، تێبینییەکانم لە مەرِ دیبا جە لەم خاڵانەدا وەدەردەکەون:

١) لە دیباجەکەدا هیچ هێما یەکی مێژوویی دێرین بۆ رەسەنایەتی کورد لەم ناوچەیەدا بەدیناکەین، لانیکەم ئەگەر بە چەند رستەیەکی خەست هێمابکرایە بۆ ئەو دەوڵەتی میدیایەی کە رۆژانە لە مارشی (ئەی رەقیب)دا

دەگوترێ تەوە، یان یە کەمین چاوکردنەوەی مرۆڤ لە ئە شکەوتەکانی (شانەدەرو هەزارمێردو زەرزی)، یان بەلانیکەم بە چەند رستەیەکی سفت و چڕ تیشك بخرایە تە سەر دەرهاویشتە نێگەتیفەکانی شەڕی چاڵدێران و رێکەوتننامەی سایکس بیکۆو سیڤەرو دواجار لۆزان، تەنیا مەبەستم لەم خاڵە، بەرپەرچدانەوەی ئەو عەرەبە شۆڤێنیانەیە، کە کورد لەسەر خاکەکەی خۆیشی بە غەوارەو میوان دەزانن، دەبێت بپرسین ئەوە جولەکە بۆ لە دیباجەکەیاندا ( لە (تەلمود) تا (هۆلۆکۆست) هۆنیویانەتەوە؟

یان میسرییەکان لە دیباجەکەیاندا لە ئەهرام و فیرعەونەکانەوە دەستپێدەکەن، یان لە دیباجەی فلپیندا باسی (لاپۆ لاپۆ) کراوە، واتە ئەو پاڵەوانە فلیپپینییەی کە بە تەور (ماجەلان)ی لەتلەتکرد، تەنانەت خودی دەستوری عێراقیش هەر لە یەکەم رستەوە شانازی بە مێژینەی عێراقییەکانەوە دەکات و دەڵێت: (نحن أبناء وادي الرافدين، موطن الرسل والأنبياء ومثوى الأئمة وصنّاع الكتابة ورواد الزراعة ووضّاع الترقيم، على أرضنا سُنّ أول قانون وضعه الانسان، وفي وطننا خُطّ أعرق عهد عادل لسياسة الاوطان وفوق ترابنا صلّى الصحابة والأولياء ونظّر الفلاسفة والعلماء وأبدع الأدباء والشعراء...)

واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە یان بە سۆمەریی و بابلیی و ئاشورییەکان کردووە کە عەرەبیش نین!! دەتوانرا بەم ئەوەندە رستەیە و بە خەستی باس لە رابوردووی کورد بکرایە، بەڵام مەخابن نەکراوە و دەشێت لەدا هاتوودا ئاوڕ لەم بابەتە گرنگە بدرێتەوە، چونکە ئەو دیباجەیە وائەگەیەنێ کە کورد هەر لە خۆیەوە هەڵتۆقیوە و هیچ مەرجەعیەتێکی مێژوویی نییە و لە ئەنفالەکانەوە دەستی پێکردووە!!

٢) دیباجەکە لەڕووی داڕشتن و ستاتیکای شێوازەوە لاوازو رەکیکە، من وای بۆدەچم کە جگە لە پەلەکردن، ئەو برادەرانە بە کوردی

بیریانکردۆ تەوەو پا شان ئەو بیرو ناوەرۆ کەیان ئاخنیوە تە چوار چێوەی زمانی عەرەبییەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەی گونجان دێنێتە ئاراوە، بەتایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ وشەو رستەدا. هەر بۆ نموو نە (إزالة ما یربو علی أربعة آلاف وخمسمائة قریة عن بكرة أبیها) لە یەرەدا مەبە ست لە (إزا لة)، ( حرق و تدمیر)ە ، بەڵام ئا یا (إزا لة) وێنای (تـ صور) ئەو وا تای کاولکردن و سوتاندنە بەجوانی دەبەخشێتە خوێنەر؟!!

بێگومان نەخێر، ئایا (عن بكرة أبیها) هێزی ئەوەی تێدا یە کە ببێتە چەتری دەستور؟! ئایا رستەی (محررا لطاقات أبنائه لبناء) رەکیكو بێ پێز نییە؟ بەتایبەت (أبنائه لبناء) کە دووبارەبوونەوەی دوو وشەی ئێجگار لێك نزیکن لەڕووی پیتەکانیانەوە. رستەی (إزالة ما یربو......الخ) هەر هەمووی بەخستنەسەری (عطف)، چاوگ (مصدر) تەواودەبێت، وەك (تغییر، تهجیر، إجبار، .......ا ستخدام ...ال)، بەڵام لەناکاوێکدا رستەی (و ساقت الآلاف) دە کات بە سەریا، وا تە خوێنەر توو شی لێکدابڕانی ریتمی خستنە سەری (عطف)ی وشەکان دەبێتو لە ڕێزمانی عەرەبیشدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان ر ستەدا نییە، ئە گەر لەجیاتی (و ساقت)، (حیث ساقت) بوا یە رستەکە ئاهێکی بەبەردا ئەهاتەوە. نازانم ئەم سادە لەوحیە لەپای چی؟ ئەم لاوازیە بۆ؟!

٣) یەکێك لە بنەما زۆر پێویستەکان بۆ داڕشتنی ئەم جۆرە تێکستە گرنگە، کورت بڕی و روو نی گەیا ندنی مەبە ستو دوورکەوتنەوە یە لە تەمو مژیی، بەڵام مەخابن ئەم دیباجە یە لەم بوارەدا ئەو مەرجا نەی نەهێناوە تەدی، سەیرکەن: تەواو کەری وا تای (وتـقدیرا منّا......) دوای حەوت دێڕ دێت کە دەکاتە (فلقد) واتە زەینی خوێنەر تا دەگا تە (فلقد) لە سایە دەردە چێتو وزەی (إنتباه) لە نێوە ندی ئەم حەوت دێڕەدا

پەرتدەبێت!! ئەم جۆرە داڕشتنە لە ئا ست ئیذشایەکدایە کە سەری سالأن مامۆستا بۆ خوێندکاری دەنوسێتەوە بۆ دەرچوون، نەك نمرەی زۆر!

باشە (وتقديرا) ئەو (و)ە چییەو چ رۆڵێك دەبینێ و بۆ هاتووە؟ رستەی (منحه الله لبني البشر من حق في الحرية) هەڵەیە، دەبوو بگوترایە (مما منح الله بني بشر من حق في الحرية)، چونکە (منح) هەر ئەو دوو (مەفعو لە) وەردەگر ێتو نابێ تە سیان. ئا یا ر ستەی (شهد الـ تأريخ لها من مثـ يل وتمثـلت) دان ئاڵناکا تەوەو ئەو دوو و شە لـێك نزیـکە (مثـيل وتمثـلت) بە تەنیشت یەکەوە هەستی جوانناسیمان ناڕوشێنێ؟

٤) زۆربەی خاڵبەندییەکانی وەك (پنت، فاریزە، :) لەجێی خۆیدانییەو ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی وا تاو جۆرێك لە تێکەلأوبوون، بەلأم کاتێك سەیری دیبا جەی دە ستوری ع ێراق و خاڵبەندی یەکانی دە کەین، بۆ مان دەردەکەوێت کە ئەوان پتر گرنگیان داوەو بەدا خەوە لەپێش ئێمەوەن کە نەدەبوو وابێت.

٥) ئایا رستەی (محررا لطا قات أبنا ئه لبنا ء كورد ستان وطنا مو حدا للجميع)، وشەی (للجميع) مەبەست لە کێیەو دەشێت تەفسیری جیا جیای بۆ بکرێت وە مەرجیشی نییە هەمووی لە بەرژەوەندی کوردبن ئایا وشەی (كوردستان وطنا موحدا )مەبەست لە هەموو کوردستانە؟ وە تا چەند لەگەڵ دەستوردا دێتەوە؟! تکایە بەوردیی چارەسەری ئەم کێشانە بکەن، چونکە (فرە تەئویلی) بۆ دەق، سەرچاوەی کێشەیە، بەتایبەتی بۆ دەقی دەستوری هەرێمێك کە هێ ندە دوژمـ نی شۆڤینی و سەر سەختی بب ێتو ناکر ێت حسابیان بۆ نەکرێت و بە خراپترین نهێنگریان لە قەڵەم نەدەین.

٦ ) لە بواری ڕەوانبێژ یدا (بەلا غە) دیباجە کە دە سکورتەو ڕ ستەو دەستەواژەکانی نەگونجاون بە بەراورد لەگەڵ دیباجەی دەستوری عێراقدا، د یارە کە دە ڵێم رەواندبێژیی مەبە ستم ز مانی داهێنان و فەنتازیای خەیاڵ

نی یه ، بەڵکو بەپێزیو خۆ شڕەویی تێک ستەکەیە، چونکە ڕ ستەی لاواز خوێند نەوەی جۆر بەجۆری بۆ دەکر ێتو لە دوا جاردا هەر بە سەر خاوەنەکەیدا دەشکێتەوە. وەك لە سەرەتادا گوتم ، ئەگەر هەر لە بنا غەوە دەستورەکە بە عەرەبی نو سرابێتەوە، د یارە بە کوردی بیریان کردۆتەوەو دواجار بە عەرەبی دایانڕشتووەو ئەمەیە هۆکاری لاوازیەکە، خۆ ئەگەر بە کوردی نو سرابێتو دوا یی وەر یان گێڕابێ تە سەر ز مانی عەرەبی د یارە عوزرەکە هەر قبوڵ نییە.

لەسەرەتادا ویستم بە زمانی عەرەبی بابەتەکە بنوسم، بەڵام لە دوا یدا بڕیاری کوردیمدا، یەکەم: لەبەرئەوەی کە ناحەزان لە فرسەت دەگەڕێنو با عەیـ بەی خۆ مان هەر خۆ مان بـ یزانین. دووەم: مەبە ستی سەرەکی من چارە سەرکردنی بابەتەکە یەو سەرخ ستنیەتی نەك ناوزڕا ندنی، چونکە لەدەرەوەی هەرێم عەیبی خۆ مان هەر بەرەوڕوی خۆ مان دەدرێ تەوەو هەموشمان لە ئاستیا بەرپرسیارین.

## بەشی دووەم: دەقەکانی دەستوور

١) مادەی دوو، کۆمەڵێك کێشەی لەخۆی گرتووە، بەتایبەتی لە بڕگەی دوە مدا کە دەڵ ێت ﴿ یتم تحد ید ا لحدود السیا سیة لآقـ لیم کرد ستان باعتماد تنفیذ المادة ١٤٠ من الدستور الاتحادي ﴾، دەمەوێت بپرسم ئا یا داڕ ێژەرانی دە ستور هەرێمیان بە ستۆتەوە بە مادەی (١٤٠)وە، یان بەپێچەوانەوە، بە بۆچونی من بەستنەوەی چارەنوسی پانتاییەکی گەورە بە یاسای (١٤٠)وە نەدەبوو بەو تێکستە بوایەو حەق وابوو مەبەستەکە رونترو دەستەو یەخەتربوایە، جگە لەوەش ئەگەر بگوترا یە ﴿ ا لحدود الأداریە ﴾ پاشەکـ شەی کەمتری تـ ێدا دە بوو، لە گەڵ ئەوەیـ شدا ﴿ تحد ید ا لحدود ﴾

ڕستەیەکی نا سازەو ئەگەر بوترێت ﴿ ترسيم ا لحدود ﴾ مەبەستەکە پتر دەپێکێت و رە ساتر دەبێت. لەلا یەکی ترەوە بەهیچ شێوەیەك باس لە ناوچەکانی ﴿ بدرة–جصان ﴾ نەکراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە (ی.ن.ك ،پ.د.ك) ڕکخراویان هەیە لەم دوشارەدا ، و نازانم هەڵوێستیان چی دەبێت بەرامبەر بە ریکخراوەکانیان ؟! من ناڵێم داوای ڕاستەوخۆی ئەم دوشارە بکرێت ، چونکە لەم دەرفەتەدا قبوڵ ناکرێت، بەڵام دەبوو بە بڕگەیەك باس لە ماددەی(٤)ی دەستوری عێراقی بکرایە و ببەسترایەتەوە بە بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی ئەمدوشارەوە،بەلایەنی کەمەوە لەبواری بەکارهێنانی زمان و کەلتور و روناکبیریەوە.هەندێك هەواڵ و دەنگۆی ئەوە هەیە، کە گوایە لەسەر داوای بەڕێز عبدالعزیز حکیم ناوی ئەم دوشارە لا براوە لەبەرئەوەی ئەوان دەیا نەوێت ئەم دو شارە بخەنە نێو سنوری ناوچەکانی فیدرالی دا هاتوی خۆیا نەوە!! وەك عەرەب دەڵێن ﴿ الا شيئ بالا شيئ يذكر ﴾، حەزدەکەم لەم بۆنەیەدا ئەوە بیری خوێنەر بهێنمەوە کە لە سەروبەندی دەنگدان لە سەر سیستمی فرە بازنەیی و یەك بازنەییدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەندە زۆر بە پەرۆشەوە داوام لە بەڕێز عبدالعزیز حکیم کرد کە با ئەوانیش لەگەڵ (هاو پەیمانی کورد ستان) دەنگ بۆ سیستەمی یەك بازنەیی بدەن و ئەوەم بۆ ڕونکردەوە کە ئێمەی هاوپەیمانی، فرە بازنەیی زیانی گەورەمان لێ ئەدات، بەڵام ئەو–مەخابن– زۆربە توندی وەڵامی دامەوە و وتی بەرژەوەندی ئێمە لە فرە بازنەیی دایە با بخرێتە دەنگدان، دیاربوو ئەو دەیزانی ئەوان زۆرینەن و دەیبەنەوە، ئەوەبوو بردیانەوەو ژمارەی هاوپەیمانیش لە ٧٥ کورسییەوە بوو بە (٥٨)، چونکە لەو سەرو بەندەدا وا تە دەورانی ﴿ الجمعية الوطنية ﴾ سوننەکان نەهاتبونە پەرلەمان وەك هێزێکی کارا. دیارە من ناتوانم ماف لەو بەڕێزە بسەنمەوە لەسەر ئەو رایە، چونکە حەقی خۆیەتی و بەرژەوەندی سیاسی خۆی دەوێت، بەڵام ئەی بۆ ئێمە بەجارێك پا یدۆز لەم دوو شوێنە بە یەکجاری بکەین؟! هەرچەندە وەك گوتم دەتوانرا لەگەڵ ناوهێنانی ئەم دوشوێنەدا باس لە بڕگەکانی مادەی

(٤)ی دەستوری عێراق بکرا یە بۆ ئەوەی بەلا یەنی کە مەوە ما فە کەلتوریو فێرکار یەکانی (التعلیم) ئەم دوو شارە مەسۆگەر بکرایەو لەکیس نە چونایە . هەروەها لەمادەی (٢)و بڕ گەی سێدا و شەیەکیان بیر چووە کە ئەویش (ع یراق)وا تە ﴿ لا یجوز تأ سیس اقلیم جد ید دا خل حدود کرد ستان— العراق﴾.

٢) لە مادەی یەکە مدا هاتووە﴿ کرد ستان العراق إقلیم ضمن دو لة الا عراق الأتحاد یة ، نظا مه السیا سي بر لماني جم هوري د یموقراطي ﴾ حەزدەکەم ئەوە بڵێم وشەی (پەرلەمان) فراوانترە لە وشەی (ذیابي)، وا تە پەرلەمان لە دووبەش پێکدێت، وەك لە بەریتانیادا هەیە ﴿ مجلس العموم﴾ و ﴿ مجلس اللوردات ﴾، یان ﴿ مجلس النواب ﴾ وە ﴿ مجلس الاعیان ﴾، یان ﴿ الجمعیة الوطنیة ﴾ وة ﴿ مجلس الشیوخ ﴾ بەپێی بەکارهێنانی ئەو وشەیە واتە (برلمان) ، دە بوو لە گەڵ پەرلەمانی کورد ستان ، مەجلیسێکی بالاتر وەك (الشیوخ) یان (الاعیان) دابمەزرا یە، بۆ لەبەرچاو گرتنی ئەو وشەیە، لەوەدەچێت جیاوازییان لەنێوان ئەو دوو وشەیەدا نەکردبێت.

٣) لە مادەی (٣)دا گوتراوە (الشعب مصدر السلطة وأساس شرعیتها) دەبوو بگوترایە (السلطات)، چونکە مەبەست لە هەر سێ دەسەڵاتەکەیە.

٤) لە مادەی (٣) بڕگەی دوو مدا، دەڵێت ( لا ینتقص من سیادة و سمو د ستور إقلیم کورد ستان وقوانینه ولا یحد من صلاحیات سلطات الأقلیم الواردة في المادة (١١٥) والفقرة (ثانیاَ) من المادة (١٢١) من الدستور الأ تحادي تناول القانون الأ تحادي أ موراَ ضمن الإختصا صات الحصریة للسلطات الأتحادیة الواردة في المادة (١١٠) من الد ستور الأ تحادي وأ موراَ أخری خارجة عنها) رستەی (تناول) هاتووە، کە نەشارەزاو ناگونجێت لەگەڵ ڕستەی پێشودا و هیچ بەیەکیا نەوە نابە ستێتەوە ، لە کۆتایی ڕستەکەدا دەڵێت ﴿ وا مورا اخری خار جة عنها ﴾ رستەیەکی نادیارەو نازانین ئەو شتانە چین! حەزدەکەم ئەوەش نەبوێرم کە رستەی دەستوری تۆکمە نابێت بە نەرێ ( نەفی) دە ست پێ بکات، ئەوەی ئەم بۆ چوونە پشت ڕا ست

دەکاتەوە پەرتوکی ڕکخراوی(UNDP) یە سەبارەت بە داڕشتنی دەستور و یاسا.

٥) ماددەی پێنچ دەڵێت:- (یتكون شعب إقليم كوردستان من الكورد ، التركمان ، العرب ، الكلدان ، والسريان والآشوريين ، الأرمن وغيرهم ممن هم من مواطني إقليم كورد ستان ) دە بوو ﴿ واوالعطف ﴾ لەنێوان ﴿ الاشوريين،الأرمن ﴾ دابنرایە، چونكە دانەنانی ئەو (و ) ە ئەوە دەسەلمێنێت كە ا شوریو ارمنی یەك نەتەوەنو هەر ئەمەشە كە هەردوو نەتەوەكەی توڕەكردووە لەم دەستورەو فشاریان بۆ هێناوە.

٦)مادەی (٦) لە مادەی (٢) دەستوری عێراقی دەقاودەق وەرگیراوە، بەتایبەت بڕگەكانی (١،٢،٣) خوێندنەوەی ماددە كە بەوردی تێكەڵ و پێكەڵ یەك دەوروژێنێت، چونكە هەندێك جار پرسە بنەڕەتیەكانی دیموكراسیەت بەواتا فراوانەكەی ، لەگەڵ هەندێك لە دەستەواژەكانی ئەحكامی ئیسلامدا بە هێڵێكی هاوتەریبدا ناڕۆنو بەریەك دەكەون، دیارە یاسا بنەڕەتیەكانی دیموكراسیەت بەتەنیا هەر هەڵبژاردن نیە واتە هەر ( وا مركم شوری بینكم) نیە، بەڵكو كۆمەڵێك ئازادیو هەڵسوكەوتو تێكەڵاوی هەردوو رەگەز و .......هتد. هەر بۆ نمونە هەڵگەڕانەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامو چوونە سەر دینێكی تر لە ئیسلامدا ﴿ ردة ﴾ یەو حوكمی تا كوشتنی لەسەرە ﴿ یاایها الذين امنوا من يرتد منكم عن دينه فسوف يأتي الله بقوم يحبهم ويحبونه أذلة على المؤمنين اعزة على الكافرين ﴾ هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت ﴿ من بدل دينه فأقتلوه ﴾ بڕگەی ئەم ماددە یە جارێكیتر لەگەڵ مادەی (١٩) بڕگەی (٩)دا تێكەڵ دەبێتەوە. لەبەرئەوەی لە ٧٠٪ ی مالیزیا موسوڵمانەو ئەوی تریشی بوزیو ئاینەكانی ترە، دەستوری ئەو وڵاتە دەڵێت هەر موسوڵمانێك بچێتە سەر ئاینی بوزی، رەگەزنامەی مالیزی لێدەسەنرێتەوە، بەڵام ئەگەر بوزیەك موسوڵمان ببێت ئاساییە، ئاین گۆڕین لە هەندێك رژێمی دیموكراسیدا بە ئازادی بیروراو عەقیدە حساب دەكرێتو سزای لەسەر نیە، لێرەدا پرسیارێك خۆی

دەسەپێنێت، ئایا لیژنەی پیاچونەوەی دەستور له پەرلەمانی کورد ستاندا نیه؟ ئایا پەرلەمانتارە کوردە کان بەوردی یا ساکه ناخوێندنەوە؟ حەزدەکەم ئەوە بە خوێنەر بڵێم کە لیژنەی دانانی دەستوری عێراق (٥٥) کەس بووە، کە نوێ نەری هەموو گروپ و لایه نه سیا سیەکانی تێ یابووە، جگە لەم ژمارە یەش (٢٠) ئە ندامی تری نوێ نەری ئەو لایەنا نەی کە لە (الجمعية الوطنية)دا نەبوون هێنراونە تە لیژنە کەوەو بە هاو کاری هەموویان ئەم دە ستورەیان فەرا هەم هێ ناوە! ئەز نازانم ژ مارەی ئەو بەڕێزا نەی کە دە ستوری کورد ستانیان دا ناوە چەندبوون و ئا یا پێکها تەکانیان نوێنەرا یەتی سەرجەم چین و تو ێژو لایە نه سیا سیەکانی کورد ستانیان کردووە؟! با ئەوەش نەبوێرم کە مادەی (٦) هێمای نهێنی ئەوتۆی تێدا یە کە جیاوازی هەیە لەنێوان پراکتیزەکرد نی سیستمی دیموکرا سی و ئاینی ئیسلامدا، بەڵام دا نەرانی ئەم دە ستورە دەرە قەتی چارە سەرکردنی نەهاتون و بەتێ کەڵ و پێکەڵ یەوە بەجێیانهێشتووەو لەمە شدا پشتیان بە دەستوری عێراق بە ستووە بێئەوەی ئەوە رە چاو بکەن کە ئەو بڕگە یەی دەستوری عێراقیش توشی هەمان کێشە بووەو دەبێت چارەسەربکرێت.

٧) ماددەی حەوت دەڵ ێت ( لشعب كورد ستان / العراق الحق في تقرير مصيره بنفسه ، وقد إختار بإردته الحرة أن تكون كوردستان العراق إقليماً إتحادياً ضمن العراق طالما إلتزم بالنظام الديموقراطي البرلماني التعددي ....) لە م بڕگە یەدا جۆرێك لە دابڕان هە ستپێدەکرێت لە نێوان فۆرم و مەبەستدا، خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت بکەری (فاعل) فیعلی (التزم) بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە یان هەرێم؟ هیچ پا ساوێکی (مسوّغ) (بونیاتگەرایی) بەڵگەدار نییە کە بۆ کامیان دەگەڕێتەوە، ئەگەر بۆ بەغدا بگەڕێتەوە دەشێت بڵێین جۆرێ کە لە بزر بوون لەنێوان هەرە شەو خۆبەدە ستەوەداندا، دە قی دەستوریی پتەوو تۆکمە لەم جۆرە حاڵەتەدا دەبێت قەطعی و داخراوبێت، چونکە تێکستی لەم جۆرە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و لە ئەنجامدا

دوژمنانی کورد بەسەر خۆما ندا دەیشکێننەوە، بەتایبەت ئەم دەستورەی کوردستان کە لەرزوتای لە دوژمنە شۆڤێنییەکان هێناوەو نابێت بە موو پاساویان بدەین. خوێنەرانی هێژا لە رووداوێکی نزیك ئاگاداردەکەمەوە کە چۆن لابردنی (الـ - The ) لە رێکەوتننا مەی ذێوان عەرەبو ئیسرائیل دا بووە هۆی ما نەوەی ناو چەی (گا با)ی سینا بەدەستی ئیسرائیلەوە بۆ ماوەی دەیەها ساڵ.

دەقەکە لە رەشنووسەکەدا بەم جۆرە نووسرابوو: ((الانسحاب الكامل من الاراضي المحتلة من قبل اسرائيل في حرب ١٩٦٧))، بەڵام کە دەقەکە تەبییزکرا یەوە بەم جۆرەی لێ هات: ((الانسحاب الكامل من اراضي محتلة......الخ))، دەقی لاوازو ناتۆکمە بە چەندین ما نا راڤە دەکرێتو لێکدەدرێتەوە، زۆر نزیکە ئەوەی عەرەبو ئیسرائیل، ساختەو فریودان بوو بێت، بەڵام ئێمە بەدەستی خۆمان بۆ بەدەقێکی لاوازی فرەما نا دەستوری خۆمان بنووسینەوە؟!

٨) مادەی (٨) بڕگەی (٢) رستەکە بە (لا)ی نەرێ دەستیپێکردووە ( لاتكون المعاهدات والإتفاقيات التي تبرمها الحكومة الأتحادية ...)، ئەم (لا)یە، لای گەورە یاساناسەکان گونجاونییە، ئەوانە دەڵێن رستەی یاسایی تۆکمە دەبێت بە ئەرێ (**مثبت**) دەستپێبکات نەك نەرێ (نفي) کەوا تە رستەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت ﴿ المعاهدات والاتفاقيات التي تبرمها الحكومة الاتحادية مع الدول الاجنبية غير نافذة...﴾ ، با ئەوەش نەبوێرم کە وشەی (**بحق**) لەو شوێنەدا هێند نەگونجاوەو نایاساییە کە چێژی قانون ناسی دەڕوشێنێ، بەلا یەنی کەمەوە بکرێت بە (في) واتا کە باشتر دەدات بەدەستەوە.

٩) مادەی (٨) بڕگەی (٤)، (ترفع الأتفاقية التي تبرم بين إقليم كوردستان وحكومات الدول الأجنبية الى الحكومة الأتحادية لأستحصال

موافقتها ولا تكون الأتفاقية نا فذة إذا رفضت الحكومة الأتحاد ية الموافقة عليها لأ سباب د ستورية وقانوذ ية) ئەم پەرەگرا فە ئەنجامى نەداوە بەدەستەوە، پێویستی بە تەواوکردن هەیەو پرسیارێکیش دەوروژێنێ، کە پێچەوانەی مانای تێکستەکەیە، ئەویش: ﴿ اذا رفضت الحكومة الاتحاد ية الموافقة عليها لا سباب غير د ستورية وقانوذ ية؟!﴾، دە بوو وەڵامەکە شی ئەوەبێت کە سکاڵا دەبرێتە بەر (المحكمة الاتحاد ية). با پرسیارێکی تر بوروژێنم: با شە کە ئەو ئیتیفاقیدیەی ذێوان هەرێم و دەوڵەتە بیانیدیەکان ناقانونییە، بۆچی بەرزیدەکەنەوە بۆ حکومەت لە بەغداد؟ کەواتە هەر لە سەرەتاوە حکومەتی هەرێم خۆی خۆی بەهەڵەدابردووەو بەبۆچونی من ئەم بڕگەیە دەبێت یان لابرێت، یان چارەسەرێکی یا ساییانەی بۆ بدۆزرێتەوە. ر ستەی ﴿ تر فع الاتفاق ية ﴾ سیمایەکی رۆژنامەگەرییا نەی هە یەو بۆ دەستور ناشێت، دەبوو بوترایە ﴿ تحال ﴾.

١٠) مادەی (٩) بڕگەی (١) و (٢)، وشەی ﴿ التكافؤ والتنا سب ﴾ پێکەوە پابەندن بە دابەشکردنی داهاتی عێراق، واتە عێراق دەبێت بڕە بەشی کورد ستان بدات، بە ڕێژەی ﴿ التكافؤ والتنا سب ﴾ ئەم ر ستەیە هەڵەیە چونکە ﴿ تكافؤ ﴾ یەکسانییە ﴿ الكفاءة: حالة يكون بها الشيء مساويا لشيء آخر ﴾، بەڵام ﴿ تناسب ﴾ ڕێژەییە، بۆ نموونە کوردستان ڕێژەی ١٧٪ ی بود جە وەردەگرێت. را ستکردنەوەی ئەم حاڵەتە بە دوو شێوە دەکرێت:

١- یان ئەوەتا (التكافؤ) لابرێت.

٢- یان بوترێت (التكافؤ النسبي).

نازانم چۆن پەر لەمانی کورد ستان لەم خاڵ نەیان نەکۆڵیوەتەوەو شرۆڤەیان نەکردووە.

١١)     ماددەی دوا نزە دەڵ ێت:- (لإقـليم كورد ستان إ ستناداً الى الفـ قرة خامـ ساً من ا لمادة ((١٢١)) من الد ستور الأ تحادي قوات (( بيـ شمركة )) دفاعية لحراسة الإقليم تنظم تشكيلاتها و مهامها بقانون ولا يجوز تشكيل ميلشيات مسلحة خارج نطاق القانون ، ئەگەر لەجياتى (لا يجوز) بوترا يە (يمتنع) زۆر بەهێزتر دەبوو، جگە لەوەش ئەو دیوی تێکستەکە ئەم واتا يە هەڵدەگرێت ﴿ يجوز تشكيل ميليشيات مسلحة في نطاق القانون ﴾، بەڵام، ئا يا ئە مە دەبێت؟ گەرە کە چارە سەی ئەم دە قە بە وردی بکرێت، چونکە درو ستکردنی میلیـ شیا حا ڵەتێکی تر سناکەو پێویـ ستی بە رەزامە ندی پەر لەمان هە یەو نابێت هەروا بە سانایی تێ پەڕێت، دەبێت دەقێ کی زۆر روون بـ ێتو بەبێ رەزامە ندی ٢/٣ ی پەر لەمان میلیـ شیا درو ست نەبێت. چونکە دروستکردنی میلیشیا پەیوەندی بە باری نائاساییەوە هەیە.

١٢)     لە کۆتایی مادەی (١٤) دا دەستەواژەی ﴿ وفق الضوابط التربوية ﴾ هاتووە، ئەم دە ستەواژەیە لە فۆرمی رۆژنا مەوە نزیکترە وەك لە بە ندی یاسایی، جگە لەوەش پڕە لە تەمو مژو دە توانین بـ ڵێین دەقێ کی کراوە یەو تەفسیری زۆر هەڵدەگرێتو هەرگیز بۆ دەستوریش ناشێت.

١٣ )     لە مادەی (١٤) بڕگەی (٣) دا هاتووە کە هەرێمی کوردستان پابەندە بە پیادەکردنی مادەی (٤)ی دەستوری عێراق، بەڵام مەخابن لە مادەی (٤) بڕگەی (١) ی دەستوری عێراقدا ناوی زمانی (ئەرمەنی) لە هاوشانی زمانی تورکمانیو سریانیدا هاتووە، کەچی لە مادەی (١٤) بڕگەی (٢) ی هەرێمی کوردستاندا زمانی (ئەرمەنی) لا براوە، وا تە لا یداوە لە دە ستوری عـ ێراقو ئەمەش نابێت، پاساوی ئەم هەڵەیە دەشێت غەفڵەتی برادەران بێت ( سبحان من لا يخطأ )!

١٤) مادەی (١٣) دەبێت ڕستەی ﴿ لا يجوز ﴾ بگۆڕێت بە (يمتنع) چونکە ڕستەی نەرێ (نفي) بۆ دەقی دەستوری نەشیاوە وەك لەپێشدا باسمانکرد، لەوانەیە پاساوی برادەران ئەوەبێت کە بۆ لە دەستوری عێراقدا هاتووە؟! دیارە لەوێشدا هەر بە نەشیاو دادەنرێت.

١٥) مادەی (١٥) ئەگەر لەجیاتی ﴿ مع تشجيع و تبني ﴾ بوترا یە ﴿ يشجع ويتبنى) پاراوتر دەبوو، بۆئەوەی ڕستەیەکی فیعلی بخرێتە سەر ڕستەیەکی فیعلی وەك خۆی. لەلایەکی ترەوە ڕستەی ﴿ ولا يجوز الاحتكار الا بقانون ﴾ ڕستەیەکە بۆ چوونی فرەهەڵدەگرێت بەتایبەتی و شەی (الاحتكار)، دەشێت بدرێتە پاڵ هەردوو جۆرەکەی بەرهەمهێنان (العام والخاص) وە هەروەها بدرێتە پاڵ (التنمية الاقتصادية)، دیارە لەم حاڵەتە رەهایەدا دەوڵەت بە ئارەزووی خۆی بەسەر هەموو بوارەکاندا زاڵدەبێت و دەتوانێت ﴿ احتكار ﴾ بکات، هیوادارم چارەسەری ئەم ڕستەیە بەوردی بکرێت، چونکە دەرهاویشتەی باشی نابێت بۆ هەرێمی کوردستان و کەرتی گشتی (القطاع العام) برەوپێدەدا، کە سەرچاوەی گەندەڵییە.

١٦) ماددەی شانزە دەڵێت:- (على جميع سلطات الأقليم في ضوء مسؤوليتها حيال الأجيال الحالية واجيال المستقبل واجب حماية البيئة والمقومات الأساسية للحياة والبيئة الطبيعية والبشرية في إقليم كوردستان و ينظم القانون كيفية إنشاء المناطق المحمية والبرية والمتنزهات الطبيعية والحدائق العامة بقصد حماية الطبيعة والحياة البرية والحيوانات والنباتات الطبيعية والبراري وإبقائها في حالتها الطبيعية وعدم السماح بإقامة المباني أوأي نشاط آلي فيها ) لێرەدا دەشێت هەندێك گۆڕانکاریی بکرێت:

لەجیاتی ﴿ م سؤولیتها ﴾ بوتر یٚت ﴿ م سؤولیاتها ﴾، ج گە لەوەش وشەی ﴿ واجب ﴾ زیادەیەو دەبێت لابرێت، کەوا تە رستەکە وای لێدێت: ﴿ على جميع سلطات الاقليم في ضوء مسؤولياتها حيال الاجيال الحالية والمستقبلية حماية البيئة ﴾، با ئەوەشم بیرنەچێت کە و شەی ﴿ أجيال ﴾ ی دووەمیش زیادەیەو دەبێت لابرێت. سەرباری هەمویشی عەرەب دەڵێت ﴿ على ضوء ذ لك ﴾و ناڵێت ﴿ في ضوء ذ لك ﴾. ئەم و شە زیادا نەی کە هێمام بۆ کردن لە بواری رەوانبێژیدا عەرەب پێیدەڵێت ﴿ الإطالة ﴾ چونکە هیچ واتایەکی نویٚ نابەخشێت، د یارە ﴿ الاطا لة ﴾ هەرگیز ﴿ الإطناب ﴾ نابەخشێتو ئەمانەش بەڵگەی سادەلەوحی دانەرانی دەستورە.

١٧) مادەی (١٧) دەشێت سێ گۆڕانکاری تیابکرێت:

أ- رستەی (وينظم)، واوەکە زیادەیەو دەبێت لابرێت.

ب- لەجیاتی (الاجيال الحالية والمستقبلية) وشەی (الشعب) دابنرێت کورتو رەساترە.

ج- بۆ چی دوو جار بوتر یٚت (الم ياه الجوف ية) و (الم ياه ا لسطحية)، با شتروابوو بوترا یە ﴿ الم ياه ا لسطحية والجوف ية ﴾، دە قەکانی دە ستور گەرە کە پو ختو کورتو وا تای پڕاو پڕ بدەن بەدە ستەوە، نەك درێژکرد نەوەی بێ تامو وەڕ سکەر. دە مەوێت بپر سم ئا یا پەر لەمان چاودێریکەری زمانەوانیو نحوی نیە؟!

١٨) مادەی (١٨) بڕ گەی (٣) دەڵ یٚت ( تنط بق الح قوق الأسا سية للشخص الطبيعي في هذا الدستور على شخص المعنوي أيضاً دا خل إقليم كورد ستان إذا كا نت طبيعته قابلة لذالك )، رستەی ﴿ اذا كا نت طبيعته قابلة لذلك ﴾ هەرگیز رستەیەکی دە ستور ئامێز نییەو وشەی ﴿طبيعته﴾ چەندین تەفسیری جیاجیا هەڵدەگرێت، نەك هەر ئەمەش، نازانین ئەو ﴿ ها﴾

یەی کە لکاوە بە (طبیعتە) دەشێت بۆ هەردوو شەخسەکە بگەڕێتەوە، واتە (الشخص الطبیعي) و (الشخص المعنوي)، نازانم ئەم پەشۆکان‌و تاك‌و فیقیە بۆ؟! چۆن دەستور بەو هەموو گرنگیە بەو دەردە دەبرێت؟!

١٩) مادەی (١٩) بڕگەی (٧) دەڵێت (لکل شخص الحق في إحترام حیاته الخاصة والعائلیة والمنزلیة وجمیع إتصالاته وتتمتع المساکن و ما في حکمها بحرمة ولا یجوز إنتهاکها أو دخولها أو تفتیشها أو مراقبتها إلا بموجب القانون وبناءً على أمرٍ قضائي کما یحظر تفتیش أي شخص أو ممتلکاته دون مسوخ قانوني) ئەم بڕگەیە دەشێت گۆڕانکاری تیابکرێت ﴿ ولا یجوز انتهاکها أو دخولها أو تفتیشها أو مراقبتها الا بموجب القانون وبناء على أمر قضائي ﴾، دەتوانین ﴿ وبناء على ﴾ لابەرین‌و بڵێین ﴿ أو أمر قضائي ﴾، هەتا رستەی دەستور کورتتر بێت گونجاوترە.

٢٠) مادەی (١٩) بڕگەی (٨)، دەڵێت: ﴿ لکل شخص الحق في الزواج وتکوین الاسرة ولا یجوز إبرام عقد الزواج الا برضى طرفیه رضاء لا إکراه فیه)، نازانم دووبارەبوونەوەی ﴿ رضى ، رضاء ﴾ کە لە رەگەزدا یەکن دان ئاڵبوونەوەی تێدایە یان نا؟ گونجاوە یان نا؟ بۆ رزگاربوون لەو دۆخە دەبێت بوترێت ﴿ ولا یجوز عقد الزواج برضى لا إکراه فیه للطرفین﴾

٢١) مادەی (١٩) بڕگەی (٩) دەڵێت :-( لا إکراهة في الدین ولکل شخص الحق في حریة الدین والعقیدة والفکر والضمیر) ، جارێ بەر لە هەر شت (و)ی سەرەتای رستەکە زیادەیە، من تێناگەم ﴿ الحق في حریة الضمیر ﴾ چییەو واتای چی دەگەیەنێ‌و کەی لە عەرەبیدا شتی وا هەیە؟ پێناسەی ﴿ الضمیر ﴾ گەلێ لق‌و پۆپی لێدەبێتەوەو هیچیشیان بۆ ئێرە دەستنادەن، برادەرانی ﴿ دەستور نوس ﴾ سودیان لە مادەی (٤٢) ی دەستوری عێراق وەرگرتووەو دەقی ئەوێیان هێناوە بۆمان.

تۆ بڵێی ئەوە نەزانن کە گواستنەوەی هەڵە لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت هەر هەڵەیە!!

من ئە مە بە جۆرێك لە خۆماندوو نەکردنو پشتبەستن بە تێکستی خەڵکی ترو نەگەڕان بەدوای دەقی بە پێزو پڕ ماناو بەبڕشت دەزانم.

٢٢) مادەی (١٩) بڕگەی (١٠) دەڵێت: ﴿ لکل شخص الحق في حرية التعبير و يجب ضمان حرية الصحافة وو سائل الرأي والاعلام الاخرى وتعدديتها ولا ينسحب هذا الحق على التشهير أو التجاوز على حقوق الغير أو إهانة مقدساتهم الدينية أو التحريض على العنف أو الترويج على الكراهية بين مكونات شعب كوردستان /العراق ﴾، لەم رستەیەدا پەلەپەلو بێ سەروبەرییەکی فرە دەردەکەوێت:

(وسائل الرأي) مانای چییەو چی دەگەیەنێت؟

ئەگەر مەبەست لە (وسائل الرأي) دەزگاو رێکخراوەکانی ﴿ راپرسیی ﴾ بێت، دەبێت بە روونی باسبکرێت. (الاعلام الاخرى) زۆر بوار دەگرێتەوە، هەر لە نوسینی سەر دیوارەوە هەتا نەشرەی قوتابخانەو ئەنتەرنێتو ریکلامو .......هتد، دەبێت ئەمە ئاماژەی بۆ بکرێت.

رستەی ﴿ ولا ينسحب هذا الحق عند التشهير ﴾ کەی رستەیەکی یاسا ئامێزەو ئەم پەلە پەلو خۆ سەغڵەتکردنە بۆ؟ با ئەوەشم بیرنەچێت کە بپرسم (هم) ی لکاو بە ﴿ مقدسات ﴾ بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ تەنیا شوێنێك کە بۆی بگەڕێتەوە (الغير)، وشەی (الغير) پەسەند نییە، چونکە (غير) وەك لە کتێبی (النحو الوافي  ج٣  ص٢٥)دا هاتووە: ﴿ من الالفاظ المتوغلة في الابهام ﴾، وە لە شێوەی ئیزافەدا وەك (غيرهم  غير المغضوب عليهم) نزيك دەبێتەوە لە ناسراو ﴿ معرفة ﴾، بەڵام هەرگیز (الـ) نایکات بە ناسراو، زۆر بەی هەرە زۆری گرامەرناسە عەرەبەکان دەڵێن (الـ) ناچێتە سەریو ئەگەر لە هەزار جارا جارێك بچێتە سەری نایکات بە (معرفة)، من نازانم بۆ

لیژنەی دەستور وشەی لەم جۆرەی بەکارهێناوە؟ هەڤاڵینە ئایا ئەمە راستە؟ بۆ دەستوری میللەتێکی تازە بەخۆداهاتوو بەو دەردە دەبەن؟ ئایا لە گلەیی نەوەکانی ئێ ستاو دا هاتوو ناتر سن؟ ئا یا میل لەتی کورد بەو هەموو قوربانییەوە ئەوە ناهێنێ کە تۆزێ خۆتانی بۆ ماندوکەن؟

٢٣) مادەی (١٩) بڕگەی (١٣) دەبێت ئەم دوو وشەیەی بخرێتە سەر ﴿ الفکریة والثقافیة ﴾ واتە ﴿ واستثمار مواهبهم في التنمیة الاقتصادیة والاجتماعیة والعلمیة والفکریة والثقافیة ﴾ تۆ بڵێی فیکرو رۆشنبیریی لای داڕێژەرانی دەستورەکە گرنگ نەبێت؟! دەنا بۆ لەبیریان دەچێت؟!

٢٤) مادەی (١٩) بڕگەی (١٥) دەڵێت: ﴿ الفن والادب والبحوث العلمیة حرة من القیود ﴾ ئەم واتایە پێویستی بە بەڵگە نیەو دەمێکە سەلمێنراوە کە داهێنان بەبێ ئازادی نایەتە گۆڕێ، لەلایەکی ترەوە ئەم تێکستە ئێجگار شاشو بێ پێزەو عەرەب بۆ بابەتی گرنگی وەك دەستور هەرگیز رستەی وا لاواز بەکارناهێنێت.

٢٥) مادەی (١٩) بڕگەی (١٧)، یەکەمیین دەڵێت :- (لکل شخص الحق في حریة التجمع وتشکیل الجمعیات والروابط والأتحادات وتسعی سلطات الأقلیم لتعزیز دور منظمات المجتمع المدني وإستقلالیتها ، کما إن لکل شخص الحق في التظاهر والأضراب السلمي وفق القانون ) دەبێت وشەی ﴿ السلمي ﴾ بکرێت بە ﴿ السلمیین ﴾ چونکە سیفەتی (تظاهر، إضراب)ە.

٢٦) مادەی (١٩) بڕگەی (١٧) دووەم دەڵێت ( تحظر الجمعیات التي تتعارض اهدافها أو أفعالها مع أحکام هذا الدستور والقوانین أو تتخذ موقفاً مضاداً للتعایش السلمي والتقارب بین المکونات القومیة أو الدینیة لشعب کوردستان / العراق )، دەبێت وشەی ﴿ والقوانین ﴾ لاببرێت، چونکە وشەی دەستور گشتگیرترە لە (قوانین)و بە دایکی یاساکان دادەنرێت وە دەبێت ( أو ) بکرێت بە (و) ، واتە رستەکە وای لێدێت:

﴿ تحظر الجمعيات ......... مع أحكام هذا الدستور و تتخذ.......... الخ ﴾ هەروەها لەجياتی و شەی ﴿ والتقارب بين المكونات القومية ﴾ (التآلف) وه (التآخي) گونجاوتره.

٢٧) مادەی (١٩) بڕگەی (١٨) یەكەمین : ﴿ وا حترام علم كرد ستان وذشيده ا لوطني ﴾، برادەرا نی دە ستورنوس، و شەی ﴿ شعار ﴾ یان لەبیر چووە، كە دەبێت بخرێتە سەر (علم، ذشيد) واتە (وإ حترام علم كوردستان ونشيده وشعاره الوطنيين )، هەرچەندە بەداخەوە تا ئێستا بۆ نەشیدو شعار هیچیان بۆ نەكراوەو ئەمەش ئێجگار كەمتەرخەمی پەرلەمان نیشاندەدات.

٢٨) دەستپێكردنی رستەی یاسایی بەهێز باشتر وایە بە نەرێ ﴿ ذفي ﴾ واتە (لم  لما  لم  لن- لا) دەستپێنەكات، واتە مادەی (١٩) بڕگەی (١٨) دووەمین ،: (لايجوز) دەبێت بكرێت بە (يحظر).

٢٩) مادەی (١٩) بڕگەی (١٨) سێهەم دەڵێت: (يعتبر الحزب الذي يسعى من خلال أهدا فه أو ذ شاطه ......) ر ستەیەكی لاوازەو یاسانا سە میر سرییەكان دە ڵێن و شەی (يعتبر) بۆ بواری دە ستور لاوازەو نابێت بەكاربهێنرێت، جگە لەوەش دەقەكە هەر نامەفهومو برست لێبڕاوە.

٣٠) مادەی (١٩)، بڕگەی (١٨) پێنجەمین ،: ر ستەی ( وتلتزم سلطات إقليم كورد ستان بمحاربة الأرهاب بجميع أ شكاله والعمل على حماية أرا ضي الأقليم من أن تكون مقرا أو معبرا أو ساحة لنشاطه) ڕستەكە لاوازەو دەبێت (لنشاطه) لابرێتو بكرێت بە (للنشاط الارهابي).

٣١) مادەی (١٩)، بڕگەی (١٨) شەشەمین دەڵێت:–( على ا لحزب أن يعلن عن موارده ومصادر تمويله وكيفية التصرف بها للسلطة المختصة

قانو ناَ )، ر ستەکە لاوازەو بەهۆی بەهە ڵە بەکارهێنانی ( قانون)، دەبێت بکرێت بە (وفق القانون).

٣٢) مادەی(٢٠)، بڕگەی ٢: دووەمین دەڵێت (تحظر جميع أشكال التمين) یەکەمین وشە هەڵەیە « تحظر جميع » دەبێت بوترێت « يحظر ». وشەی و(مكوناته) دەبێت بکرێت بە (مكوناتها) چونکە ئەو (ها) یە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوەو ناوی ولاَت و خێڵ، دەشێ بە مێینە یان نێرینە بەکاربهێنرێت، بەلاَم لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنەکانی ئەم دەستورەدا بە مێینە بەکارهاتووە، نابێت لێرەدا لەو هێڵە دەربچین.

هەروەها رستەی « ولا يمنع مبدأ المساواة تصحيح آثار وتبعات الظلم الواقع في الماضي من قبل أنظمة الحكم السابقة بحق مواطني كردستان–العراق ومكوناته القومية والدينية واللغوية » رستەیەکی لاوازەو تا سنورێك نامەفهومە، ئەوەی کە جێی بۆچونی جیاواز لە واتای ئەم رستەیەدا دەکاتەوە: نەبونی دڵنیاییە لەوەی کە ئایا « مبدأ المساواة » بکەری فیعلی « يمنع »ە، یان « تصحيح »ە ؟ بەو هیوایەی کە چارە سەربکرێت، حەزدەکەم ئەوەش وەبیربهێنمەوە کە دەستوری عێراق بەوردی « سەرو بۆرو ژێری » بۆ هەموو ئەو وشانە کردووە کە جێگای دوودڵییەو نازانم ئەم دەستورەی خۆمان بۆ وا بە شپرزەیی بەرچاودەکەوێت؟ بۆ سەروبۆر بۆ وشەکانی نەکراوە، ئەم کەمتەرخەمیە بۆ؟

٣٣) مادەی (٢٢)، بڕگەی دووەمین « يحظر حجز أي شخص ولا يكون التوقيف أو الحبس أو السجن الا وفقا للقانون » دەبێت رستەی « لايكون » بگۆڕیت بە « لا يحصل »، چونکە وەك لە سەرەتادا گوتم فیعلی ناقیسی « كان  يكون...... » ئەو کاتەی کە دەبێتە کرداری سەرەکی لە رستەدا، هێزی رستەکە کەمدەکاتەوە، باشتر وایە بگۆڕێن بە (لايحصل)،

هەروەها ﴿ وفقا للقانون ﴾ بكرێت بە ﴿ وفق القانون ﴾، لەڕاستیدا رستەکە هەر هەمووی پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، چونکە ئاڵۆزو رەکیکە.
٣٤) مادەی (٢٢) دوو بڕگەی (٩ ، ١٠) دەبێت لەجیاتی ﴿ لا یجوز محاكمة ﴾ بوترێت ﴿ لا تجوز محاكمة ﴾ یان (تمنع محاكمة ) .
٣٥) مادەی (٢٤)، بڕ گەی (٥) ر ستەیەکی لاوازەو وا تای پڕ بەپڕ نادات بەدەستەوە: ﴿ للعامل الحق في أجر متساو على العمل المتساوي ﴾، تکا یە چارەسەری بکەن و عەرەب هەرگیز رستەی وا لاوازی نەوتوە!.
٣٦) مادەی (٥٣)، بڕ گەی (٣)، ئەم تێک ستە دە شێت خوێند نەوەی جیاج یای بۆبکر ێت: ﴿ ت شريع ال قوانين في اق ليم كرد ستان وي شمل ذ لك تعديلها أو إلغاءها ﴾، بەهیچ شێوەیەك هەڵوە شانەوە، وا تا (إلغاء)، ناکا تە (ت شريع) کە درو ستکردنە، دە بوو ئەم بڕگە یە بکرا یە بە دوو بە شی جیاوازەوە.
٣٧) ئە گەر لە رواذ گەی ئەم دە ستورەوە سەیری دە سەڵات ب کەین دەب ینین تێکەڵەیە کە لە یا سای پەر لەمانی و سەرۆکایەتی و زۆر جاریش پەر لەمان خراوە تە پەراوێزی سەرۆکایەتییەوە، ئەم حاڵە تە لە ئێ ستاو داهاتوودا کاریگەری ترسناکی دەبێت بۆسەر بەڕێوەبردنی وڵات. لە مادەی (٥٣) بڕگەی چوارەمدا هاتووە کە پەرلەمان دەتوانێت بە ٢/٣ ی ئەندامان لە سەرۆکی هەرێم بپێچێتەوە، لە هە ندێك حاڵە تدا وەك: ﴿ إ تخاذ إ جراءات الأتهام لرئيس إقليم كورد ستان أو نائبه بموافقة ثلثي أعضاء البرلمان وذالك على أساس الحنث في اليمين الدستورية أو انتهاك خطير للد ستور، الخيانة العظمى، الحنث في اليمين الد ستورية ﴾، بەر لە هەر شت دەبێت وشەی ﴿ خطير ﴾ لابرێت بۆ؟ چونکە ئەگەر سەرۆك (انتهاك)ی دە ستوری کرد بەڵام ﴿ خطير ﴾ نەبوو، ئیتر نابێت لێپێچینەوەی لە گەڵ بکر ێت؟!!
دیارە ئەمە جۆرێکە لە چاوپۆشین!

له ده ستوری عێراقیشدا و شەی ﴿ خ طیر ﴾ نی یەو نازانم ئه مەی خۆمان بۆ ئەو چاوپۆشینەی کردووه؟! لەلایەکی ترەوه بۆ ۲/۳ ی پەرلەمان رازی بیَو بۆ ﴿ الاغلب یة المطلقة ﴾ نەبێت، وەك له ده ستوری عێرا قدا هاتووه، دیاره ۲/۳ دەکاته (۷۲) ده نگ بەلاّم ﴿ الاغلبیة المطلقة ﴾ دەکته (٥٦) ده نگ، هەر بۆ ئەوەی که خوێ نەر را ستەوخۆ بەراورد لەنێوان ده ستوری ع ێراق و ده ستوری هەرێمی کورد ستاندا بکات، مادەی (٦١)، بڕگەی (٦)، لقی (أ، ب)ی دەستوری عێراق دەڵێت:

أ- مساءلة رئيس الجمهورية بناء على طلب مسبب بالاغلبية المطلقة لعدد أعضاء مجلس النواب.

ب- إعفاء رئيس الجمهورية بالاغلبية المطلقة لعدد أعضاء مجلس النواب بعد إدانته من المحكمة الاتحادية العليا في احدى الحالات الآتية:

١- الحنث في اليمين الدستورية.
٢- انتهاك الدستور
٣- الخيانة العظمى

بەراورد لەنێوان ده قی هەردوو ده ستورەکەدا، ئەوه ده سەلمێنیّ که دەستوری بەغدا لەوەی هەرێم هاوچەرخانەتره، بۆ؟

١-و شەی ﴿ خ طیر ﴾ی تیانی یه، وا ته هەر ئەوه ندەی سەرۆك لا یدا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمه لەلایەك لەلایەکی ترەوه وشەی ﴿ خطیر ﴾ رێژەییەو دەشێت چەندین تفسیری بۆ بکرێت.

٢- دەستوری بەغدا ﴿ الاغلبیة المطلقة ﴾یه، بەلاّم ئەمەی خۆمان ۲/۳ ی ژ مارەی پەرلەمانتارا نه، که تا راده یەك به ناڕه حەت ئەو ژ مارەی پەرلەمانتارا نه ده ستدەکەوێت. کەوا ته ده ستوری هەرێم ده سەلاّتی پەر لەمان دەخا ته پەراوێزو هەیمه نەی سەرۆکەوەو بەرەو سیستمی سەرۆکایەتی ملدەنیّ.

٣٨) تەنا نەت بۆ لابرد نی سەرۆکی وەز یرانیش دە ستوری هەرێم لە مادەی ٥٣ بڕگەی پێنجە مدا دەڵێت: پەرلەمان بە ڕێژەی ٢/٣ دەتواذێت متمانە لە سەرۆکی وەزیران بسەنێتەوە، بەڵام دەستوری عێرا قی لە مادەی (٦١) بڕ گەی (٨، ب، ٣) دا دەڵ یت: پەر لەمان بە ﴿ الاغلبـ یة المطلـ قة ﴾ دەتوانێت متمانە لە سەرۆکی وەزیران بسەنێتەوە، لێرەدا جارێکی تر بۆمان ڕووندەبێ تەوە کە دە ستوری کورد ستان هێزە کان لە دە ستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی وەزیرانی کورد ستاندا کۆدەکا تەوە، لەبەرام بەر ئەمە شدا ڕۆڵی پەرلەمان کەمدەکاتەوە! واتە بڕگەکانی دە ستوری عێراق لەم بوارەدا دیموکراسیانەتر مامە ڵە لە گەڵ دە سەڵاتدا دە کات، د یارە نەدەبوو وابێت، چونکە ئێمە هەمیشە لای برا عەرە بەکا نمان شانازیمان بەوەوە دە کرد کە تاقیکرد نەوە دیموکرا سیەکەی هەرێم دەوڵەمە ندترە لەوەی ع یراق، بەڵام مەخابن ئەوان پێشی ئێمەیان دایەوە کە نازانم بۆ؟

با ئەوەش نەبوێرم کە برا عەرە بەکا نمان تا سەر ئێسقان دە ناڵێنن بەدە ست (مەزهەبـ گەرایی / تایـ فە گەرایی شیعەو سونەوە و ئەو کێ شە مێژوو یە رقە کەی قووڵکردۆ تەوە تا سەر ئێسقان، بەڵام خۆ لای ئێ مە ﴿ مەزهەبـ گەرایی و تائیفیـ یەت ﴾ نیـ یەو لەوەدا پارێزراوین، کە چی دە ستورەکەی ئەوان بەو هەموو کێ شەیەوە لەوەی ئێمە شار ستانی ترە، نازانم بۆ؟! چۆن دەبێت پەرلەمانی کورد ستان بە دە ست و پە نجەی خۆی کەلەپ چە بکا تە قاچ و دە ستی و کلیلەکە شی بدا تە دە ست لا یەنی جێبەجێکەر؟!!

٣٩) لە مادە (٥٣) بڕگەی (٢)، هەروەها لە مادە (١٢٠) بڕگەی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥)دا هاتووە کە پەرلەمان دەتوانێت گۆڕانکاری لە دە ستوردا بـکات بەپێی کۆ مەڵێك مەرج، لەڕا ستیدا گۆڕاذکاری لە دە ستوردا بە حا ڵەتێکی پۆزەتیف دەزانم، ئەگەر مەبەست لە هێنانەکایەی دەقی پێشکەوتوو گونجاو

بێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێتەوە ، بەڵام لەم چرکە ساتەداو لە ئێستادا کە هێشتا بوار بۆ هەمووارکردنی دەستور ماوەو نەخراوتە ڕاپرسییەوە بۆ پەرلەمان چارەسەری ئەم کەموکوڕییانە ناکات؟ بۆ گرێی دەست دەخاتە دەم؟ بۆ دەبێت بە تەنیا د. نوری تاڵەبانی ئەلتەرناتیڤی ئەم دەستورەی هەبێت؟ ئەی ئەو سەد پەر لەمانتارە بۆ لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلیان لە سەر ئەم دەستورە نەنووسی؟! ئەگەر ڕەفزکردنی دەستورەکە هەڵوێستی سیاسیی بێت، دیارە لێکۆڵینەوەی تۆکمە سیاسەت و سیاسەت بە یاساکردنیشە!

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەندیکاو ڕێکخراوە مەدەنییەکان و یاسانا سە پرۆفیشناڵەکان و مامۆستایانی زانکۆو کەنیسەو پسپۆڕە نێودەوڵەتییەکان هاوبەشیدەکەن لە ڕەنگڕشتنی دەستوردا، چونکە خاوەنی دەستور بە تەنیاو تەنیا میللەتە، دەستوری سەرکەوتوویش ئەو دەستورەیە کە پەیوەندییەکانی خەڵك و دەسەڵات لە چوار چێوەیەکی بەرچاوڕوونی شارستانیانەدا دادڕێژێ و تەنها بەرژەوەندی میللەتیش مەرجەعیەتەکەی بێت.

٤٠) مادەی (٥٥) بڕگەی (٣)و(٤) دووبارەیەو تکایە یەکێکیان لابرێت.

٤١) مادەی (٥٧) دەڵێت ﴿ قبل تسعين يوما على الاقل لانتهاء ﴾ دەبێت بوترێت ﴿ من انتهاء ﴾ چونکە واتاکانی جیاوازن و لە حاڵەتی ﴿ من انتهاء ﴾ دا مەبەست ناپێکێ و واتاکە دەگۆڕێت.

٤٢) مادەی (٥٨) دەڵێت ﴿ في حالة حل البرلمان استنادا لحكم المادة ٥٦ من هذا الدستور او انتهاء مدة الدورة الانتخابية للبرلمان وتعذر إجراء إنتخابات جديدة أو تأخرها لظروف قاهرة يبقى البرلمان قائماً ويستمر في أداء مهامه وسلطاته الدستورية حتى ينتخب برلمان جديد وإنعقاد جلسته الأولى ويعتبر مرسوم الحل موقوفاً لحين إجراء إنتخاب البرلمان الجديد ﴾،

با شتر وا يه بوتر يّت ﴿ انتهاء مدة دور ته الانتخابية ﴾، وا ته (بر لمان) لابېرێت و پێویست بەو دووبارەکردنەوەیە نا کات. رستەی ﴿ حتى ينتخب برلمان جديد وانعقاد جلسته الاولى ﴾ باشتروايه بوترێت ﴿ وتنعقد جلسته الاولى ﴾ بۆئەوەی رستەیەکی (فیعلی) وەك خۆی بخرێتە سەر ﴿ ينتخب﴾.

٤٣) له دەستوری عێراقیدا مادەی (٦٨) چوار مەرجی گرنگی داناوە بۆ بوون بە سەرۆك كۆمارو دەبێت هەر چوار مەرجەکە ببێت:

أولا: عراقيا بالولادة ومن أبوين عراقيين.

ثانيا: كامل الاهلية وأتم الاربعين من عمره.

ثالثا: ذا سمعة حسنة و خبرة سياسية ومشهودا له بالنزاهة والاستقامة والعدالة والاخلاص للوطن.

رابعا: غير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.

بەڵام لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هیچ مەرجێك نییە، کە ئەمە بە بۆچوونی من خاڵێکی لاواز ئەدات نەك بە دەستور بەڵکو بە سەرۆك و ئەو گەلەشی کە هەڵیدەبژێرێ.

هیوادارم لە هەموارکردنی ئەم دەستورەدا مەرجەکان دەستنیشانبکرێن، با ئەوەشم بیرنەچێت کە مادەی (٧٧)، بڕگەی یەکەم لە دەستوری عێراقدا هاتووە کە دەڵێت (يشترط في رئيس مجلس الوزراء ما يشترط في الرئيس الجمهورية وأن يكون حائزاً الشهادة الجامعية أو مايعادلها وأتم الخامسة والثلاثين من عمره ) واتە دەبێت سەرۆکی وەزیران وەك سەرۆکی عێراق، هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت ، ئیتر نازانم بۆ ئەم حاڵەتە شارستانییە گرنگە لە دەستوری ئێمەدا نەهاتووە؟!

٤٤) بۆ هەڵبژاردنی جێگری سەرۆکی هەرێمیش هیچ مەرجێك دانەنراوەو پێویستی بە دەنگدانی ﴿الاغلبية المطلقة ﴾ی پەرلەمان هەیە،

واتە ئاسانكاريی بۆ كراوە، باشتر وابوو بە كۆی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت، بۆ ئەوەی زۆرترین ڕەزامەندی لە پشتەوە بێت و ﴿ إجماع ﴾ێك هەبێت لەسەر لێهاتوويی ئەو كەسايەتييە.

با ئەوەشم لەيادنەچێت كە باشتر وابوو سەرۆك لەجياتی جێگرێك دوانی هەبوايە، بۆ زياترهاوبەشيكردنی پێكهاتەسياسييەكانی كوردستانو تاقيكردنەوەی بەغدايش باشترين نموونەيە، چونكە لەم حاڵەتەدا متمانەی لايەنەكان بە هەڵسوكەوتی سەرۆكايەتی زۆرتردەبێتو هەنگاوەكانيش شەفافتردەبنو قورسايی سەرۆكايەتی هەرێم بۆ بڕيارەكان باشتر لەسەر زەمينەی واقع بەدەردەكەون.

٤٥) مادەی (٦٤) ئەگەری دوو جار هەڵبژاردنەوەی سەرۆك ئەسەلمێنێو دەبێت هەڵبژاردنەكەی ساڵی ٢٠٠٩ بە جاری دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆك حيساب بكرێت، بەڕێزنێچيرڤان بارزانيش لە چاوپێكەوتنێكدا ئەو ڕاستييەی دووپاتكردەوە كە سەرۆك جارێكی تر خۆی هەڵنابژێرێتەوەو واتە نابێت بە سێ جار ئەمەش جێگای دڵنياييە.

٤٦) مادەی(٦٥): ﴿ يمارس رئيس الاقليم الصلاحيات التالية إضافة الى أية صلاحيات اخرى تمنح له بقانون ﴾، نازانين ڕستەی ﴿ إضافة الى أية صلاحيات اخرى تمنح له بقانون ﴾ چ دەسەڵاتێكی زيادی ترە كە دەبەخشرێتە سەرۆكی هەرێمو بە ياسا ڕێكدەخرێتو ئەمەش جۆرێك لە تەمومژ دروستدەكات. وشەی ﴿ أية ﴾ كە لە عەرەبيدا بە (أي الكمالية) ناسراوەو گوزارشت لە ڕەهاو زۆر دەكات ، لە قورئانی پيرۆزدا هاتووە ﴿ وسيعلم الذين ظلموا أيّ منقلب ينقلبون ﴾ لێرەدا مەبەست لە وشەی ﴿ أي ﴾ە، ئەگەر ڕستەی ﴿ إضافة الى أية صلاحيات أخرى تمنح له بقانون ﴾ لابرێت ئەو تەمومژە نامێنێت. نازانم بۆ سەرۆك بەجێهێنانی ئەو هەموو

ئەرك‌و دەسەڵاتەی پێ بسپێردرێت؟ ئایا ئەو هەموو دەسەڵاتە کارناکاتە سەر ئەدای سەرۆك؟

٤٧) مادەی (٦٥) لە بڕگەی شەشدا هاتووە کە سەرۆك بۆی هەیە: ﴿ إصدار مرسوم بإقالة الوزير بناء على اقتراح رئيس مجلس الوزراء ﴾، واتە هێزو دەسەڵات دراوەتە دەست سەرۆك‌و سەرۆك وەزیر لە سەر حیسابی پەراوێزخستنی پەرلەمان، بەڵام لە دەستوری عێراق مادەی (٦١) بڕگەی ٨ ، أ/ دا دەڵێت: ﴿ لمجلس النواب سحب الثقة من أحد الوزراء بالاغلبية المطلقة...... الخ ﴾، هەروەها لە مادە (٧٨) ی دەستوری عێراقدا هاتووە کە سەرۆك وەزیران بۆی هەیە وەزیر لابەرێت بەڵام بە رەزامەندی پەرلەمان ﴿و له الحق بإقالة الوزراء بموافقة مجلس النواب ﴾، کەواتە دەستوری عێراق دیموکراسیانەتر کێشەی لایەنە (جێبەجێ کەرەکان) چارەسەردەکات لە دەستورەکەی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە مادەی (٥٠) ی دەستوری هەرێمی کوردستان تاڕادەیەك پەیوەندیدارە بەم باسەوە ﴿يكون حجب الثقة عن رئيس الوزراء بموافقة ٢/٣ ثلثي أعضاء البرلمان وعن الوزير بموافقة الاغلبية المطلقة من أعضاء البرلمان ﴾، ئەم مادەیە بە هێڵێکی هاوتەریبدا ناڕوات لەگەڵ مادە ی ٦٥، بڕگەی شەشداو جۆرێك لە تێکەڵ‌و پێکەڵی تێدایەو دەبێت چارەسەربکرێت، دوای ئەوە بۆچی وەزیرو سەرۆك وەزیران بەیەك رێژە لانەبرێن؟

٤٨) مادە ٦٥، بڕگەی ٨ دەڵێت: ﴿ إعلان حالة الطوارئ بعد التشاور والاتفاق مع رئيس البرلمان ورئيس مجلس الوزراء في حالات الحرب أو الأحتلال أو العصيان أو الفوضى أو الكوارث الطبيعية ...... الخ ﴾، واتە سەرۆك بۆی هەیە کە رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆك وەزیراندا باری نائاسایی ڕابگەیەنێت ، واتە سەرۆکی پەرلەمان کراوەتە

فۆتۆ کۆپی (١١٠) پەر لەمانتار........!. ما نای سڕکردنی پەرلەما نە لەم بڕیارە گرنگەدا.........! هەر لە دوای ئەم چەند رستەیە دەڵێت ﴿ وتكون التمد يدات اللاحـ قة بموافـ قة الاغلبـ ية المطلـ قة لاعـ ضاء البر لمان ﴾، وا تە پەر لەمان بڕ یاری راگەیا ندنی ( باری نائا سایی) لێ سەندراوەتەوە، بەڵام بڕ یاری درێژکرد نەوەی پـێدراوە .........!! با ئەوەشمان لەبیر نە چێت کە هەردوو وو شەی (العـ صيان /الفو ضی ) خوێند نەوەو بۆ چونی جیاجـ یا هەڵدەگرێت و دەسەڵات لەوانەیە باش بەکاری نەهێنێت و خۆپیشاندان و ناڕەزایی جەماوەر بە عصیان و فەوزا لە قەڵەم بدات

واتە پەرلەمان پاشکۆیەکی بێ ئیرادەی سەرۆکی پەرلەما نە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرۆکی پەرلەمان بەپێی زۆرینەو کەمینە نوێنەری ژمارە یەك پەرلەمانتارە نەك هەمووی! بەڵام مادەی (٦١) ی دەستوری عـێراق بڕگەی ٩، أ دەڵێت: ﴿الموافقة على اعلان الحرب وحا لة الطوارئ بأغلبـية الثلثين بناء على طلب مشترك من رئيس الجمهورية ورئيس مجلس الوزراء ﴾، واتە رۆڵی سەرەکی بۆ دیاریکردنی دۆخی شەڕ یان (باری نائا سایی) دەبـێت بە دە ست ٢/٣ ی پەر لەمان بـ ێت، هەر بۆ یە نا شێت هەرگیز بڕ یاری ترسناکیی راگەیاندنی شەڕ یان ﴿حالة الطوارئ ﴾ بە دەست سێ کەسەوە بـێت، چونکە مـیزاج و سۆزو هە ستو بیرو ئەقڵو حیکـمەتو ئەزموونی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان لە (٣) کەس واقیعی ترەو کەمتر قابیلی هەڵە یەو ئەمەیە حیکمەتی دیموکراسیەت (ئەگەر هەڵە ، یان تاوانێکیان دەرهەق بە میللەت کرد ئەوا باجی هەڵەکەو تاوانەکەیان دابەشبێت بە سەر ٧٤ کە سدا باشترە وەك لە ٣ کەس) ، لەم خاڵەدا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە دە ستوری عـێراق ئێجـگار واقیعی ترە لەوەی خۆمان، دە ڵێن قسە قسە رادەکێـشێ، ماوەیەکە سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای دەسەڵاتی زۆرتر دەکاو دە یەوێت

بەرەو ﴿ سەرۆکایەتی ﴾ بڕوات، بەندە لە راگەیاندنێکدا ئەو هەنگاوەم بە ترسناك لەقەڵەمداو داوام لە پەرلەمان کرد کە بە دەنگ ئەو داواکاریيەوە نەڕۆن چونکە ئەمە بەرەو دیکتاتۆریەتمان دەبات، بەڵام ﴿ علي الاديب ﴾ کە کەسی دووەمی حزبەکەی مالیکیە، بە گاڵتەجاڕییەکەوە پێیی گوتم: ﴿ ئێوە لە کوردستان داوای سەرۆکایەتی دەکەن و لێرەش دژی دەوەستنەوە، تا کەی (الکیل بمکیالین / بانێکەو دوو هەوا) ﴾. دیارە هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو!!

٤٩) مادەی (٦٥)، بڕگەی (١٢ ، ١٣) دەڵێت: سەرۆك بۆی هەیە کە رێگابدات بە هاتنە ناوەوەی هێزی چەکداری حکومەتی فیدراڵی بەغداد بۆ کوردستان، یان ناردنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش بۆ دەرەوەی هەرێم بە رەزامەندی پەرلەمان، بەڵام نەیگوتووە بە چ رێژەیەك، ٢/٣ یان ﴿ الاغلبية البسيطة ﴾ یان ﴿ الاغلبية المطلقة ﴾، بە بۆچوونی بەندە، لەبەر گرنگی بابەتەکە ئەگەر بە رێژەی ٢/٣ بێت کۆنکرێتی تر دەبێت .

٥٠) مادەی (٦٢) دەڵێت: ﴿ يذحى رئيس الاقليم أو نائبه من منصبه اذا أدين من قبل المحكمة الدستورية في الاقليم بناء على اتهامه من قبل برلمان كوردستان بأغلبية ثلثي عدد أعضائه بالحنث باليمين الدستورية أو لانتهاك خطير للدستور او ارتكاب الخيانة العظمى ﴾، واتە سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی لادەبرێن ئەگەر مەحکەمەی دەستوری تاوانباریان بکات و ٢/٣ ی پەرلەمانیش تۆمەت بدەنە پاڵیان بە بۆچوونی بەندە ئەگەر ئەو ٢/٣ بکرێتە (الأغلبية المطلقة) باشترکارە کە رادە پەڕێنرێ و هەمیشە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی خۆیان دوورە پەرێز دەگرن لە هەڵە .

مادەی (٦١) بڕگەی (٦، ب) دەستوری عێراق ناڵێت بە ٢/٣ بەڵکو دەڵێت بە ﴿ الاغلبية المطلقة ﴾، واتە ئەم شارستانی ترە لە دەستورەکەی

هەرێم، با ئەوەش نەبوێرم، کە هەردوو دەستورەکە واتە عێراق و هەرێم کەوتونەتە گێژاویکی قانونی سەیرەوە، بۆ؟

باشە ئەگەر ﴿ المحكمة الدستورية ﴾ سەرۆکی تاوانباکردو پەرلەمان بڕیاری نەدا و ڕەزامەند نەبوو ، ئایا سەرۆك دەمێنێتەوە؟ تێکستەکە چارەسەری ئەم ئیشکالیەتەی نەکردووەو نازانم بۆ ؟ باشە ئەگەر سەرۆك لەلایەن ﴿ المحكمة الدستورية ﴾وە ئیدانەکرا بە یەکێك لەو سێ تۆمەتە، چۆن دەبێ پارلەمان دەست بکێشێتە حوکمی (قضاء) ەوە ؟ ئایا ئەمە دەستکێشانە ناو ﴿ قضاء ﴾ نییەو دەرچوون نییە لە یاسای عێراقی ؟! ،

چونکە هەمیشە دەستوری عێراقی داوای جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکە ﴿ فصل السلطات ﴾ دەکات و نایەوێت سنورەکانیان ببەزێنرێت و تێکەڵ بکرێن ، بەبۆچوونی من دەبێت پەرلەمان بە ﴿ الاغلبية المطلقة ﴾ داوا لە مەحکەمەی دەستوری بکات بۆ لێپێچینەوە لە سەرۆك و دوابڕیار بە دەست مەحکەمەوەبێت و خۆ ئەگەر جەلسەکە هاوبەش بێت لەنێوان پەرلەمان و مەحکەمەی دەستوریدا، ڕووبەڕووبوونەوەو گەیشتن بە ئەنجامەکەش زووترو شەفافانەتر دەبێت.

* بوونی پانتاییەك لەنێوان بڕیاری مەحکەمە وەك هێزی یاساو خاوەن بڕیار، بەڵگەی لەدەستدانی جۆرێك لە متمانەیە لەنێوان خودی ئەندامەکانی مەحکەمەی دەستوریی و ئەو بڕیارانەی کە دەریدەکەن، لەلایەکی ترەوە مادەی ۹۷ی دەستور دەڵێت: ﴿ أحكام المحكمة الدستورية نهائية وملزمة ﴾، کەواتە بەهیچ شێوەیەك پێویستمان بە ڕەزامەندی پەرلەمان نییە بۆ لابردنی سەرۆك لەو حاڵەتەداو، تەنیا ڕێگاش بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە پشت بەستنە بە مەحکەمەی دەستوریی.

٥١) مادەی (٦٥) بڕگەی (١٩)، سەرۆك بۆی هەیە کە ﴿ اصدار مرسوم بتعيين القضاة ورئيس هيئة الاشراف القضائي ورئيس واعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس القضاء لاقليم كردستان ﴾ بەڵام

دەستوری عێراق لە مادەی (٦١)، بڕگەی (٥، أ)دا دەڵێت: ﴿ يختص مجلس النواب بالموافقة على تعيين كل من رئيس وأعضاء محكمة التمييز الاتحادية ورئيس الادعاء العام ورئيس هيئة الاشراف القضائي بالاغلبية المطلقة ﴾، بەراوردکردن لەنێوان ئەم دوو دەقەدا پێمان دەڵێت کە: لێسەندنەوەی ئەو دەسەڵاتە لە پەرلەمانی کوردستان و سپاردنی بە ﴿ مجلس القضاء لاقليم كردستان ﴾، گرێکرد نەوەی هێزە لای سەرۆکی هەرێم، چونکە خودی ئەم ﴿ مجلس القضاء ﴾ یە سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشانی دەکات، واتە هەمان دەسەڵات درێژدەبێتەوە بۆ دانانی قازیو ئەوانیترو ئەمە جۆرێکە لە سڕکردنی وزەکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی .

٥٢) مادەی(٦٥) بڕگەی ٢١ کرد نەوەی نوسینگەی تایبەتی هەرێم لە دەوڵەتە بیانیەکاندا باس دە کات، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ مادەی ٧٤ بڕگەی ١٤، ئەرکی رەزامەندی خستۆتە سەر پەرلەمان بەڵام ڕێژە کەی دیارینەکردووەو نازانین بە﴿ الآغلبية المطلقة ﴾یە یان ٢/٣ یان ﴿ الآغلبية البسيطة ﴾یە؟ تکایە با چارەسەری ئەم تەم و مژە بکرێت .

٥٣) مادەی ٦٥ بڕگەی ٢٢ دەڵێت: ﴿ اصدار مرسوم بتعيين اصحاب الدرجات الخاصة بناء على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء ﴾، واتە رەزامەندی پەرلەمان لابراوە، نازانم بۆ ؟ ئەو پلەو پۆستە تایبەتانە کە هەندێکیان لەئاست دەسەڵاتی وەزیردان ئێجگار گرنگن بۆ رۆڵی پەرلەمان لەئاست هەڵبژاردنیاندا سڕدەکرێت ؟! بەڵام دەستوری عێراق رۆڵی سەرەکی داوەتە پەرلەمان وەك لە مادەی(٨٠) بڕگەی(٥) دا هاتووە﴿ التوصية الى مجلس النواب بالموافقة على تعيين وكلاء الوزارات والسفراء وأصحاب الدرجات الخاصة ورئيس أركان الجيش ﴾، ئەوەی ئێجگار سەرنجم رادەکێشێت، ئەم دەستوری کوردستانە دەیەوێت کەلەبچە بکاتە دەست پەرلەمانو پەراوێزیبکات، نازانم بۆ ؟

ئەرێ چی نەکرا بۆ هەڵ بژاردنی پەر لەمان ؟ ئا یا گەل کە سەر چاوەی دەسەڵاتە دەنگی بۆ نەداون؟ کەواتە بۆ سەرکز بکرێن و دەسەڵاتی یاساییان لێبسەندرێتەوە ؟!

٥٤) مادەی(٦٥) بڕگەی (٩) دەڵێت: سەرۆك بۆی هەیە کە ﴿ العفو الخاص عن المحكومين بموجب القانون ﴾ ئەم دەقە زۆر رەهاو کراوەیەو دەشێت ببەستریت بە کۆمەڵێك بەندەوە، سەرنجبدەن لە مادەی ٧٣ بڕگەی (١) دەستوری عێرا قدا چەند بە شەفافانە هاتووە: ﴿ يتولى رئيس الجمهورية.. إصدار العفو الخاص بتوصية من رئيس مجلس الوزراء بإستثناء ما يتعلق بالحق الخاص والمحكومين بإرتكاب الجرائم الدولية والارهاب والفساد المالي والاداري ﴾، نابێت ئەم لایەنە گرنگانە هەڵگیرێن بۆ (وينظم بقانون)، دەبێت لە دەقەکەدا راستەو خۆ ئامازەیان بۆ بکرێت).

٥٥) مادەی (٦٥) بڕگەی ٢٣ دەڵێت: ﴿ منح الرتب العسكرية لضباط وحرس الاقليم (ثيشمةرطة) وقوى الامن الداخلي وفصلهم واحالتهم على التقاعد بمرسوم وفق القوانين النافذة ﴾، یەکەم نازانین ئەو یاسا(جێبەجێکەرانە) کاما نەن و چۆنن ؟ دووەم: وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە بەرپرسی یەکەمن و دەبێت پێشنیاری ئەو پلەبەخشین یان لابردن یان خانەنشینکردنە لەو دوو وەزارەتەوە بەرزبکرێنەوە، دەس والاکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەو کارانە جۆرێك لە پشێوی و تاکڕەوی دێنێتە ئاراوە، چونکە تا ئێستا بەشێکی فرە لە دەرەجەدارەکانی نێو هێزی پێشمەرگە مەرجی یاسایی نیزامییان نییەو جۆرێك لە میلشیات مەشرەبن، با ئەوەشم لەیادنەچێت کە دەبێت ﴿ وفصلهم واحالتهم على التقاعد ﴾، (و) ە کە بکرێت بە ﴿ أو ﴾ چونکە بۆ دابەشکردنە (التقسيم).

٥٦) مادەی ٦٦ دەڵێت ( يحدد را تب ومخصصات رئيس إقليم كردستان ونائبه بقانون ) دەبێت ﴿ ويقره البرلمان ﴾ ی بۆ زیادبکرێت.

٥٧) مادەی(٧٠ ، ٧١) باسی مەرجە تایبەتیەکانی بوون بە سەرۆك وەزیرانی تێدانییەو ئەمەش بە خەوشێك دادەنرێت، بەلاّم دەستوری عێراق لە مادەی (٧٧) دا دەڵێت : أولاَ :/ (يشترط في رئيس مجلس الوزراء مايشترط في رئيس الجمهورية وأن يكون حائزاَ الشهادة الجامعية أو مايعاد لها ، وأتم الخامسة والثلاثين سنة من عمره) وا تە باسی مەرجەکانی سەرۆك وەزیران و وەزیرانی شی کردووە بەو هیوایەی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، چونکە شەرعیەتدان بە بوونی ئەو مەرجانە پۆستەکان دووردەخاتەوە لە لادان و بازدان بە سەریاساداو رێزێکیش دەبەخشێتە ئەو پۆستە.

٥٨) لە مادەی ٧٠، ﴿ اولا ﴾ ، دا وتراوە ﴿ يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونائبه أو نوابه والوزراء ويحدد تشكيله بقانون ﴾، رستەکە هەڵەیە، دەبو بوترایە (و نائبيه)، چونکە وشەی (نواب) کۆیەو لە (٣) بۆ (مالانهاية) دەبێت.

٥٩) دەقی سوێندخواردن کە لەبەردەم پەرلەماندا لە مادەی ٧١ ی دەستوری هەرێمدا هاتووە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ دەقی دەستوری عێراقدا کە لە مادە(٥٠)دا هاتووە ئەوەی عێراق قورس و گشتگیرەو بەپرسیارێتی فرەتر دەخاتە بەردەم کاربەدەستە باڵاکانەوەو دەیانبەستێتەوە بە خزمەتی گەل و نیشتمانەوە، هیوادارم لە شێوەی دەقی سوێندخواردنی دەستوری عێراق بخرێتە دەستورەوە، با ئەوەشم لە یادنەچێت کە رستەی ﴿ أقسم بالله العظيم ان أحافظ مخلصا على وحدة شعب وارض كردستان–العراق ﴾ پتر لەواتاو بۆ چونێك هەڵدەگرێت و سەرنجێکی وردی بونیاتگەرانە (الاسلوبية)، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی

که ئەو دەقە دەرگا دادەخات لەبیرکردنەوە لە خەیاڵی یەکپارچەیی خاکی کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوەو وێنای(تصور) ئەو دیوی رستەکە جۆرێکە لە پاکانەکردن کە: ﴿ بیرلە فراوانکردنی یەکپارچەیی کوردستانی عێراق ﴾ نەکرێتەوە، ئێمە لێرەدا داوای هەرچوارپارچەکە ناکەین و ئەمە بۆ ئەم قۆناغە ئەستەمە، بەڵام ناشکریت ئێمە بەوجۆرە سوێندەوە خۆمان ببەستینەوە !هیوادارم کە داڕشتنێکی گونجاوتر بدۆزنەوە، چونکە تێکستی یاسایی سەرکەوتوو بۆ چارەسەرکردنی چەمکی وەها گرنگ دەبێت داخراو ﴿ النص المغلق ﴾ بێت، بۆئەوەی خوێندنەوەی جیاجیای ئەوتۆی بۆ نەکرێت، کە لە ئەنجامدا بەسەرخۆماندا بشکێتەوە.

٦٠) مادەی ٧٤، بڕگەی هەشت، سەبارەت بە چۆنێتی وەبەرهێنانو بەکاربردنی ﴿ استهلاك ﴾ نەوتو غاز، دەڵێت دەبێت بەڕەزامەندی پەرلەمان بێت، بەڵام نەیوتووە بە چ ڕێژەیەك ﴿ الاغلبية البسيطة ﴾ یان ﴿ الاغلبية المطلقة ﴾ یان ٢/٣، هیوادارم دەستنیشانبکرێت، بۆئەوەی لەنێو خوێندنەوەی جیاجیادا پەرلەمانو حکومەت سەریان لێ نەشێوێ.

٦١) دەتوانرێت مادەکانی(٧٨،٧٩،٨٠) بکرێت بە یەك مادەو هیچ پێویست بەو درێژکردنەوەیە ناکات.

٦٢) مادەی ٧٧ ﴿ السلطة القضائية في اقليم كردستان مستقلة وتتكون من مجلس القضاء، والمحكمة الدستورية، ومحكمة التميز وهيئة الاشراف القضائى وهيئة الادعاء العام والمحاكم بمختلف درجاتها وأنواعها وهيئاتها و تنظم طريقة تشكيلها و شروط وا جراءات تعيين اعضاءها ومساءلتهم بقانون ﴾، لەم هەموو بەشە گرنگا نەدا، بە تەنیا ﴿ المحكمة الدستورية ﴾ پەیوەندی بە رەزامەندی پەرلەمانەوە هەیە وەك لە مادەی (٥٣) بڕگەی ١٣ دا هاتووە. بەڵام دەسەڵاتەقەزائیە گرنگەکانی تر لەدەرەوەی پەرلەمان دادەنرێنو ئەمەش وادەکات کە ئەو پۆستە گرنگانە

بخرێنه ژێر كاریگەرێتی ﴿ لا یەن و لا یەن خوازیەوە ﴾و له دوا جاردا قەزا توشی شكست ببێت ، بەڵام دەستوری عیراق له مادەی ٩١، بڕگەی دوودا دەڵێت: ﴿ ترشیح رئیس واعضاء محكمة التمیز الاتحادیة ورئیس الادعاء العام ورئیس هیئة الاشراف القضائي وعرضها على مجلس النواب للموافقة على تعیینهم ﴾ وەك دەركەوت دەستوری عێراق شارستانی یا نەتر بۆ كێشەكان دەڕوانێت، هەرچەندە ئەم مادەی ٩١ ی دەستوری عێراقیش درزێكی بچكۆلەی تێدا یە، ئەویش ئەوە یە كە شێوەو رێژەی رەزامەندیەكەی پەرلەمانی بەیان نەكردووە.

٦٣) مادەی ٨٥ دەڵێت (تنظم بقانون المحاكم المختصة بالنظر في الجرائم ذات الطابع العسكري التي یرتكبها منتسبو قوات حرس الأقلیم ((الپیشمەرگە)) وقوى الأمن الداخلي وفي الجرائم الواقعة فیما بین أفراد تلك القوات ) ئەم پەرەگرافە لەڕووی داڕشتنەوە جۆرێك لە شلْو شۆڵی پێوەدیارەو نامەفهومیەكی بەخشیوە بە دەقەكەو دەبێت چارە سەربكرێت، چەمكێك هەیە لەنێوان رەوانبێژی ﴿ بلاغة ﴾و گرامەردا كە پێیدەڵێن (الرتب المحفوظة)، واتە پەیڕەوكردنی زنجیرەیی تاكەكانی ڕستە بەپێی یاسای تایبەت، بەڵام ئەم چەمكە لەم دەقەو گەلێ دەقی تردا بەجێ نەهاتووەو تاك و لۆ كەوتووەو واتاكانی بە شەفافی نەداوە بەدەستەوە.

٦٤) مادەی ٨٩ ﴿ لكل من یصیبه ضرر نتیجة تصرف خاطئ او إهمال من منتسبي الدوائر والهیئات الحكومیة لاقلیم كردستان أثناء مزاولتهم لأعمالهم حق المطالبة بالتعویض من الجهات المذكورة﴾ زەمیری (هم) لە وشەكانی ﴿ مزاولتهم لأعمالهم ﴾ دەكرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ﴿ منتسبي الدوائر ﴾و دەشكرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ﴿ لكل من ﴾، واتە دەقێكی كراوەی فشۆڵە، تكایە با چارە سەر بكرێت، چونكە ئەم جۆرە تێكستانە، كێشە بۆ مەحكەمەو پارێزەرو هاووڵاتی دروستدەكەن.

٦٥) ماددەی ٩٠ ڕستەی ﴿ وللمحكوم له الحق في رفع الدعوى مباشرة الى المحكمة المختصة ﴾ نازانم وشەی (له) لەو ڕستەیەدا واتاو مەبەست ناگۆڕێت ؟

٦٦) ماددەی ٩٢ بڕگەی یەك دەڵێت: ﴿ تشكل المحكمة الدستورية من سبعة اعضاء بما فيهم الرئيس يتم اختيارهم من بين القضاة... ﴾ دەبێت لەجیاتی ﴿ بما فيهم﴾ بووترێت ﴿ بمن فيهم﴾، چونکە بەیاسای گرامەری عەرەبی (ما) بۆ ناعاقڵەو (من ) بۆ عاقڵەو من مافم بەسەر لادان لە قاعیدەوە نییە!

٦٧) مادەی ٩٥ بڕگەی شەشەم سەبارەت بە موحاکەمەکردنی سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی دوای تۆمەتبارکردنیان لەلایەن پەرلەمانەوە﴿ محاكمة رئيس أو نائب رئيس اقليم كردستان بعد اتهامهما من قبل البرلمان وفقا للمادة ٦٢ من هذا الدستور، ولأدانة الرئيس أو نائبه يستوجب موافقة ما لا يقل عن خمسة من اعضاء المحكمة ﴾، بەر لە هەر شت ﴿ يستوجب ﴾ هەڵەیەو دەبێت ﴿ تستوجب ﴾ بێت، ئەم مادەیە تۆڕێکە کە تێی کەوتی نایەیتەدەرەوە، گر یمان پەرلەمان ڕازی بوو بە تاوانبارکردنی سەرۆك یان جێگرەکەی، بەڵام مەحکەمەی دەستوری بە ڕێژەی ٥/٧ ئەندامەکانی ڕازینەبوون، چی دەبێت؟! هیچ، واتە ڕێسەکە دەبێتەوە بە خوری!! باشە مەحکەمەی دەستوری کە بڕیاری تاوانکاریدا، ئیتر چ پێویستە پەرلەمان دەخالەت لە قەزادا بکاتو ئەمەلادانە لە دەستور، دوای ئەوە ڕێژەی ٥/٧ مان بۆ چییە لە ئەندامانی مەحکەمەی دەستوری، ئەوەی گرنگە بە تەنیا بڕیارەکانی مەحکەمەی دەستوریەو هیچی تر، دەستوری عێراق لەم هەنگاوەیدا شەفافترە، وەك لە مادەی ٦١ بڕگەی شەشەمین(ب) دەڵێت ( إعفاء رئيس الجمهورية ، بالأغلبية المطلقة

لعدد من أعضاء مجلس النواب بعد إدانته من المحكمة الأتحادية العليا في إ حدى ا لحالات الآتـية :- ١/ الحـنث في ا ليمين الد ستورية . ٢/ إنتـهاك الدستور ٣/ الخيانة العظمى. كەواتە یاساو دەستوری سەرکەوتوو بەپێی ڕێنمایيە جیهانییەکان ئەو دەستورو یاسایەیە کە قابیلی پراکتیزە کردن بێت و دووربێت لە گرێو بابەتی لێکدابڕاوو دژ بە یەك و پێچەڵ پێچ .

٦٨) لەراستیدا پەیوەندی نێوان شارەکانی کوردستان و پایتەخت (هەولێر) لە بوارە جیاجیاکاندا تەموومژی تێدایە، لەلایەکی ترەوە رەهایی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی شارەکانی کوردستان بەرێکوپێکی ئەنجامنەدراوەو وادیارە دەسەڵاتی قورسی پایتەخت باڵی کێشاوە بەسەر شارەکاندا، بەراوردی ئەم حاڵەتە بە دەستوری عێراقەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە دەستوری عێراق لە مادەکانی (١١٧،١١٨،١١٩،١٢٠،١٢١،١٢٢،١٢٣) شێوەی ڕێکخستنی دەسەڵات لە نێوان شارەکان و پایتەختدا لەسەر بنەڕەتێکی یاسایی و ئیداری شارستانیانەتر داڕشتوەو شارەکان دەستیان ئاوەڵایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەتەواوەتی ﴿ لامەرکەزی ﴾ فەراهەم هێنراوە. ئەوەندەی سەرنجی یاسای پارێزگاو هەرێمەکانی عێراقم دابێت و بەراوردم کردبێت لەگەڵ ئەوەی هەرێم، یاساکەی عێراقم بە شارستانیانەتر هاتۆتە پێش چاو، هەمووکات دانیشتوانی شارەکان شارەزاترن لە کێشەکانی خۆیان وەك لە یەکێك لەپایتەخت دانیشتووە ﴿ صاحب الدار ادری بما فيها ﴾، یەکێك لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی جیهانگیریی ﴿ تشظي ﴾یە واتە پەرتکردنی بەڕێوەبەرییە ئاوێتە گرێدراوەکانە، چونکە ڕۆتین و بەستنەوەی هەموو سەرەداوەکان بە پایتەختەوە جۆرێکە لە تەگەرەخستنە بەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتن و ئەم سیستمی ﴿ تشظي ﴾یە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکاندا پراکتیزەکراوەو ئەنجامی سەرکەوتوشی هەیە، هیوادارم ئاوڕێك لەم لایەنە گرنگە بدرێتەوەو لانیکەم

چاو لەو عێراقە بکرێت کە بە حساب ئێمە (١٢) ساڵ بەر لەو را پەڕینمان کردووەو دەبێت یاساکانیشمان لەوان پێشکەوتوو شارستانیانەتر بن!!

٦٩) با شتر وا بوو لە مادەی (١٠٧) دا ﴿ هیئة المجمع العلمي الكردي ﴾ ببوایەو بخرایەتە تەك سێ هەیئەتەکەی دی، چونکە تا ئێستا گەورەترین کێشەی زمان روویکردۆتە هەرێمی کوردستان ، ئەگەر وا بڕوات زمانی خوێندنی قوتابخانەکانیش دەبێتە دوو زمان‌و بە مەش کورد ستانی عێراق گورزێکی کەمەر شکێنی بەردە کەوێت‌و دەبێتە دوو کەلتورو دوو زمان‌و دواجاریش دوو نەتەوە!!

کاتێك کە لە پەرلەمانی عێراق بەندە بەرگری لە مادەی (٤)ی دەستوری عێراقم دە کردو داوا مدەکرد کە دە شێت پا سپۆرت پ شکێك لە زمانی کوردیشی تێدابێت ، یەکێك لە شۆڤێنییەکان پێیووتم بە کام ﴿ لهجة ﴾و خۆ ئێوە بە دوو زمان لە قوتابخا نەکان دە خوێنن!! بە هەر حاڵ دە بوو هەی ئەی مە جمەعی عیلمی کوردی لە دە ستوردا ببوا یەو پلا نی ورد دابڕێژرا یە بۆ زمانی ستانداردی کوردی، چونکە رژێمە یەك لەدوای یە کەکانی عێراق بە سیستماتیك دەیانوید ست زمان‌و کەلتوری کورد بشێوێنن‌و لەهجەکان بخە نە جێی زمانی یەکگرتوی کوردی بۆ پەرتکردنمان.

٧٠) مادەی (١٠٩) ﴿يشكل مجلس يسمّى (مجلس أمن الاقليم) يرتبط برئيس الاقليم وتحدد تشكيلاته ومهامه واختصاصاته وصلاحياته بقانون﴾، دروستکردنی ئەم مەجلیسە با بەتێکی گرنگە، بەڵام تەموم‌ژی پێوە دیارەو نازانرێت کە کێ ئەندامانی ئەو پۆستە دیاریدەکات‌و لەسەر چ بنەمایەك‌و رۆڵی پەرلەمان لەو بوارەدا چی دەبێت‌و ژمارەی ئەندامەکانی چەند دە بن‌و کارەکانیان لەو بوارەدا چی دەبێت، ئەم مادە یە لەم چوارچێوەیەی ئێستاداو بەو نادیارییە زیان دەگەیەنێ‌و لەوانەیە جۆرێك لە دڵەڕاوکێ ﴿ قلق ﴾ لای خەڵك دروستبکات، تکایە با شەفاف‌و سیستماتیك

بێت، ئێستا له عێراقدا ﴿ مجلس الامن الوطني ﴾ هەیە، بەڵام ئالیەتی کارەکانی ناشەفافەو لە دەستوردا نییە.

٧١) مادەی (١١٨) دەڵێت (یعد هذا الدستور مصادقاً علیه بعد موافقة اغلبیة المصوتین من شعب إقلیم کردستان علیه في إستفتاء عام ) دوو جار وشەی ﴿ علیه ﴾ هاتووەو دووەمیان زیادەیە چونکە ﴿ علیه ﴾ یەکەم لە واتادا جێی دووەمی گرتۆتەوە.

٧٢) مادەی (١١٩) دەڵێت : ﴿ في حالة تعدیل تسلسلات مواد الدستور الاتحادي التي تم الأستناد علیها في هذا الدستور فلبرلمان کردستان /العراق بأغلبیة اصوات الحاضرین تصحیح التسلسل المستند علیه.﴾، ئەم رستەیە لاوازە ، تکایە (تسلسلات) بگۆڕن بە (تسلسل)، جگە لەمەش گوتراوە ﴿ فلبرلمان کوردستان – العراق بأغلبیة أصوات الحاضرین تصحیح التسلسل المستند علیه ﴾، دەبێت ﴿ تصحیح ﴾ بکرێت و بگۆڕێت بە ﴿ تغییر ﴾ یان ﴿ تعدیل ﴾، چونکە کاتێك ﴿ تصحیح ﴾ بەکاردەهێنرێت کە ﴿ خطأ ﴾ هەبوبێت و راستکرابێتەوە، واتە ریزکردنی مادەکانی دەستور لەم دۆخەی ئێستایدا هەڵە نییە، بەڵکو ئەوەندە هەیە وەك دەستوری عێراق ریزبەندی بۆ نەکراوە. کەواتە ئەگەر بتەوێت وەکو ئەوی لێبکەیت، دەبێت ریزبەندییە کەی بگۆڕیت واتە (تعدیل) ، نەك راستیکەیتەوە ( تصحیح) .

٧٣) مادەی (١٢٠) بڕگەی سێیەم ﴿ على المحكمة الدستورية بعد مراجعتها للتعدیل المقترح ﴾، ئەم رستەیە هەڵەیەو پێویستی بە چاککردن هەیەو دەبوو بگوترایە ﴿ التعدیل المقترح ﴾.

٧٤) مادەی (٢٤) بڕگەی (١) دەڵێت: ﴿ لكل شخص الحق في مستوى معیشي كاف لحیاة كریمة ﴾، رستەیەکی لاوازەو رەکیکەو عەرەب هەرگیز ئاشنانییە بەم جۆرە تێکستە.

**٧٥) مادەی (١٩) بڕگەی (١٩) دەڵێت: ﴿ يحظر الطرد الجماعي ﴾، ئەم مادە یە پێویستی بە روونکردنەوە هە یەو بەم شێوەیەی ئێستای کێشە دروستدەکات، بۆچی ؟**

**ئێستا لە کوردستاندا بڕیاردراوە کۆمەڵێك بەنداو بکرێتەوە، پێدەچێت هەندێك دێهات بە گوندنشینەکان چۆڵبکرێت، یان بیرێکی نەوت یان غاز نزیك گوندێك دەدۆزرێتەوە، دیارە دەبێت خەڵکی گوندە کە لە بەر بەرژەوەندی گشتی گوندەکەیان چۆڵبکەن، دە بەپێی ئەم یاسای (١٩) یە نابێت چۆڵی بکەن چونکە مادەکە دەڵێت ﴿ يحظر الطرد الجماعي ﴾، کەواتە دەبوو ئەم رستەیەی بۆ زیادبکرا یە (لأغراض عرقية أو عنصرية أو عدائية).**

**٧٦) مادەی ٦٥ بڕگەی ١٤، ٤، دەڵێت ( يجوز أن يكون المكلف بتشكيل الوزاره من بين أعضاء البرلمان أو من غيرهم ) ئەو کەسەی کە سەرۆك هەڵیدە بژێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەت، رووننەکراوەتەوە کە لە لیستە گەورەکانە، یان بچوکەکان یان کێ؟! وشەی ﴿ غيرهم ﴾ وەك لە پێشەوە باسمانکرد زۆر نەناسراوەو عەرەبەکان پێیدەڵێن ﴿ من الالفاظ المتوغلة في الابهام﴾، راستر وا بوو هێما بۆ چۆنێتی ئەو کەسە بکرایە، چونکە وشەی ﴿ غيرهم ﴾ بەپێی واتاکەی دەشێت بیانیش بێت!! تکایە با چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.**

**٧٧) مادەی ٦٨، أولا، دەڵێت: ﴿ ئەگەر سەرۆك ئیستیقالەی کرد، یان مرد، یان نەیتوانی کارەکەی بەڕێوەبەرێت، لە ماوەی (٦٠) رۆژدا دەبێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت وە ئەو سەرۆکە نوێیە ماوەی چوار ساڵ سەرۆکایەتی دەکات﴾. ﴿ في حالة استقالة رئيس الاقليم أو وفاته أو إصابته بعجز يحول دون ادائه لمهماته الرئاسية ينتخب له خلف في غضون ستين يوما لفترة أربع سنوات وفق المادة ٦٤ من هذا الدستور ﴾.**

ئەم مادەیە چەند درزێکی تێدایەو کێشە دروستدەکات:

١) ئەگەر لەو (٦٠) رۆژەدا نەتوانرا سەرۆك دابنرێت چی بکەین؟ دەبوو چارەسەر دابنرایەو هەروەها نەدەبوو ئەو مادەیە بە کراوەیی و بێ ئەنجام جێبهێڵرا یە ، چونکە نازانر یێت، ئا یا لەو نەبوونی سەرۆکەدا بۆ شایی دەستوری ﴿ الفراغ الدستوري ﴾ دێتە گۆڕێ یان نا؟ ئا یا پەرلەمان یان جێگرەکەی سەرۆك ، لەو میانەیەدا رۆڵیان چیە؟!

٢) مادەکە دەرینەخستووە ئایا هەڵبژاردنەکە بە ریفراندۆم دەبێت یان بە چی؟ گر یمان ماوە کە زۆری نەمابوو، ئا یا بە چ رێگا یەك سەرۆك هەڵدەبژێردرێت؟! ئەمانە هەموو نادیارن.

٣) گریمان سەرۆك سێ ساڵو نیو سەرۆکایەتی ئەنجا مدابوو، دوا یی وازیهێنا، یان مرد یان نەخۆشکەوت، بۆچی سەرۆکی نوێی دوای ئەو بۆ چوار ساڵ هەڵ بژێرێت؟ بە بۆچوونی من سەرۆکی نوێ دەبێت ﴿ الفترة المتبقية من السنوات الاربع ﴾ فەرمانڕەوا یەتی بکات، نەك چوار ساڵی رە بەق، چونکە شیرازەی هەڵ بژاردنی نوێ ڕ شێوی تێدە کەوێت، وا تە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ لەگەڵ حوکمی سەرۆکی نوێدا لێکدادەبڕێن!

٤) لە مادەکەدا دەرنەخراوە کە سەرۆکە نوێیەکە لە زۆرینەیە یان کێ و مەرجەکانی چییەو چۆن چۆنی سەرۆکی نوێ بەو پەلەپەلە هەڵدەبژێرێت و چوار ساڵیش حکو مدەکات؟! بە بۆچوونی بە ندە، ئەم مادە یە هەر لە سەرەتاوە بەلاوازیی لەدایکبووەو هیوادارم چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

٧٨) مادەی ٢٢، بڕگەی شەشەم / ٢ ، دەڵێت: ﴿ ليس للقانون الجزائي أ ثر رجعي الا اذا كان أ صلح لل متهم ﴾ و شەی ﴿ أ صلح ﴾ مەبە ستی نەپێکاوەو ر ستەکەی خاوکردۆ تەوە، دە شێت مادە کە بە چەند گۆڕانکارییەك چارەسەربکرێت:

١) یان لەجیاتی ﴿ أصلح ﴾ بوترێت ﴿ صالحا ﴾.

٢) يان بگوتريّت ﴿ ليس للقانون الجزائي أثر رجعي الا اذا كان في مصلحة المتهم ﴾.

٧٩) دانەرانی دەستور خاڵێکی ئێجگار گرنگیان فەرامۆشکردووە، کە ئەویش پیشاندانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانە لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی میلەت ئاگای لە سەرجەم هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو چالاکی نوێنەرەکانیەوە بێت و بزانێت ئایا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی دەکەن؟ کامەیە ئۆپۆزسیۆن و دەڵێت چی؟! گفتوگۆکان لە چ ئاستێکدان و ژیانی نێو هۆڵی پەرلەمان چۆن دەگوزەرێ؟ لە مادەی (٥٣)ی دەستوری عێراقدا هاتووە: ﴿ تكون جلسات مجلس النواب علنية الا اذا ارتأى لضرورة خلاف ذلك ﴾، هەرچەندە من لەگەڵ ئەم تێکستەشدا نیم و دەڵێم با حاڵەتە دەگمەن و ئێجگار نهێنییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، دەرنەخرێن بە تەنیا، جگە لەوە دەبێت هەموو دانیشتنەکان لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی پێشچاو بخرێن و هاووڵاتیش لەو نێوەندەدا چاوی دەکرێتەوەو باشتر رادێت لەگەڵ فەزای دیموکراسیەتدا.

لە بەریتانیا (مجلس العموم) یەکەیەکی راگەیاندنی تایبەتی هەیەو تەنانەت زۆر جار جگە لە دانیشتنە ئاسایەکان چالاکی و کۆبوونەوەی لیژنەکان رائەگەیەنێ و خەڵکێکی زۆر ئەڵهای دەربڕینی ئاستی بیرکردنەوەو چالاکی نوێنەرەکانیان دەکەن و لەو نێوانەیشەوە بە روناکبیری یاسایی و دیموکراسی ئالودەو ئاشنادەبن.

# ئەنجامگیرییەکانی لێکۆڵینەوەکە

١) ئەم دەستورە لەڕووی داڕشتن و فۆرمەوە لاوازو رەکیکە، بە بەراورد لە گەڵ دە ستوری عێرا قدا، داڕ شتنی ئەو بەپێزترو رەوا نترو کورتبڕترو رەساترە.

٢) لەڕووی مەرجەکانی رێزمانەوە بەدەرنییە لە هەڵەی دیارو بەرچاو.

٣) دێباجە کەی هیچ ئاوڕێکی لە رە مزو پیرۆزی یە مێژووی یەکانی دێرینی کورد وەك نەتەوە نەداوەتەوە.

٤) دە سەڵاتی بەڕێوەبردنی لە سیە ستمی پەرلەمانی یەوە بەرەو سەرۆکایەتی راکێشاوە، کە ئەمە پێچەوانەی دە ستوری ع‌ێراق و خوا ستی خەڵك و سەردەمە.

٥) دە قی کراوە ﴿ا لنص المف توح ﴾ی زۆر تیا یەو ئی شکالی دروستکردووە.

٦) هە ندێك لە مادە کانی چارە سەری کێ شەکانی بۆ نەکراوەو بە هەڵپەسێراوی بەجێیهێشتوون.

٧) لە ئ یدارەو بەڕێوەبردنی شارەکاندا مەرکەزی یەتی پای تەختی ( هەولێر) ی پێ با شترە لە لامەر کەزی، وا تە سە ستکردنی ئیرادەی ئەنجومەنی شارەکان و زاڵکردنی پایتەخت.

٨) بە بەراورد لەگەڵ دەستوری عێراقدا، ئەوەی ع‌ێراق بەر چاوڕوون و شارستانیترە، هەرچەندە ئەویش چەندین کێشەی خۆی هەیە.

٩) هە ندێك بڕ گەو مادەی شمولیی نین و لە پانتای یەکی تە سکدا کێشەکان جێدەهێڵن.

١٠) خاڵبە ندی پ شتگوێخراوەو کاریگەری شی خ ستۆتە سەر وا تاو مەبەستەکان.

لەکۆتایـ یدا بوونی ئەم دە ستورە بۆ ئەم قۆنا غەی ئێ ستامان پێوی ستییەکی نە تەوەیی و حوک مداریی ئێج گار گرنـ گەو پێ گەی ئەم تاقیکردنەوە یەشمان تو ندوتۆڵتر دە کات، کەوا تە دەبـ ێت کێ شەکانی چارە سەربکرێت و ببێـ تە ئاوێنە یەکی بالآ نمای سـ ستمی دیموکرا سی، بۆ ئەوەی هەموو گەل بە میهرو شانازییەوە دەنگی بۆ بدەن.

ماوەتەوە ئەوەی کە بڵێم ئەم دەستورە لەگەڵ ئەو هەموو درزو دەلا قە جۆراو جۆرانەیدا، مادەی گرنگ و شارستانیانەی گەش و رو ناکی تێدا یەو جێگای خۆشحاڵیمە .


**سەرچاوەکان:**

١) دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق

٢) دەستوری عێراق.

٣) دلیل مبسط لتقییم مشروعات القوانین / UNDP

# پاشکۆ
# وێنه و دۆکیۆمێنتەکان

* چەندین خولی پەرلەمانی ترم بینیوە لە قاهیرە، بەیروت، عەممان ، بەڵام ئەو خولانە بڕوانامەی فەرمییان نەبوە

**چوار بڕوانامەی خولی پەرلەمانیی تایبەت کە هاوبەشیم تێدا کردووە.**



NDI NATIONAL DEMOCRATIC INSTITUTE
FOR INTERNATIONAL AFFAIRS

# Parliamentary Training Academy

This Certificates that Honorable Member of Iraqi Council of Representatives

Mr. Raof O. Marof

Has successfully completed the "Train the Trainers" Course on Budget Oversight held in Amman, Jordan on July 1st – July 3st, 2007, and is therefore awarded this certificate.

Patali Jintz
Signature

July 3st 2007
Date

NDI NATIONAL DEMOCRATIC INSTITUTE
FOR INTERNATIONAL AFFAIRS

# Parliamentary Training Academy

This Certificates that Honorable Member of Iraqi Council of Representatives

Mr. Raof O. Marof

Has successfully completed the "Train the Trainers" Course of Intermediate Legislative Drafting held in Amman, Jordan on May 30th - June 1st, 2007, and is therefore awarded this certificate.

Patchi Jutton
Signature

June 1st 2007
Date

NATIONAL DEMOCRATIC INSTITUTE FOR INTERNATIONAL AFFAIRS

# CERTIFICATE of COMPLETION

## شهادة إكمال دورة تدريبية

**RA'OUF OTHMAN MA'ROUF**

**رؤوف عثمان معروف**

Successfully Participated in the

قد شارك وبنجاح في

Consultative Workshop / Strengthening Parliamentary Caucuses

ورشة عمل حول تعزيز الكتل البرلمانية

Facilitated by the

التي تمت برعاية

National Democratic Institute for International Affairs/Iraq1 - Erbil


المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية /العراق- أربيل

February 17th – 19th, 2008

**FRANCESCA BINDA**

**Country Director**

# نمرەی کۆرسی یەکەمی دکتۆراکەم



الجامعة المستنصرية
كلية الآداب
قسم اللغة العربية

رؤوف عثمان

نتائج امتحانات الفصل الاول / الدراسات العليا / دكتوراة / أدب

| اسم المادة | التقدير | النتيجة |
|---|---|---|
| نحو تطبيقي | امتياز | ناجح |
| أسلوبيـــة | جيد جداً | |
| مناهج نقدية | جيد جداً | |
| كتاب قديم | جيد جداً | |

عدنان كريم رجب
رئيس القسم

## سوپاسنامەی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆی کوردستانی عێراق


حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ
ڕادیۆی ناوخۆ

بڕوانامەی ڕێزلێنان

بەڕێز :دکتۆر ڕەئوف عوسمان/ ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ بەپێویستی زانی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێزتان بکات وەک وەفایەک بۆ هاوکاری و هەماهەنگیتان کەلەماوەی ڕابردوودا ئەنجامتان داوە لەگەڵمان هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و دووبارە سوپاس و نمونەتان زۆربێت .

Nawxo News Agency
www.radionawxo.org

سەرپەرشتیاری ئاژانسی هەواڵ و ڕادیۆی ناوخۆ



مالی جەنابی مام جەلال ٢٠٠٦/٩/١٠ بەغداد



**له راستەوە سیروان زەهاوی / حاکم عومەر / د. محمد تمیم / رەئووف عوسمان**

**قاهیره ٢٠٠١/١٢/١١**




**شاری سیبۆ لە فلیپین ٢٠٠٨/١٠/٢٣ رەئووف عوسمان لە مواخەلەیەکدا**




**له راستەوه رەئووف عوسمان / د.عبدالامير الغزالى / لەهۆڵی کۆنگرەی گەشت و گوزار له فلیپپین ٢٠٠٨/١٠/٢٢**



لەگەڵ هونەرمەندی گەورە عەلی لەتیف لەشاری دانوشاد / ئەڵمانیا

١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦



لەگەڵ رەوەندی کورد لە ئەڵمانیا شاری نورەنبرگ

دووەم کەس لە چەپەوە ئاسۆ عوسمان /ئومید سعید گەوهەر / رەئووف عوسمان /

ئەوانی تر نایەنەوە بیرم لەگەڵ داوای لێبوردندا




**لەراستەوە د.عناد كبيس ، رەئووف عوسمان / د.يونس عباس / د. محمد رەزا مبارك / د. سمير خليل /**

**سەرۆكی لیژنەی گفتوگۆی دكتۆرا ، أ.د. علی قاگع خلف ، ا.د. عادل كتاب نصيف**

**بغداد / الجامعه المستنصريه / هۆڵی گفتوگۆی نامەی دكتۆرا ٢٠٠٧/٦/٢٨**



رەئووف عوسمان   ٢٠١٠/١٠/٢٢   واشنتۆن



لەراستەوە عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك، رەئووف عوسمان، قوباد تالەبانی
واشنتۆن / کۆنگرەی بەرهەمهێان لەعێراقدا




رەئووف عوسمان لەبەردەم پەرلەمانی عیراقدا تاپۆی خاقانی شاری خانەقین کە نیشانەی کوردستانیێتی شارەکەیە پیشانی پەرلەمانتاران ئەدات لەکاتی خوێندنەوەی وتارێك لەسەر شاری خانەقین لە پەرلەمانی عێراقدا

٢٠٠٥/٥/٢٤



لەراستەوە هاشم الطائي ، رەئووف عوسمان، پەرلەمانتارێکی مەجلیسی
لوردات، اسماعیل شکر
لەندەن / مەجلیسی عموم ٢٠٠٩/٣/١٨



**لەراستەوە ئالا تالەبانی، ئیسماعیل شوکور، رەئووف عوسمان، عبدالخالق زەنگەنە، عبدالکریم العنزي**

**لەندەن / مەجلیسی عموم ٢٠٠٩/٣/١٩**



**لەراستەوە رەئووف عوسمان ، عبدالخالق زەنگەنە، شەهید حارث العبيدى،**

**هاشم الطائي،**

**برۆكسل / هۆلى پەرلەمانى فلامينەكان ٢٠٠٩/٣/١٦**



**له راستەوە دانیشتوان شەهید حارث العبیدی، هاشم الطائي، کاک مەسعود بارزانی، رەئووف عوسمان، ئالا تالەبانی**
**لەراستەوە بە پێوە: اسماعیل شکر / ابو خدیجە / وەرگێری رێکخراوی UNDP، عبدالخالق زەنگەنە /عبداللە صالح**
**بروکسل /ئوتێلی رۆیال ٢٠٠٩/٣/١٦**



لەراستەوە د.اسماعیل شکر / بارونە ایما نیکلسن ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، پەرلەمانتارێکی ئینگلتەرا، رەئووف عوسمان ، عبدالخالق زەنگەنە
لەندەن / مەجلیسی عموم ٢٠٠٩/٣/١٨



لەراستەوە رەئوف عوسمان، ئەندامێکی مەجلیسی لوردات

لەندەن /مەجلیسی عموم / ٢٠٠٩/٣/١٩



لەچەپەوە پەرلەمانتار هاشم الطائي، پەرلەمانارێکی ئینگلیز، رەئووف عوسمان، ئالا تالەبانی

ئەوانی تر ئەندام پەرلەمانی ئینگلتەرەن ٢٠٠٩/٣/١٨ لەندەن



بەغداد / هۆلی مسرح الوطني / خوێندنەوەی وتاری لیژنەی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە سێهەمین میهرەجانی جەواهیریدا






**لەراستەوە: د.ئەحمەد بەرواری ،مەزارگەی شەهید صادق شەرەفكندی كە شارەوانی بەرلین وەك مۆنۆمێنتێكی یادگاری و ڕێزلێنان بۆی داناوە، د. رەئوف عوسمان.**

**بەرلین ٢٠٠٧/١/٣**

# Azmonekenm Le Perlemani Iraq



DESIGN
٠٧٧٠٥٠٠٤٠٤٥